هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕیی
بەشی تەکنیکی میدیا/خوێندنی باڵا/ماستەر

ڕەنگدانەوەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا

ئەم نامەیە

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر، لە زانستی ڕاگەیاندندا

لە لایەن:
نەبەز ئەنوەر جەمال

بە سەرپەرشتیی:
پ.ی.د. شوان ئادەم ئەیڤەس

ئابی 2025

بەڵێننامە

بەوپەڕی متمانە و ڕاستگۆییەوە بەڵێندەدەم ئەم ماستەرنامەیە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە: **" ڕەنگدانەوەی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا"**. بە تەواوی بەرهەمی ڕەســـەنی هەوڵ و کۆشـــشـــی کەســـیی خۆمە. بێجگە لەو شـــوێنانەی کە بە ڕوونیی ئاماژەیان پێدراوە؛ ســـــەرجەم نووســـــین و توێژینەوەکانی ناو ئەم کارە، ئەنجامی توێژینەوەی ســـــەربەخۆی خۆمە. پێشـــــتر نە لە هیچ شـــــوێنێک بڵاوکراوەتەوە و نە پێشـــــکەش بە هیچ دامەزراوەیەکی دیکە کراوە؛ ئەمەیش تەنها بە مەبەســـتی بەدەســـتهێنانی بڕوانامەی ماســـتەرە. هەروەها بەڵێندەدەم کە لە هەر شوێنێک زانیاریی یان سەرچاوەیەکم بەکارهێنابێت، بەشێوەیەکی ئامانەتدارانە و بەرپرسیارانە ئاماژەی تەواوم بە سەرچاوەکەی داوە.

نەبەز ئەنوەر جەمال

/ / 2025

بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانەوانیی

ماستەرنامەی بەڕێز **نەبەز ئەنوەر جەمال** بە ناونیشانی: "**ڕەنگدانەوەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە مالپەڕە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا**"؛ توێژینەوەیەکی تیۆریی و مەیدانییە و هەڵسەنگاندنی زانەوانیی بۆ کراوە. ئەو هەڵانەی تێیدابوون؛ ڕاستکراونەتەوە و لە ڕووی زانەوانیی و شێوازی دەربڕینەوە بۆ گفتوگۆکردن ئامادەیە.

واژوو:

ناو و ناونیشانی زانستیی:

ڕێکەوت:

بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە؛ لە ژێر سەرپەرشتیی منداا ئامادەکراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە **پسپۆڕی راگەیاندن**-دا. هەربۆیە ڕازیم بەو شێوەیەی ئێستا؛ پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ بکرێت.

پ. ی. د. شوان ئادەم ئەیڤەس

05ی ئابی 2025

.....

بڕیاری لێپرسراوی هۆبەی خوێندنی باڵا

پشتگیریی بەڕێز **نەبەز ئەنوەر جەمال** دەکەم کە هەموو پێداویستیەکانی جێبەجێکردوون. هەروەها پاڵپشت بە پشتگیریی و ڕەزامەندیی سەرپەرشتیار؛ ئەم نامەیە بۆ سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ دەنێرم.

م. د. ئومێد عەزیز

لێپرسراوی هۆبەی خوێندنی باڵا

/ / 2025

بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ســـــەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ؛ ئەم ماســـــتەرنامەیەی بەڕێز **نەبەز ئەنوەر** بەناونیشـــانی: "**ڕەنگدانەوەی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا**" خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکاردا گفتوگۆمان لەســـەر ناونیشـــان و ناوەڕۆکەکەی کرد. هە ربۆیە بڕیارماندا پلەی ( ) وەربگیرێت و بڕوانامەی ماســـتەری لە **زانســـتی ڕاگەیاندن**-دا پێبدرێت.

واژۆ:

ناو: **پ.د. ڕێبەر گۆران مصطفى**

سەرۆکی لیژنە:

ڕێکەوت: / /٢٠٢٥

واژۆ:

ناو: **پ.ی.د. کامل عمر سلێمان**

ئەندام:

ڕێکەوت: / /٢٠٢٥

واژۆ:

ناو: **پ.ی.د. ئازاد عبدالعزیز محمد**

ئەندام:

ڕێکەوت: / /٢٠٢٥

واژۆ:

ناو: **پ.ی.د. شوان ئادەم ئەیڤەس**

ئەندام و سەرپەرشتیار:

ڕێکەوت: / /٢٠٢٥

پەسەندکردنی ئەنجومەنی کۆلێژ

لە لایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی تەکنیکی کـارگێڕیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی ســـــلێمـانی-یەوە؛ پەسەندکرا.

پ. د. هێرش ڕەسول موراد

ڕاگری کۆلێژ

2025 / /

پێشکەشە بە

- ✓ **دایک و باوکم**؛ کانگەی خۆشەویستیی و چرای هەمیشە داگیرساوی ڕێگەم بوون.
- ✓ **خەزوور و خەسووی دڵسۆز و ئازیزم** کە هەمیشە پاڵپشتێکی ڕاستەقینەم بوون.
- ✓ **هاوسەری خۆشەویستم**؛ قەڵای ئارامیی و پشتگیری تەواوی سەرکەوتنەکانم.
- ✓ **جگەرگۆشەکانم** کە هیوای داهاتوو و جوانترین دیاریی ژیانمن.
- ✓ **خوێنی شـەهیدانی ڕێگەی خاک** و گەلی کورد و **نیشـتمانە ئازیزەکەم**؛ بەو هیوایەی ئەم هەوڵە زانستییە ببێتە دانانی بەردێک لەبونیادی بناغەیەکی بەهێزی داهاتوویەکی گەشتر.

نەبەز ئەنوەر جەمال

سوپاس و پێزانین

- ✓ بۆ **ســـەرۆکـایەتیی بەشـــی تەکنیکی میـدیـا** لە کۆلێجی تەکنیکی کـارگێڕیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کە دەرفەتی خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەر و بەردەوپێشچوونی زانستیمی ڕەخساند.
- ✓ بۆ **سەرپەرشتیاری ماستەرنامەکەم** بەڕێز ؛ **پ.ی.د. شوان ئادەم ئەیڤەس** کە لە دەرەوەی ئەرکی ئەکادیمیی و پیشەیی خۆی، زیاد لەوەی لەسەرشانیەتی پێشکەشییکرد. ڕاشکاوانە دەیڵێم؛ کاتێک دەبینم زیاتر لە سەرپەرشتیارێک لە نزیکمەوە بوو، دەستگیرۆیی بێوێنە و پەرۆشـــیی لەڕادەبەدەری پێوە دیار بوو کە هەرگیز لەچوارچێوەی ئەرکە فەرمییەکەیدا نەبوو، ئەو کات وشـــەکان نرخی خۆیان دەبێت و زیادەڕۆیی نابێت؛ ئەگەر بە ئەندازەی ئەوەی شـایەنییەتی سـوپاس و پێزانینی خۆمی بۆ دەربببڕم. بۆیە بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە ئەو گەواهییە دەدەم کە هەر بەتەنیا ســـەرپەرشـــتیارێک نەبوو، بەڵکو ڕێبەر و پشـــت و پەنام بوو. دڵسۆزییان لە پێناو سەرکەوتنم لەیاد ناکرێت.
- ✓ بۆ **ســـەرۆک و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆی** ماســـتەرنامەکەم کە بە ســـەرنج و تێبینیی و پێشنیازە وردەکانیان ناوەڕۆکی بەشەکانی دەوڵەمەندتر دەکەن.
- ✓ بۆ پشـــتیوانییە بەردەوامەکانی بەڕێوەبەری فەرمانگەکەم؛ بەڕێز: **دیار ئیبراهیم محیدین**. بۆ کارئاسانی لە ڕاپەڕاندنی ڕێکارەکانی مۆڵەتی خوێندن و نەهێشتنی بەربەستەکان.
- ✓ بۆ **پ. د. ڕێبەر گۆران تاڵەبانیی** مامۆستای ئازیزم، کە بەردەوام ڕێنیشاندەر و بە کردار برایەکی دڵسۆز و خەمخۆرم بووە،
- ✓ بۆ **پ. ی. د. هەژار محەمەد جەلال**؛ مامۆستای هاندەر و ڕێنماییکەرم لەم ڕێگەیەدا.
- ✓ بۆ **ســـەرجەم مامۆســـتایانی بەڕێزی بەشـــی تەکنیکی میدیا**؛ بۆ تێبینیی و ڕێنماییە بەنرخەکانیان لە هەڵسەنگاندنی ماستەرنامەکەمدا.
- ✓ بۆ **ســەرجەم هەڵســەنگێنەرانی زانســتیی** قۆناغە جیاوازەکانی ماســتەرنامەکەم و هەموو ئەو بەرتوێژە بەڕێزانەی لە ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکەمدا هاوکارو هاوسۆز بوون.

تـوێژەر

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**ڕەنگدانەوەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا**) ئامانج لێی باشتر ناسین و تێگەیشتن لە چەمکی "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی" و گرنگیی دەقی پەیامەکانی و چۆنییەتی سوودوەرگرتنیان لە بنەما یاساییە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و ڕەنگدانەوەی ئەرێنیی و نەرێنیی مەرج و ڕێنماییەکانی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا.

توێژینەوەکە لەجۆری وەصفییەکانە و تیایدا ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهاتووە بەشێوازی چۆنێتی پشت بەست بەئامرازەکانی (فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک، فۆرمی چاوپێکەوتنی زانستی)، هەربۆیە تویژەر؛ لە کۆمەڵگەی شیکاریدا سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانی وەرگرتووە و کاری لەسەر مشتەیەک کردووە بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار بۆ ماڵپەڕەکانی (ڕووداو، کوردستان24، 964، کەناڵ8، سبەی)، لەهەمان کاتدا کۆمەڵگەی مرۆیی توێژینەوەکە پێکدێت؛ لە میدیاکارانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و کار لەسەر مشتەیەک کراوە بەشێوەی ناهەڕەمەکی مەبەستدار بۆ (٧) لە گەشەپێدەرانی ماڵپەڕەکانی (کەناڵ8، سبەی، ڕووداو، کوردستان24، 964، کوردسات نیوز، پەیام).

لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە گەیشتووە بەو دەرئەنجامەی کە چەمکی "**سیاسەتی تایبەتمەندێتیی** "لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا ناڕوونە و پێناسە و ناونیشانێکی یەکگرتووی نییە بۆ خستنەڕووی، بە جۆرێ لە کۆی (٢٠) ماڵپەڕ تەنها (٥)یان خاوەنی ئەم سیاسەتەن، کە ئەوانیش ناوەڕۆکیان پڕن لە کێشەی زمانەوانی و ناڕوونی. هاوکات؛ پسپۆڕانی میدیا تێگەیشتنێکی سەرەتاییان بۆ گرنگییەکەی هەیە و بۆچوونیان جیاوازە دەربارەی و هیچکام لەو سیاسەتانە پشت بە هیچ یاسایەکی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی نابەستن.

توێژینەوەکە دواجار کۆمەڵێ ڕاسپاردە و پێشنیاری خستۆتەڕوو، کە گرنگترینیان جەخت لەسەر پێویستیی دارشتنی یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی داتا و تایبەتمەندێتیی زانیاری کەسیی لە پەرلەمانی کوردستان و دامەزراندنی دەستەیەکی سەربەخۆ بۆ چاودێریکردن دەکاتەوە. هاوکات، بایەخدان بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دیجیتاڵیی لەڕێگەی سیستەمی پەروەردەوە، لەگەڵ پابەندکردنی خودی ماڵپەڕەکان بە دارشتنی سیاسەتێکی ڕوون و پیشەییانە، بە هەنگاوی بنەڕەتی دادەنرێن. لە پاڵ ئەمانەشدا، پێشنیاز دەکرێت توێژەرانی داهاتوو گرنگی بە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری بدەن لەگەڵ ماڵپەڕە نێودەوڵەتییەکان.

کلیلەوشە:

ڕەنگدانەوە، سیاسەتی تایبەتمەندێتیی، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان.

پێڕستی ناوەڕۆک

ناونیشانی بابەتەکان	ژمارەی لاپەڕەکان
پێشکەشە	أ
سوپاس و پێزانین	ب
پوختەی توێژینەوەکە	ت
پێڕستی ناوەڕۆک	ث – ح
پێڕستی خشتەکان	خ – د
پێڕستی پاشکۆکان	د
پێشەکی توێژینەوەکە	1
بەشی یەکەم: ڕێبازنامەی توێژینەوەکە (میتۆدنامە)	
1.1: **پاژی یەکەم/ ڕێکارەکانی توێژینەوەکە.**	4
1.1.1: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە	4
1.1.2: بایەخی توێژینەوەکە	5
1.1.3: ئامانجی توێژینەوەکە	6
1.1.4: جۆر ڕێباز و شێوازی توێژینەوەکە	6
1.1.5: کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوەکە	6
1.1.6: ئامرازەکانی توێژینەوەکە	6
1.1.7: بوار و سنوورەکانی توێژینەوەکە	7
1.1.8: ڕوالەتەدروستیی و جێگیریی توێژینەوەکە	7
1.1.9: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە	8
1.2: **پاژی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو و تاوتوێکردنیان**	8
1.2.1: توێژینەوەکانی پێشوو	8
1.2.2: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو	19
بەشی دووەم: زانیارینامەی توێژینەوەکە (تیۆرینامە)	
2.1: **پاژی یەکەم/ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی**	24
2.1.1: چەمک و پێناسەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	24
2.1.2: پێکهاتەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	25

2.1.3: قۆناغەکانی گەشەکردنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	29
2.1.4: ڕەهەندەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	34
2.1.5: جۆرەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	39
2.2: **پاژی دووەم/ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان**	41
2.2.1: چەمک و پێناسەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان	41
2.2.2: قۆناغەکانی گەشەکردنی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان	42
2.2.3: میژووی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان	48
2.2.4: تایبەتمەندییەکانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان	51
2.2.5: جۆرەکانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان	55
2.3: **پاژی سێیەم/ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و ڕەنگدانەوەی لە ماڵپەڕە کوردییەکان**	58
2.3.1: ڕەنگدانەوەی ئەرێنی.	60
2.3.2: ڕەنگدانەوەی نەرێنی.	61
بەشی سێیەم: کردەنینامەی توێژینەوەکە (پراکتیکنامە)	
3.1: **پاژی یەکەم/ ئەنجامی شیکاری توێژینەوەکە**	70
3.1.1: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی یاساییی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	70
3.1.2: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئیتیکیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	90
3.1.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی تەکنیکیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	97
3.1.4: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕوونیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	110
3.2: **پاژی دووەم/ ئەنجامی مەیدانی توێژینەوەکە**	114
3.2.1: ماڵپەڕە کوردییەکان و تێگەیشتن لە چەمکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	117
3.2.2: نەبوونی تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ چەمکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	118
3.2.3: داڕشتنی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	120
3.2.4: گرنگیی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	122
3.2.5: ئاستی خوێندنەوەی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	123
3.2.6: وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەکارهێنەرانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	125
3.2.7: پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیاریی کۆکراوەی بەکارهێنەران	126
3.2.8: دڵنیایی بەکارهێنەران لە پاراستنی زانیارییەکانیان	127
3.2.9: نوێکردنەوەی سیستەمی پاراستنی زانیارییەکانی بەکارهێنەران	129
3.2.10: دڵنیایی گرتنەبەری ڕێکاریی پەرچدانەوەی هێرشە دەرەکییەکان	130
3.2.11: ئاستی ڕەچاوکردنی ڕوونیی لە زانیارییەکانی بەکارهێنەران-دا	131

3.2.12: یاسای تایبەت بە پاراستنی زانیارییەکانی بەکارهێنەران	132
3.2.13: بەرپرسیارێتیی هەرێمی کوردستان لە چاودێریی و لێپرسینەوەدا	133
3.2.14: ڕەچاوکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی تایبەتمەندێتیی	134
3.2.15: ئاماژەنەدان بە کاتی تەواوبوونی گرێبەست و سڕینەوەی زانیارییەکان	136
3.2.16: سیستەمی چاودێریی و پاراستنی داتای کەسیی	137
3.2.17: ڕێکاریی پیشەیی بۆ بەرگرتن لە تاوانەکانی ڕاگەیاندن	138
3.2.18: ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکانی منداڵان	140
3.2.19: دڵنیاکردنەوەی بەکارهێنەران لە پیشەگەرانە بەکارهێنانی زانیارییەکان	142
3.2.20: ئاستی متمانەی بەکارهێنەران بە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی	143
دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان	
یەکەم/ دەرئەنجامەکان	145
دووەم/ ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە	149
سێیەم/ پێشنیارەکانی توێژینەوەکە	150
سەرچاوەکانی توێژینەوە	R151
پاشکۆکانی توێژینەوە	i
پوختەی توێژینەوە بە عەرەبی	xxi
پوختەی توێژینەوە بە ئینگلیزی	xxii

پێڕستی خشتەکان

ژ	ناونیشانی خشتە	لاپەڕە
١	ئەو مافّپەڕە کوردییانەی ئاماژەیان بە ناوەڕۆکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی داوە	66
٢	ئەو مافّپەڕە کوردییانەی ئاماژەیان بە ناوەڕۆکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی نەداوە	69
٣	ناو و ناونیشانی بەرتوێژانی چاوپێکەوتنی زانستیی توێژینەوەکە	116
٤	ئایا تێگەیشتنی ئێوە بۆ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی چییە و چۆن پێناسەی دەکەن؟	118
٥	بۆچی هەر مافّپەڕێکی کوردیی ناوێکی جیاوازی بۆ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی داناوە؛ لەکاتێکدا لە چەمکی ئینگلیزیی (privacy policy) وەرگیراوە؟	120
٦	ئایا مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مافّپەڕە کوردییەکان؛ لەسەرچاوەی دەرەکییەوە وەرگیراون یاخود لە نێوخۆدا گەڵاڵەکراون؟	121
٧	ئەگەر مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی گرنگن؛ بۆچی زۆرینەی مافّپەڕی کوردیی ڕەچاوی ناکەن؟	123
٨	ئایا چۆن و بە چ شێوەیەک دەزانن؛ بەکارهێنەران مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مافّپەڕەکان دەخوێننەوە؟	124
٩	ئایا بەستنەوەی وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەکارهێنەر بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی مافّپەڕەکان؛ ڕێکارێکی یاسایی و ڕوونە یان نا؟	125
١٠	ئایا مافّپەڕە کوردییەکان تا چ ڕادەیەک کار بۆ پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیاریی کۆکراوەی بەکارهێنەران و ئاشکرانەکردنی بۆ لایەنی سێیەم دەکەن؟	127
١١	ئایا لە ڕووی تەکنیکییەوە؛ مافّپەڕە کوردییەکان چۆن دڵنیایی پاراستنی زانیارییەکان دەدەنە بەکارهێنەرانیان؟	128
١٢	ئایا مافّپەڕە کوردییەکان چۆن دڵنیایی دەدەن کە سیستەمی پاراستنی زانیارییەکانیان بەردەوام نوێدەکرێتەوە؟	129
١٣	ئایا چ ڕێکارییەک بۆ پەرچدانەوەی هێرشە دەرەکییەکان بۆ سەر تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانی بەکارهێنەران گیراوەتەبەر؟	130
١٤	ئایا مافّپەڕە کوردییەکان تا چ ئاستێک ڕەچاوی ڕوونیی لە کۆکردنەوە و پاراستن و بەکارهێنانی زانیارییەکانی بەکارهێنەران کردووە؟	132
١٥	ئایا لە هەرێمی کوردستان و عێراق-دا؛ هیچ یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مافّپەڕە ئەلکترۆنییە کوردییەکان هەیە؟	133
١٦	لە هەرێمی کوردستانی عێراق-دا؛ کێ چاودێریی و لێپرسینەوە لە مافّپەڕە ئەلکترۆنییە کوردییەکان دەکات؟	134

١٧	ئایا تا چ ئاستێک ڕەچاوی یاسا نێودەوڵەتییەکانی هاوشێوەی ڕێکخستنی پاراستنی زانیاریی گشتیی (GDPR) لە یەکێتیی ئەورووپا یاخود یاسای بەکاربەری کالیفۆرنیا (CCPA) لە ئەمریکا دەکەن؟	135
١٨	ئایا بۆچی لە چوارچێوەی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مالپەڕە کورد‌ییەکاندا ئاماژە بە کاتی تەواوبوونی گرێبەست و مافی سڕینەوەی زانیارییەکان نەدراوە؟	137
١٩	ئایا چۆن دەکرێت سیستەمێکی یاسایی کاریگەر بۆ چاودێریی و پاراستنی داتای کەسیی لە هەرێمی کوردستاندا دابنرێت، کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا هاوتەریب بێت؟	138
٢٠	ئایا لە ڕووی پیشەییەوە مالپەڕە کورد‌ییەکان؛ چ ڕێکارێک بۆ پابەندبوونی بەکارهێنەران بە پێوەرە پیشەییەکانی ڕاگەیاندن و ڕێگرییکردن لە تاوانەکانی ڕاگەیاندن دەگرنەبەر؟	139
٢١	ئایا لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ زانیاریی کەسییەکاندا؛ تا چ ئاستێک مالپەڕە کورد‌ییەکان ڕەچاوی تەمەنی منداڵان دەکەن؟	141
٢٢	ئایا مالپەڕە کورد‌ییەکان چۆن دڵنیایی دەدەنە بەکارهێنەران لەوەی، کە زانیاریی‌ەکانیان بە شێوەیەکی پیشەگەرانە بەکاردەهێنرێن و بۆ لایەنی سێیەم ئاشکرا ناکرێن؟	142
٢٣	ئایا نەبوونی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی هۆکارە بۆ نەبوونی متانەی بە کارهێنەران بە مالپەڕەکان؟	143

پێڕستی پاشکۆکان

ژمارە	ناونیشانی پاشکۆ	لاپەڕە
١	هەڵسەنگاندنی ڕوالەتەدروستی فۆرمی شیکاری ناوەرۆک	i
٢	فۆرمی شیکاری ناوەرۆک	ii
٣	هەڵسەنگاندنی ڕوالەتەدروستی فۆڕمی چاوپێکەوتنی زانستی	iv
٤	فۆڕمی چاوپێکەوتنی زانستیی	v
٥	سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مالپەڕە ئەلیکترۆنیە کورد‌ییەکان	ix
٦	لیستی وێنەی توێژەر لەگەڵ ئەو بەرتوێژانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا سازدراوە	xvii
٧	پەسەندنامەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی هەڵێنجراوی ماستەرنامەکە	xviii
٨	زاراوە کورتکراوەکان	xix

پێشەکی

لەگەڵ گەشەسەندنی شۆڕشی دیجیتاڵیی و فراوانبوونی بێسنووری ئینتەرنێت، جیهان گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم گەشەسەندنە خێرایە، لەپاڵ ئاسانکاریی لە گەیشتن بە زانیاری و پەیوەندییەکاندا، هاوکات کۆمەڵێک ئاڵنگاریی و مەترسیی نوێی هێناوەتە ئاراوە، کە گرنگترینیان پرسی پاراستنی "تایبەتمەندێتیی" کەسەکانە. لەم سەردەمەدا کە داتا و زانیاری وەک زێڕ و نەوت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، هەر جوڵەیەکی بەکارهێنەر لە ژینگەی دیجیتاڵیدا، لە کلیک کردنێکەوە تا پڕکردنەوەی فۆرمێک، دەبێتە داتایەکی بەنرخ کە لەلایەن خاوەن ماڵپەڕەکان و لایەنی سێیەمەوە کۆدەکرێتەوە، شیدەکرێتەوە و بەکاردەهێنرێت. لێرەدایە "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی" (Privacy Policy) وەک بەڵگەنامەیەکی یاسایی و گرێبەستێکی ئیتیکی لەنێوان خاوەن ماڵپەڕ و بەکارهێنەردا دێتە کایەوە. ئەم سیاسەتە بە ڕوونیی ئەو میکانیزمانە دیاری دەکات کە چۆن و بۆ چ مەبەستێک زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەر کۆدەکرێنەوە، چۆن هەڵدەگیرێن، ئایا لەگەڵ لایەنی دیکەدا هاوبەشییان پێدەکرێت یان نا، و مافەکانی بەکارهێنەر چین لە بەرامبەر داتاکانیدا. بەبێ بوونی سیاسەتێکی ڕوون و شەفاف، دەرگا والا دەبێت بۆ پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی، کە دەکرێت لە ڕێگەی فرۆشتنی داتاکان، بەکارهێنانیان بۆ بانگەشەی ئاڕاستەکراوی بێزارکەر، یان تەنانەت دزەپێکردنیان و کەوتنە دەستی لایەنی نەخوازراوەوە ڕووبدات.

هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنە جیهانییەکانی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە. ئەم ماڵپەڕانە بوونەتە سەرچاوەی سەرەکیی هەواڵ، زانیاری، کات بەسەربردن و خزمەتگوزاریی هەمەجۆر بۆ ملیۆنان بەکارهێنەری کوردزمان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات. ڕۆژانە قەبارەیەکی زۆر لە داتا لە ڕێگەی کارلێکی بەکارهێنەران لەگەڵ ئەم پلاتفۆرمانەدا بەرهەم دێت، کە ئەمەش وایکردووە ڕۆڵ و کاریگەرییان لە جاران زیاتر بێت. ماڵپەڕە کوردییەکان ئێستا تەنها سەکۆیەکی بڵاوکردنەوە نین، بەڵکو ژینگەیەکی فرەڕەهەندن کە خزمەتگوزاریی وەک بەشداریکردن لە ڕاپرسی، تۆمارکردنی هەژمار لە خۆ دەگرێت،کە هەریەکەیان پێویستی بە وەرگرتنی زانیاریی کەسیی و ناکەسی بەکارهێنەر هەیە لەگەڵیدا توانای زانین و شوێنپێهەڵگرنی کلیک و گەڕان. ئەم گەشەسەندنە چەندایەتییە، بەرپرسیارێتییەکی گەورە دەخاتە ئەستۆی خاوەن و بەڕێوەبەرانی ئەم ماڵپەڕانە بۆ پاراستنی ئەو زانیارییانەی کە لە بەکارهێنەرانیان وەردەگرن بەهەر ڕێکار و تەکنیک و ئامانجێک.

کەلێنی سەرەکی و کێشەی بنەڕەتیی ئەم توێژینەوەیە لە خاڵی بەیەککگەیشتنی ئەم دوو واقیعەدا دەردەکەوێت: لە لایەک گرنگیی جیهانیی پاراستنی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران، و لە لایەکی دیکەوە گەشەسەندنی خێرای ماڵپەڕە کورد‌ییەکان. کاتێک سەیری دۆخی ماڵپەڕە کورد‌ییەکان دەکەین، دەبینین زۆرینەی هەرە زۆریان یان هیچ سیاسەتێکی تایبەتمەندێتیی نووسراویان نییە، یان ئەوانەی هەیانە، ناڕوون، ناتەواو و پڕن لە کێشەی یاسایی و زمانەوانیی. ئەم دیاردەیە نیشانەی کەمتەرخەمییەکی پیشەیی و نابەرپرسیارێتییەکی ئیتیکییە بەرامبەر بە بەکارهێنەران، ئەم دۆخە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاستی متمانەی هاوڵاتیان بە میدیای کوردی هەیە و ئەو پرسیارە دروست دەکات: ئایا ماڵپەڕە کورد‌ییەکان تا چەند پابەندی ستانداردە جیهانییەکانی پاراستنی داتان و چۆن مامەڵە لەگەڵ مافی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەرانیاندا دەکەن؟ ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە و هەڵدانەوەی ئەم لایەنە فەرامۆشکراوەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کورد‌ییەکان.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە بنەڕەتییەکان و گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، پەیکەری توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی دابەشکراوە بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا. **بەشی یەکەم؛** ڕێبازنامە (میتۆدنامە) ، بناغەی میتۆدۆلۆژیی توێژینەوەکە دادەڕێژێت؛ تیایدا کێشە و پرسیار و ئامانجەکان خراونەتەڕوو، هەروەها جۆری توێژینەوەی وەصفیی و ڕێبازی ڕووپێویی بە شێوازی چۆنێتی بەکارهێننراوە. هاوکات، کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری (فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆک و چاوپێکەوتن)، سنوورەکان و ڕەوایەتی و جێگیریی ئامرازەکان بە وردی باسکراون، چەند توێژینەوەیەک پێداچوونەوەی بۆ کراوە کە تایبەتە بە دوو گۆڕاوی توێژینەوەکە و بە پێی پێویست سوودیان لێوەرگیراوە. **بەشی دووەم** زانیارینامە، (تیۆرینامە)، چوارچێوەی تیۆریی بابەتەکە پێکدەهێنێت و لە سێ پاژی سەرەکی پێکدێت: پاژی یەکەم تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی چەمک، پێکهاتە، ڕەهەند و جۆرەکانی "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی"؛ پاژی دووەم مێژوو، تایبەتمەندی و خزمەتگوزارییەکانی "ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کورد‌ییەکان" دەخاتەڕوو؛ و لە پاژی سێیەمدا پەیوەندی و ڕەنگدانەوەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لەسەر ماڵپەڕە کورد‌ییەکان تاوتوێ دەکرێت. لە کۆتاییدا؛ **بەشی سێیەم** کردەنینامە (پراکتیکنامە)، لایەنی کردەیی و شیکاریی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، کە تیایدا ئەنجامەکانی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی سیاسەتەکان لە ڕووی یاسایی، ئیتیکی، تەکنیکی و ڕوونییەوە، لەگەڵ ئەنجامە مەیدانییەکانی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ پسپۆڕان و پیشەوەرانی میدیایی، بە وردی خراوەتەڕوو. توێژینەوەکە بە کۆمەڵێک دەرئەنجام، ڕاسپاردە، پێشنیاز بۆ توێژینەوەی داهاتوو کۆتایی پێدێت.

بەشی یەکەم

ڕێبازنامەی توێژینەوە

(میتۆدنامە)

پاژی یەکەم

ڕیکارەکانی تویژینەوەکە

پاژی دووم

توێژینەوەکانی پێشوو و تاوتوێکردنیان

بەشی یەکەم/ڕێبازنامەی توێژینەوە (میتۆدنامە)

1.1: پاژی یەکەم/ ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

1.1.1: کێشە و پرسیارەکانی توێژینەوەکە

ئەگەرچی تەکنۆلۆژیا ئەدگارێکی هاوچەرخی سەردەمە و بە لێشاو زانیاریی فەراهەمکردووە، بەڵام هەڕەشە و مەترسییەکی گەورەیشی لەسەر پاراستنی مافی تایبەتمەندیی زانیارییەکانی بەکارهێنەران دروستکردووە. بەجۆرێک ئێستا لە ژینگەی دیجیتاڵییدا؛ دزەپێکردن و سیخوڕییکردن بەسەر زانیارییەکانەوە بووەتە هۆکاری نیگەرانیی و شێواندنی پەیوەندییە مرۆییەکان. لەو نێوەندەیشدا؛ بەکارهێنەران بزانن یان نەزانن زانیارییە کەسییەکانی خۆیان دەخەنە بەردەستی ئەوانیدیکە. ئەوەیش هۆکارێکە بۆ ئەوەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ئەمڕۆ زیاتر گرنگیی بە مەرج و ڕێنمایی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکانی بدات و دووربکەوێتەوە لەوەی تەکنیکی پێشکەوتووی چاودێریی بۆ کۆکردنەوە، هەڵگرتن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانی بەکارهێنەران بخاتەگەڕ و بازرگانیان پێوەبکات. ئەم کێشە جیهانییە کە کاریگەریی لەسەر بەکارهێنەرانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانی هەڕێمی کوردستان هەیە و زۆرجار ئاشنا و ئاگاداری مەترسییە نزیک و دوورەکانی نین یاخود کەمتر هۆشیارییان لەبارەوە هەیە، بووەتە پرسێکی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە و لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامەکانیان دەدات:

1. ئایا لە ماڵپەڕە ئەلکترۆنییە کوردییەکاندا؛ چەمکی "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی" چۆن و بە چ شێوەیەک ناسێنراوە؟

2. ئایا ڕەهەندی سەرەکیی پەیامەکانی "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی" ماڵپەڕە ئەلکترۆنییە کوردییەکان چین؟

3. ئایا پسپۆڕان و پیشەوەرانی میدیایی؛ چ جۆرە تێگەیشتنێکیان بۆ ڕۆڵ و بایەخی "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی" ماڵپەڕە ئەلکترۆنییە کوردییەکان هەیە؟

4. ئایا ماڵپەڕە ئەلکترۆنییە کوردییەکان لە داڕشتن و گەڵاڵەکردنی پەیامەکانی "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی" دا؛ پشتیان بە دەقی چ ڕێسا و یاسایەکی نێوخۆیی یان نێودەوڵەتیی بەستووە؟

1.1.2: بایەخی توێژینەوەکە

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە چەند ڕەهەندێکی هەمەلایەنە و تەواوکەری یەکتردا بەرجەستە دەبێت، کە هەریەکەیان جەخت لە پێویستیی چارەسەرکردنی پرسێکی هەنووکەیی دەکەنەوە. لەوانە

- **لە ڕووی زانستییەوە؛** ئەم کارە وەک توێژینەوەیەکی پێشەنگ دادەنرێت، بەو پێیەی یەکەمین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی خوێندنی بالایە لە هەرێمی کوردستان کە بە شێوەیەکی سیستماتیک پەی بە کەلێنی نێوان گەشەی تەکنۆلۆژیا و نزمیی ئاستی "خوێندەواریی دیجیتاڵیی" و هۆشیاریی پاراستنی زانیارییە کەسییەکان دەبات. سەرەڕای کەمیی سەرچاوە بە زمانی کوردی، توێژینەوەکە بە شێوازێکی زانستیی ئەم بۆشاییە لە زانیاریی و ناهۆشیارییە پڕدەکاتەوە و دەبێتە بناغەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی داهاتوو.

- **لە ڕووی کردەییەوە؛** توێژینەوەکە پردێک لەنێوان چوارچێوەی تیۆری و سروشتی کاری میدیاییدا دروست دەکات. لە سەردەمێکدا کە ژیانی تایبەتی بەکارهێنەران بەهۆی فراوانبوونی ئینتەرنێت و مالپەڕە ئەلیکترۆنییەکانەوە ڕووبەڕووی هەڕەشەی بەردەوام بووەتەوە، ئەم کارە دەرئەنجام و ڕاسپاردەی بەرجەستە دەخاتەڕوو کە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە بە پیشەییکردنی سیستەمی مالپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و بەرزکردنەوەی ستانداردەکانی پاراستنی زانیاری کەس.

- **لە ڕووی مرۆییەوە**؛ بایەخەکەی لەوەدایە کە وەک بەردی بناغەیەک کاردەکات بۆ دامەزراوە حکومی و تایبەتەکان. توێژینەوەکە سەرنجەکان بۆ لای پێویستیی بەڕێوەبردنی دیجیتاڵیی ڕادەکێشێت و هۆشیاریی بڵاودەکاتەوە سەبارەت بە پاراستنی زانیاری و داتا هەستیارەکانی دامەزراوەکان لە دزەپێکردن. ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پاراستنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە گشتییەکانەوە، بەتایبەت کە ژیانی ڕۆژانەی هاوواڵتیان و فەرمانبەران بە شێوەیەکی بەرفراوان تێکەڵ بە خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکان بووە.

1.1.3: ئامانجی توێژینەوەکە

مەبەستی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە کە خۆی لە گۆڕاوی سەرەکیی "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی"و گۆڕای پاشـــکۆی "مالٌپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان"دا دەبینێتەوە؛ لە ڕێگەی چەند ئامانجێکی سەرەکی دیاریکراوی گرنگەوە دەستنیشانکراون ئەوانیش بریتیین:

1. ناســـینی چەمکی "ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی" مالٌپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
2. شـــیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەیامەکانی "ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی" مالٌپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
3. تێگەیشـتن لە ڕۆڵ و بایەخی "سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی" مالٌپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
4. ئاشکراکردنی دەقی ئەو ڕێسا و یاسا نێوخۆیی و نێودەوڵەتیانەی "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی" کە لە مالٌپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق–دا؛ پشتیان پێبەستراوە.

1.1.4: جۆر و ڕێباز و شێوازی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لەجۆری (وەصفییەکانە) و تیایدا ڕێبازی ڕووپێوی بەکارهاتووە بەشێوازی چۆنێتی بەمەبەستی گەیشتن بەزانیاری پەیوەست بە پرسیار و ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

1.1.5: کۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی شـــیکاری توێژینەوەکە؛ بریتییە لە "ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی" مالٌپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و تیایدا کار لەســـەر مشـــەتەیەک کراوە بەشـــێوەی ناهەڕەمەکی مەبەســـتدار بۆ مالٌپەڕەکانی (ڕووداو، کوردســـتان24، 964، کەناڵ8، ســـبەی)، لەهەمان کاتدا کۆمەڵگەی مرۆیی توێژینەوەکە پێکدێت؛ لە میدیاکارانی مالٌپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و تیایدا کار لەســـەر مشـــەتەیەک کراوە بەشـــێوەی ناهەڕەمەکی مەبەســـتدار بۆ (٧) لە گەشـــەپێدەرانی مالٌپەڕەکانی (کەناڵ8، سبەی، ڕووداو، کوردستان24، 964، کوردسات نیوز، پەیام).

1.1.6: ئامرازەکانی توێژینەوەکە

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا؛ فۆرمی شـیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بەشـێوازی چۆنێتی بۆ شـیکاریکردنی "ســیاســەتی تایبەتمەندێتیی" مالٌپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان، هەروەها فۆرمی چاوپێکەوتنی زانستی بەکارهێناوە بۆ مشتەیەک لەمیدیاکارانی مالٌپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان.

1.1.7: بوار و سنووره‌كانی توێژینه‌وه‌كه

بواری كارکردنی ئەم توێژینەوەیە فرەئاست و فرەڕەهەندە. هەربۆیە لەم چوار بواره سەرەكییەی خوارەوەدا؛ سنووردار دەكرێن، لەوانە:

– **لە ڕووی شـــوێن–ەوە؛** ســـنووری جوگرافیی هەرێمی كوردســـتانی عێراق و بە دیاریكراوی هەریەک لە پارێزگەكانی: هەڵەبجە، سلێمانی، هەولێر و دهۆک دەگرێتەوە كە بارەگای سەرەكیی و نێوەندی پەخشی ماڵپەڕە كوردییەكانی مشتەری توێژینەوەكەن.

– **لە ڕووی مرۆیی–ەوە؛** مەبەست لەو كەسانەیە كە لەم توێژینەوەیەدا دەبن بە بەرتوێژ، لەوانە: داڕێژەران و گەشەپێدەرانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە كوردییەكان، شارەزایانی تەكنیكی ماڵپەڕەكان، ســـەرنووســـەران و هەڵســـوڕێنەرانی ماڵپەڕە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا.

– **لە ڕووی كـــات–ەوە؛** ئەو مـــاوەیە دەگرێتەوە كە داتـــا جیـــاوازەكـــانی توێژینەوەكەی تیـــا كۆكراونەتەوە و شـــیكراونەتەوە كە دەكەوێتە ماوەی نێوان 5ی كانوونی یەكەمی 2024 بۆ 5ی تەمووزی 2025.

– **لە ڕووی بابەتی–ەوە؛** مەبەســـت لێی گۆڕاوەكانی: "ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی" و "ماڵپەڕە ئەلیكترۆنییە كوردییەكان"ە.

1.1.8: ڕوانگەتەدروستیی و جێگیریی توێژینەوەكە

توێژەر؛ كاری لەســـەر ڕاســـتی ڕوانگەت كردوە بۆ ئامڕازەكانی توێژینەوەكە، بەجۆرێک پاش گەڵاڵەكردنی فۆرمی شـــیكاری ناوەرۆک بەشـــێوەی ســـەرەتایی، فۆرمەكە دراوەتە چەند پسپۆرێک لەبواری ڕاگەیاندندا بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی وتۆمارکردنی تێبینییەكان، لەسەر ئەو بنەمایەی كە هاوكێشەی ڕاستی ڕوانگەت = بڕگە ڕاستەكان/كۆی بڕگەكان×١٠٠= ٩١،٧٪ ، كە ئەم ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ بەرزی ڕاستی ئامڕازەكانی توێژینەوەكە (بڕوانە پاشكۆی ١).

هەروەها لە فۆڕمی چاوپێكەوتنی زانســـتی پاش ئامادەكردنی بەشـــێوەی ســـەرەتایی، فۆڕمەكە دراوەتە چەند پسپۆرێک لەبواری ڕاگەیاندندا بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی و تۆمارکردنی تێبینییەكان، لەســـەر ئەو بنەمایەی كەهاوكێشـــەی ڕاســـتی ڕوانگەت=بڕگە ڕاســـتەكان/كۆی بڕگەكان×١٠٠=٩٥،١ (بڕوانە پاشكۆی ٣).

ســـەبارەت بە جێگیری فۆرمی شـــیكاری ناوەرۆک، توێژەر؛ هاوكێشـــەی هۆڵســـتی بەكارهێناوە كەئەنجامەكەی (٨٧،٣٨%) ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزیی جێگیری ئامڕازەكە.

لەكۆتاییدا توێژەر؛ جێگیری بۆ فۆرمی چاوپێكەوتنی زانستی كردوە پشت بەست بەهاوكێشەی (K^2) كەئەنجامەكەی (٨٣،٦٩%) ئەمەش ئاماژەیە بۆ بەرزیی جێگیری ئامڕازەكە.

1.1.9: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

لێرەدا چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بەو شێوەیەی لە ناوەڕۆکەکەییدا بەکارهاتوون؛ دەخرێنەڕوو، لەوانە:

– **ڕەنگدانەوە؛** ئاماژەیە بۆ شێوازی بەرجەستەبوون و دەرکەوتنی پراکتیکیی "سیاسەتی تایبەتمەندی" لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا. ڕەنگدانەوە، مەبەست لێی ئەوە نییە کە سیاسەتەکە تەنها وەک دەقێکی نووسراو بوونی هەبێت یاخود نا، بەڵکو توێژینەوەکە دەکۆڵێتەوە کە ئەو مەرج و بەڵێنانەی لە سیاسەتی تایبەتمەندیدا هاتوون، چۆن و تا چەند لە ڕووی تەکنیک، ئیتیک، یاساییەوە کاری پێدەکرێت و شوێنەواری دیارە.

– **سیاسەتی تەیبەتمەندێتیی؛** بەڵێننامەیەکی یاسایی پێشوەختەیە، سنووری دەسەڵاتی خاوەنی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان لە ژینگەی دیجیتاڵییدا دیاریدەکات کە تێیدا بە ڕوونیی مەرج و ڕێنماییەکان بۆ بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەی دەخاتەڕوو. ئاگاداریدەکاتەوە لەوەی زانیارییەکانی خۆتۆمارکردن یان کاتی سەردانکردن، بە تەنها لە چوارچێوەی ماڵپەڕەکەدا بە پارێزراویی دەمێنێتەوە یاخود لەگەڵ لایەنی سێیەم و بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی دارایی هاوبەشیی پێوەدەکات.

– **ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان؛** بریتین لەو سەکۆ دیجیتاڵییانەی کە بە زمانی کوردی ناوەڕۆکی هەمەچەشن، لە هەواڵ و شیکارییەوە تا بابەتی ڕۆشنبیری، پێشکەش دەکەن. ئەم ماڵپەڕانە نوێنەرایەتیی گواستنەوەی میدیای کوردی بۆ ژینگەی دیجیتاڵی دەکەن و هاوکات ئامرازێکی سەرەکین بۆ پاراستن و بەگەڕخستنی زمانی کوردی و سەرچاوەیەکی گرنگی زانیارین بۆ خوێنەری کوردزمان.

1.2: پاژی دووەم/توێژینەوەکانی پێشوو و تاوتوێکردنیان

1.2.1: توێژینەوەکانی پێشوو

لەم بەشەدا؛ بە دوو تەوەر دیارترین ئەو توێژینەوانە دەخرێنەڕوو، کە پەیوەندییان بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەوە هەیە؛ تەوەری یەکەم؛ ئەو توێژینەوانە لە خۆدەگرێت کە تایبەتە بە گۆڕاوی سەرەکی "**سیاسەتی تایبەتمەندێتیی**"، تەوەری دووەم؛ تایبەتە بە گۆڕاوی شوێنکەوتوو کە بریتییە لە "**ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان** " بە زمانە جیاوازەکانی: کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، فارسیی و تورکیی نووسراون، لەوانە:

- **تەوەری یەکەم: توێژینەوەکانی تایبەت بە "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی"**

١. ســـــواناکیت مێتینی، (2023)؛ نووســـــەری تێزێکی دکتۆرایە بە ناونیشـــــانی؛ "**پاراســـــتنی تایبەتمەندێتیی و زانیاریی تایبەت لە ســـــەردەمی دیجیتاڵیدا: توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لە یاسای ئینگلیزیی و تایلەندیی**"[1] بە زمانی ئینگلیزیی نووسراوە و پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی گڵاسگۆ، لە بەریتانیا کراوە.

توێژینەوەکە؛ دەربارەی تاوانی پێشـێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەرانی میدیایی ئەلیکترۆنی و تیشـک دەخاتەســەر هەڵســەنگاندنی ســزا یاســاییەکانی هەردوو وڵاتی بەریتانیا و تایلەند، بە ئامانجی دروووســتکردنی مۆدێلێکی یاســایی بۆ دەســتوری تایلەند، تاوەکو ڕێوشـوێنی تووندتر بۆ پاراســتنی تایبەتمەندێتیی کەســێتیی بگیرێتەبەر. هاوکات بەراوردی خاڵی هاوبەش و جیاوازی نێوان ســزاکانی هەردوو وڵات دەکات، بە ئامانجی چاکســازییکردن و پێشـنیازکردن بۆ دەرچووانـدنی یاسای نوێی پاراستنی تایبەتمەندێتیی تاک لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا.

لە ڕووی میتۆدییەوە؛ توێژینەوەکە هەردوو شـێوازی چۆنێتی و چەندێتی بەکارهێناوە و پشـتی بە ڕێکارەکانی توێژینەوەی بەراوردکاریی بەســتووە و شـیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ دەقی هەردوو یاســای گشــتیی ئینگلتەرا و یاســای شــارســتانیی تایلەند کردووەو بەراوردی کردوون. هەروەها دۆســییەکانی پێشــێلکاریی مافی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەرانی دیجیتاڵی لە دادگەکانی هەردوو وڵات–دا پۆلێنکردووە و خاڵی جیاواز و لەیەکچوونی لە نێوان یاســـــاکانی بەریتانیا و تایلەند–دا دۆزیوەتەوە.

لە ئەنجامیشــدا؛ توێژینەوەکە بەو ڕاســتییە گەیشــتووە، کە یاســاکانی بەریتانیا لەوانەی تایلەند گونجاوترن و باشـــــتر جێبەجێکراون. هەروەک یاســـــا گشـــــتییەکانی تایلەند؛ لەبارەی ســنوردارکردنی پێشـێلکاریی دژ بە مافی تایبەتمەندێتیی و زانیارییە کەســییەکان پێویســتییان بە هەمواڕکردنەوەیە. بەتــایبەت پــاش فراوانبوونی ئــاڵەنگــارییەکــان و گەورەبوونی قەبــارەی پێشێلکارییە ئەلیکترۆنییەکان بۆسەر مافی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان.

[1] Suwannakit, M., 2023, The protection of privacy and private information in the digital age: a comparative study of English and Thai law applying to individual media users, College of Social Sciences, University of Glasgow, United Kingdom.

٢. موختار، (2023)؛ نووسەری تێزێکی دکتۆرایە بە ناونیشانی: "**مافی تایبەتمەندێتیی لە میدیای دیجیتاڵیی و پاراستنی لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا؛ پاراستنی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەرانی فەیسبووک، توێژینەوەی کەیس وەک نموونە**"[2] کە بە زمانی عەرەبیی نووسراوە و پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زانستە مرۆیی و ئیسلامییەکانی زانکۆی وەهران لە جەزائیر کراوە.

توێژینەوەکە؛ جەخت لە سیاستی تایبەتمەندێتیی لای بەکارهێنەرانی فەیسبووک و پاراستنی داتاکانیان لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا دەکات، کە چۆن فەیسبووک ئەم سیاستە جێبەجێدەکات و تا چەند بە ڕێسای گشتی پاراستنی زانیاریی یەکێتی ئەورووپا پابەندە.

لە ڕووی میتۆدییەوە؛ توێژینەوەکە لە جۆری پەسەندکاری (وصف)ی شیکارییە و پشتی بە توێژینەوەی کەیس بەستووە. دواتر مەرج و ڕێنماییەکانی سیاستی تایبەتمەندێتیی فەیسبووک و پاڵنەر و شێوازەکانی پاراستن و پێشێلکردنی لە وڵاتانی ئەورووپادا خستووەتەڕوو. ئامانجی توێژینەوەکەیش؛ بۆ زانینی ڕۆڵی فەیسبووکە لە گۆڕینی چەمکی تایبەتمەندێتیی ژیانی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و خستنەڕووی شێوازەکانی پێشێلکردنی لە لایەن کۆمپانیاکان، ڕێکخراوەکان و حکوومەتەکانەوە. هەروەها ئاشنابوون بەو شێواز و تەکنۆلۆژیانەی، کە فەیسبووک بۆ پاراستنی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەرانی پشتیپێدەبەستێت.

توێژینەوەکە دەریخستووە، کە پاراستنی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە. ڕێسا نێودەوڵەتییەکان چاودێریی کۆمپانیاکانی وەک فەیسبووک دەکەن و مەرج و ڕێنماییان بۆ دادەنێن، لە کاتی سەرپێچیشدا سزای پێبڕاردن (غرامە)یان بەسەردا دەسەپێنرێت، بەڵام هێشتا ڕێگرییان لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی بەکارهێنەران ناکەن.

٣. بوز، (2023)؛ نووسەری ماستەرنامەیەکە بە ناونیشانی: "**ئاڵەنگاریی داتا گەورەکان بۆ پاراستنی تایبەتمەندێتیی: سنووورە شایستەکانی GDPR**"[3]، کە بە زمانی ئینگلیزیی نووسراوە و پێشکەشی بەشی زانستە سیاسییەکان و یاسا و توێژینەوە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی دێگڵی ستودی دی پادۆڤا-ی ئیتاڵیای کردووە.

توێژینەوەکە؛ تیشک دەخاتەسەر چاودێرییکردنی سەرمایەداریی و سوود و زیانەکانی کۆکردنەوەی داتا گەورەکان، بەتایبەت ئاڵەنگارییەکانی ژیریی دەستکرد لەسەر ئاسایشی داتای

[2] شعلال مختار (2023)، الحق في الخصوصية في الفضاء الرقمي وحمايتة في القانون الدولي، حماية خصوصية مستخدمي فيسبوك، دراسة حالة، جامعة وهران -1- أحمد بن بلة، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.

[3] Boz, P., 2023, Big Data Challenges to Privacy: Merits and Limits of the GDPR, Department of Political Science, Law and International Studies, Università Degli Studi Di Padova, Italy.

گەورە و پاراستنی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەر و جەختکردنەوە لەسەر پێویستیی GDPR ، کە پاراستنی تایبەتمەندێتیی کەسیی وەک مافێکی بنەڕەتی مرۆڤ دەستەبەرکردووە.

توێژینەوەکە؛ لەڕووی میتۆدییەوە پشتی بە شێوازی چۆنێتی و ئامڕازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک بەستووە، تاوەکو ئاڵەنگارییەکانی تایبەتمەندێتیی بەردەم داتا گەورەکان شیبکاتەوە. هاوکات لەپێناو تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی ڕێسای گشتیی پاراستنی زانیاریی تایبەت بە سنووردارکردنی پێشێلکارییەکان و پاراستنی تایبەتمەندێتیی داتاکان؛ پێداچوونەوەی بە دەقە یاساییەکانی GDPR کردووە و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی هەڵسەنگاندووە. وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپا؛ بە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەرگیراون و مشتەی توێژینەوەکەیش لەو لایەن و ڕێکخراوانە پێکدێن، کە داتای بەکارهێنەر بۆ مەبەستی بازرگانیی کۆدەکەنەوە.

لە ئەنجامدا؛ توێژینەوەکە ئەوە دەخاتەڕوو، کە لە کاتێکدا ڕێسای گشتیی پاراستنی زانیاریی لە یەکێتی ئەورووپادا ڕێکاریی بەهێزی بۆ ڕێگرییکردن لە پێشێلکاریی مافی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەر گرتوەتەبەر، بەڵام هێشتا لە پاراستنی داتا گەورەکاندا ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە. هۆکاری ئەوەیش بۆ ئاڵۆزیی و نادڕوونیی دارشتنی دەقی سیاسەتەکانی تایبەتمەندێتیی دەگەڕێنرێتەوە، کە زۆرجار بووەتە هۆی پێدانی ڕەزامەندیی؛ بەبێ تێگەیشتن لەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ داتاکانیان دەکرێت. هەروەک ئاماژە بەوەیش دەدات ڕێگرییکردن لە پێشێلکاریی ئەلیکترۆنیی؛ پێویستیی بە ڕێوشوێنی وردتر و پارارێزراوتر هەیە، تاوەکو تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران لەنێو داهێنانە زیرەکەکانی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵییدا نەبێتە قوربانی.

٤. دایا، (2023)؛ نووسەری ماستەرنامەیەکە بە ناونیشانی: "**شیکاری زمانەکانی سیاسەتی تایبەتمەندیتیی و پابەندبوونیان بە ڕێسای گشتیی پاراستنی زانیاریی** GDPR"[4] کە بە زمانی ئینگلیزیی نووسراوە و پێشکەشی بەشی زانستی کۆمپیوتەری زانکۆی ڤان- ئەمستردام لە وڵاتی هۆڵەندا کراوە.

ئەم توێژینەوەیە؛ باس لە لێکەوتەکانی جیاوازیی زمانی سیاستی تایبەتمەندێتیی لە خستنەڕووی دارشتنی ناوەڕۆک و دڵنیابوون لە پابەندبوونیان بە یاساکانی GDPR دەکات. هاوکات بەدوای کەموکورتیی و خاڵی لاوازی ئەو ئاڵەنگاریانەدا دەگەڕێت، کە بە مەبەستی چارەسەر و دیاریکردنی زمانیکی هاوبەش ڕووبەڕووی وەرگێڕانیان دەبێتەوە لەوانەیە یارمەتیدەر بێت بۆ خستنەگەڕی بەرنامەیەک تا لەگەڵ سیستەمی زمانی کۆمپیوتەر و ڕێسای گشتی پاراستنی زانیاریی دا بگونجێت.

[4] Daia, I., 2023, An Analysis of Privacy Policy Languages and their Compliance with the General Data Protection Regulation GDPR, Universiteit van Amsterdam.

لە ڕووی میتۆدییەوە؛ تۆێژینەوەکە شـــێوازی چۆنێتییە و ڕێبـازی بەراوردکـاریی گرتوەتەبەر و شـیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ هەڵسـەنگاندنی دۆخی داڕشـتنی زمانی بەکارهاتوو لە سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی و ئەو وشـە و زاراوانە دەکات، کە فرەواتان و هۆکارن بۆ ئاڵۆزیی و ئاســـتی تێگەیشـــتنی بەکارهێنەر ڕەچاوناکرێت. هەروەها ڕادەی پابەندووون بە GDPR و کەموکوڕییەکانی زمانی سـیاسـەتەکان و ئاڵەنگارییەکانی بەردەمیان و دۆزینەوەی چارەسـەری یاسـایی بۆ ئاسـان لە واتاگەیشـتنی بەکارهێنەر لە کاتی خوێندنەوەی مەرجەکانی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی، دەســـتنیشـــاندەکات. کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکەیش؛ ئەو ســـەرچاوانەی گەڕانی ئینتەرنێت دەگرێتەخۆ کە بەکارهێنەران لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا پشـتیانپێدەبەسـتن، لەوانە: ACM، Semantic Scholar، Google Scholar، Scopus Link، Science Direct،IEE Explore.

لە ئەنجـامـدا؛ تۆێژینەوەکە ئەوە دەخـاتەڕوو کە یەکێک لە گەورەترین ئـاســـتەنـگ و ئاڵۆزییەکانی بەردەم تێگەیشـــتن لە ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی بۆ بەکارهێنەر، ناڕوونیی لە داڕشتنی زمانی مەرجەکانی سیاسـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانە، بەتایبەت گرفتی دوو واتایی چەمکەکان. هەربۆیە تۆێژینەوەکە پێشنیازی ئەوە دەکات، کە ڕوونیی لە خستنەڕووی ناوەڕۆکی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی دا، ئاسـانکاریی زیاتر بۆ پابەندبوون بە بڕگەکانی GDPR دەکات و متمانەی بەکارهێنەران زیاتر دەکات.

٥. چاکیرۆز، (2020)؛ نووسـەری ماسـتەرنامەیەکە بەناونیشـانی: "**تێگەیشـتن لە تایبەتمەندێتیی داتاکان لە ئینتەرنێتدا و کاریگەریی لەسـەر بەکارهێنەران: لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە سیاسـەتەکانی تایبەتمەندێتیی**"[5] کە بە زمانی تورکیی نووسـراوە و پێشـکەشـی بەشـی پەیوەندییە گشـتییەکانی زانکۆی ئیستانبوڵ_ی تورکیا کراوە.

تۆێژینەوەکە؛ بە ئامانجی دیاریکردنی ئاسـتی تێگەیشـتنی بەکارهێنەر لە تایبەتمەندێتیی داتا کەسـییەکان لەماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا نووســراوە، بەتایبەت لەکاتی کارلێککردنیان لەگەڵ سـەکۆ جیاوازەکانی ئینتەرنێت و تێگەیشـتن لەوەی نیگەرانییەکانیان لەبارەی تایبەتمەندێتیی داتا، کاریگەریی لەســـەر ئاســـتی داواکاریی و هـاندانی کڕین بە شـــێوازی ئەلیکترۆنی لەلایەن بەکـارهێنەران هەیە. هەروەهـا تۆێژینەوەکە جەخـت لە بەرزبوونەوەی ئـاســـتی بەکـارهێنـانی ئینتەرنێت و زیادبوونی نیگەرانییەکانی بەکارهێنەران دەکاتەوە، بەتایبەت دوای هاتنەئارای ڕۆڵی داتا بۆ مەبەســـتی بازرگانی. بەو هۆیەوە چەمکی پاراســـتنی داتا؛ گرنگیی خۆی پەیداکردووە و تایبەتمەندێتییە کەسـییەکان بوون بە کاڵایەکی بەنرخ بۆ هاوبەشـییکردن و فرۆشـتنی بە لایەنی سێیەم؛ بەبێ ڕەزامەندی خاوەنەکانیان.

[5] Çakıroz, f., 2020. Very gizliliği algısının internet kullanımına etkisi: gizlilik politikaları üzerinden bir inceleme. Yüksek lisans tezi. Istanbul: istanbul üniversitesi, sosyal bilimler enstitüsü, halkla ilişkiler ve tanıtım anabilim dalı

لەڕووی میتۆدییەوە؛ توێژینەوەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی بەکارهێنەر پشـــتی بە شـــێوازی چەندێتی و ئامرازی فۆرمی ڕاپێویی بەشـــێوەی ناهەڕەمەکی مەبەســـتدار بەســـتووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە؛ بریتییە لە بەکارهێنەرانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، کە لە چالاکییەکانی بازاڕســـازیی ئۆنلاین دا بەشـــداریان هەیە. مشـــتەی توێژینەوەکەیش؛ لە ١٥٦ کەســـی خاوەن ئاســـتی خوێندەواری بەرز پێکدێن کە لەبارەی پاراســـتنی تایبەتمەندێتیی زانیاریی لە ئینتەرنێتدا هۆشـــیارن و تەمەنیان لەنێوان ١٦-٦٤ ســـاڵدایە، بەتایبەت لانیکەم بۆ جارێک لە ڕێگەی ماڵپەڕە بەناوبانگەکانی تورکیاوە بازاڕسازییان بەشێوازی ئۆنلاین کردووە.

لە ئەنجامدا؛ توێژینەوەکە گەیشـتووە بەوەی تێگەیشـتنی بەکارهێنەران لە تایبەتمەندێتیی داتا؛ کاریگەریی لەســـەر بەشـــداریان لە بازاڕکردنی ئۆنلاین دا هەیە. هەروەک خســـتنەڕووی مەرجەکانی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی بە زمانێکی ســـادە و ڕوون؛ ڕۆڵی لە بەدەســـتهێنانی متمانەی بەکارهێنەردا هەیە و پاڵنەرێکە بۆ بەشـداریان لە چالاکییە بازرگانییە ئەلیکترۆنییەکاندا. هەروەها زۆرینەی بەکارهێنەران؛ زانیارییان لەبارەی یاســـاکانی پاراســـتنی زانیاریی کەســـیی تورکیا (KVKK) نییە و سەرەڕای نەبوونی دڵنیاییان لە ئاسایشی تایبەتمەندێتیی، بەڵام ئەوەیش نەبووەتە ڕێگر لەبەردەم بازاڕکردنیان بە شێوازی ئۆنلاین.

٦. بهاتیا، (2019)؛ نووســـەری تێزێکی دکتۆرایە بە ناونیشـــانی: "**ناڕوونیی لە ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی و مەترسییە هەستپێکراوەکانی تایبەتمەندێتیی**"[6] بە زمانی ئینگلیزیی نووسـراوەو پێشکەش بە پەیمانگەی توێژینەوەی نەرمەکاڵا (software)ە لە زانکۆی کارنێگی مێڵۆن لە شاری پێنسیلڤانیا لە ئەمریکا کراوە.

توێژینەوەکە بەدواداچوون بۆ بوونی داڕشـــتنی ناڕوون لە مەرجەکانی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی دەکات. ئەوەیش بە ئامانجی خســـتنەڕووی ئاســـتی تێگەیشـــتنی بەکارهێنەران لە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و پەرەپێدانی "تیۆری ناڕوونیی" لە سیاسەتەکان و دەستنیشانکردنی ناڕوونییەکان و پێوانەکردنی مەترســـی هەســـتپێکراوی تایبەتمەندێتیی بەهۆی ناڕوونییەوە. بەتایبەت لە ڕووی بوونی ناوەڕۆکێکی ئاڵۆز و کاریگەرییەکانی لەسەر تێگەیشتنی بەکارهێنەران کە زۆرجار بەمەبەســـت زمانێکی ناڕوون بەکاردەهێنن و لەلای بەکارهێنەران لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت و ڕوون نییە، کە زانیارییەکان بۆ چ مەبەستێک کۆدەکرێنەوە. ئەوەیش دەبێتە هۆکاری دڕووستبوونی گومان و نەهێشتنی متمانە.

لە ڕووی میتۆدییەوە؛ توێژینەوەکە پشتی بە هەردوو شێوازی تێکەڵ؛ چۆنێتی و چەندێتی توێژینەوە بەســـتووە و ڕێبازەکانی ئەزموونگەریی و بەراوردکاریی بەکارهێناوە. هاوکات

[6] Bhatia, J., 2019, Ambiguity in Privacy Policies and Perceived Privacy Risk, Institute for Software Research School of Computer Science, Carnegie Mellon University Pittsburgh, United States.

ڕێکاریی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ نارووونی دەقی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی کردووەو ڕاپێویی لەگەڵ ٦٠ بەکارهێنەردا کردووەو بەراوردی بۆ ڕیزبەندیی زاراوە نارووونەکان کردووە. بۆ کۆکردنەوەی داتای توێژینەوەکە؛ ١٥ مالپەڕی بەناوبانگی کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانی پیشەسازیی ئەمریکا وەک مشتەری مەبەستداری توێژینەوەکە وەرگیراون، بەڵام ئاماژەیان بە جۆر و شێوازی کۆکردنەوەی داتای بەکارهێنەران نەکردووە، کە بۆ چ مەبەستێک بەکاریدەهێنن.

ئەنجامی توێژینەوەکە، دەریدەخات، کە چارەسەری ئاڵۆزیی لە داڕشتنی سیاسەتەکان زۆر گرنگە بۆ دڵنیایی بەکارهێنەران، چونکە کەمکردنەوەی نارووونیی ئاستی تێگەیشتنی بەکارهێنەران لە مەرجەکانی سیاستی تایبەتمەندێتیی زیادەکات و پابەندبوون بە ڕێسا گشتییەکانی پاراستنی زانیاریی؛ خاڵێکی جەوهەری بەهێزە بۆ فەراهەمکردنی متمانەی بەکارهێنەران.

٧. سەبرینە، (2015)؛ نووسەری تێزێکی دکتۆرایە بەناونیشانی: "**پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیی لە سەردەمی تەکنۆلۆژیادا؛ ڕاگەیاندن و گەیاندن وەک نموونە**"[7] کە بە زمانی عەرەبیی نووسراوە و پێشکەشی کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسیەکانی زانکۆی "الحاج لخضر- باتنة" لە جەزائیر کراوە.

ئەم توێژینەوەیە؛ بە ئامانجی زانینی کاریگەریی تەکنۆلۆژیا مۆدێرنەکان لەسەر تایبەتمەندێتیی تاک و چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی یاساکانی جەزائیر لە پرسی پێشێلکارییە تەکنۆلۆژییەکان نووسراوە. توێژینەوەکە تیشک دەخاتەسەر ئەوەی، کە تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن و گەیاندن لە کاتێکدا کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی هەبووە و چارەسەری زۆر گرفتی کردووە، بەڵام کاریگەریی نەرێنیی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، دیارترینیان پەرەسەندنی نیگەرانییەکانی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تاکەکان لە ژینگەی دیجیتاڵییدا و خراپ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بۆ چاودێریی بەسەر وێنە، دەنگ و ڤیدیۆی بەکارهێنەران.

لە ڕووی میتۆدییەوە؛ توێژینەوەکە پشتی بە شێوازی تێکەڵاو بەستووە، لەوانە ڕێبازی پەسنکاریی بۆ خستنەڕووی کاریگەرییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاریی و پەیوەندییکردن لەسەر پیرۆزیی مافی تایبەتمەندێتیی و ئاستی پێشێلکارییەکانی لە وڵاتی جەزائیردا. هەروەها شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ ئەو یاسایانە کردووە کە لە دەستوری وڵاتەکەدا پێشێلکارییەکانی تەکنۆلۆژیای زانیاریی و پەیوەندیکردنیان بە تاوان لە قەڵەمداوە، بەدەر لەوەیش بەراوردکاریی

[7] بن سعيد صبرينة (2015)، حماية الحق في حرمة الحياة الخاصة في عهد التكنولوجيا: الإعلام والاتصال، كلية الحقوق والعلوم السياسية، جامعة الحاج لخضر- باتنة، الجزائر.

بۆ خستنەڕووی جیاوازی نێوان یاساکانی پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیی وڵاتی جەزائیر و یاسا نێودەوڵەتییەکان کردووە. کۆمەڵێ توێژینەوەکە دانیشتوانی گشتیی جەزائیری بە ئامانج گرتووە، کە کاریگەریی تەکنۆلۆژیایان لەسەرە. مشتەی توێژینەوەکەیش؛ لە چوارچێوەی یاساکانی جەزائیر وەرگیراوە، کە لە دەقە یاساییەکان و توێژینەوەی کەیسیی پەیوەندییدار بە مافی تایبەتمەندێتیی پێکدێت.

لە ئەنجامدا؛ توێژنەوەکە گەیشتووەتە ئەوەی، یاسای ئێستای جەزائیر پێویستی بە چاکسازیی و هەموارکردنەوەی خێرا هەیە و دەقەکانی ئێستای بەتەنیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵەنگارییەکانی تەکنۆلۆژیا لە پێشێلکردنی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران بەسنییە. هەربۆیە پێویستە هۆشیاری گشتیی تاک بەرزبکرێتەوە و لەپێناو فەراهەمکردنی دڵنیایی بۆ بەکارهێنەران؛ ڕێوشوێنی توند بگیرێتەبەر.

- **تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی تایبەت بە "ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان"**

٨. مستەفا، (2023)؛ نووسەری ماستەرنامەیەکە بەناونیشانی: "**ڕۆڵی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێکهێنانی هۆشیاری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا**"[8] کە بە زمانی کوردیی نووسراوە و پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕیی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی کراوە.

توێژینەوەکە؛ تیشک دەخاتەسەر ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان وەک ئامرازیکی نوێچەشنی دیجیتاڵیی کە لە توانایدایە ڕۆڵی بەرچاو لە زۆر لایەنی ژیانی تاک و کۆمەڵ-دا بگێڕیت. هاوکات بە دیاریکراوی جەخت لە بواری سیاسەت دەکاتەوە و پێیوایە ڕاگەیاندن بە گشتیی و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بەتایبەتیی بوونەتە بڵندگۆیەک بۆ شرۆڤەکردن و ڕاڤەی سیاسیی پرسە چارەنووسسازەکانی وەک هەڵبژاردن.

لە ڕووی میتۆدییەوە؛ توێژینەوەکە لە جۆری پەسەندکاری (وصفی)یە و توێژەر پشتی بە ڕێکاری ڕاپێویی بەستووە. سەرجەم مامۆستایانی کۆلێژەکانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی؛ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێنن و مشتەی وەرگیراو بریتییە لە ١١٤ مامۆستای ئەو کۆلێژانە. لەم توێژینەوەیەدا؛ ڕاپێوی ئۆنلاین بۆ زانینی بۆچوونی دەستەبژێرێک لە مامۆستایان و تێبینیکردن بۆ چاودێرییکردنی ماڵپەڕە کوردییەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسیی لە پرسە سەرەکیی و لاوەکییەکاندا وەک دوو ڕێکاری کۆکردنەوەی داتای توێژینەوە بەکارهێنراون.

[8] مستەفا، د. ب. (2023). ڕۆڵی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە پێکهێنانی هۆشیاری سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا نامەی ماستەر. زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی.

توێژینەوەکە؛ لە ئەنجامدا گەیشـــتووە بەوەی، کە بەرتوێژان بۆ دەســـتکەوتنی بابەتی سیاسیی وەک: هەواڵ ، ڕاپۆرت و چاوپێکەوتن "تا ڕادەیەکی باش" پشت بە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دەبەستن و کەمتر بینەر و خوێنەری ڕیکلام و وتاری سیاسیین. هەروەها لە چەند ڕەهەندێکەوە؛ ماڵپەڕە کوردییەکان کار لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سیاسیی دەکەن، لەوانە: خستنەڕووی زانیارییە سیاسییەکان، تێڕوانینی هزریی کەسایەتییە سیاسییەکان و شرۆڤەی سیاسیی. لەگەڵ ئەوەشدا؛ ئاماژە بە شرۆڤەی ئەو پرس و بابەتە سیاسییانە دەدات، کە پشت بە لێکدانەوەی زانستیی نابەستن و جێگەی متمانە نین و پێویستیان بە پەرەپێدانی زیاتر هەیە.

[9] **. مەحێدین، (2022)؛** نووســەری ماســتەرنامەیەکە بە ناونیشــانی: "**ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیی کوردی: شـــێوازەکان و ئالیەتەکانی دەرهێنان – ماڵپەڕی (خەندان) وەک نموونە**"[9] کە بە زمانی کوردیی نووســراوە و پێشــکەشــی کۆلێژی زانســتە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی ســلێمانی کراوە. توێژینەوەکە؛ بە ئامانجی زانینی ئاستی پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردیی لە جیهانی دیجیتاڵیی هاوچەخدا نووســـراوە، توێژینەوەکە، تیشـــک دەخاتەســـەر لایەنە هونەرییەکانی دەرهێنان و شێوازەکانی بەکارهێنان و دیاریکردنی شێوازی پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی ئەلکترۆنیی ماڵپەڕی خەندان و بەراوردکردنی بە ناوەڕۆکی چاپکراوی ڕۆژنامەی ئاسۆ و دەرخستنی جیاوازییەکانیان.

لە ڕووی میتۆدییەوە؛ توێژینەوەکە شـێوازی توێژینەوەی تێکەڵاوی چۆنێتی و چەندێتیە. ڕۆژنـامەی ئەلیکترۆنیی کوردی؛ کۆمەڵگەی توێژینەوە و مـاڵپەڕی خەنـدان لەمـاوەی نێوان ٢٠١١/٤/١ تـا ٢٠١١/٦/٣٠ وەک مشـــتەی توێژینەوەکە وەرگیراوە. بۆ کۆکردنەوەی زانیـاریی توێژینەوەکەیش؛ ڕێکاریی شـــیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ چۆنێتی بەکارهێنانی فۆرمە هونەرییەکان و پەیامەکانی ماڵپەڕی خەندان بەکارهێناوە. هاوکات ڕێکاریی تێبینیکردنی زانســـتیی لە ماوەی سێ مانگدا بۆ چاودێرییکردنی ماڵپەڕی خەندان؛ بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاریی لە گۆڕانکاریی و شێوازی دەرهێنانی هونەریی بە تۆمارکردنی تێبینییەکان و (سکرین_شۆت) بەکارهاتووە.

لەکۆتاییدا؛ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریدەخەن ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیی کوردیی لە قۆناغی ســەرەتاییدایە و پێویســتی بە گەشــەی زیاترە، بەتایبەت لە لایەنی هونەریی و تەکنیکی بەرهەمهێناندا. ئەگەرچی ماڵپەڕی خەندان زیاتر گرنگیی بە خێرایی بڵاوکردنەوەی هەواڵ دەدات تاوەکو لایەنی هونەریی، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر شـێوازی ڕۆژنامەی چاپکراوی تێنەپەڕاندووە و پێویستی بە پەرەپێدانی زیاترە. بە شێوەیەکی بەرچاو؛ ماڵپەڕەکە چاوی لەسەر هەواڵی سیاسییە و کەمتر بایەخی بە بوارەکانی تر داوە.

[9] محێدین، ج، ج..(2022). ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیی کوردی: شـێوازەکان و ئالیەتەکانی دەرهێنان – ماڵپەڕی (خەندان) وەک نموونە . نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن – ڕۆژنامەگەری.

١٠. حەویجە، (2022)؛ نووسەری ماستەرنامەیەکە بە ناونیشانی: "**رووماڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کورد‌ییەکان بۆ بابەتە سینەماییەکان**"[10] کە بە زمانی کوردیی نووسراوە و پێشکەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە.

تۆێژینەوەکە؛ تیشک دەخاتەسەر ئەوەی تا چەند پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بوار بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی سینەمایی فەراهەمدەکەن. هاوکات بەدواداچوونی بۆ ئەوە کردووە، کە ئەو پێگە ئەلیکترۆنییانە وەک میدیایەکی دیجیتاڵیی دەرفەتی پێویستیان بۆ بەرهەمە سینەماییەکان تەرخانکردووە یاخود نا. واتە زیاتر بەدواداچوون بۆ ئەوە دەکات، کە بزانێت؛ میدیا و سینەما وەک دوو پایەی گرنگیی پڕۆسەی کەمیونیکەیشن تا چەند لەیەکەوە نزیکن یاخود سینەما وەکو ئامرازێکی سەنجڕاکێشی کاتبەسەربردن و پیشەسازییەکی گرنگ، لە ئاڕاستەکردن و پەروەردەکردنی کۆمەڵگەدا لە چ ئاساتێکدایە.

تۆێژینەوەکە؛ لە ڕووی میتۆدییەوە جۆری پەسەندکاری (وصفی) و ڕێبازی ڕاپێویی بەکارهێناوە. هەروەها بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی تۆێژینەوەکەیش؛ پشت بە شیکاری ناوەڕۆک و فۆرمی ڕاپێویی بەستراوە، چونکە کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکە بریتییە لە پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان کە ناوەڕۆکەکانیان پەیوەستە بە سینەماوە. هاوکات مشتەی تۆێژینەوەکە بریتییە لە ١٢ پێگەی ئەلیکترۆنیی کوردیی تایبەت بە بەرهەمی سینەمایی، لەوانە: کوردسینەما، کوردفیلم، کوردموڤی، کوردسوبتیتل، فیلمسازان، تولیپ سینەما، بینەر، شافیلم، کوردینگ، کورد دۆبلاژ، کوردی ئەنیمێ، کوردپلەس ئەنیمێ. دواتر ٣٠ کەسی بە ئەزموون و شارەزا لە بواری سینەمادا وەکو دووەم مشتەی تۆێژینەوەکە و بە ڕێگەی ڕاپێویی؛ زانیارییان لێوەرگیراوە.

لە ئەنجامدا؛ تۆێژینەوەکە دەریخستووە، پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەماییەکاندا هەیە و پەیوەندیی میدیا و سینەمایان گەشەپێداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا لە ڕووی ڕێکخستن و تایبەتمەندیی و بایەخدانەوە، پێویستی بە پەرەپێدانی زیاتر هەیە.

[10] حویجە، خ. س .(2022) .ڕووماڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بۆ بابەتە سینەماییەکان .نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن.

١١. ئەیڤەس، (2017)؛ نووسەری تێزێکی دکتۆرایە بە ناونیشانی: "**کولتورەکانی رۆژنامەگەریی کوردی؛ وەرچەرخانی سنورەکانی تێگەیشتنی تایبەتمەندێتیی لەنێو ئاڕاستەکانی رۆڵی پیشەگەرانەی رۆژنامەوانان-دا**"[11] کە بە زمانی ئینگلیزیی نووسراوە و پێشکەشی کۆلێژی هونەر و زانستە مرۆییەکانی زانکۆی نۆتینگهام تریٚنت-ی بەریتانیا کراوە.

لەو تێزی دکتۆرایەدا؛ وێڕای ناساندن و شرۆڤەکردنی چوار کولتووری جیهانیی رۆژنامەگەریی، بەسودوەرگرتن لەتیۆری «هەژموونی کولتووریی» ئەنتۆنیۆ گرامشی پەیوەندیی نێوان ئاڕاستە کولتوورییەکانی رۆژنامەوانانی کوردی عێراق و ئاستێی تێگەیشتنیان لەسنورەکانی تایبەتمەندێتیی زانیاریی و ژیانی تایبەتیی کەسەکاندا دۆزراوەتەوە. هاوکات ڕۆڵی کولتووری کوردیی لە ناساندنی چەمکی تایبەتمەندێتیی و کاریگەریی خاوەندارێتی میدیا لەلایەن پارتە سیاسییەکان و ئاستی پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتیی کەسەکان و چاودێریی بێپاساوی میدیا و میدیاوانان لە سنووردارکردنی ماف و ئازادییەکانی تاک خراوەتەڕوو. ئامانجی توێژینەوەکە؛ خستنەڕووی تێڕوانینی ڕۆژنامەوانانی کوردستانی عێراق بووە، کە چۆن ڕۆڵی پیشەگەرانەی پیشەیی خۆیان لە پاراستن و پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتی کەسەکاندا هەستپێدەکەن.

لە ڕووی میتۆدییەوە؛ توێژینەوەکە پشتی بە هەردوو شێوازی چۆنێتی و چەندێتی توێژینەوە بەستووەو ڕێکارەکانی ڕێبازی تێکەڵاو (mixed method)ی گرتۆتەبەر. لەو نێوەندەیشدا؛ ڕاپێوی لەگەڵ ١٤٢ ڕۆژنامەوانی پاشخان جیاواز لە ٢٩ دەزگەی جیاوازی میدیای ئەلیکترۆنی، پەخشکراو و چاپکراو کردووە. هاوکات چاوپێکەوتنی چڕی لەگەڵ 15 کەسی هەڵبژێردراوی پەیوەندییدار بە کاری میدیایی کردووە، لەوانە: ڕۆژنامەوانان، سەرنووسەران، داڕێژەرانی سیاسەت و ئەکادیمییەکان.

لە گرنگترین ئەنجامەکانی؛ توێژینەوەکە دەریخستووە، کە ڕۆژنامەگەریی کوردیی لە ڕووماڵکردنی زانیارییە تایبەتییەکاندا پیشەگەرانە کارناکات و کەمتر پشت بە بنەماکانی یاسا و پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکان دەبەستێت. هاوکات بەهۆی لاوازیی فەلسەفەی تاکگەرایی، هێشتا لە کۆمەڵگەی کوردییدا تێگەیشتنێکی چەسپاو بۆ مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتیی کەسەکان نییە. هەروەها بەهۆی خاوەندارێتیی میدیایی لە هەرێمی کوردستاندا پشکی شێری بەر پارتە سیاسییەکان کەوتووە، ناتوانن بەشێوەیەکی نیشتمانیی پیشەگەرانەی هاوسەنگ ڕووماڵی ڕووداو و زانیارییەکان بکەن.

[11] Aivas, S.A.W., 2017. Kurdish Journalism Cultures: Shifting Boundaries of Privacy Understandings amongst Professional Role Orientations of Journalists. PhD thesis, Nottingham Trent University, United Kingdom.

1.2.2: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

لە کۆی (١١) توێژینەوەی پێشوودا کە سێ تێزی دکتۆرایان بە زمانی ئینگلیزیی و دووانیان بە عەرەبیی و سێ ماستەرنامەیان بە کوردیی و دووانیان بە عەرەبیی و یەک ماستەرنامەیان بە تورکیی نووسراون و تازەترینیان بۆ ساڵی ٢٠٢٣ و کۆنترینیان بۆ ٢٠١٥ دەگەڕێتەوە؛ ئەو گومانە زووتر ڕەوییەوە کە مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتەمەندێتیی بەکارهێنەران لە ژینگەی دیجیتاڵییدا پرسێکی جیهانییە و بە کولتوور و کۆمەڵگەیەکی ناوچەیی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە. ئەمەیش گرنگیی و هەستیاریی بابەتەکە دەردەخات و بووە هۆی دڵنیابوونەوە لە تازەیی ناونیشانەکە و نەبوونی توێژینەوەی هاوشێوە بە زمانی کوردی. هەروەها نەبوونی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ڕوون لە زۆرینەی ماڵپەڕە کوردییەکاندا و نزمیی ئاستی هۆشیاریی بەکارهێنەران لە ژینگەی دیجیتاڵیی بەرامبەر بە هەڕەشەو مەترسییە جیهانییەکانی پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی زیاتر ڕوونبووەوە. لەو سۆنگەیەوە؛ پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو لە پەیوەندییدا بە هەڵبژاردنی گۆڕاوەکان و چەمکە سەرەکییەکان و دیاریکردنی نەخشەی نووسینی ئەم ماستەرنامەیەدا زۆر سوودبەخشبوو؛ بەتایبەت لە ڕوانگەی: ناونیشان، ئەنجام، ئامانج، کێشە، شێواز و ڕێکارەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای توێژینەوەوە.

یەکەم؛ لە ڕووی ناونیشان-ەوە؛ ناونیشانی ئەم ماستەرنامەیە "ڕەنگدانەوەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا" لەگەڵ سەرجەم ماستەرنامە و دکتۆرانامەکانی پێشوودا جیاوازە، چونکە هیچکامیان پێکەوە کاریان لەسەر گۆڕاوە سەرەکییەکان نەکردووە. هەر یەک لە گۆڕاوی "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی" و "ماڵپەڕە کوردییەکان"ی ئەم توێژینەوەیە خاڵی لێکچوونی لەگەڵ گۆڕاوێک لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکانی پێشوودا هەیە. ئەوەیش وایکردووە، ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بە نوێی و دەگمەنیی بمێنێتەوەو ببێت بە بەردی بناغەی توێژینەوەکانی دوای خۆی.

دووەم؛ لە ڕووی ئامانج-ەوە: ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە؛ خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەی (ئەیڤەس،2017)دا هەیە کە هەوڵدەدات تێگەیشتنێک لەبارەی مافی تایبەتمەندێتیی لەنێو کولتوورەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردییدا بەدەستبهێنێت. لەگەڵ (موختار،2023) دا لەیەکدەچن؛ کە دەیەوێت ڕۆڵی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک لە پاراستنی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەراندا بزانێت. هەروەها خاڵی هاوبەشیشی لەگەڵ توێژینەوەی (سەبریە،2015)دا هەیە کە مەبەستێتی بگاتە ئەو ئەنجامەی، کە تەکنۆلۆژیا تا چ ڕادەیەک کاریگەریی لەسەر تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران هەیە. لەگەڵ (بهاتیا،2019) و (چاکیرۆز،2020) و (دایا، 2023)دا لەیەکدەچن، کە دەیانەوێت ئاستی تێگەیشتنی بەکارهێنەران لەسەر سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و

ڕێژەی تێگەیشـــتنی بەکارهێنەران لە چەمکی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەســـییەکان و زیاتر تێگەیشـــتنیان لە ژینگەی دیجیتاڵییدا بخەنەڕوو. **بەپێچەوانەوە**؛ ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (بوز،2023)دا جیاوازە ،کە بەتەنیا هەڵسەنگاندن بۆ خاڵە بەهێز و لاوازەکانی GDPR دەکات. هەروەها لەگەڵ (ســواناکیت، 2023)دا جیاوازە، کە هەوڵی زانینی ئەنجامی بەراوردکاریی لە یاساکانی نێوان هەردوو وڵاتی بەریتانیا و تایلەند لە ڕووی پاراستنی تایبەتمەندێتیی کەسیی دەدات. لەگەڵ توێژینەوەی (حەویجە، 2022) و (مەحێدین، 2022) و (مســتەفا، 2023)دا جیاوازن، چونکە ئەوان بە تـایبەتیی تیشـــک دەخەنەســـەر ڕۆڵی مـاڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە بڵاوکردنەوەی بـابەتی ســـینەمـایی و ڕۆژنـامەگەریی ئەلیکترۆنیی کوردیی و شـــێوازەکـانی بەکارهێنانی و ڕۆڵی ماڵپەڕەکان لە پێکهێنانی هۆشیاریی سیاسییدا.

ســێیەم؛ لە ڕووی کێشــە-وە: کێشـــە و پرســـیارە ســـەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ کێشـــە و پرســـیارە ســـەرەکییەکانی تێزی دکتۆرای (ئەیڤەس، 2017) لەیەکدەچێت، چونکە هەردووکیان هەوڵدەدەن تێگەیشتنێکی سەرەتایی لەبارەی چەمکی تایبەتمەندێتیی لە میدیای کوردیی هەرێمی کوردستاندا بەدەستبهێنن. هەروەها لەگەڵ (سەبریە، 2015) لەیەکدەچێت، چونکە هەردووکیان لە کۆکردنەوەی زانیاریی بەکارهێنەران و پێشـــێلکردنی مافی تایبەتمەندێتی لە ژینگەی دیجیتاڵییدا نیگەرانن. لەگەڵ (موختـار، 2023) و (چـاکیرۆز، 2020)دا لەیەکـدەچن، چونکە لێکۆڵینەوە لە تێگەیشـــتنی تایبەتمەندێتیی زانیاریی بەکارهێنەران و پاراســـتنی لە میدیای دیجیتاڵیی دا دەکەن. هەروەهـا لەگەڵ (بهـاتیـا، 2019) لەیەکـدەچێت، چونکە هەردوو توێژینەوەکە بەدواداچوون بۆ ئاستی ڕوونیی (شـفافیة) لە دارشـتنی زمانی مەرج و ڕێنماییەکانی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی دا دەکەن. **بەپێچەوانەوە**؛ لەگەڵ کێشـەی توێژینەوەکانی (بوز،2023) و (سـواناکیت،2023)دا جیاوازە، چونکە ئەوان بەتەنیا تیشـــک دەخەنەســـەر لایەنی یاســـایی پاراســـتنی مافی تایبەتمەندێتیی زانیارییەکان. لەگەڵ (دایا، 2023)یشـدا جیاوازە، چونکە ئەو زیاتر بایەخ بە لایەنی زمانەوانیی لە شـــێوازی دارشـــتنی مەرج و ڕێنماییەکانی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی دەدات. هەروەها لەگەڵ (حەویجە،2022)دا جیاوازە، چونکە ئەو زیاتر تیشـــک دەخاتەســـەر ڕۆڵی میدیای دیجیتاڵیی لە بڵاوکردنەوەی بابەتی ســـینەماییدا کە توێژەر وەک گۆڕاوی یەکەمی توێژینەوەکەی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی وەریگرتووە. هـاوکات لەگەڵ کێشـــەی توێژینەوەی (مەحێدین، 2022)دا جیـاوازە، چونکە ئەو زیاتر ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیی کوردیی و شـــێوازەکانی بەکارهێنانی لە ماڵپەڕی خەندان دا بەهەند وەرگرتووە. هەروەها لەگەڵ (مستەفا، 2023)دا جیاوازە، چونکە ئەو جەخت لە ڕۆڵی میدیای دیجیتاڵیی لە پێکهێنانی هۆشیاری سیاسییدا دەکاتەوە.

چوارەم، لەڕووی شێواز و ڕێکارەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتای تۆێژینەوەوە: ئەم ماستەرنامەیە پشتی بە سێ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی بەستووە لەوانە: شیکردنەوەی ناوەرۆکی بابەت، چاوپێکەوتنی زانستیی چڕ و تێبینیکردنی کەسیی، ئەمەیش هۆکارە بۆ ئەوەی تۆێژەر بتوانێت لە چەند سەرچاوەیەکی جیاوازەوە زانیاریی هەمەجۆر گەڵاڵە بکات و بیخاتە خزمەت دەوڵەمەندکردنی ئامانج و ئەنجامی تۆێژینەوەکەی. واتە ئەم تۆێژینەوەیە لەڕووی ئامرازی شیکردنەوەی ناوەرۆکەوە، لەگەڵ تۆێژینەوەکانی؛ (موختار،2023)، (سەبریە،2015)، (بوز،2023)، (دایا،2023)، (حەویجە، 2022)، (مەحێدین،2022)، (بهاتیا، 2019) لەیەکدەچێت، چونکە سەرجەمیان هەوڵیانداوە شیکردنەوەی ناوەرۆک بۆ دەقەکان بکەن. لەڕووی ئامرازی چاوپێکەوتنی زانستییەوە؛ ئەم تۆێژینەوەیە لەگەڵ تۆێژینەوەی (ئەیڤەس،2017)دا لەیەکدەچێت، چونکە ئەویش چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و شارەزادا ئەنجامداوە. هاوکات لەگەڵ (مستەفا، 2023) و (مەحێدین، 2022)دا لەیەکدەچێت کە پشتیان بە ئامرازی تێبینیکردنی زانستیی بەستووە. **بەپێچەوانەوە؛** ئەم تۆێژینەوەیە لە ڕووی بەکارهێنانی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەوە، لەگەڵ تۆێژینەوەی (چاکیرۆز، 2020)دا تەواو جیاوازە، چونکە ئەو فۆرمی ڕاپێویی بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی مشتەی تۆێژینەوەکەی بەکارهێناوە. کەواتە **میتۆدی ئەم تۆێژینەوەیە؛** لەگەڵ میتۆدی تۆێژینەوەکانی تایبەت، تۆێژەران (موختار،2023)، (سەبریە،2015)، (بوز، 2023)، (دایا، 2023)، (حەویجە، 2022) لەیەکدەچێت، چونکە ئەوانیش پشتیان بەشێوازی تۆێژینەوەی چۆنێتی بەستووە، هەروەها لەگەڵ جۆری میتۆدی تۆێژینەوەکانی (ئەیڤەس، 2017)، (بهاتیا، 2019)، (سواناکیت، 2023)، (مەحێدین، 2022)دا جیاوازە، چونکە ئەوان پشتیان بە شێواز و ڕێکارەکانی تۆێژینەوەی تێکەڵاو بەستووە. هەروەها لەگەڵ (چاکیرۆز، 2020)دا جیاوازە، چونکە ئەو شێوازی چەندێتی بەکارهێناوە. هاوکات لەگەڵ (مستەفا، 2023)یشدا جیاوازن، چونکە ئەو ڕێبازی تۆێژینەوەی پەسنکاریی بەکارهێناوە. ئەگەرچی لە شێوازی چۆنێتی نزیکە، بەڵام لەڕووی ڕێکارییەوە جیاوازییان زۆرە.

پێنجەم؛ لە ڕووی ئەنجام-دەوە: لەیەکچوون لەنێوان ئەنجامەکانی ئەم ماستەرنامەیە لەگەڵ ئەنجامەکانی تێزی دکتۆرای (ئەیڤەس،2017)دا هەیە، چونکە بە دیاریکراوی ئاماژە بەوە دەدات کە بنەمایەکی یاسایی بۆ پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتیی کەسەکان لە هەرێمی کوردستاندا نییە. هەروەها لەگەڵ ئەنجامی تۆێژینەوەی (بهاتیا، 2019)دا یەکدەگرێتەوە، کە ئاماژەدەدات بەوەی ناڕوونیی لە سیاسەتی تایبەتمەندێتییدا؛ کاریگەریی لەسەر ئاستی تێگەیشتنی بەکارهێنەران بۆ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی هەیە. هاوکات لەگەڵ ئەنجامی تۆێژینەوەی (چاکیرۆز، 2020)دا لەیەکدەچێت، کە ئاماژەدەدات بەوەی زۆربەی بەکارهێنەران زانیارییان دەربارەی یاساکانی پاراستنی زانیارییە کەسییەکانی تورکیا نییە. خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئامانجی

توێژینەوەی (مستەفا، 2023) دا هەیە، کە تیشک دەخاتەسەر ڕۆڵی ماڵپەڕە کوردییەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ، شرۆڤە و پێکهێنانی هۆشیاری سیاسییدا. هەروەها لەگەڵ (دایا،2023)دا لەیەکدەچێت، کە گرفت و ئاڵۆزی لە تێگەیشتنی واتای مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی هەیە. خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەنجامەکانی ئەم ماستەرنامەیە و ئەنجامەکانی توێژینەوەی (بوز،2023)دا هەیە، کە ئاماژە دەدات بەوەی ڕێگریی لە پێشێلکاریی ئەلیکترۆنیی؛ پێویستیی بە ڕێوشوێنی وردتر و پارێزراوتر هەیە، تاوەکو تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران لەنێو داهێنانە زیرەکەکانی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵییدا نەبێتە قوربانی. هاوکات لەگەڵ ئەنجامەکانی (سەبریە،2015)دا لەیەکچوون هەیە، کە ئاماژەدەدات بەوەی دەقە یاساییەکان بەتەنیا بۆ پاراستنی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران لە ژینگەی دیجیتاڵییدا چارەسەرنییە، بەڵکو پێویستە هۆشیاری تاک بەرزبکرێتەوە. هەروەک لەگەڵ ئەنجامەکانی (سواناکیت، 2023)دا لەیەکچوون هەیە، کە ئاماژە دەدات بەوەی ئاڵەنگاری گەورەی پێشێلکاریی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران لە ژینگەی دیجیتاڵییدا هەیە. **بەپێچەوانەوە**؛ ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەنجامی (موختار،2023)دا جیاوازە، کە دەریدەخات ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بە ئاشکرا ڕێگریی لە کۆکردنەوەی زانیاریی بەکارهێنەران ناکەن، تەنانەت هەندێک کۆمپانیا بە ئاشکرا خەریکی هاوبەشییکردنی زانیاریی بەکارهێنەرانن. لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (حەویجە، 2022) و (مەحێدین، 2022)دا جیاوازە، کە بەتەنیا ڕۆڵی پێگە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە بڵاوکردنەوەی بابەتە سینەماییەکان و ڕۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنیی کوردیی و شێوازەکانی بەکارهێنانی ئاماژەپێدەدەن.

– لایەنی سوود وەرگرتن لە پێداچوونەوەی توێژینەوەکانی پێشوو، بۆ توێژەر

1. دەرخستنی کەلێنی ئەکادیمی لە هەرێمی کوردستان دەربارەی پاراستنی زانیاریی کەسی لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا، کە کێشەیەکی جیهانییە و بەکارهێنەری کورد لە مەترسییەکانی بێ ئاگایە.

2. سوود وەرگرتن لە میتۆدی توێژینەوەکانی پێشوو بۆ دیاریکردنی کێشە، ئامانج، هەڵبژاردنی شێواز و ڕێبازێکی گونجاو بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان.

3. تێگەیشتن لە ڕەهەندە یاساییە و کولتوورییەکانی تایبەتمەندێتیی و کردنەوەی دەرگا بۆ پێشکەشکردنی چارەسەر و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان لەبارەی چۆنیەتی پاراستنی زانیارییەکانیان.

بەشی دووەم

زانیارینامەی توێژینەوە

(تیۆرینامە)

پاژی یەکەم

سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

پاژی دووەم

ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان

پاژی سێیەم

سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و ڕەنگدانەوەی لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا

بەشی دووەم/ زانیارینامەی تویژینەوەکە (تیۆرییینامە)

2.1: پاژی یەکەم/سیاسەتی تایبەتمەندێتیی.

2.1.1: چەمک و پێناسەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

لە سەرچاوە زانستییەکاندا؛ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی بە چەمکێکی فرەڕەهەند ناوزەدکراوە کە ناتوانرێت بەتەنیا لە بۆتەی تاقە پێناسەیەکی دیاریکراودا کورتبکرێتەوە. لە ڕوانگەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە؛ بەڵگەنامەیەکە تێیدا شێوازی کۆکردنەوە ، بەکارهێنان و پاراستنی زانیارییە کەسییەکان دەخاتەڕوو کە بۆ دڵنیایی مافی تاک، لە جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا دەقنووسکراوە (UN: 2024). بەپێی ڕێسای گشتیی پاراستنی زانیارییەکان (General Data Protection Regulation) بۆ مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە یەکێتیی ئەورووپادا: ڕێککەوتننامەیەکە لەگەڵ بەکارهێنەراندا، کە خاوەندارێتیی مافی زانیاریی تایبەت دەکەن؛ بە ئامانجی ئاگادارکردنەوەیان لە وردەکاریی مامەڵەکردن پێوەی (GDPR: 2016). سیاسەتی تایبەتمەندێتیی؛ لەلای کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی پیشەگەرانی تایبەتمەندێتیی (International Association of Privacy Professionals) ئامانجی ئەوەیە لە بارەی داهاتووی داتاکانی کەسەکان و دیاریکردنی سنووری دەسەڵاتی ڕێکخراوێک لە پاراستن و هاوبەشییکردنی داتاکانیان، دڵنیایی بە بەکارهێنەران بدات (IAPP:2024). هەروەها یاسای تایبەتمەندێتیی بەکاربەرانی کالیفۆرنیا (California Consumer Privacy Act)، سیاسەتی تایبەتمەندێتیی وا دەناسێنێت، کە بەڵێننامەیەکی مەرجدارە و بەکارهێنەر ئاگادارەدکاتەوە، کە چجۆرە زانیارییەکی کەسیی پێویستە یان بۆ چ مەبەستێک کۆدەکرێتەوە و لەبارەی بەڕێوبردنییەوە وردەکاری تەواودەدات (CCPA: 2018).

بەدەر لەوەیش؛ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی "بەڵگەنامەیەکی سەرەتاییە کە بەکارهێنەران لە داهاتووی پرۆسێسکردنی زانیاریی کەسیی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا ئاگادار دەکاتەوە." (Hjerppe, et al., 2022: 331). چونکە ئاماژەدان "بە سنووری دەسەڵاتی متمانە و ئاستی پاراستنی پێگەی ئەلکترۆنیی نێرەرە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ تایبەتمەندێتیی داتای سەردانیکەردا" (Ziller, 2020: 8). بەدەر لەو پێناسانەی خرانەڕوو؛ هەندێکی دیکە وایدەناسێنن کە پێداویستییەکە بۆ سەروەختێک کە نیگەرانییەکان لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا سەبارەت بە پێشێلکردنی داتا و چاودێریکردنی، ڕوو لە هەڵکشانە (Schwartz, 2019: 39). هاوکات لە ڕوانگەی (Wagner, 2023) هوە؛ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی بە نوسراوێکی درێژ و دارشتنێکی ناڕوونی زیاد لە پێویست ناسراوە، ئەوەیش هۆکارە بۆ نەخوێندنەوە و قورس تێگەیشتنی سەردانیکەرانی ماڵپەڕەکان. واتە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە بنەڕەتدا مەبەستی بەدەستهێنانی

زانیاریی تایبەتی مرۆڤەکانە، نەک بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی ماڵپەڕ ، گومان و ئەگەرەکانی تر، کە بانگەشەی بۆ دەکرێت (Elliott & Soifer, 2022). لێرەوە تۆژەر دەگاتە ئەو بڕوایەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی؛ بەڵێننامەیەکی یاسایی پێشوەختە، سنووری دەسەڵاتی خاوەنی ماڵپەڕەکان لە ژینگەی دیجیتاڵییدا دیارییدەکات کە تێیدا بە ڕوونیی مەرج و ڕێنماییەکان بۆ سەردانیکەران و بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەی دەخاتەڕوو. هەروەک ئاگاداریدەکاتەوە لەوەی زانیارییەکانی خۆتۆمارکردن یان کاتی سەردانکردن، بەتەنیا لە چوارچێوەی ماڵپەڕەکەدا بە پارێزراویی دەمێننەوە یاخود لەگەڵ لایەنی سێیەم و بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی دارایی هاوبەشییان پێوەدەکات. هاوکات بەر لەچوونەژوورەوە بۆ ناو ماڵپەڕەکە؛ لە نێوان دەربڕینی ڕەزامەندیی یان ڕەتکردنەوەدا مافی ئازادانە هەڵبژاردنی مەرجەکان دەخاتە بەردەم سەردانیکەر و بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکە. بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە ناوەڕۆکەکەی، لە خوارەوە چەند واتایەکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و پێکهاتە سەرەکییەکانی دەخرێنەڕوو، لەوانە:

2.1.2: پێکهاتەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

– **سیاسەتی تایبەتمەندێتیی وەک کۆکردنەوەی زانیاریی**: ئاماژەیە بۆ کۆکردنەوەی ئەو زانیارییە کەسیی و ناکەسییانەی، کە کەسێکی پێدەناسرێتەوە و لە بەکارهێنەرێکی دیکەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان جیایدەکاتەوە، لەوانە: ناو، ناسناو، ئیمەیڵ،IP، ئامێری بەکارهاتوو، خواستی داواکاریی گەڕان، ژمارە تەلەفون، شوێنی نیشتەجێبوون، لەگەڵ چۆنییەتی کۆکردنەوەی لەڕێگەی پرکردنەوەی فۆڕمی ماڵپەڕ یاخود تەکنیکی کووکیزی خێرا. دواتر ئاماژەدان بە هاوبەشییکردنی یاخود مافی سڕینەوەی هەموو ئەوانە؛ لەپێناو دەستەبەرکردنی ڕوونیی و دڵنیایی بۆ بەکارهێنان و پابەندبوون بە ڕێساکانی پاراستنی زانیارییە کەسییەکان (Cohen, 2023:104-120).

– **سیاسەتی تایبەتمەندێتیی وەک بەکارهێنانی زانیاریی**: زانیارییە کۆکراوەکانی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەر؛ لە دواجاردا دەبنە داتایەکی گەورە بۆ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، کە بۆ چەند ئامانجێک بەکاردەهێنرێت، لەوانە: پێشکەشکردنێکی باشتری خزمەتگوزارییەکان، زانینی خواستی زۆرترین بەکارهێنەر بۆ بابەتێک، لایەنی سێیەم کێشیە کە لەگەڵییدا بۆ پاڵپشتی دارایی لە مامەڵەی بڕەودان و بازاڕسازیی (advertising and marketing) هاوبەشیی دەکات. ئەوەیش بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی چالاکیی ماڵپەڕەکە ، پێداچوونەوە و گرنگییدان بەو بابەتانەی جێگەی ڕەزامەندیی زۆرینە و زانینی ڕێژەی سەردانیکەران و بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکە بەپێی شوێنی جوگرافیی دیارییدەکات، کە دەبێتە هەڵسەنگاندنێک بۆ ماڵپەڕەکە (Solove & Schwartz, 2020: 136).

– **سیاسەتی تایبەتمەندێتیی وەک هاوبەشییکردنی زانیاری**: ئەمە زانیارییەکی بنچینەییە لە بەڵگەنامەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مااڵپەڕدا، کە بە ڕوونیی ئەوە دەخاتەڕوو زانیارییە کەسییەکان چین و بۆچی کۆدەکرێنەوە و لەگەڵ کێدا هاوبەشییان پێدەکرێت. ئەوەیش لە سێ مەبەست زیاتر نییە، لەوانە: ڕووپێویی؛ وەک فیدباکێک بۆ مااڵپەڕەکەو باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی، زانینی قەبارەی جاڕدان بۆ بازاڕگەریی، لەگەڵ دابینکردنی پاداشتێکی ماددیی بۆ بەکارهێنەران یاخود دابینکردنی خزمەتگوزاریی بێبەرامبەری وەک خەاڵت و دیاریی (Kacsmar, 2022: 4).

– **سیاسەتی تایبەتمەندێتیی وەک مافی بەکارهێنەر**: سەبارەت بە بابەتی زانیارییە کەسییەکان لە مااڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا؛ دەسەاڵتی ڕەها هەمیشە بۆ بەکارهێنەرە، چونکە سنووری تواناکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە مااڵپەڕەکاندا بەبێ ڕازییبوونی خاوەنەکەی، کە سەردانیکەرانی مااڵپەڕەکەیە ناتوانێت دەستی بە هیچ زانیارییەک بگات. ئەوە جگە لەوەی هەر گۆڕانکارییەک لە مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مااڵپەڕەکەدا بکرێت؛ دووبارە پێویستە بە ئاگاداری بەکارهێنەرانی بێت و سەرلەنوێ ڕەزامەندییان لەسەر جۆر و شێوازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، مافی دەستڕاگەیشتن، ڕاستکردنەوەی زانیاریی و سەربەستی لە سڕینەوە و هەڵوەشاندنەوەی بەڵێننامەکەدا وەربگیرێت (Nisal, others, 2017).

– **سیاسەتی تایبەتمەندێتیی وەک ئاسایشی زانیاری**: مەبەست لەم جۆری پێکهاتەیە دوو خاڵی سەرەکییە: یەکەم؛ **ماوەی ڕاگرتن**: واتە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ڕێکخراوەکان بۆ پێدانی دڵنیایی بە بەکارهێنەرانی مااڵپەڕەکە لە پاراستنی زانیارییەکانیان و پابەندبوون بە یاساکانی الیەنی پەیوەندییدار ناچاردەکەن، کە پێویستە ئاماژە بەوە بدەن کە ماوەی هێشتنەوەی زانیارییەکان و کۆتا وادە بۆ سڕینەوە کەیە (Bennett & Raab, 2020: 39). دووەم؛ **ڕێوشوێنی ئاسایش**: واتا سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە مااڵپەڕەکاندا، دانانی سنووریکی بەرگرییە بۆ پاراستنی زانیارییە هەستیارەکانی بەکارهێنەر لە مەترسی پێشێلکاریی و دەستڕاگەیشتن پێی بەبێ مۆڵەت. هەربۆیە پەیڕەوکردنی لە بەرژەوەندی میدیا دیجیتاڵییەکانە زیاتر تا متمانەی بەکارهێنەران بەدەستدەهێنێت (Solove & Schwartz, 2022:1011-1013).

– **سیاسەتی تایبەتمەندێتیی وەک گواستنەوەی زانیاری نێودەوڵەتیی**: پرۆسەی ئاڵوگۆڕ و ناردنی زانیاری کەسییە لە سنووری وڵاتێکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە. ئەوەیش لە کاتێکدایە، کە بەکارهێنەر هەمیشە گومان و نیگەرانیی لە نەپاراستنی زانیارییە تایبەتییەکانی خۆی هەیە، هەربۆیە پێدانی دڵنیایی بە بەکارهێنەران گرنگە. ئەگەرچی ئەم پرۆسەیە لە چوارچێوەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ئاماژەی پێدەدرێت و پێویستیی بە ڕەزامەندیی خاوەنی زانیارییە، کە پێشوەخت مۆڵەتی لێوەردەگیرێت. سەرەڕای ئەوەش دەبێت لەم گواستنەوەیەدا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا

ڕێوشوێنی پارێزراو بگیرێتەبەر و لە ڕێگەی پابەندبوون بە یاسا تایبەتەکانی یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا و ستاندارده جیهانییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ئەنجامبدرێت. ئەوەیش لە پێناو هەرچی زووتر بەدەستهێنانی متمانەی بەکارهێنەردایە کە بچووکترین مافی بنەڕەتییە بۆی دەستەبەربکرێت (Kuner, others, 2021: 153).

سیاسەتی تایبەتمەندێتیی وەک تەکنۆلۆژیای شوێنپێهەڵگرتنی کووکیز: ئەو تەکنیکە پێشکەوتووە خۆکردەیە، کە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکان پشتیپێدەبەستن. ڕێگەیەکی خێراترە؛ لە شێوازی خۆتۆمارکردنی بەکارهێنەر

– لە کۆندا کە مۆڵەت وەرگرتنێکی پێشوەختەی زانیارییەکانە و بەر لە چوونەژوورەوە، پێویستیی بە ڕەزامەندیی سەردانیکەر هەیە، کە تێیدا سەرجەم زانیارییە ئاماژەپێدراوەکان لە فایلێکی بچووکدا لە جۆری وێبگەڕی مۆبایل و کۆمپیوتەری بەکارهێنەردا هەڵدەگرێت، نەک لە چوارچێوەی سیستەمی زانیاریی و یادگەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا (European Data Protection Board: 2019). جگە لە تەکنیکی کووکیز؛ هەندێک لە ماڵپەڕەکان، تەکنۆلۆژیای زیرەکی دیکەی شوێنپێهەڵگرتن وەک: وێب بیکۆن و پێکسڵ بۆ لەبەرگرتنەوەی پەنجەمۆری ئامێری زیرەکی بەکارهێنەر بەکاردەهێنن، کە یەکێکە لە زانیارییە هەرە هەستیارەکان (CILN, 2021). ئەگەرچی کووکیز و هاوشێوەکانی؛ تەکنیکی پێشکەوتووی بەگەڕخراوی ماڵپەڕەکانن، کە پشتیپێدەبەستن و کارئاسانیی بۆ چوونەژوورەوەی سەردانیکەر دەکات و مۆڵەت وەرگرتنێکی یاسایی ئاشکرایە، بەڵام مەترسیی ئەوەی هەیە، توانای کۆکردنەوەی زانیاریی زۆر تایبەتی بەکارهێنەری بەبێ ئاگاداربوونی خۆی هەیە (Zanfir-Fortuna,2021:45-67).

– **سیاسەتی تایبەتمەندێتیی وەک نوێکردنەوەی مەرج و ڕێنمایی:** بەهۆی زیادبوونی خواست لەسەر زانیارییە کەسییەکان لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا بەردەوام ماڵپەڕەکان تەکنیکی نوێ لە شێوازی کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا دەگرنەبەر. بۆ ئەو مەبەستەیش؛ کۆمپانیاکان بە مافی خۆیان دەزانن گۆڕانکاریی لە مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی–دا بکەن و بەو شێوەیەی لە بەرژەوەندییاندایە دایانبڕێژێنەوە. لە بەرامبەردا؛ ئەو مافەیش بە ئەندامانی پێشووی تۆمارکراوی ماڵپەڕەکە دەدەن کە ئازادبن لە گۆڕینی بۆچوونیان لەسەر سیاسەتی تایبەتمەندێتیی، بە هەڵبژاردنی ڕازییبوون و دووبارە چوونەژوورەوە یاخود دەرچوون لە گرێبەستەکە کاتێک بە مەرجە نوێیەکان ڕەزامەندنییە (Robol, 2019: 422-427).

– **سیاسەتی تایبەتمەندێتیی وەک زانیاریی پەیوەندییکردن**: لە بەڵێننامەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا؛ فەراهەمکردنی بەستەری "زانیاریی پەیوەندییکردن" بۆ بەکارهێنەران خزمەتگوزارییەکی گرنگە، تاوەکو نیگەرانیی و پرسیارەکانیان دەربارەی ئاستی پاراستنی زانیارییە تایبەتەکان بگەیەننە بەرپرسیی پەیوەندییداری میدیاکە. بۆ ئەم مەبەستەیش؛ چەند ڕێگەیەک فەراهەمدەکرێن، لەوانە: ناونیشانی بارەگەی میدیاکە، فەرمانگەی پەیوەست بە پاراستنی زانیاریی، ئیمەیڵی فەرمی میدیاکە، ژمارە تەلەفونی پەیوەندیداریی بەردەست و فۆڕمی ئۆنلاینی ڕاستەوخۆ. هەڵبەت ئامانج لە بەردەستخستنی ئامڕازەکانی پەیوەندیی نێوان پێگە ئەلیکترۆنییەکە و بەکارهێنەران؛ بۆ چارەسەر و وەڵامدانەوەی پرسیار و گوێگرتنە لەهەر ڕەخنە و پێشنیازێکی بوونیادنەر (FRA-org, 2018).

– **سیاسەتی تایبەتمەندێتیی وەک بنەمای یاسایی**: ڕێسای گشتیی پاراستنی زانیارییەکان لە یەکێتیی ئەوروپادا؛ بنەمای هەموو ڕەهەندەکانە، کە بە ڕوونیی مەرج بۆ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکان دادەنێت و بە پابەندبوونیان بەخستنەڕووی جۆر و شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریی، مەبەستی بەکارهێنان، وردەکاریی ناسنامە، پەیوەندیی، ئاستی پابەندبوون بە گرێبەستەکان، ماوەی هێشتنەوەی زانیاریی بەکارهێنەر، فەراهەمکردنی مافی ناڕەزایەتیی لە گواستنەوەی زانیاریی، ڕاستکردنەوە، سڕینەوەی بەڵێننامە، ئاشکراکردنی لایەنی سێیەمی هاوبەش، ئاگادارکردنەوە لە گۆڕانکاریی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی، فەراهەمکردنی دڵنیایی، دانانی بەرپرس و ڕێکاریی پاراستنی داتا ناچاریان دەکات (GDPR: 2016).

لێکۆڵینەوە لەم ڕەهەندانە دەریدەخات کە "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی" تەنها بەڵگەنامەیەکی یاسایی نییە، بەڵکو گرێبەستێکی فرەڕەهەندی ئیتیکی و تەکنیکییە لەنێوان ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و بەکارهێنەراندا. ئەم سیاسەتە لە بنەڕەتدا نەخشەڕێگای مامەڵەکردنە لەگەڵ داتای بەکارهێنەر؛ لە قۆناغی کۆکردنەوەی زانیارییەوە لەڕێگەی فۆرم و تەکنیکی کوکیزەوە، تا دەگاتە شێوازی بەکارهێنان و هاوبەشیکردنی، و لە کۆتاییدا پاراستن و دابینکردنی مافی سڕینەوەی. جەوهەری ئەم پرۆسەیە لەسەر بنەمای مافەکانی بەکارهێنەر وەستاوە، کە دەبێت خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها بێت بەسەر زانیارییەکانی خۆیەوە. لەبەرئەوە، لە تێڕوانینی توێژەرەوە، پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی تایبەتمەندێتیی ڕوون و گشتگیر لەلایەن ماڵپەڕەکانەوە، تەنها پابەندبوونێکی یاسایی نییە، بەڵکو پێوەرێکی سەرەکییە بۆ پیشەییبوون و بنیاتنانی ئەو متمانەیەی کە پایەی سەرەکیی پەیوەندییەکی دروست و بەردەوامە لە ژینگەی دیجیتاڵیی ئەمڕۆدا.

2.1.3: قۆناغەکانی گەشەکردنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

مێژووی دەرکەوتن و سەرکەوتنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و مەرج و ڕێنماییەکانی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا بۆ چەند قۆناغێکی جیاواز دەگەڕێتەوە کە شانبەشانی پێشکەوتنە خێراکانی تەکنۆلۆژیا و گەشەسەندنی هۆشیاری تاک بۆ پاراستنی زانیارییە تایبەتییەکانی لە گۆڕان و نوێبوونەوەدا بوون، لەوانە:

- **قۆناغی پێش دیجیتاڵیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی:** ڕەگ و ڕیشەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و ترس و نیگەرانییەکانی لەبارەی ئاشکرابوون و بڵاوبوونەوەی زانیارییە کەسییەکان لە پێش قۆناغی دیجیتاڵییدا؛ بۆ ساڵانی دوای ١٨٧٠ی ناو ستۆدیۆکانی وێنەگرتن دەگەڕێتەوە، کە موشتەرییەکانی "ستۆدیۆی ویلیام نۆتمان" هەوڵیاندا دەستاودەستکردن و هەڵواسینی وێنەکانیان لە جامخانەی ستۆدیۆکەدا سنووردارببکەن و ڕێگەنەدەن بکرێتە بانگەشەی ستۆدیۆکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ بەرزیی کوالێتی وێنەکانی. (Parsons & Nicholas, 2022: 227-242). ئەوەیش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ بوژاندنەوەی هۆشیاریی کەسەکان و دەرکەوتنی گومان و نیگەرانییەکانیان لەبارەی مافی تایبەتمەندێتیی کەسیی و پاراستنی لە دەست و چاوی خەڵک (Aivas, 2017). لە حەفتاکانی سەدەی بیست و لە چوارچێوەی ئەم قۆناغەدا؛ تەکنۆلۆژیای سەرەتایی جۆراوجۆر خرانە خزمەت هاوبەشییێکردنی زانیارییە کەسییەکان و بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی لە خاوەنەکانیان؛ لەسیستەمی تەندروستییدا پەیڕەوەی چاودێرییکردنی زانیارییە تایبەتییەکانی نەخۆش دەکرا. لەسەرەتادا؛ ئامانج لێی چاودێریی گۆڕانکارییەکانی نەخۆشیی نەخۆشەکان بوو، بەڵام لە دواییدا پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی و دەستوەردانە نێو ژیانی تایبەتیی کەسەکانی لێکەوتەوە کە ئەوەیش بووە هۆی زیادبوونی ترس ، گومان و مەترسیی ئاشکرابوون و بڵاوبوونەوەی تایبەتمەندییەکانی نەخۆش و نهێنییەکانیان (Griesser,1978: 71-75). هەڵبەتە پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی؛ هەر بەتەنیا هەڕەشەیەک نییە بۆ سەر مافی تاک، بەڵکو مەترسییە بۆسەر کۆی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و ناهۆشیاریی کەسەکان لە خراپ بەکارهێنانی زانیارییە کەسییەکان، بەبێ پرس و ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت، وایکرد ببێت بە کارێکی ڕۆتینیی و لای هەمووان ئاسایی بێتەوە (Engels & Muro, 1986: 289-305). لەلای هەموو مرۆڤەکان جیا لە ئایین و کولتوور و نەتەوەیان، پاراستنی تایبەتمەندییەکان پیرۆزییەکی کۆنە کە لەلای مرۆڤە سەرەتاییەکان و ئایینە ئاسمانییەکانیشدا باسکراوە. بەڵام تەکنۆلۆژیای نوێ بووە هۆکاری سەرەکیی پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتی و هەڕەشە بۆ سەر ژیانی تایبەتیی کەسەکان؛ لەوێنەگرتنی کەسیی ستۆدیۆکانی دوێنێوە تا ژینگەی دیجیتاڵیی میدیای ئەمڕۆ.

- **قۆناغی دەرکەوتنی دیجیتاڵیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی:** لەگەڵ سەرهەڵدانی هێڵی ئینتەرنێت و بەرفراوانبوونی خزمەتگوزارییەکانی؛ لە ساڵی ١٩٩٠ بەدواوە قۆناغی هۆشیاربوونەوەی دیجیتاڵییش دەستپێدەکات. لە سەرەتای دەرکەوتنییدا؛ تەکنیکی نوێ و بێسنووریی و بێسانسۆریی ئینتەرنێت، ترس و نیگەرانیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. بەتایبەت لە پاش پەیدابوونی گروپی چەتەکانی ئینتەرنێت (cypherpunks)، کە شارەزای ژینگەی دیجیتاڵیی و شکاندنی کۆدەکان بوون و بەربەرەکانی سیاسەتەکانی کۆشکی سپیی ئەمریکایان دەکرد. ئامانجی ئەم گروپە؛ بەرهەڵەستییکردنی کریپتۆگرافی (cryptography) بوو، سیستەمێکی تەکنۆلۆژیای پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیاریی بوو، کە دەیانتوانی سیستەمی چاودێریی حکوومەتەکان لاوازبکەن (Jarvis, 2021: 315-342). هەر لەم قۆناغەدا و لە وڵاتی فەرەنسادا؛ گروپی دابینکەرانی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی جێگرەوە سەریانهەڵدا و بانگەشەی پاراستنی زانیاریی و مافی بەکارهێنەریان دەکرد، ئەوەیش لە ڕوانگەی بەکارهێنەرانەوە بەهایەکی گرنگی هەبوو (Pétin & Tréguer, 2018: : 281-298). بەدوایدا و لەگەڵ گەشەسەندنی ئینتەرنێت-دا؛ تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانی نێو ناسنامەی کەسەکان بووە کاڵایەکی بەنرخی مامەڵەی بازرگانیی لە تەواوی جیهاندا (Antonijevic & Gurak, 2019). لەو ڕووەوە؛ توێژینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بڵاوبوونەوەی خوێندەواریی دیجیتاڵیی کاریگەری لەسەر پاراستنی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان هەبووە (Li, 2018: 10). بەجۆرێک گرژیی و ململانێی بەکارهێنەران بۆ پاراستنی زانیارییەکانیان لەگەڵ دەستبەسەراگرتنی دامەزراوەکان لەسەردەمی دیجیتاڵییدا؛ بۆ دەستڕاگەیشتن بە داتاکان درێژەی هەیە. چەندێک ڕێکارەکانی پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکان تووندتر بکرێن، بەدڵنیاییەوە هەر دەرفەتێک ئەمێنێتەوە بۆ دزەکردنی دەستدرێژیکاران و پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران، بەڵام ڕەنگە ئاست و ئاڕاستە و قەبارەکەی گۆڕانکاریی بەسەردابێت.

- **قۆناغی بازرگانیی دیجیتاڵیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی:** لەم قۆناغەدا و لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٠دا؛ بازرگانیی ئینتەرنێتیی یان دیجیتاڵیی دەرکەوت، کە بە دۆت.کۆم (Dot-com) ناسراو لە وشەی بازرگانیی (commercial)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، کە واتاکەی ئاماژەیە بۆ جیهانی زانیاریی و سیگناڵەکانی ئینتەرنێت لەگەڵ پاشگری ناوی پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا. هەڵبەت دۆت.کۆم؛ لە کۆتایی دەیەی نەوەدەکانی سەدەی بیست ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی بەکارهێنەر و بایەخدانی زیاتر بە تایبەتمەندێتیی زانیاریی ژینگەی دیجیتاڵیی گێڕا. هاوکات بووە پاڵنەرێک بۆ سەرهەڵدانی بازرگانیی ئەلیکترۆنیی و گەشەکردنی خێرای ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان. بەدوایدا؛ کۆکردنەوەی زانیاریی کەسییەکانی کردە

بابەت و پرسێکی گەرمی ڕۆژگارێک، کە تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵیی لە گەشەسەندنێکی بێوێنەدا بوو، بەهۆیەوە تەکنیکی کووکیز کەوتەگەڕ و بەدواداچوونی وردی بۆ ڕەفتار و گەڕانی بەکارهێنەر لە ئینتەرنێتدا بەبێ هیچ مۆڵەت وەرگرتنێک گێڕا. لەو نێوەندەشدا؛ نەبوونی ڕوونیی لە مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و پێشێلکاریی بەرامبەر زانیارییە کەسییەکانی لێکەوتەوە کە ئەوەش بووە هۆکارێک بۆ ڕێکخستنەوەی یاسایی ئەم پرسە هەستیارە (Yakunina, 2024: 53-62). هەر لەو قۆناغەدا؛ کۆمپانیای گووگڵ بە سوودوەرگرتن لە ڕەفتاری بەکارهێنەر لە بزوێنەری گەڕانی ئینتەرنێت، زانیاریی بەدەستهاتووی بەکارهێنەرانی خستە خزمەتی ڕیکلامەکانی. ئەوەیش بە ئامانجی دەستخستنی قازانجی زیاتربوو، کە زۆرجار بەبێ مۆڵەت وەرگرتن دەیکرد و ئیتر لەوە بەدوا زانیارییە تایبەتییە کەسییەکان بوون بە کاڵایەکی بەنرخ لە ژینگەی دیجیتاڵییدا (Andruss, 2022). لە کۆتایی مانگی ئاداری ٢٠٠٠دا؛ دۆت.کۆم گەیشتە ئاستی لووتکە، چونکە جگە لەوەی دیمەن و شێوازی مامەڵەی ئابووریی گۆڕی، کاریگەرییەکی گرنگ و بەرچاوشیی لەسەر ڕێکارەکانی پاراستنی زانیارییە نهێنییەکانی بەکارهێنەر هەبوو (Hayes, 2024). کەواتە قۆناغی سەرهەڵدانی بازرگانیی دیجیتاڵیی یان دۆت.کۆم وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە ڕێڕەوی ئاشکراکردنی ڕەهەندی بازرگانیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکانی مالپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و بەکارهێنانیان لەلایەن کۆمپانیاکان. بەوهۆیەوە بەکارهێنەران بەئاگاهاتنەوە و لەم قۆناغەدا هۆشیارییەکی سەرەتاییان لەلا دروستبوو، کە لە ژینگەی دیجیتاڵییدا زانیارییەکانیان مامەڵەیان پێوەدەکرێن و پێوستە پارێزگارییان لێبکەن و بە بەردەوامیی بیانپارێزن.

- **قۆناغی گەشەسەندنی دیجیتاڵیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی**: دەیەی یەکەمی سەدەی بیستویەک و ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠١٠؛ بەدەستپێکی گەشەسەندنی خێرای تەکنۆلۆژیاکانی بەڕێوەبردنی تۆڕی ئینتەرنێت (web) و سەردەمی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی سەکۆ جیاوازەکانی تۆڕەکانی پەیوەندییکردن بوون. لەو نێوەندەشدا؛ مالپەڕەکان لە ڕووی ناوەڕۆک و نەخشەسازییەوە گۆڕانکاریی بەرچاویان بەخۆوە بینی، کە ڕێگەخۆشکەربوو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەکارهێنەران و زیادبوونی ئاستی سەردان و بەشداربیکردنیان (Maio, et al., 2020). هەر لەم قۆناغەدا و لەگەڵ دەرکەوتنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک (٢٠٠٤)، تویتەر (٢٠٠٦) و ئینستەگرام (٢٠١٠)دا؛ جیهان پێینایە قۆناغێکی تەواو کاریگەر و جیاوازتر لەدوو دەیەی پێشخۆی، چونکە پەیوەندییەکانی بەکارهێنەران و بەرهەمهێنەرانی تۆڕە جیاوازەکانی ئینتەرنێت گەرموگوڕییەکی زۆرتری لە دامەزراندنی مالپەڕ و دروستکردنی ئەکاونت و لاپەڕەی ئەلیکترۆنیی بەخۆیەوە بینی کە هەموو ئەوانە هۆکار بوون لە خستنەڕووی تایبەتمەندیی زانیارییە کەسییەکان لەلایەن خوودی بەکارهێنەرانەوە. هەروەها بەراورد بە دە ساڵی پێشتر؛

چانسی خۆتۆمارکردن و بەشداریکردنیان لە هێڵی ئینتەرنێت زیاتر و زۆرتر بوو. ئەوەیش قۆناغێکی دیکەی گەشەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی بوو، کە هانی بەکارهێنەرانی مالّپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دەدا بۆ ڕێگەدان بە هاوبەشییکردنی زانیارییەکانیان لەبەرامبەر خزمەتگوزاری جۆربەجۆردا (Shao, 2023: 279-285). کەواتە مێژووی مرۆڤایەتیی؛ بە سێ قۆناغی گەورەی گۆڕانکاریی تەکنۆلۆژیادا ڕۆیشتووە، لەوانە: دروستبوونی چاپخانە، هەڵدانی مانگی دەستکرد، بڵاوبوونەوەی ئینتەرنێت و تۆڕە جیاوازەکانی. لێرەوە پەیوەندییە مرۆییەکانی لە بەسەرکردنەوەو سەردانی مەیدانیی فیزیکییەوە بۆ بەسەرکردنەوە و سەردانی ئەلیکترۆنیی گۆڕی. ئەو گۆڕانکارییە لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا؛ لەسەر بنەمای پێشکەشکردنی زانیارییە کەسییەکان لە تۆڕەکاندا بۆ ناسینەوە و دۆزینەوەی یەکتر بنیاتنرا. بەوەیش میدیای ئەلکیترۆنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی و نێوخۆیی و هەرێمیی چووە قۆناغێکی دیکەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و شێوازی نوێی پێشێلکردن و هاوبەشییکردنی زانیارییە کەسییەکانی هێنایە ئاراوە، چونکە هەر یەک لە مالّپەڕەکان و سەکۆ جیاوازەکانی بیریان لە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و داڕشتنی مەرج و ڕێنمایی تایبەت بە خۆیان کردەوە، لەوانە: مەرجی خۆتۆمارکردن، کە دواتر تێگەیشتن لێیان ئاسان نەبوو.

- **قۆناغی ڕێکخستنی یاسایی دیجیتاڵیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی:** لە ٢٥ی ئایاری ٢٠١٨ەوە؛ کاتێک یاسای ڕێسای گشتیی پاراستنی زانیارییەکان (GDPR) لە یەکێتیی ئەورووپا دەرچوو، ئیتر دەستپێکی قۆناغێکی گرنگتر سەریهەڵدا، کە خۆی لە ڕێکخستنی یاسایی میدیای ئەلیکترۆنی و سیاسەتی تایبەتمەندێتیی دا دەبینییەوە، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی و ڕێکارەکانی پاراستنی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتانی یەکێتیی ئەورووپادا گۆڕانکاری گەورە و بەرچاوی بەخۆوە بینی، کە پابەندبوونێکی یاسایی تووندی بەسەر کۆمپانیاکانی کۆکردنەوەی زانیاریی و پێواژۆکردنی سەپاند. بەجۆرێک بەرزکردنەوەو هاوبەشییکردنی زانیارییە کەسییەکانی گەڕاندەوە بۆ ژێر کۆنترۆڵی بەکارهێنەر. ئەوەیش لەکاتێکدا بوو کە پێشتر بەبێ مۆڵەت وەرگرتن دەستیان بۆ زانیارییە کەسییەکان دەبرد و پێشێلی مافی تایبەتمەندێتیی کەسەکانیان دەکرد. لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو یاسایەدا؛ کۆمپانیا گەورەکان، کە نەیانتوانیبوو پارێزگاریی لە زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەران بکەن، ڕووبەڕووی لێپێچینەوەی تووندی یاسایی و سزای تووندی پێبژاردن بوونەوە. ئەوەیش بووە هۆکاری بەخۆداچوونەوەی کۆمپانیاکان و چاوترسێنکردنی ئەوانیدیکە، کە باشتر پابەندی پاراستنی زانیارییە کەسییەکان و بەئاشکرا سیاسەتی تایبەتمەندێتیی بخەنەڕوو (Penross, 2023). یاساکەی یەکێتیی ئەورووپا؛ جەختی لە هەبوونی گرێبەستێکی بەرپرسیارانەی ڕوون و ڕاشکاو لە داڕشتنی ڕێوشوێنەکانی کۆکردنەوەی زانیارییە کەسییەکان و هاوبەشییکردنی لەنێوان کۆمپانیاکاندا دەکردەوە، ئەوەیش لەپێناو فەراهەمکردنی

ژینگەیەکی پارێزراوتری دیجیتاڵیی بۆ زانیارییەکان (Bernier et al., 2023: 69-76). لەم قۆناغەدا و بەهۆی ڕێکخستنی یاساییەوە؛ پابەندبوونێکی تەواو بە ناوەڕۆکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان هەستپێدەکرا، چونکە باشتر مەرج و ڕێنماییەکان دارێژرانەوە و بەوەیش سنووری بەزاندنی مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتیی کەسەکان و پێشێلکردنی زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەران بەرتەسککرایەوە، بەڵام بنەبڕنەکرا.

- **قۆناغی ژیریی دەستکردی تایبەتمەندێتیی دیجیتاڵیی**: دەرکەوتنی تەکنیکی ژیریی دەستکرد و لۆژیکی بەکارهێنانی؛ هەرزوو بوو بە پرسێکی جێبایەخی کەرت و کایە جیاوازەکان. هەندێک بە دەرفەت و هەندێکی دیکە بە هەڕەشەی دەزانن و لەو نێوەندەیشدا؛ کاردانەوە و کاریگەریی ئەرێنیی و نەرێنیی لەسەر ژینگەی دیجیتاڵیی و مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکان دەبێت. لەلایەک وردیی ، خێرایی و هەستیاریی ژیریی دەستکرد دەتوانرێت بخرێتە خزمەت پشکنین ، گەڕان و ناسینەوەی زانیارییە کەسییەکان و پاسەوانی پاراستنیان. لە لایەکی دیکەیشەوە؛ ئەگەر زانیارییەکان بەمەبەست و بە خراپیی بەکاربهێنرێت؛ ئەوا دەتوانرێت ژیریی دەستکرد و تەکنیکەکانی ببنە گەورەترین هەڕەشە و مەترسیی لەسەر مافی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران (Marr, 2019: 25-29). ئەگەرچی لە ڕووی یاساییەوە؛ ڕێسای گشتیی پاراستنی زانیارییەکان لە یەکێتی ئەورووپادا کاریگەریی بەرچاوی لە چاودێریی و بەدواداچوونی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و پاراستنی هەبووە، بەڕادەیەک توانیوییەتی لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا دا خۆی بگونجێنێت، بەڵام بەتەنیا ڕێوشوێنە تووندەکانی یاسا و سزاکانی بەس نین و داهاتووی تایبەتمەندێتیی کەسەکان لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا ڕوون نییە و پێویستیی بە هۆشیاری و دڵنیاکردنەوەی زیاتری بەکارهێنەرانە دەربارەی وردەکارییەکانی، کە هێشتا لە چاودێرییکردنی کۆمپانیاکان و شوێنپێهەڵگرتنی گەڕان و دەستبردن بۆ زانیارییە تایبەتەکانیان نیگەرانن (Tikkinen-Piri et al., 2018: 134-153، Zuboff, 2019: 65-72). هەربۆیە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان؛ ڕۆڵێکی کاراتر لە پاراستنی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی دەبینێت.

2.1.4: ڕەهەندەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

فرەواتایی و بوونی ڕێنمایی هەمە چەشـــن لە ناوەڕۆکی مەرجەکانی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا، لەگەڵیدا مەترســـییەکانی ناڕوونی و مانای شـــاراوەی پشـــتیان و خراپ بەکارهێنانی زانیارییە کەســـییەکان، پێویســـتی بە ڕوونکردنەوەی ڕەهەندە جیاوازەکانی هەیە، کە لەخوارەوە بە وردیی دەخرێنەڕوو:

– **ڕەهەندی تەکنیکیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی**: سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە؛ ئەو ڕێکـار و ســـنووڕە پـاریـزراوە لەخۆدەگرێـت، کە لە ژێر چـاودێریی ڕۆڵی تەکنیکە پێشکەوتووەکانی تەکنۆلۆژیادا ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بەڕێوەدەبەن، تاوەکو پاراستنی زانیاریی پێدەستەبەربکرێت. هاوکات بەکارهێنانی تەکنیکە جۆراوجۆرەکان لە ماڵپەڕەکاندا؛ دەبێت پابەندی ســـتانداردەکانی کاری ڕێکخراوەیی بێت و لەگەڵ ڕێســـا نێودەوڵەتییەکانی پاراســـتنی زانیارییە کەسییەکاندا هاوتەریبن (Zhang et al., 2024).

– **ڕەهەندی ئیتیکیی ســـیاســـەتی تـایبەتمەندێتیی**: ســـیاســـەتی تـایبەتمەندێتیی لە ڕەهەندی ئیتیکییەوە(ethics) جەختکردنەوەیە لەســـەر لایەنی ویژدانیی کـارکردنی بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری ناوەڕۆکی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان. لەو ڕووەوە و لە کتێبی *ئیتیک لە ڕۆژنامەوانیی کوردییدا*؛ د.شـــوان ئادەم ئەیڤەس وردتر چەمکی ئیتیکی پیشـــەیی دەناســـێنێت کە: کۆمەڵە بنەمـایەکی چڕوپڕ و بەیەکـاچووە، لەژێر کـاریگەریی ئـامـانجە: فەلســـەفیی، ئـایینی، مرۆیی و سـیاسـییەکانی ڕێسـا (ئیتیک)ی مرۆڤدایە. بەپێی جیاوازیی ژینگە یان سـات و سـەردەم و قۆناغە جیـاجیـاکـانی ڕەفتـارو کـاردانەوەکـانی ڕۆژنـامەوانـان بەکـاردەبرێن و هەڵی دەرکەوتنیـان بۆ دەڕەخسێت، چونکە ڕێزگرتن لە تایبەتمەندێتیی تاکەکەس، دابونەریت و ئاکاری گشتیی کۆمەڵگە، سیستەمی سیاسیی، بنەما یاساییەکان، بۆنەی نیشتمانیی و ئایینیی و تاد...، بەشێکی ئەو هێڵە گشـتیانەن کە ڕۆژنامەوانان دەبێت لە ڕێسـای پیشـەیی خۆیاندا لەبەرچاوی بگرن و لێیلانەدەن، مەگەر بەهایەکی گەورەتر لەو پەیامانەی پەخش و بڵاوێدەکەنەوە هەبێت. هەربۆیە لە کاتی چاپ ، پەخش و بڵاوکردنەوەی زانیاریی گشـتیی و تایبەتیی کەسـەکاندا، پێویسـتە ڕەچاوی دیارترین پێوەرەکـانی ڕێســـا پیشـــەییەکـانی ڕاگەیـانـدن (Media Professional Ethics) بن، لەوانە: بەرپرسیارێتیی، وردبینیی ، ڕاستگۆیی ، سەربەخۆیی، ئازایی و ئازادیی، جیاکاریی و بێلایەنیی، بابەتیی و دەســـتپاکیی، هاوســـەنگیی، تایبەتمەندێتیی و پاراســـتنی ژیانی تایبەتیی کەســـەکان، دادوەریی، پـاراســـتنی نهێنیی، خۆنـاســـانـدن و شـــیـاوی زمـانەوانیی، ڕێزگرتنی بەهـاکـان، هـاریکـارییەنەکردنی دەزگە ســـیخوورییەکـان (ئەیڤەس، 2020: 144-172). لەو ســـۆنگەیەوە؛ کۆکردنەوە ، پاراســـتن و بڵاوکردنەوەی زانیارییە کەســـییەکان دەچێتە چوارچێوەی ڕەهەندی ئیتیکی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکان و پێویســـتە لە مەرج و ڕێنماییەکانییدا زۆر بە

ڕوونیی ئاماژەیان پێبدرێت، تاوەکو بەکارهێنەران پێشوەختە ئاشنا و ئاگاداری وردەکارییەکانی بن.

– **ڕەهەندی یاسایی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی:** تێگەیشتنی یاسایی بۆ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی؛ ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک بنەما و ڕێکاری یاسایی، کە لە چوارچێوەی گرێبەستێکی دوولایەنەدا یاخود ڕێککەوتننامەیەکی ئاشکرادا لەنێوان بەکارهێنەران و بەرهەمهێنەرانی خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییەکانی ماڵپەڕێکدا واژۆدەکرێن. بەپێی ئەم ڕێککەوتنامەیە؛ پاراستنی زانیاریی وەرگیراوی بەکارهێنەر و خستنەڕووی شێوازەکانی دەستخستن و ئامانجەکانی کۆکردنەوەی، بەپێی بنەمای یاسایی ڕێکدەخرێن، تاوەکو هەردوولا لە چوارچێوەی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی دەرنەچن و دڵنیایی زیاتر بۆ بەکارهێنەر و زانیارییە کەسییەکانی وەک مافێکی بنەڕەتیی دەستەبەربکەن (WANG, 2024: 126-133). واتە ئەو لایەنەی زانیارییەکانی دەکەوێتە ژێردەستە؛ پێویستە پێشوەختە خاوەنی زانیارییەکان لە کۆکردنەوەی زانیارییە کەسییەکان، ڕەچاوکردنی ڕێکارە یاساییەکان و دەستنەبردن بۆ ئەو زانیارییانەی منداڵان، کە شایەنی پاراستن لەگەڵ بەکارهێنانی زمانێکی ڕوون و ڕەوان لە داڕشتنی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ئاگاداربکاتەوە. لێرەدا ئامانجەکە ئەوەیە کە بەکارهێنەران بە ئاسانیی دەستپێبگات و لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکە تێبگەن، چونکە ئەوە مافێکی بنچینەیی بەکارهێنەرانە، کە بە شێوازێکی ئاشکرا ئاگاداربکرێنەوە لەوەی کۆنترۆڵکەر چجۆرە زانیارییەک و بە چ شێواز و ئامرازیک کۆیدەکاتەوە، هاوکات لایەنی سێیەم کێن کە زانیارییەکانیان لەگەڵدا هاوبەشییپێدەکرێن. ئەوە جگەلە دەستەبەرکردنی مافی سەرپشکبوونی بەکارهێنەر لە پێدانی ڕەزامەندیی یاخود ڕەتکردنەوەی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی بڕوانە مادەکانی(4، 7، 11، 12، 14، 24، 43ی GDPR). کەواتە ڕەهەندی یاسایی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی؛ بەدەستهێنانی متمانەی بەکارهێنەر و مۆڵەت وەرگرتنە لە ژێر چاودێریی یاسا نێودەوڵەتیی و نێوخۆییەکاندا. ئەوەیش لەپێناو پابەندبوون بە یاسا بەرکارەکان و مامەڵەکردن بە زانیارییەک، کە خاوەنەکەی لەمیانی ڕێککەوتننامەیەکی ئاشکرادا ڕەزامەندیی لەسەردەدات.

– **ڕەهەندی ڕوونیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی:** سیاسەتی تایبەتمەندێتیی؛ دەبێت پەیڕەوی ڕەهەندی ڕوونیی لە خستنەڕووی مەرج و ڕێنماییەکانییدا بکات، بەجۆرێک بەکارهێنەر بە ئاسانیی لە ناوەڕۆکەکەیان بگات و زۆر بە ڕوون و ڕەوانیی بزانێت، کە زانیارییە کەسییەکانی، چۆن کۆدەکرێنەوە و ئامانج لە کۆکردنەوە و پاراستنی هەندێکیان و بڵاوکردنەوەی هەندێکی دیکە یان هەموویان چییە و دەدرێن بە کێ و بۆ چ مەبەستێکی سوودیان لێوەردەگیرێت. هاوکات دەبێت ماف و ئازادیی دەربڕینی بۆچوونەکانی لەسەر پەسەندکردن، ڕەتکردنەوە، سڕینەوە یاخود کشانەوەی زانیارییەکان و ڕەزامەندنەبوون بە ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکەی پێبدرێت. بەتایبەت

لە کاتی هەستکردن بە پێشێلکاریی بەرامبەر بە مافەکانی، پاشان دیارییکردنی ماوەی هەڵگرتنی زانیارییەکان و ئاگادارکردنەوەی بە ماوەیەک بەر لەنوێبوونەوەی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی (Schlehahn & Wenning, 2019). کەواتە ڕوونیی و ڕاشکاویی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان؛ بەردی بناغەی دروستکردنی متمانە و ڕەخساندنی زەمینەی دڵنیایی بەکارهێنەران ، مانەوە و بەردەوامییانە.

– **ڕەهەندی بەکارهێنەری سیاسەتی تایبەتمەندێتیی**: لە دیدگەی بەکارهێنەری ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا؛ دەبێت سیاسەتی تایبەتمەندێتیی وەک سەرچاوەی دڵنیاییبن، بۆ تێگەیشتن لە شێوازی کۆکردنەوە و پاراستنی زانیاریی و متمانەپێکردنیان. لەو ڕووەوە؛ بۆچوونی باوی بەکارهێنەران ئەوەیە مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکان، بەڵگەنامەی ناڕوون، درێژ و ئاڵۆزن. ئەمانەش وەک جۆرێک لە چەواشەکاریی لێکدەدەنەوە، کە هۆشیاریی و تێگەیشتنی دروستی بەکارهێنەران سەبارەت بە سنووری دەسەڵاتی ڕێکخراوەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانیان کەمدەکاتەوە(Maitra & Rudrapal, 2023: 637-644). هەڵبەتە نیگەرانییەکانی بەکارهێنەر لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە کام زانیاریی تایبەت لەخۆدەگرێت و بۆ چ مەبەستێک بەکاردەهێنرێت و ئاستی دڵنیایی لە پاراستنییان تا چ ڕادەیەکە.

– **ڕەهەندی ڕێکخراوەیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی**: سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە ڕەهەندی ڕێکخراوەییەوە؛ وەک بەڵگەنامەیەکی دوولایەنە سەیر دەکرێت کە ئامانجی سەرەکیی هەر بەتەنیا پاراستنی زانیارییەکان نییە، بەڵکو بوونیادنانی پردی پەیوەندیی ، متمانە و دڵنیاییە لەگەڵ بەکارهێنەری ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا، ئەم سیاسەتە هەر بەتەنیا کۆمەڵە مەرجێکی یاسایی نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی ڕێکخراوەییە کە دەبێت ڕوونیی لە ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاریی، شێوازی کردنەوەی، سەربەستیی بەکارهێنەر لە ڕەزامەندیی و ڕێوشوێنەکانی پاراستن لەخۆبگرێت. ئەوەش لە چوارچێوەی پابەندبوون بە ڕێسا گشتییەکانی پاراستنی زانیارییدایە (Halder et al., 2022). واتە بەکارهێنەر ڕۆڵی لە ڕێکخستنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی نییە، بەڵکو زۆرجار داڕشتنی سیاسەتەکە و شێوازی پیادەکردنیشی لەلای ئەو جێگەی ڕەزامەندییە، بۆیە بەبێ خوێندنەوە و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی مەرجەکان تێیدەپەڕێنێت.

ڕەهەندی کۆمپانیایی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی: سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە ڕوانگەی کۆمپانیاکانەوە؛ ڕێککەوتنامەیەکی نووسراوی یاساییە، کە تێیدا ئەوە دەخرێتەڕوو، کە کۆمپانیایەک زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بۆ چ مەبەستێک بەکاردەهێنێت، هەروەها تاچەند پابەندە بە پێوەرە یاساییەکانی مافی پاراستنی تایبەتمەندێتیی تاک وەک ڕێسای گشتیی

پاراستنی زانیاریی (GDPR) لە ئەورووپا یان یاسای پاراستنی زانیاریی بەکاربەری کالیفۆرنیا (CCPA) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. هەربۆیە تێگەیشتن و تێڕوانینی کۆمپانیاکان بۆ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی؛ دابینکردنی دڵنیایی پێویستە لە چوارچێوەی یاسا ڕێگەپێدراوەکاندا بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی و نیگەرانییەکان لەگەڵ پەیڕەوکردنی سزای یاسایی و متمانەبەخشین بە ناوبانگی کۆمپانیاکان (Dustin et al., 2024: 261-272). کەواتە چاودێریی یاسایی و لێپرسینەوەی کۆمپانیاکان و دانانی مەرجی پابەندبوون بۆ سیاسەتەکان؛ ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی لە زیادکردن و پتەوکردنی متمانەی بەکارهێنەردا هەیە.

– **ڕەهەندی دەروونیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی:** سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە ڕوانگەی دەروونییەوە؛ پەیوەستە بە تێگەیشتن لە کاریگەریی ناوەڕۆک و داڕشتنی ئەم سیاسەتانە لەسەر تێڕوانین و لایەنی سۆزداریی بەکارهێنەران. ئەم دیدگەیە پێیوایە؛ سیاسەتەکانی تایبەتمەندێتیی دەتوانن وەک میکانیزمێکی دڵنیاکەرەوە بۆ کەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێی بەکارهێنەران لەبارەی مامەڵەکردن بە زانیارییە کەسییەکانیان کاربکەن، بەتایبەت لە بەرامبەر نیگەرانییە باوەکانی وەک: پێشێلکاریی زانیاریی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا (Kununka et al., 2018: 301-313) کەواتە سیاسەتەکانی تایبەتمەندێتیی؛ ئامرازێکی دەروونیی گرنگن، کە دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر تێڕوانین، گومان و ڕەفتارەکانی بەکارهێنەر لەبارەی پاراستنی زانیارییەکانیان هەبێت، کە تا چەند لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنییدا ئارام و پارێزراون و زانیارییەکانیان لە پاشەڕۆژدا نابێتە هەڕەشە لەسەریان.

– **ڕەهەندی ئابووریی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی:** سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە ڕوانگەی ئابوورییەوە؛ وەک چوارچێوەیەک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریی دا سەیردەکرێت، کە تێیدا زانیاریی وەک کاڵایەک دەبینرێت کە دەشێت کڕین و فرۆشتنی پێوەبکرێت. ئەم سیاسەتانە لەلای ڕێکخراوەکان؛ وەک ڕێگەپێدانێک بۆ کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاریی بەکارهێنەران دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەمەبەستی قازانجکردن لێکدەدەنەوە، لە چوارچێوەی پابەندبوونە یاساییەکاندا (Acquisti et al., 2020: 15). لە ئابووریی هاوچەرخدا؛ زانیاریی کەسیی بووەتە سەرچاوەیەکی سەرەکیی داهات و دارایی و هۆکارێکی کێبەڕکێی بازرگانیی. دیاردەی بە کاڵاکردنی زانیاریی لە ئەمڕۆدا؛ نیگەرانییەکی زۆری لەلای بەکارهێنەران دروستکردووە، چونکە ترسیان لەوە هەیە کە زانیارییەکانیان بە تەنیا بۆ قازانجی لایەنی بەرامبەر بەکاربێت و لە داهاتوودا ڕووبەڕووی مەترسیی پێشێلکاریی ببنەوە. (Thiesmeier, 2024:16). لە ڕوانگەی ئابوورییەوە ئامانجی سەرەکیی پشت مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی؛ بەدەستهێنانی پاڵپشتی دارایی بەر لە ئەوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بێت، چونکە زانیاریی کەسیی بەکارهێنەر بۆ کۆمپانیاکان و بازاڕی ئەلیکترۆنیی ڕەگەزێکی گرنگە. سەرەڕای داڕشتنی مەرجەکان و مۆڵەت

وەرگرتنی پێشوەختە لە خاوەنی زانیارییەکان و بەڵێنی پاراستنیان، بەڵام هێشتا سیاسەتەکان نەیانتوانییەوە نیگەرانیی و ترسیی تاکی بەکارهێنەر و سەردانیکەر لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا بڕەوێنەوە.

– **ڕەهەندی کولتووریی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی**: تێگەیشتنی کولتووریی بۆ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی؛ ڕۆڵێکی کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە و ئاستی گرنگیی زانیارییە کەسییەکان لەلای بەکارهێنەر و شێوازی مامەڵەی کۆمپانیاکان لە کۆکردنەوە ، بەکارهێنان و پاراستنییان هەیە. لە وڵاتانی خۆرئاوا و ئەوروپادا؛ داڕشتنی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا پێش پابەندبوون بە بنەما یاساییەکانی پاراستنی زانیارییە کەسییەکان، ڕەچاوی دادپەروەریی کولتووریی نەتەوە جیاوازەکان دەکرێت، کە لەگەڵ دابونەریت و بەها کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکان هاوتەریبن. هەربۆیە سەرهەڵدانی سەکۆ هەمەچەشنەکانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان؛ وایکردووە لە داڕشتنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی دا؛ ماڵپەڕەکان ناچاربکرێن ڕەچاوی ڕەهەندە کولتووریییەکان بکەن (Voss, 2021: 221-241). کەواتە لەپاڵ ڕەهەندەکانی دیکەدا؛ لە تەواوی جیهاندا کولتووری گەلان پیرۆزیی خۆی هەیە و زۆرجار لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا هێند تۆخ دەکرێتەوە، کە وەک یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. بۆیە لە داڕشتنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکاندا؛ دەبێت بە تەواوەتیی ڕەچاوی ڕەهەندە جیاوازەکانی کولتووری بەکارهێنەران بکرێت، چونکە زۆرجار ئەو زانیارییەی لای نەتەوەیەک بە زانیارییەکی کەسیی سادە ناوزەددەکرێت، لەلای نەتەوەیەکی تر بە زانیاریی هەستیار و پیرۆز ناسراون و دەستبردن بۆیان، بەشێکە لە هێڵی سووری ئەو کولتوورە.

لەو ڕەهەندە جیاوازانەوە؛ ئەوە دەردەکەوێت، کە ناتوانرێت لە چوارچێوەی پێناسەیەکی گشتگیردا سیاسەتی تایبەتمەندێتیی چڕبکرێتەوە، چونکە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی تەنیا پەیوەست نییە بە لایەنێکی دیارییکراوەوە، بەڵکو کۆمەڵێک لایەن ڕۆڵیان لە داڕشتن و بەڕێوەبردنی پرۆسەکەدا هەیە، لەوانە: یاسا، کولتوور، ئیتیکی پیشەیی، کۆمپانیا، ڕێکخراو، تەکنیک، ئابووریی و خودی بەکارهێنەر خۆی هەر یەک لەمانە تێگەیشتن و تێڕوانینێکی تایبەتی لەسەر ئەوە هەیە کە داتا کاڵایە و لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا بەها دەکات و مامەڵەکردن پێوەی دەبێ بە ڕەچاوکردنی ڕێسا پیشەیی و یاسا بەرکارەکان بێت. ئەگەرچی پاراستنی زانیارییە تایبەتەکانی بەکارهێنەر ئامانجی سەرەکی پرۆسەکەیە، بەڵام دواجار توێژینەوەکە دەگات بەوەی، کە کەم تا زۆر بەکارهێنەر لە ژینگەی دیجیتاڵییدا قوربانییە و کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان یەکەم لایەنی سوودمەندن.

2.1.5: جۆرەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

لە ژینگەی فرەڕەهەندی دیجیتاڵییدا، سیاسەتی تایبەتمەندێتیی بەڵگەنامەیەکی ستاندارد و یەکگرتوو نییە، بەڵکو بەپێی پلاتفۆرم، جۆری خزمەتگوزاری و ئامانجی کۆکردنەوەی داتا، شێوازی جیاواز لەخۆدەگرێت. تیگەیشتن لەم جیاوازییانە بنەمایەکی گرنگە بۆ بەکارهێنەران تاوەکو بە شێوەیەکی هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانیاندا بکەن. لە گرنگترین جۆرەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ئەمانەی خوارەوەن:

سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕ (Website Privacy Policy): ئەمە جۆرە بنەڕەتییەکەی سیاسەتی تایبەتمەندێتییە و وەک بەڵگەنامەیەکی فەرمی، ڕێکارەکانی کۆکردنەوە، هەڵگرتن، و هاوبەشیکردنی زانیاریی بەکارهێنەران لە ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنیدا ڕوون دەکاتەوە. ئەم سیاسەتە لەسەر بنەمای پابەندبوونی یاسایی کاردەکات و پاراستنی زانیارییە کەسییەکان وەک مافێکی بنەڕەتیی تاک دەناسێنێت، هاوکات وردەکاریی ئەو داتایانە دەخاتەڕوو کە کۆدەکرێنەوە و چۆنێتی مامەڵەکردن و خستنە بەردەست لەگەڵ لایەنی سێیەم و سنووری دەسەڵاتی دیاری دەکات (Alshamsan & Chaudhry, 2022: 214–219). لە بنچینەدا، ئەم سیاسەتە ڕێککەوتننامەیەکە، کە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی پێشوەختەی بەکارهێنەر، جێبەجێ ناکرێت.

سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ڕێکلام (Advertising Privacy Policy): ئەم جۆرەیان بە تایبەتی گرنگی بەو زانیارییانە دەدات، کە بۆ مەبەستی ڕێکلامی ئاڕاستەکراو (targeted advertising) کۆدەکرێنەوە. سیاسەتەکە شێوازی کۆکردنەوەی داتاکانی وەک ڕەفتاری گەڕان، ئارەزووەکان، زانیارییە دیمۆگرافییەکان (ڕەگەز، تەمەن، شوێن)، و زانیاریی پەیوەندیی ڕوون دەکاتەوە. وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەکارهێنەر، زۆرجار لە ڕێگەی "کوکیز"ەوە، مەرجی سەرەکییە و تیایدا دڵنیایی دەدرێت سەبارەت بە پاراستنی زانیارییەکان، لە کاتێکدا بەکارهێنەر ئازادە لە قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی (Alcobendas et al., 2023: 62-65).

– سیاسەتی تایبەتمەندێتیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Media Privacy Policy): بەهۆی سروشتی کارلێک ئامێزی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسەتەکانیان ئاڵۆزترن. ئەم سیاسەتانە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو داتا بەرفراوانەی کە بەکارهێنەران خۆیان بەرهەمی دەهێنن ڕوون دەکەنەوە. یەکێک لە ئاڵنگارییە سەرەکییەکان ئەوەیە کە زۆرجار ئەم سیاسەتانە بە زمانێکی تەکنیکیی ئاڵۆز و لە دەقی درێژدا دادەڕێژرێن، کە وادەکات بەکارهێنەران بەبێ تێگەیشتنێکی تەواو ڕەزامەندی دەربڕن (Mphasane et al., 2024:37-48). بونیادنانی متمانە لە ڕێگەی ڕوونییەوە (Chin et al., 2023: 139-142) و پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان کۆکردنەوەی داتا و مافی بەکارهێنەردا، کێشەیەکی بەردەوامی ئەم پلاتفۆرمانەیە (Haque, 2024).

سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ئەپلیکەیشنی مۆبایل (Mobile App Privacy Policy): هەر ئەپلیکەیشنێک سیاسەتی تایبەت بە خۆی هەیە کە وردەکاریی ئەو داتایانە ڕوون دەکاتەوە کە کۆیان دەکاتەوە و بۆ چ مەبەستێک بەکاریاندەهێنێت. یەکێک لە نیگەرانییەکان ئەوەیە کە تێگەیشتن لەم سیاسەتانە زۆرجار پێویستی بە ئاستێکی بەرزی خوێندەواری هەیە، کە ئەمەش بەکارهێنەرانی ئاسایی دەخاتە دۆخێکی لاوازەوە (Powell et al., 2018). هەروەها، توێژینەوەکان دەریانخستووە کە هەندێک جار جیاوازی لەنێوان ئەوەی لە سیاسەتەکەدا نووسراوە و ئەوەی لە کردەوەدا ئەنجام دەدرێت بوونی هەیە، کە ئەمەش بە چەواشەکاری و پێشێلکارییەکی نایاسایی و ناپیشەیی دادەنرێت (Flors-Sidro et al., 2021; Tello, 2023; Liao et al., 2020).

سیاسەتی تایبەتمەندێتیی پۆدکاست (Podcast Privacy Policy): پلاتفۆرمەکانی پۆدکاستیش سیاسەتی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە تیایدا مەرجە یاساییەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی گوێگران بۆ مەبەستی شیکاری، پاڵپشتیی دارایی و بازاڕکردن دەخەنەڕوو، کە ئەمەش بەر لەهەموو شتێک پێویستی بە وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەکارهێنەران هەیە (Sun & Xue, 2020). نیگەرانییەکان لەم بوارەدا لەسەر ئەوە چڕبوونەتەوە کە چۆن داتای گوێگران بەکاردەهێنرێت و تا چەند پارێزراوە لەبەرامبەر پێشێلکارییەکاندا لە کاتێکدا هەموو تاکێک هۆشیار نییە بەرامبەر پاراستنی تایبەتمەندییەکانی (Gonçalves et al., 2022).

سیاسەتی تایبەتمەندێتیی میدیای منداڵان (Children's Media Privacy Policy): ئەم جۆرە سیاسەتە بە شێوەیەکی یاسایی تایبەتمەندکراوە بۆ پاراستنی زانیارییە کەسییەکانی منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی. یاسای وەک (COPPA) لە ئەمریکا، پلاتفۆرمەکان پابەند دەکات بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی توند بۆ پاراستنی نهێنیی زانیاریی منداڵان (Dempsey et al., 2018). سەرەڕای ئەمە، ئاڵنگارییەکانی وەک پشتڕاستکردنەوەی تەمەنی ڕاستەقینەی بەکارهێنەر و سەردانیکەر (Montgomery et al., 2017: 117-121) و نزمیی ئاستی هۆشیاریی تایبەتمەندێتیی لە چینی منداڵاندا (Zhao et al., 2020; Mangsor et al., 2021)، ئەم بوارە ڕووبەڕووی مەترسیی دەکەنەوە. بۆیە، گرنگیی پەروەردەی میدیایی و خوێندەواریی دیجیتاڵیی لە قوتابخانەکاندا زیاتر دەردەکەوێت (Livingstone et al., 2021: 219-236).

سیاسەتی تایبەتمەندێتیی کوکیز (Cookie Policy): ئەمە سیاسەتێکی تایبەتە و شێوازێکی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای شوێنپێهەڵگرتنی لێهاتوون, بەشێکی دانەبڕاوە لە پابەندبوون بە یاساکانی وەک (GDPR) و (CCPA). تیایدا بەکارهێنەر مافی ئازادانەی قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی هەیە (Jovic & Pantelić, 2022: 9). لەگەڵ ئەوەشدا کاراکردنی کوکیزەکان بەر لە وەرگرتنی ڕەزامەندی هێشتا ئاڵنگاریی گەورەن(santos, 2021: 187 , Chatsuwan, 2023: 9)

2.2: پاژی دووەم/ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان کوردییەکان

سەرهەڵدانی ئامڕازە نوێچەشنەکانی دیجیتاڵی و پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکانی، وەرچەرخانێکی بنەڕەتیی لە سروشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردندا دروست کرد. لەناو ئەم گەشەسەندنە بەرچاوەدا، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان وەک پێشەنگی گۆڕانکارییەکان دەرکەوتن و ڕۆڵی وەرگریان لە بەکاربەرێکی پاسیڤەوە بۆ بەشداربوویەکی چالاک و بەرهەمهێن گۆڕی. لەم چوارچێوەیەدا، **ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان** وەک دیاردەیەکی گرنگ و کاریگەر لەناو میدیای کوردیدا سەریانهەڵدا. ئەگەرچی لە ڕووی پێکهاتە و دیزاینەوە هاوشانی هاوتا جیهانییەکانیانن، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆک، کوالیتیی خزمەتگوزاری و گرنگتر لە هەمووی، ئەو ستراتیژ و پەیڕەوانەی کاری پێدەکەن، جیاوازیی بنەڕەتییان هەیە. بۆیە، تێگەیشتن لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان تەنها لە چوارچێوەی خزمەتگوزارییە ڕواڵەتییەکانیاندا نابێت، بەڵکو پێویستە شیکاری بۆ ئەو پلان و سیاسەتانە بکرێت کە ناسنامەیان پێکدەهێنن؛ بەتایبەتی شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی" و زانیاریی بەکارهێنەراندا، کە ڕاستەوخۆ کار لەسەر بەدەستهێنانی متمانە و دیاریکردنی پێگەیان دەکات.

2.2.1: چەمک و پێناسەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان

ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان گەرچی ئاماژەیە بۆ پێگەیەک کە بەشێوازێکی دیجیتاڵی کۆمەڵێک لاپەڕە لەخۆ دەگرێت و (دەق و دەنگ و وێنە و ڤیدیۆ) پێکهاتەیەتی و لە توانایدایە لەیەک پەیامدا پێکەوە سەرجەم ڕەگەزەکان کۆبکاتەوە و هەڵگری تایبەتمەندی مەڵتیمیدیا بێت، بەڵام چەمکێکی جێگیر نییە بۆ گوزارشت کردن لێی، چونکە بەردەوام لە گۆڕان و نوێبوونەوەدایە و فراوانی خزمەتگوزاری و هەمجۆری ناوەڕۆک و شێوازی بەشداریکردن و کارلێکی بەکارهێنەران لەگەڵی هۆکارە بۆ ئەوەی هەر لایەنێک لە ڕوانگەی خۆیەوە چەمکێکی جیاواز بە باڵایدا بچنێت. (فەرهەنگی کامبرینج) لە پێناسەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا دەڵێت: کۆمەڵێک لاپەڕەی زانیاری لە ئینتەرنێتدا سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو، کە لەلایەن یەک کەس یان ڕێکخراوێکەوە بڵاودەکرێتەوە(Cambridge Dictionary, 2024).

ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان پێکهاتەیەکی بنەڕەتی ژینگەی دیجیتاڵین، ماڵپەڕەکان هەمان ناوەڕۆک لەخۆ دەگرێت کە بەشێوەی ئەنەلۆگ لە ئامڕازە کۆنەکانی ڕاگەیاندن بڵاودەکرایەوە؛ بەڵام بەشێوەی بیت و بایت(bite & bytes). ماڵپەڕەکان ڕۆژنامەیەکی مۆدێرنن لە تۆڕی ئینتەرنێت بڵاو دەکرێتەوە، خاوەنی تایبتەمەندییەکی ناوازەن، کە بە ئاسانی دەتوانرێت دەستکاری بکرێت و دووبارە پەخش و بڵاوبکرێتەوە ،(مستەفا، 2020: 51) لە دیدێکی تردوە پێگە ئەلیکترۆنییەکان؛ کۆمەڵە لاپەڕەیەکی بەیەکەوە بەستراون، کە ئامادەکاریی بۆ پیشاندانی ئەو زانیارییانە دەکەن کە لە بنەڕەتدا ژمارەن، بەڵام بۆ وشە یان دەق، دەنگ، وێنە، ڤیدیۆ

وەردەگێڕدرێن لەســـەر شـــاشـــەی کۆمپیوتەر یان مۆبایل و هەر ئامێرێکی دیکەی زیرەک پیشـــاندەدرێن و تایبەتمەندیی دەرفەتی دووبارە دەســـتکارییکردن و پەخشـــکردنەوەیان بە شـــێوازێکی دیجیتاڵیی هەیە (ڕێشـــاوی و حســـێن، 2023: 434). ئەوەیش وایکرد ناســـین و تێگەیشـــتن لە چەمکی ماڵپەڕ(website) کورتبکرێتەوە بۆ "کۆمەڵێک پەنجەرە لە ئینتەرنێتدا، کە خزمەتگوزاریی و هەواڵی ڕۆژنامەوانیی بە زمانەکانی: کوردی، عەرەبی، تورکیی و ئینگلیزیی پیشـاندەدەن؛ ئەم ماڵپەڕانە ڕۆڵێکی تەواوکەریی تۆڕێکی ڕاگەیاندنی فەرمیی دەگێڕن و پشـت بە پەیامنێران دەبەستێت." (مولود و حسین، 2023، 186-187).

لەو سۆنگەیەوە دەردەکەوێت ئەم پێناسـانە ناکۆک نین، بەڵکو سێ ڕەهەندی تەواوکەری یەکترن بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی، کە هەر یەکێکیان بە ئەندازەی تێگەیشتن و سـوود و ئاسـتی بەریەکەوتنی لەگەڵ ماڵپەڕەکاندا، ناسـاندوونی. هەندێک پێیوایە هەر ڕۆژنامەی کاغەزە، بەڵام بە شـێوازی ئەلیکترۆنیی یاخود دەوترێت: ئامڕازێکی پەیوەندییکردنی نوێیە یان بە تۆڕی کۆمەڵایەتیی دەیناســـێنن یاخود دەڵێن: ڕۆژنامەیەکە لە ئینتەرنێت دەردەچێت. هەموو ئەوانە جۆرێک لە ڕاســـتییان تێدایە و دەشـــکرێت بۆ ناســـاندن و تێگەیشـــتن لە واتای ماڵپەڕە کورددییەکان بەکاربهێنرێن. ئەوەیش بەهۆی کاریگەریی پێشـەکەوتنی تەکنۆلۆژیای بەکارهاتوو لە ژینگەی دیجیتـاڵییـدا، کە کـارکردن تێیـدا ســـنووری نییە و میـدیـا و بەکـارهێنەرانی کوردیش شانبەشانی گۆڕانکارییە جیهانییەکان هەنگاوی گەورەیان ناوە.

2.2.2: قۆناغەکانی گەشەکردنی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان

ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان کە لە ئێســـتا پێکهاتەیەکی بنەچەیی ژینگەی دیجیتاڵیین و لە تەواوی جیهاندا زۆرترین بەکارهێنەری هەیە و نوێنەرایەتی دەزگە فەرمی و ئەهلی و کەناڵە میدیاییەکان دەکەن و ئامڕازێکی کاریگەری کارلێکن لەگەڵ وەرگردا، ســـەرهەڵدان و گەشـــەســـەندنیان لە ناوەڕاســتی ســەدەی بیســت بە دووا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە، دەکرێت لێرەدا بە پێی ســاڵ ئاماژە بە قۆناغە سەرەکییەکانی بکرێت، کە لە دروستبوونیەوە تا ئێستا پێیدا تێپەڕیووە

یەکەم: قۆناغی چەمکسازیی هایپەرتێکست

لە ســەرەتای ســاڵانی شــەســتەکاندا تێد نێڵســۆن(Ted Nelson)[12] داهێنانی گەورەی ئەنجامدا لە شـێوازی بەسـتنەوە و دەسـتخسـتنی زانیارییەکان کە بە چەمکی هایپەرتێکسـت (Hypertext) ناســـراوە، ئەم بیرۆکەیە لە داهاتوودا بووە وێبی جیهانی(Tomi, 2023: 57-59).

[12] (Ted Nelson) تێد نێلســـۆن: زانایەکی ئەمریکییە لە ســـاڵی ١٩٣٧ لە نیۆرک لە دایک بووە، داهێنانی بیرۆکەی (Hypertext) هایپەرتێکستە لە ساڵی ١٩٦٠ کە مەبەست لێی تێکەڵکردنی زانیارییە بە شێوەی نوێ وە ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە پەرەپێدانی ماڵپەڕ و تەکنۆلۆژیا.

پاشان دۆگلاس ئەنگێلبارت(Douglas Engelbart)[13] لە ساڵی ١٩٦٨ سیستەمی هایپەرتێکستی (NLS/Augment) لە کۆنفڕانسێکی هاوبەشی کۆمپیوتەر-دا نیشاندا، یەکێک لە داهێنانەکان (ماوس) بوو کە دەرفەت دەدات بە بەکارهێنەران بە ناو داتا و دەقەکاندا بگەڕێن و زانیارییە پەرشوبڵاوەکان جێ گۆڕکێ پێبکات لە سیستەمی ئەلیکترۆنیدا (Hall, 2024). پاشان هەر لەو ساڵەدا داهێنان و سەرهەڵدانی سیستەمی (FRESS) کە سیستەمی ئاڵوگۆڕ و دەستکاریکردنی فایل بوو، بووە هۆکاری بەرەوپێشچوونی زیاتری تواناکانی هایپەرتێکست و کارئاسانی کرد بۆ بەکارهێنەران تا گەڕان و پیداچوونەوە لە نێو دەقە بەستراوەکاندا بکەن بە توانای دەستکاریکردنەوە، کە ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورەبوو لە سیستەمی ئەلیکترۆنی و کاری ڕۆژنامەگەریدا (Nielsen, 2023). لە نزیک ساڵی ١٩٨٠ تیم بێرنەرزلی (Tim Berners-Lee)[14] سیستەمی (INQUIRE) ئەزموون کرد، کە سیستەمێکی پێشکەوتووی بنکەدراوی (Database) سەرەتایی هایپەر تێکست بوو، کە دواتر لە پێکهاتەی تەکنۆلۆژیای وێبدا ڕۆڵی سەرەکی بینی، داهێنان لە ڕێکخستنی سیستەمی ئەلیکترۆنی هەر بەردەوام بوو بە جۆرێ هەر لەو ماوەیەدا چەندین سیستەمی تری پێشکەوتووی تر سەریهەڵدا لەوانە (Notecard) و (ZOG)، کە توانای چاککردنی گرفتی سیستەمی هەبوو، هەموو ئەمانە لە داهاتوودا بوونە بنەمایەکی بەهێز بۆ دامەزراندنی تۆڕی جیهانی(Dennis, 2024). لە شەستەکانەوە تا هەشتاکان هەنگاو بەهەنگاو سیستەمی هایپەرتێکست پەرەی سەند و بووە بناغەیەکی گرنگ بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی مۆدێرن و ناوەڕۆکی دیجیتاڵی ئێستا، کە ماڵپەڕەکان (Website) پێکهاتەی سەرەکین تیایدا، لەم قۆناغەدا توانرا میدیا بەرەو سیستەمی ئەلیکترۆنی هەنگاو بنێ و بەرهەمهێنانی میدیایی لە نوسینی سەر کاغەزی تەقلیدیەوە بۆ شێوازی ئەلیکترۆنی بگۆڕێ.

دووەم: سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئینتەرنێت

دەرکەوتنی ئینتەرنێت لە سەرەتادا دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا (ARPANET) لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کە توانی دامەزراوەکانی توێژیەوەی زانستی لە چوار زانکۆدا پێکەوە ببستێتەوە (Pohle & Voelsen, 2022: 16-17). پاشان (TCP/IP) کە، کورتکراوەی (Transmission Control Protocol/Internet Protocol) پرۆتۆکۆڵی کۆنترۆڵکردنی گواستنەوە/پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێت، پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی، کە دوو پرۆتۆکۆڵی بنەڕەتی گرنگ بوون لە ڕێکخستنی تۆڕدا (Wright, 2024). لە ساڵی ١٩٨٣،

[13] دۆگلاس ئەنگێلبارت (١٩٢٥-٢٠١٣) ئەندازیار و داهێنەرێکی کاریگەری ئەمریکی بوو کە بە کارە پێشەنگەکانی لە پەرەپێدانی تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەر ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە ئاسانکردنی کارلێکی نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەر.

[14] تیم بێرنەرز-لی (Tim Berners-Lee) زانایەکی تەکنلۆژیای کۆمپیوتەرە کە لە ساڵی 1989 وێبە جیهانیەکە (World Wide Web) دروست کرد و سیستەمیURL ، HTTPو HTML پەرەپێدرا،

کۆمپانیای (ARPANET) پەرەسەندنی زیاتی بەخۆیەوە بینی و هەنگاوی نا بۆ تۆڕێکی جیهانی و بە فەرمی لە (NCP)ەوە گۆڕا بۆ (TCP/IP)، کە ئاسانکاری بۆ دامەزراندی تۆڕێکی فراوانتری ئینتەرنێت کرد و کۆمپیوتەرەکانی بە توانایەکی خێراتر پێکەوە بەستەوە، کە سەرەتایەک بوو بۆ کارلێکی ئەلیکترۆنی بە تەکنۆلۆژیا بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاریی لەنێو تۆڕدا (Featherly, 2024). بە درێژایی ساڵانی نێوان (١٩٧٠-١٩٨٠) ئارپانێت پەرەسەندنی زیاتری بەخۆیەوە بینی و تۆڕی پێکەوە بەستنەوەی گەیاندە چەندین زانکۆ دامەزراوەی تر، لە ساڵی 1972 ئەندازیاری بواری کۆمپیوتەر (ڕەی تۆمیلنسۆن) هەستا بە دروستکردنی یەکەم ئیمەیڵ و هێمای (@) بەکارهێنا بۆ ناسینەوەی ئەو کەسەی، کە ئیمەیڵەکە دەنێرێت لەگەڵ ناوی تۆڕەکە، خزمەتگوزاری ئیمەیڵ(Email) توانی زیاتر پەیوەندی و کارلێک خێرا بکات لە نێو تۆڕەکاندا، کە تا ڕۆژگاری ئەمرۆش ئیمەیڵ یەکێکە لە خزمەتگوزارییە گرنگەکانی ئینتەرنێت و ئامرازێکی پەیوەندی کردنی متمانەپێکراوی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانە و هەموو بەکارهێنەرێک خاوەن ئیمەیڵی تایبەتی خۆیەتی (Wright, 2024).

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ ئینتەرنێت وەک چەمک بۆ یەکەمین جار بەکارهێنرا بۆ گوزارشتکردن لە تۆڕ و ناوی وێبسایتەکانی بە پاشگری (org, com, Edu) سەریانهەڵدا و لە ساڵی ١٩٨٨ بۆ یەکەمجار ڤایرۆس بووە هۆی پچڕانی بەشێک لە تۆڕەکان، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ هەوڵدرا بۆ نوسینی پێڕست بۆ ئینتەرنێت و ساڵی ١٩٩٤ ئەمەریکا یەکەمین پێگەی ئەلیکترۆنی بۆ کۆشکی سپی کردەوە لە ژێر ناونیشانی (www.whitehouse.gov) پاش ساڵێ پڕۆگرامی جاڤا(Java) کە زمان حاڵی کۆمپیوتەرە دروستکرا (Rutkowski, 2020). بە شێوەیکی گشتی تا ساڵی ١٩٨٩ توانرا بە سەرکەوتوویی بگەن بە دەرئەنجامی ئەو شۆڕشە هاوبەشەی نێوان تەکنۆلۆژیا و ئینتەرنێت، کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە قۆناغ بە قۆناغ پەرەی پێدەدرێت، دروستبوون و سەرهەڵدانی تۆڕی جیهانی (World Wide Web) بەرهەمەکەی بوو کە لە سەر دەستی"سێر تیمۆسی جۆن بێرنەرزلی" دامەزرا و بووە دەستپێکێ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان(Gandon, 2017). سەرەتای هەشتاکان تا کۆتای هەمان دەیە ساڵانی گەشەسەندنی بەرچاوی ئینتەرنێت بوو بە تایبەتی لە بواری میدیا کاتێک ئینتەرنێت لە تۆڕێکی توێژینەوەی سەبازی و هەواڵگری تایبەتییەوە هەنگاوی نا بەرەو کەوتنە بەردەستی بەکارهێنەر، ئیدی میدیا توانی گۆرانکاری لە شێوازی پەیوەندی و بەرهەمهێنان و پێشکەشکردندا بکات و بووە بناغەیەک بۆ سەرهەڵدانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان (Website) و مرۆڤایەتی بردە قۆناغێکی ترەوە و پچوکبوونەوەی دونیا بۆ گوندەکەی مارشاڵ ماکلۆهان لە سایەی تەکنۆلۆژیاوە لێرەوە ئاماژەکانی دەرکەوتن.

سێیەم: ڕێخستنی سیستەمەکانی ماڵپەڕ

دەیەی کۆتایی ســەدەی بیســتەم و بە دیاری کراوی ســاڵی ١٩٩١ ماڵپەڕ (Website) داهێنان و گۆڕانکاری بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و ڕێکخست و دامەزراندنی پڕۆتۆکۆڵ کاری لەسەر کراو بنەمای ئینتەرنێتێکی مۆدێرن ســـەریهەڵدا، گەرچی یەکەم وەشـــانی (وێب 1.0) لاپەڕەکانی ئیستاتیک و سنوردارببوو تەنها بە خوێندنەوەی ناوەڕۆکێک بێ بەشداری(Freeborn, 2023). یەکەم بەڵگەنامە ســـاڵی ١٩٩١ کە لەســـەر وێب بڵاوکرایەوە کە بە بنەمای ناوەڕۆکی وێب دادەنرێت، دروســـتکردنی زمانی هێمای هایپەرتێکســـت(Hypertext Markup Language) کورتکراوەکەی (HTML) لە لایەن زانا تیم بێرنەرزلی(Hayes, 2024) .. تواناکانی هایپەر تێکست بۆ نمایشـــی ناوەڕۆکی وێب ڕۆڵی گرنگی گێڕا و ســـێرڤەرەکانی چالاکترکرد لە خێراکردنی پەیوەندی هاوبەشی نێوان ماڵپەڕەکان (Valeria, 2024). لە دەستپێکی ساڵی ١٩٩٤ (بێرنەرزلی) ئامانجەکەی گەورەکرد و کۆمەڵەی وێبی جیهانی دامەزراند بە ناوی(W3C) کە دڵنیایی دەدا لەوەی ماڵپەڕ بەردەســـتە و بێ گرفت خزمەتگوزاری دەگات بە بەکارهێنەرانی لە ســـەر تۆڕی ئینتەرنێت (Walker, 2024). ڕێکخســـتنی ســـیســـتەمی ســـتانداردی وێب و پەرەپێدانی زمانی هایپەرتێکست بۆ نمایشی ناوەڕۆک و چالاککردنی سێرڤەرەکان لە نێوان چوار ساڵی سەرەتای نەوەدەکاندا، ئاســـانکاری ئێجگار گەورەی بۆ گەشـــەســـەندنی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و دەرکەوتنیان کرد، بەجۆرێک ژینگەیەکی دیجیتاڵیی بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری ڕەخساند، داهینانەکان لە ســـایەی ئینتەرنێت و تەکنۆلۆژیای ســـەردەم میدیای بردە قۆناغێک، کە پێویســـتی بە تازەبوونەوە بوو بۆ خۆ گونجاندن لە پێناو بەردەوام بوون لەگەڵ شەپۆلی گۆڕانکارییەکان.

چوارەم: سەرهەڵدانی ماڵپەڕ (Website)

دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی یەکەم ماڵپەڕ (Website) لە تۆڕی ئینتەرنێتدا دەگەڕێتەوە بۆ زانای بەناوبانگ، بێرنیزلی لە سەرەتای ساڵێ ١٩٩١ کە سەر کۆمپیوتەرەکەی کە مۆدێلی(NEXT) بوو خرایە پەخشەوە لە ژێر ناونیشانی (http://info.cern.ch)، کە ناسنامەی(URL) مەڵپەڕەکە بوو (Nix, 2018). پاش ئەزموونکردنی یەکەم ماڵپەڕ (Website) بە سەرکەوتوویی ئیدی ماڵپەڕەکان ڕوویان لە زیادبوون کرد، بە جۆرێک تا کۆتایی ســـاڵ ١٩٩٢ زیاتر لە ٤٩٠ ماڵپەڕ ناویان تۆمـاربوو لە تۆڕی ئینتەرنێتـدا، کە بەشـــێکی هەرە زۆریـان لە لایەن توێژەرانی نـاوەنـدە ئەکادیمییەکانی زانکۆکانەوە بەکاردەهێنرا (Fischels, 2021). لەم گۆڕانکارییەدا بزوێنەری گەڕان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە پەرەســـەندنی ماڵپەڕەکان بە تایبەتی وەشـــانی مۆزایک(Mosaic)، کە کارئاســـانی کرد بۆ بەکارهێنەران بەجۆرێ زۆرێک کۆمپانیا بازرگانییەکان دەســـتیان کرد بە دانانی ماڵپەڕ بۆ نمایشـــی کاڵاکانیان ئەمەش لە دوای ناوەڕاســـتی ســـاڵی ١٩٩٥ بووە هۆی ســـەرهەڵدانی بازرگانی ئۆنلاین (Wu & Gereffi, 2018). ســـاڵێ بەر لە کۆتایی نەوەدەکان

گۆڕانکاری و گەشەسەندن لە ڕووکار و ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکاندا هەستپێدەکرا، هەلی بەشداری و کارلێکی زیاتری ڕەخساند بۆ بەکارهێنەران و ڕەگەزەکانی مەڵتیمیدیا پێکەوە نمایش دەکران، کۆتایی ئەم دەیە سەرەتایەک بوو بۆ دەرکەوتنی بلۆگەکان و پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا (Shahbaznezhad & Rashidirad, 2021: 48-52)دەستڕاگەیشتن بە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بە هۆی تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەری کەسی لە تۆڕی ئینتەرنێتدا ڕووی لە زیادکردن بوو، کە لە جیهاندا ڕۆژانە ملیۆنان بەکارهێنەر و سەردانکەری هەبوو بەجۆرێ لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ دا نزیکەی هەژدە ملیۆن ماڵپەڕ هەبوو، ئەمەش کرانەوەیەکی بازرگانی و کۆمەڵایەتی کولتووری جیهانی لێکەوتەوەو مرۆڤایەتی بردە قۆناغێکی دیجیتاڵیی پێکەوەبەستراوی تەواو کارلێکەوە(McCullough, 2018). سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو تا سەرەتای سەدەی بیست و یەک لە تەواوی جیهاندا ئینتەرنێت و سەرهەڵدانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان گەشەسەندنی گەورەیان بەخۆیەوە بینی و میدیا پێی نایە قۆناغیکی نوێی کارلێک و پەیوەندی لەگەڵ وەرگردا و پێگە ئەلیکترۆنییەکان ژینگەیەکی دیجیتاڵییان خولقاند.

پێنجەم: ماڵپەڕەکان و بەستنەوەیان بە پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا

دەستپێکی سەدەی بیست ساڵانی گەشەسەندنی بەرچاوی ئینتەرنێت و دەرکەوتنی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیا بوو، کە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان لە کۆتایی سەدەی پێشخۆی پێشەنگی ئەم پەرەسەندنە بوون، سەرهەڵدانی پلاتفۆرمەکان ژینگەیەک کارلێکی زیاتریان ڕەخساند و ماڵپەڕەکانیان بەرەو ناوەڕۆکێکی کارلێکی جوڵاو(Dynamic) هەنگاو نا، جودا لە دەیەی ڕابردوو کە ناوەڕۆک جێگیر(Static) بوو (Bengtsson & Johansson, 2022). ماڵپەڕەکان لە سەرەتادا تەنها نێرەر بوون و زانیارییان دەگواستەوە وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن و نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکانیان دەکرد یەک لایەنە، بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی پلاتفۆرمەکانی (فرێندستەر- Friendster) لە ساڵی ٢٠٠٢ و بەدوایدا (مایسپەیس- Myspace) و پاشان (لینکدین- LinkedIn) لە ٢٠٠٣ دا ژینگەیەکی کارلێکیان خولقاند، کە بەکارهێنەر توانی ئەکاونتی کەسی بۆ خۆیان دروستبکەن و لەگەڵ کەسانی تردا هاوبەشی زانیاری بکەن جیاواز لە شێوازی بەشداریکردنیان لە ماڵپەڕەکاندا، کە تەنها وەرگرێکی ئاسایی بوون (Hafeez, 2024).

پلاتفۆرمەکان بە فەرەهەم کردنی تایبەتمەندی خزمەتگوزاری(Comment) کۆمێنت بۆ بەکارهێنەر وەرگریان لە سەردانکەرێکی ئاساییەوە کردە بەشداریکی چالاکی هاوبەشی ناوەڕۆک بەمەش سنووری پەیوەندی فراوانترکرد لە نێوان تاکی بەکارهێنەری کۆمەڵگە جیهانییەکان (Stamenković & Živadinović, 2022: 22-27). پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لەو دەیەدا تا دەهات زۆر بە خێرایی زیادیان دەکرد و لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوازی بەشداری و کارلێکەوە جیاوازبوو لە یەکتری، دەرکەوتن و سەرهەڵدانەکان نزیکبوون لە یەکەوە بە جۆرێ

تۆڕی کۆمەڵایەتی (فەیسبووک- Facebook) ساڵی ٢٠٠٤، (یوتوب- you tube) لە ٢٠٠٥، (تیوتەر- twitter) لە ٢٠٠٦، وە دواتر (ئینستگرام-Instagram) ساڵی ٢٠١٠ لە ڕووی تەکنیکییەوە دەرکەوت، سەرهەڵدانی ئەم پلاتفۆرمە جیاوازانەی سۆشیال میدیا کاریگەر و گۆڕانکاری بەرچاویان لە پەیوەندی و کرانەوە کۆمەڵایەتی لە جیهاندا هێنایە ئاراوە، کە دەتوانرێت وەک شۆڕشێکی تەکنۆلۆژیا لەو سەردەیەدا تەماشا بکرێت کە مرۆڤایەتی بردە قۆناغێکی نوێوە، کە کارلێکی ڕاستەوخۆبوو لە ژینگەی دیجیتاڵییدا و تاک بووە بەشدارێکی ڕاستەقینە لە دارشتن و دروستکردنی ناوەڕۆکی میدیایدا، کە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕێڕەوی سیاسی هەبوو (Eghtesadi & Florea, 2020: 389-391) و (Helmond et al., 2019). کێبەرکێی نێوان پلاتفۆرمەکان بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین بەکارهێنەر دەستی پێکرد، لە ساڵی ٢٠١٢ کۆمپانیای فەیسبووک پلاتفۆرمی ئینستگرامی کڕییەوە و خستییە نوێکاری لە پلاتۆرمەکەدا کرد، ساڵی ٢٠١١ سەرهەڵدانی (سناپ چات- Snapchat) سیمای پلاتۆرمی گۆڕی و پەیوەندییەکی نوێی داهێنا کە ناوەڕۆکی (نوسین، دەنگ، ڤیدیۆی کورت) و کاتی دوای ماوەیەک سڕینەوەی و پاراستنی لە وێنەگرتنەوەی و بوونی ئاماژە لە کاتی سەیڤکردنی لە لایەن بەرامبەر، بوونی ئەم تایبەتمەندییە سەرنجی نەوەیەکی بەکارهێنەری بۆلای خۆی ڕاکێشا کە لەخەمی پارستنی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکانیدا بوو(Rettberg, 2018). شۆڕشێکی تری سۆشیال میدیا لە دوای پلاتفۆرمی سناپ چات کە داهێنانی لە ناوەڕۆکدا کرد و لە تەواوی دونیادا پێشوازییەکی گەرم و زۆر خێرای لێکرا دەرکەوتنی (تیک تۆک-TikTok) بوو لە ساڵی ٢٠١٧ دا کە دوای یەک ساڵ لە دروستبوونی یەک ملیار بەکارهێنەری لە خۆی کۆکردەوە (Koç, 2023).

لە بەر ڕۆشنایی قۆناغەکانی دەرکەوتنی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان؛ تێڕوانینی توێژەر وایە، ئەم قۆناغانەی گەشەسەندن تەنها میژوویەکی تەکنۆلۆژی نین، بەڵکو گێڕانەوەی وەرچەرخانێکی قوواڵن لە پەیوەندیی نێوان میدیا و مرۆڤدا. پەرەسەندنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پلاتفۆرمە جیاوازەکانی و بەستنەوەی بەستەری ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان پێیانەوە، گەشەیەکی تری شێوازی پەیوەندی و بەکارهێنانی ماڵپەڕەکان بوو، کە ڕۆڵی بەکارهێنەری لە وەرگرێکی پاسیڤەوە بۆ بەشداری و بەرهەمهێنەرێکی چالاک گۆڕی. ئەمە دەرگای بەڕووی دیاردەی "هاوواڵتیی ڕۆژنامەوان" و فەزایەکی فراوانتر بۆ ئازادیی دەربڕین و جواڵندنی ڕای گشتیدا کردەوە. بەڵام ئەم بەشدارییە بە بەهایەک هات؛ سوتەمەنیی ئەم ژینگە دیجیتاڵییە نوێیە بریتی بوو لە زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەر. هەر بۆیە، ماڵپەڕەکان لە سەکۆیەکی زانیاریبەخشەوە بوون بە دامەزراوەیەکی کۆکەرەوەی داتا، و لێرەدایە کە چەمکی "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی" لە پرسێکی لاوەکییەوە بووە کێشە و ئەو مشتومڕە جیهانییەی کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

2.2.3: مێژووی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان

سەرەتای دەرکەوتن و بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی لە بواری پیشەسازی میدیادا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار ئامێری کۆمپیوتەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تێکەڵ بە کاری دامەزراوە میدیایەکان کرا، دواتر لەسەرەتای حەفتاکان بە پراکتیکی سودی لێ وەرگیرا بە تایبەتی بۆ کرداری هەڵگرتن (save) جیاواز لە سیستەمی پێشخۆی توانرا ئەرشیف و گەڕاندنەوە و دابەشکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بێتە سیستەمێکی نوێی تەکنیکی میدیایی بە پشتبەستن بە تەکنۆلۆژیای سەردەم(ناجي، 2016، 87). داهێنانی ئامێری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و سیستەمی گواستنەوەی دەنگ و وێنە لە دەیەکانی یەکەمی سەدەی ڕابردوو بە دووا سەرەتایی بەکارهێنانی سیستەمی ئەلیکترۆنی بوو لە بواری میدیادا، کە شۆڕشێکی گەورەبوو بە سەر ڕۆژنامەی چاپکراودا، پاشان لە سااڵنی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ئامێری کۆمپیوتەر تاقیگەکانی پاکێتی نێتوێرکینگ (Packet networking) لە وڵاتی ئەمەریکا و بەریتانیا و فەڕەنسا بە تایبەتی گرنگییان پێدا و ئەوەبوو وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا گرێبەستێکی بۆ پاکێت نێتوێرک ئەنجامدا لەگەڵ گەشەپێدانی پڕۆژەی (ARPANET) ی وەزارەتی بەرگری، کە کورتکراوەی (Theadvanced Research Projects Network)ە لە ١٩٦٩ دامەزرا .(Dennis and Kahn, 2024) بە شێوەیەکی گشتی لە ساڵی (١٩٦٩) و لە دوای گەشەی نێتوێرک(ڕایەڵ)، لە هەمان ساڵ و لە (٢٩)ی ئۆکتۆبەر لە کاتژمێر (١٠:٣٠) ی شەودا بۆ یەکەمجار نێتوێرکەکە تاقیکرایەوە لە نێوان زانکۆی کالیفۆرنیا لە "لۆس ئەنجلۆس" و "پەیمانگای ستانفۆرد" بۆ توێژینەوە لە لایەن زانای بە ناوبانگ (لیۆنارد کلینڕۆک)، کە ئەمەش بە سەرەتای بەستەوەی نێتوێرک بە ئامێری کۆمپیوتەرەوە دادەنرێت لە سیستەمێکی ئەلیکترۆنیدا (Dhruv, 2023). دواتر زانا (دۆنااڵد دەیڤس) لە تاقیگەی نیشتیمانی فیزیاییدا لە بەریتانیا ئەو سیستەمە نێتوێرکیەی خستەگەڕ و هەر بەردەوامبوو لە داهێنان تا پڕۆژەیەکی دامەزراند بە ناوی (دامەزراوەی نیشتیمانی زانستی) لە ساڵی ١٩٨٣، دواتر ئینتەرنێت و نێتوێرکینگ زیاتر گەشەی سەند و ئیدی بووە باسێکی گەرم لە ناو خەڵکدا، ئەوەبوو ساڵی (١٩٩٥) چیتر ئینتەرنێت بە تەنها لەژێر ڕکێفی حکومەتدا نەمایەوە و ڕێگەدرا خەڵکی ئاسایی بەکاریبهێنن (ئاراز، ٢٠١٩: ٩٣).

کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو سەرەتای دەرکەوتنی سیستەمی ئەلیکترۆنی بوو لە ڕۆژنامەدا بە جۆرێک لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٠ بەرەبەرە لە ژووروەکانی هەواڵی ڕۆژنامە ئەمەریکی و کەنەدییەکاندا بەکاردەهێنرا، تا وای لێهات ئینتەرنێت بوو بە ئامرازێکی سەرەکی کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و پەیوەندیکردن، ئەمەش گۆڕانکاریی گەورەی لە ئەداو فۆرمی کاری میدیایدا خولقاند و ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر پشتی پێدەبەسترا، بە جۆرێک بەکارهێنانی ئینتەرنێت

یەکێک بوو لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی لێهاتووی و شارەزایی میدیاکاران، دواتر لە ئەنجامی هاوکاری نێوان هەردوو دامەزراوەیی هەواڵگری (BBC) و ئیندپێندنت و بڕۆتکاستین ئوتۆرتی(IBA) لە ساڵی ١٩٧٦ لە چوارچێوەی خزمەتگوزاری تلیتێکست کە سیستەمێکی تایبەتی بوو بە دامەزراوەی یەکەم؛ بە ناوی (Ceefax) و هەروەها سیستەمی دامەزراوەی دووەم؛ بە ناوی (Oracle) دەرکەوت، هەر لە بەریتانیا ساڵی ١٩٧٩ خزمەتگوزارییەکی تر بە ناوی ڤیدۆ تێکست لە گەڵ سیستەمی (Prestel) سەریهەڵدا، (حویجه و علی، 2023: 275) .

لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٠ بەدوا سیستەمی ئەلیکترۆنی چووە قۆناغێکی تری گەشەسەندنیەوە و پێشکەوتنی تەکنیکی لە بواری میدیادا گۆڕانکاری نوێ و بەرچاوی لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا و ڕەفتاری تاک بەخۆیەبینی لە سایەی کاریگەری و سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیاکانی (equipment ,Teletext ,Walkman Fax communication) ئیدی میدیا سیستەمی ئەلیکترۆنی بەتەواوەتی ڕەنگیدابۆوە لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانیدا (Verhoef, 2023) .هەوڵەکانی کۆمپانیای (MIT) کە سیستەمێکی کاتیی پەیوەندی تاقیکردەوە لە ساڵی ١٩٦١ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری لە دووڕەوە هەر ئەم هەوڵە بووە بناغەیەک و(CTSS) پەرەی زیاتر سەندوو تا لە ساڵی ١٩٨٥ بە دوا میدیا گۆرانکارییەکی گەورەی لە بواری ڕێکخستنی پەیوەندییەکان بە خۆیە بینی لەگەڵ سەرهەڵدانی (Email) و دەرکەوتنی مەکۆی ئۆنلاین و بەکارهێنانی لە هەندێک لە ناوەندە فەرمییەکاندا .(Vujovic, 2024) کۆتایی هەشتاکان، سەردەمی گونجاندن و پراکتیزەکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی و ڕۆڵگێڕانی کۆمپیوتەربوو لەگەڵ کاری میدیای و بوارەکانی تری پەیوەندیدا تەنانەت ئەم گەشەسەندنە سیستەمی هێڵی ئاسمانی گرتەوە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری زانیاری بۆ کڕیاران لە ڕێگەی پرۆسێسکردنی ئەلیکترۆنیی سیستماتیکەوە (Provenzano and Baggio, 2020). سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ قۆناغێکی نوێ و گۆرانکارییەکی گەورە بواری میدیای گرتەوە و پەرەسەندی لاپەڕەکانی(HTML) لە ئیستاتیکەوە بۆ ناوەڕۆکی مەڵتیمیدیا هەنگاوینا (Agarwal & Sastry, 2022).

دەرکەوتنی ماڵپەڕەکان لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان وەرچەرخانێکی گەورەبوو بۆ کاری میدیایی کە بوون بە کۆگایەکی ساکاری زانیاری و سەرهەڵدانی کارلێکێکی نزیکتر و کاریگەرتر لەگەڵ وەرگر(Castillo-Abdul et al., 2021: 10). فەرەهەم کردنی خزمەتگوزاری بزوێنەری گەڕانی (Mosaic) مۆزایک لە ساڵی ١٩٩٣ بووە پاڵپشتی بۆ گەشەسەندنی ماڵپەڕەکان و گۆڕانکاریی لە ڕووکار و ناوەڕۆکی میدیادا دەرکەوت و بوو بە بناغەی ژینگەیەکی دیجیتاڵیی، چونکە بەکارهێنەر بە ئاسانی دەیتوانی کارلێک بکات و دەستی بگات بە زانیاری (نوسرا و بیسترا و بینراو) بە شێوازی کتێبی ئەلیکترۆنی و گەڕان بکەن بەناو تۆڕی جاڵجاڵۆکەی جیهانی(World Wide Web) کە کورتکراوەکەی(www) بوو (MacManus, 2024).

شـــۆرشـــی تەکنۆلۆژیا بووە هۆی دابەشـــکردنی میدیا بۆ دوو جۆر میدیا لە ڕووی کەناڵەوە: **یەکەمیان**: میدیای کلاســـیک، وەک ڕۆژنامە، بڵاوکراوەکان، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، **دووەمیان** میدیای نوێ، وەک ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی، ماڵپەڕی ئاژانســـەکان، تۆڕەکانی هەواڵ، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، ڕۆژنامەگەری هاوڵاتی، ژووڕە نوێیەکانی چات، ڕادیۆ، ئینتەرنیت تیڤی، ســـەتەلایت، کەناڵی ئاســـمانی (تاڵەبانی و ڕێشـــاوی، 2020: 19). هەرچەند دەوتریّت ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بۆ یەکەم جار لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٧٠ سەریهەڵداوە بەڵام لە ساڵانی نێوان ١٩٨٠ تا ١٩٩٠ یەکەمین ڕۆژنامە، کە بە شـــێوازی ئەلیکترۆنی لەســـەر هێڵی ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە ڕۆژنامەی (کۆلۆمبۆس دیســـپاتچ) بوو بەشـــێک لە پڕۆژەیەکی ئەزموونی نێوان کۆمپانیای (ئەسۆشێتد پرێس و کۆمپوزێرڤ)، دواتر بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد بە جۆرێ تا نزیک ســـاڵی ٢٠٠١ ژمارەی دەرچوونی ڕۆژنامە بە ئۆنلاین گەیشـــتە (٣٤٠٠) ڕۆژنامە لە جیهاندا (McCormick, 2023).

لە عێراق و بە تایبەتی کوردســـتان، ئەم گەشـــەســـەندن و پێشـــەکەوتنە لە تەکنۆلۆژیا و ناوەڕۆکی بواری میدیادا، ڕاگەیاندنی کوردی لێی بێبەریی نەبوو، بۆیە هاوشـــێوەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە جیهانیەکان ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکانیش دەرکەوتن لە بەر ئەوەی شـــێوازی بەرەوپێشـــچوونی کاری میدیای بەیەک ئاڕاســـتە گەشـــەیکردووە و ڕاگەیاندنی کوردیش توانی بەشـــێک بێت لەو گۆڕانکاری و پەرەســـەندنە جیهانییە، ســـەرهەڵدان و گەشـــەســـەندنی پێگە ئەلیکترۆنییەکان لە هەرێمی کوردســـتان دەگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی ئینتەرنێت بە تایبەتی لە کۆتایی نەوەدەکان کە بەشـــێوەیەکی فەرمی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، وە لە ســـلێمانی یەکەمین ناوەندی ئینتەرنێت بە ناوی (ســـەرچنار) دەمەزرا بەڵام لە ناوەندە حیزبی و حکومییەکاندا ســـاڵانێ لە پێشـــتر تۆڕی ئینتەرنێت بەکارهێنراوە (ئیبراهیم، 2020: 78-79). کاری میدیایی و ڕۆژنامەوانیش لە هەرێمی کوردســـتاندا خۆی گونجاند لەگەڵ ڕەوتی پێشـــەکەوتنی تەکنۆلۆژیادا بۆیە هەندێ لە ڕۆژنامەکان ماڵپەڕی ئەلیکترۆنییان دانا، لەســـەرەتا بەشـــێوەی ئەزموونیی ڕۆژنامەی کاغەزی (خەبات) لە ڕێکەوتی (١٩٩٦/١٠/١) یەکەم ژمارەی بەشـــێوازی ئەلیکترۆنی دەرچوو، دواتر ڕێکەوتی (١٩٩٧/١٠/١) دەســـتی کرد بە پەخشـــکردنی یەکەمین ژمارەی خۆی بە شـــێوەی (PDF) بە ناونیشـــانی (www.xebet.net) لە کاتێکا یەکەم ژمارەی دەرچوونی بەشـــێوازی کاغەز دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵی (١٩٥٩/٤/٤)، پاشـــان میدیای ئەلیکترۆنی ڕۆژنامەی (کوردســـتانی نوێ) لە مانگی (١٩٩٩/١٠) یەکەمین ژمارەی خۆی لە ســـەر پێگەی ئەلیکترۆنی(puk.org) بڵاوکردەوە، بەڵام پێشتر ڕۆژنامەیەک لە ساڵی (١٩٩٨) بە زمانی ڕوسی لە وڵاتی ڕوســـیا لە لایەن دکتۆر مەغدید ســـەپانەوە لە ژێر ناونیشـــانی (کوردســـتانی نوێ- Hobbin Kypnctah) بڵاوکرابۆوە، دواتر ڕۆژنـامەی (هەرێم) و گۆڤـاری (ســـیخورمە) بەڵام

مێژووی ســـەرهەڵدانی ڕۆژنـامە بەبێ چـاپی کـاغەز دەگەڕێتەوە بۆ (١٩٩٨/٨/١٣) کە تەنهـا ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی کوردیی بوو بە ناوی (کوردســـتان نێت) لە وڵاتی هۆڵەندا و دواتر یەکەم ڕۆژنامەی ئەهلی لە کوردســـتاندا بە ناوی (هاوڵاتی) لە ســـەرەتای مانگی (٢٠٠٠/٨)دا دەرچوو، (مستەفا، 2023، 60) و (تاڵەبانی و ڕێشاوی،2020: 87).

ئیدی لێرەوە میدیای کوری شـانبەشـانی نوێبوونەوە جیهانییەکان لە بواری میدیادا لە سـایەی پێشـکەوتنە خێراکانی تەکنۆلۆژیا هەنگاوی ناوە و هەوڵی داوە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ لێشـاوی زانیاری و گۆڕانکارییەکاندا، بە تایبەتی لە ســەرەتای ســەڵانی نەوەدەکان لە ســایەی ڕاپەڕینی شـۆڕشـی کورسـتان جۆرێک لە سـەربەخۆی وەرگرت و لە ژێر ڕکێف و سـانسـۆری میدیای دەســـەلاتی بەعســـدا هاتەت دەرەوە و لەگەڵ ســـەرهەڵدانی ئینتەرنێت و پێگە ئەلیکترۆنییەکاندا چەندین مـاڵپەڕی ئەلیکترۆنی کوردی دەرکەوت و بەکـارهێنەرانی کوردی لە خۆی کۆکردەوە، توانی دوانەکەوێت و تا ڕادەیەک ئازادی فەرەهم بوو بۆ تاک، کە بتوانێ کارلێکیان لەگەڵدا بکا لە کاتێکدا لە شـارەکانی تری عێراق تا دوای سـاڵی ٢٠٠٣ و ڕوخاندنی ڕژێمەکە کەس نەیدەتوانی سوود لە ئینتەرنێت و پێگەی ئەلیکترۆنی وەربگرێت جگە دەسەڵات خۆی.

2.2.4: تایبەتمەندییەکانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان

ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە جیهانییەکان و لە نێویشـــیاندا کوردییەکان وەک بەشـــێکی دانەبڕاو لە شـــۆڕشـــی دیجیتاڵیدا، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بنەڕەتین کە لە میدیای تەقلیدی جیایان دەکەنەوە و ناســـنامەیان پێکدەهێنن. ئەم تایبەتمەندییانە نەک هەر شـــێوازی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکیان گۆڕیوە، بەڵکو پەیوەندیی نێوان نێرەر و وەرگریشـیان لە بنەڕەتەوە داڕشـتووەتەوە. تێگەیشـتن لەم خەسـڵەتانە گرنگە بۆ هەڵسـەنگاندنی ڕۆڵ، کاریگەری، و ئەو ئـاڵنگـارییـانەی کە ڕووبەڕووی ئەم پلاتفۆرمـانە دەبنەوە، بەتـایبەت لە بواری پـاراســـتنی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەراندا. لەم چوارچێوەیەدا، گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانە دەخەینەڕوو کە شێوەی کارکردنی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانی پێ دەناسرێتەوە؛

تایبەتمەندیی کارلێککردنی: کارلێککردن (interactivity)؛ یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، کە ڕۆڵی گرنگ لە بەشـــداریپێکردنی وەرگر و فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری خێرای فیدباک دەگێڕێت (Clinton-Lisell et al., 2021). ئامڕازە تەکنۆلۆژییە زیرەکەکانی مۆبایل و ئـایپـاد؛ هۆکـاری کـارلێککردنی خێرای نێوان بەکـارهێنەر و بەرهەمهێنەری مـاڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانە بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی و گوزارشتکردن لە دید و تێڕوانینی ئازادانەی خودی. کەواتە کارلێک و فیدباکی خێرای بەکارهێنەر؛ دوو تایبەتمەندیی دیار وناوازەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانە، کە لە میدیای نەریتییدا نەبوو (McLachlan & Tippett, 2023).

– **تـایبەتمەنـدیی فرەمینبەریی:** ئـاوێزانبوونی فرەمینبەریی (multimedia integration)؛ تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشی دیکەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانە، کە مەبەست لێی کۆکردنەوەی ڕەگەزەکانی: دەق، دەنگ، وێنە، ڤیدیۆ و نمـایشـــکردنێتی لە قـاڵبێکی هونەریی یەک پەیـامـدا. مەڵتیمیدیا؛ ڕۆڵێکی گەورە و گرنگ لە نەخشـــەســـازیی ناوەڕۆکی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان دەگێڕیت. بەهۆی پێکەوەکارکردنی ڕەگەزە جۆراوجۆرارەکانی لە یەککاتدا؛ کارئاسانیی بۆ زووتر گەیشـتن و تێگەیشـتن لە پەیامەکان کردووە، کە ئەم تایبەتمەندییەش پێشـتر لە میدیای نەریتییدا نەبووە و نەبینراوە. (Liu, 2021). ئەوەیش وایکرد ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان پەرە بە جۆرەکانی دیکەی میدیای چاپکراو و پەخشـــکراو بدات و جیاوازیی تایبەتمەندییەکانی خۆیشـــی زیاتر بەدەربخات.

– **تـایبەتمەندیی دەسـتڕاگەیشـتن بە زانیاری:** تەکنۆلۆژیای پێشـکەوتووی دیجیتاڵیی لە ڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی وەک کۆمپیوتەر، تابلێت و مۆبایلی زیرەک؛ زیـاتر لەهەموویان تایبەتمەندیی دەســـتڕاگەیشـــتن بۆ هەموو جۆرێکی (Ubiquitous Access)ی پێگە ئەلیکترۆنییەکـان ڕەخســـاندووە. واتە بەکارهێنەر لەهەر شـــوێنێک بێت؛ لە ڕێگەی هێڵی ئینتەرنێتەوە دەتوانێت بە ناوەڕۆکی دیجیتاڵیی بگات و بەهۆی چەند سەکۆیەکی پەیوەندییکردنیشەوە بەربەستە جوگرافیی و ســـیاســـییەکان تێپەڕێنێت. ئەوەیش وایکردووە بە ئاســـانیی کارلێک لە نێوان بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەری ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا دروووســتبێت و خێراتر لە جاران ڕای گشـتیی لەســەر پرس و بابەتەکان بە ئاگا بهێنرێتەوە و بۆچوونی خۆی بخاتەڕوو (Kuyucu, 2021). ئەگەرچی دەستڕاگەیشتنی بەکارهێنەر بە زانیارییەکان لەهەموو شوێنێکدا؛ تایبەتمەندییەکی گرنگی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانە، لەبەرامبەردا مەترسییەکی ڕاستەقینەی وای دروووستکردووە کە کەس لە مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتیی خۆی دڵنیانەبێت.

– **تـایبەتمەندیی کەسیبوون :** مەبەست لە بە کەسییکردن (personalization)؛ دارشتنەوەی ناوەڕۆکە لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا، لەســـەر بنەمای مێژووی گەڕان، زانیاریی دیمۆگرافی، شـــوێنپێ، هەڵبژاردنی بەکارهێنەران و هەڵســـەنگاندن بۆ ئاســـتی کلیک کردن لە هەواڵ و جۆری ڤیدیۆ و ڕیکلامەکـان لەپێنـاو پێـداچوونەوە بە خزمەتگوزارییەکـان و دابینکردنی نـاوەڕۆکی دڵخواز و بەدەســتهێنانی زۆرترین ســەردانیکەردا (Hutmacher and Appel, 2023: 27-31). کۆکردنەوەی زانیاریی دیمۆگرافی و مێژووی گەڕانی بەکارهێنەر لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا تایبەتمەندییەکی گرنگە بۆ تێگەیشـتن لە پێداویسـتییەکانی بەکارهێنەر و دابینکردنی، بەڵام پرسـی پێشـێلکاریی بۆ سەر داتای کەسیی دەوروژێنێت، کە جێگەی نیگەرانییە.

– **تایبەتمەندیی نوێکردنەوەی زانیاری:** لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا، مەبەستە لە نوێکردنەوەی کاتی ڕاستەقینە (Real-Time Updates)؛ توانای دەستکارییکردن و نوێکردنەوەی ناوەڕۆکە، کە دەتوانرێت بەردەوام دەق تازەبکرێتەوە و چرکە بە چرکە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بن. لە کاتێکدا هەمیشە وەرگر چاوەڕێی دواین زانیارییەکانە؛ ئەم تایبەتمەندییەش سودی زۆری لە کاری میدیاییدا هەیە جگە لە نوێکردنەوە ڕێگە بە چاکسازیی و ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنووس دەدات، کە بەسەر ڕۆژنامەوانانداتێدەپەڕێت (Sherbina, 2023). هاوکات تایبەتمەندێتیی داڕشتن و دەستکارییکردن (editing) لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا؛ ڕێگە بە نوێکردنەوەی زانیاریی و ناوەڕۆکی هەواڵێک دەدات کە سوودی بێوێنەی بۆ ڕۆژنامەوانان هەیە. ئەم تایبەتمەندییەش لە میدیای نەریتیی و چاپکراودا ئەگەرچی زانیاریی نوێش بهاتایە نەدەکرا و دەزگەکە دەبووا لە هەواڵێکی نوێدا بڵاوییبکردایەتەوە.

– **تایبەتمەندیی کەمی تێچوو:** تایبەتمەندییەکی گرنگی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان؛ کاریگەریی تێچوون (cost-effectiveness) یاخود تێچووی کەمی بەرهەمهێنانە، کە لە چاو شێوازە نەریتییەکەدا، تێچوو، کاتی زیاتر و ستافی زۆرتری لە پڕۆسەی بەرهەمهێناندا پێویستبوو. بەتایبەت لە بابەتەکانی ڕیکلامی میدیای چاپکراو و پەخشکراو و تابلۆی بازرگانییدا، چونکە لە سەکۆ دیجیتاڵییەکاندا بەرهەمهێنان ئاسانترە. هاوکات لە ڕێگەی تایبەتمەندیی دیمۆگرافییەوە دەتوانن باشتر ئامانج بپێکن و لەگەڵییدا دەستبەجێ فیدباک وەربگرن. ئەوەیش بەهۆی کارلێکێکی خێراو پەیوەندیی بەردەوامی بەکارهێنەران لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەکەوە بە تێچوویەکی کەمتر و کوالیتییەکی بەرزتر (Okasha, 2023). هەڵبەت لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی میدیاییدا؛ تێچووی دارایی بابەتێکی سەرەکییە، چونکە دەزگە میدیاییەکان بەردەوام کێشەی نەبوونی پاڵپشتی داراییان هەیە، کە ناتوانن بەردەوامبن، هەربۆیە ئەو گرفتە لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا و بەهۆی کەمیی تێچوون تاڕادەیەک چارەسەرکراوە، بەڵام لەگەڵ خۆیدا گرفتی نادڵنیایی پاراستنی تایبەتمەندێتیی کەسیی هێناوە، کە پشت بە فرۆشتنی زانیاریی بەکارهێنەران دەبەستێت.

– **تایبەتمەندیی بەجیهانیبوون:** گەیشتن یاخود کرانەوە بەڕووی جیهان (global reach)دا و شکاندنی بەربەستە جوگرافیی و تەکنیکیی و سیاسییەکان؛ بەرهەمی پێشکەوتنەکانی تەکنیکیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانە و یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی؛ کە ڕۆڵی گەورە و گرنگیان لە دروستکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کارلێکی نێوان تاکەکان گێڕا و خزمەتێکی زۆریان بە کەرتی بازرگانیی کرد، تاوەکو بەشێوەیەکی بەرچاو بوژایەوە و بە فراوانبوونی سنووری بازرگانیی و قەتیسنەمانەوەی لە ناوچەیەکی جوگرافی بەرتەسک و ساغکردنەوەی بەرهەم بە شێوازیکی خێراو ئاسان هەلی گەیشتن بە بەکاربەری دەستەبەرکرد (Goodin, 2024). ئەگەرچی

تێپەڕاندنی سنووورەکان بەڕووی میدیا و بازرگانان؛ بەرهەمی شۆڕشی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانە، بەڵام بە کاڵاکردنی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەر و پێشێلکاریی بۆ سەر زانیارییە کەسییەکانی دیاردەیەکی مەترسیدارەو هیچ تاکێک لە ژینگەی دیجیتاڵییدا هەست بە پارێزراویی ناکات.

– **تایبەتمەندیی داتا و شیکاریی:** لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا؛ بۆ هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە ڕەفتاری بەکارهێنەر و ئاستی خزمەتگوزارییەکانی ناوەڕۆک؛ تایبەتمەندیی زانیاری و داتا و شیکاریی (data and analytics) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت (Al Adwan et al., 2023). ئەم تایبەتمەندییە؛ دەرفەتی بۆ کۆمپانیا بازرگانییەکان ڕەخساند تا سوود لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و سەکۆ نوێچەشنەکانی وەربگرن، چونکە خاوەنی داتایەکی کۆکراوەی زۆری بەکارهێنەرانن و ئەوەش دەبێتە سەرچاوەیەکی داهات و دارایی بۆ پاڵپشتی دەزگە میدیایەکان، کە خاوەنی ماڵپەڕن و زۆرترین سەردانیکەر و بەکارهێنەریان هەیە (Saura et al., 2021). ئەگەرچی شیکاری داتا ئاستی تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی ناوەڕۆک و ڕێژەی سەردانیکەر و بەکارهێنەر دیارییدەکات و حەز و ئارەزوویان بۆ بابەتە جۆراوجۆرەکان ئاشکرادەکات، بەڵام کۆکردنەوەی داتا و مامەڵەی فرۆشتن بە لایەنی سێیەم بەبێ مۆڵەت وەرگرتنی خاوەنەکەی؛ متمانەی سەکۆ دیجیتاڵییەکانی لاوازکردووە. ئەوەیش هۆکارە بۆ ئەوەی زۆر کەس مەرجەکانی سیاستی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکان ڕەتبکەنەوە، کە بە تەکنیکی کووکیز داوایان لێدەکرێت.

– **تایبەتمەندیی پەیوەندیی دووڵایەنە:** سنووری پەیوەندیی دووڵایەنە (Two-Way Communication) و پەرەسەندنی چالاکییەکانی نێوان نێرەر و وەرگر لەگەڵ فەراهەم کردنی کارلێکی بەهێزی دووڵایەنە؛ تایبەتمەندییەکی دیکەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانە (Ha, 2021). ئەم پەیوەندییە دووڵایەنەیە زیاتر ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بوونیادیناوە، کە کۆمپانیاکان لەڕێگەی ماڵپەڕەکانیانەوە هەلی بەشداریکردن ، گفتووگۆ و ناوەڕۆکی هاوبەش لەگەڵ خزمەتگوزاریی فیدباک، کە گرنگترین هۆکاری کارلێککردن دەڕەخسێنن (Girsang & Kartikawangi, 2021). کاتێک ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان؛ وەرگر دەکاتە بەکارهێنەر و بەرهەمهێنەری ناوەڕۆک، ئیتر کارلێک و پەیوەندیی بۆ بەشداریکردنیان دەرەخسێنێت. ئەم پێشکەوتنە دیجیتاڵییە؛ پەیوەندیی دووڵایەنەی نێوان وەرگر و نێرەری پەیامی میدیایی بەهێزتردەکات. هەڵبەت ئەگەرچی بنەمای ئەم پەیوەندییە لەسەر ڕادەستکردنی تایبەتمەندی کەسییە و کۆکردنەوەی زۆرترین قەبارەی داتا، سوتەمەنی بەردەوامی ئەم کارلێکەیە و پلانی بازرگانی دیجیتاڵیی لە پشتی ئەم تایبەتمەندییەوەیە کە زۆرجار بەکارهێنەر لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان سارد دەکاتەوە.

– **تایبەتمەندیی هاوبەشییکردنی کۆمەڵایەتیی:** تایبەتمەندییەکی دیکەی مالپەڕە ئەلیکترۆنییەکان؛ هاوبەشییکردنی کۆمەڵایەتیی (social sharing) تاک و ڕەخساندنی دەرفەتی بەشداربییکردنە لە گەیاندنی زانیاریی و داڕشتنەوەی ناوەڕۆکدا. هەڵبەت هاوبەشییکردنی تاک لە ناوەڕۆکی میدیای کۆمەڵایەتییدا؛ پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە خوێندەواریی دیجیتاڵیی (digital literacy)ەوە هەیە، کە ڕۆڵی لە پەرەسەندنی هۆشیاریی کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی بەکارهێنەر و ئاشنایەتی کولتووریی هەیە (Polanco & Salvo, 2022; Paiva & Quintas, 2024). هەڵبەت خێرا بڵاوبوونەوەی مالپەڕە ئەلیکترۆنییەکان؛ بەهۆی هەبوونی تایبەتمەندیی ناوازەوە بوو، لەوانە: ئاسانیی لە بەکارهێنان، پێکەوەبەستن و پەیوەندیی خێرا، بەجیهانییبوون، کارلێککردنی خێرا و کەمیی تێچوون، هاوبەشییکردن، گوزارشتکردن لەخوود، پاشخانکردن، کاتبەسەربردن و هەمەجۆریی (ڕەمەزان و حەمەئەمین، 2023).

ئەم تایبەتمەندێتییە هەمەجۆرانە لە مالپەڕە ئەلیکترۆنییە جیهانییەکاندا، هەڵبەت لەو نێوەندەدا مالپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەشێکی دابڕاونین لە بەشێکی زۆر لەو تایبەتمەندییانە، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ناوەڕۆکی فرەمینبەریی میدیا و ڕەگەزەکانی: دەق، دەنگ، وێنە و ڤیدیۆ پێکەوە، کە تاکی بەکارهێنەر خۆبەخشانە لە پشت بڵاوکردنەوەیەتی؛ ئاسانتر پەیامەکانی مالپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دەگەن و ئەوەیش تایبەتمەندییەکی ناوازەیە و بە تەواوەتیی سنووورەکانی میدیای نەریتیی تێپەڕاند، بەڵام لەگەڵ تەواوی گۆڕانکارییەکاندا مەترسیی و نیگەرانی بەکارهێنەر بووە پرسێکی گرنگ، کاتێک داتای کەسیی بەهای پەیداکرد و وەک کاڵا مامەڵەیان پێوەکرا و دەکرێت.

2.2.5: جۆرەکانی مالپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان

لەسەردەمی گەشەی بەردەوامی مالپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا؛ زۆرینەی دامەزراوەکانی کەرتی گشتیی و تایبەت مالپەڕێکی ئەلیکترۆنیی نوێنەرایەتیان دەکات. گرنگیی ئەو مالپەڕانە وایکردووە کەسی ئاسایی بیر لە دروستکردن و فراوانکردنی بکەنەوە، تاوەکو بیکەنە سەکۆی دەربڕین و نمایشکردنی چالاکییە جۆربەجۆرەکانیان. هەڵبەت مالپەڕەکان؛ خاڵی هاوبەشی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بەتایبەت لە ڕووی: ناوەڕۆکی پەیامەکان، ڕادەی پیشەییبوون، پێکهاتەی بەشەکان، جەماوەری مەبەستدار، دیزاین و گەیاندن. ئەوەی لێکیانجیادەکاتەوە؛ خاوەندارێتییە کە کاریگەریی و کاردانەوەی بەرچاوی لەسەر پلان، ستراتیژ، ئامانج و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکانی بەکارهێنەر و هاوبەشییکردنیان لە ژێر سایەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مالپەڕەکان هەیە. هەربۆیە لە ڕووی خاوەندارێتییەوە؛ مالپەڕەکان بۆ چەند جۆرێک جیاکراونەتەوە، لەوانە:

– **ماڵپەڕە فەرمییەکان:** لەژێر چاودێریی وردی لایەنە فەرمییەکانی وەک دامەزراوە حکوومیی و دەوڵەتیی و ڕێکخراوەکان و نێوەندە ئەکادیمییەکاندان و زۆرتر بۆ ئاشـــنابوون و ئاگاداربوونی چالاکییەکانیان بە وەرگر بەکاردەهێنرێن و کەمتر بیر لە قازانج دەکەنەوە (Noińska, 2020).

– **ماڵپەڕە تایبەتەکان:** ئەوانەن، کە سەرچاوەی داهات و داراییان لەلایەن حکوومەت و دەوڵەتەوە ناکرێن و بۆ ئامانجێکی دیارییکراو خزمەتگوزارییەکانیان پێشـکەشـدەکەن، زۆرتر کار لەســەر کۆکردنەوەی داتای بەکارهێنەر دەکەن و لەپێناو بەدەسـتهێنانی قازانجدا لەگەڵ لایەنی سـێیەمدا هاوبەشییپێدەکەن (Desai, 2019).

– **مـاڵپەڕە تەواوکـارییەکـان:** ئەو جۆرە مـاڵپەڕانە دەگرێتەوە، کە لە پـاڵ دامەزراوە میـدیـاییە نەریتییەکان لەوانە؛ نووســـراو، بیســـتراو، بینراو دا، ڕۆڵی تەواوکاریی دەبینن و ئامـانجیـان پـاڵپشـــتیی و بڕەودانە بە پێگە و نـاوبـانگی دامەزراوەکـانیـان و بە ســـەربەخۆیی نـاوەڕۆک بەرهەمنـاهێنن، بەڵکو دامەزراوەکـانیـان ئـارِاســـتەیـان دەکەن، لەوانە: مـاڵپەڕەکـانی چەنـاڵە ئاســـمانییەکانی ئەلجەزیرە، BBC, CNN ، کە جۆرێکە لەخۆگونجاندنی میدیای نەریتیی لەگەڵ ژینگەی دیجیتاڵییدا (Al-Quran, 2022).

– **مـاڵپەڕە تەواوەکـان:** "ئەو ڕۆژنـامە ئەلیکترۆنییـانەن، کە بوونی مـاددی و فیزیکییـان نییە و بەشـــێوەی کاغەزی لەســـەر شـــەقام بڵاونابنەوە، بەڵکو تەنها لە ڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێت بڵاو دەبنەوە و هەواڵ و بابەت وەک هونەرە هەمەجۆرە ڕۆژنامەوانییەکانی دیکە پێشـــکەشـــدەکەن." (ڕێشاوی و حسێن، 2023: 436).

– **ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەک نافەرمییەکان:** جۆرێکن کە زۆربەی کات لەلایەن تاک بەڕێوە دەبرێن، دەرفەتی تەواو بۆ بەکارهێنەر دەڕەخســـێنن کە بتوانێت نـاوەڕۆکی میـدیـایی بەرهەمبهێنن و بڵاوییبکەنەوە. لە سەرەتادا؛ بلۆگەکان وەک گۆڤاری ئۆنلاین بە ئەدگارێکی مەڵتیمیدیایی هۆکارێک بوون بۆ سەرهەڵدانی دیدگەی جیاواز، کە خزمەتگوزاریی کۆمێنت و شەیر و لایکی فەراهەمکرد و توانی کارلێک لەگەڵ وەرگردا دروستبکات (Tomášková, 2021: 386-389).

– **ماڵپەڕە بازرگانییەکان:** ئامانجی ئەم ماڵپەڕانە پەیوەندیی بازرگانییە لەگەڵ بەکاربەری بەرهەم و کاڵاکانی کۆمپانیاکاندا، بەڵام بە ستراتیژیکی ورد ئامانجەکانیان تێکەڵ بە ناوەڕۆکی میدیایی دەکەن، بە جۆرێک وەرگر هەست بکات خزمەتگوزاریی پێشکەشدەکرێت نەک مامەڵەی بازرگانیی (أبو شنب و سعد، 2016: 134 . Cornia et al., 2020).

– **ماڵپەڕە ڕێنوێنییکارەکان:** ناوەڕۆکی ئەم ماڵپەڕانە بابەتی زانستیی لەخۆدەگرن و لەلایەن ناوەندە ئەکادیمیی و پسپۆڕانی بوارە جیاوازەکان بەڕێوە دەبرێن کە زۆرتر پێگەی فێرکارییەن و ڕێنمایی و چالاکی زانستیی تێدا بڵاودەکرێتەوە (حسن،2020: 56-57).

– **ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان:** ئەمانە لە ئامڕازە نوێچەشنەکانی ژینگەی دیجیتاڵین، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێیدا بەهێزە و بەوە لە پێگەکانی تر جیادەکرێنەوە کە هەموو ئەو بابەت و بوارانەی بەکارهێنەر دەستێپێدەگات؛ دەتوانێت کۆمێنت و فیدباکی لەسەریان هەبێت و لەگەڵ هاوڕێ و کەسانی تردا هاوبەشییان پێبکات (أحمد،2019: 43).

– **ماڵپەڕەکانی خۆشباریی:** لەو پێگە ئەلیکترۆنییانە کە کار لەسەر پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێش و دەگمەن دەکەن، ئامانجیان چێژبەخشین و دروستکردنی کەشێکی ئارامە تا بەکارهێنەر بە ئاسوودەیی کاتەکانی تێدا بەسەربەرێت. هەروەک بەشێکیان میوزیک ، فلم و زنجیرە درامای دۆبلاژکراو نمایشدەکەن یان زۆرجار بۆ ڕازییکردنی سەردانیکەران و ڕاکێشانی سەرنجی زۆرترین بەکارهێنەر یارییە جیهانییەکان دەگوازنەوە (Shukla, 2023).

لە سەرچاوە کوردییەکانیشدا؛ جۆرەکانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بەم جۆرە پۆلێنکراوە لەوانە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی "بازرگانی، تەواوکارییەکان، کارلێکییەکان، تەواوەکان، کەسییەکان، حکومییەکان، ئەکادیمییەکان، کۆپی ئەلیکترۆنی ڕۆژنامە کاغەزییەکان، ئاینییەکان، وەرزشییەکان" (مستەفا،2023: 61-62) کەواتە؛ شێوازی پۆلێنکردن و ناونانی جۆرەکان لە نێوان سەرچاوە کوردی و جیهانییەکاندا جیاوازی ئەو تۆی نییە، لە کرۆکدا پێکهاتە و کارکردنی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونی هەمان ئەو ستاندارد و مۆدێلە جیهانییانەن. ئەم هاوتاییە تەنها لە ناوەڕۆکدا نییە، بەڵکو لە خودی جۆر و فەلسەفەی دامەزراندنیانەوە سەرچاوە دەگرێت.

2.3: پاژی سێیەم/سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و ڕەنگدانەوەی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا.

لە سەردەمی گەشەسەندنی بەردەوامی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە جیهانییەکان و هاوکات ماڵپەڕە کوردییەکان شانبەشانیان؛ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تێکشکاندنی بەربەستەکانی بەردەم زانیارییە کەسییەکان دەبنە مەترسییەکی ڕاستەقینە بۆ بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکان. مەترسییەکان بریتیین لە بەزاندنی مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتیی کەسەکان، چونکە زۆرجار زانیارییە کەسییەکان دەکەونە دەستێکی نەناسراوی نابەرپرسیار. لەلایەکی تر و لە ڕێگەی پێگە ئەلیکترۆنییەکانی زمانحاڵی حکوومەتەکانەوە؛ چاودێرییکردنی زانیارییە تایبەتییەکان بۆتە هەڕەشەیەکی بەردەوام لەسەر ژیانی تایبەتی هاوواڵتیان، بەتایبەت لە هەڵکوتانە سەر ماڵپەڕ و هەژمارەکانی ماڵی ڕەخنەگران و ڕۆژنامەوانان و نەهێشتنی جیاوازیی هزریی و لغاوکردنی مافی زانین و سنووردارکردنی ئازادییەکانی دەربڕین و ڕۆژنامەگەری (ئەیڤەس، 2020). لەو نێوەندەیشدا؛ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکان و پابەندبوون بە مەرج و ڕێنماییەکانی، دەبێتە پێویستیی و گرنگە هەریەک لە بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری پەیامی میدیایی پێوەی پابەندبن. بەتایبەت لە ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی بەکارهێنەر لەبارەی جۆر و چۆنێتی کۆکردنەوەی زانیارییە کەسییەکان و ئامانجەکانی بەکارهێنانی و هاوبەشییپێکردنی لەگەڵ لایەنی سێیەمدا (Brunotte et al. , 2022: 57-58).

هەڵبەت هەموو بەکارهێنەرێک؛ مافی خۆیەتی کۆنترۆڵی ڕادەی ڕەزامەندیی و ڕەتکردنەوەی لایەنی بەرامبەر بۆ دەستگەیشتن بە زانیارییەکانی لە دەستی خۆیدا بێت. ئەگەرچی چەمکی تایبەتمەندێتیی لە کولتوور و کۆمەڵگەی کوردییدا زۆر بە ناڕوونیی ناسێنراوە و مەرج نییە هەمووشتێک تایبەتمەندێتیی بێت، کە تاک بە مافی کەسیی خۆی بزانێت و بیپارێزێت، بەڵام گرنگە کۆدەنگییەکی کولتووریی لەسەر ڕەفتار و گوفتاری تایبەتمەندێتیی و ناتایبەتمەندێتیی کەسەکان هەبێت (Aivas, 2017). لەو ڕووەوە؛ ئەگەرچی زۆرینەیان بە مەبەست زاراوەی نامۆ و درێژدادڕیی لە ناوەڕۆکدا بەکاردەهێنن، بەڵام دەکرێت داڕشتی ڕوون و ڕاشکاوی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکان ڕۆڵێکی گرنگی لە زوو بەدەستهێنانی متمانەی بەکارهێنەران هەبێت (Luca et al., 2023: : 207-208).

پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا؛ سەرباری ئەوەی هۆکارێکە بۆ پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی تایبەتمەندێتیی کەسیی بەکارهێنەر لە ژینگەی دیجیتاڵیدا، بەڵام زۆرجار لایەنی بەرامبەریش هۆکارە لە دەستدرێژیی و هێرشی ئەلکترۆنیی بۆسەر تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکان (Sulaiman et al., 2022). لە ڕووی میدیاییەوە زۆر پرس و بابەت بە تایبەتمەندێتیی کەسەکان هەژمارناکرین، چونکە پەیوەندییان بە سوود و بەرژەوەندیی گشتییەوە هەیە و ڕۆژنامەوانان بە شیاوی بڵاوکردنەوەی دەزانن (ئەیڤەس، 2020). بەتایبەت کاتێک کەسایەتییەکان بۆ ئاسایی و

گشتیی و ناوداره‌کان پۆلێنده‌کرێن و به‌پێی یاسا به‌رکاره‌کانی هه‌رێمی کوردستان و عێراق ئه‌و زانیارییانه‌ی پەیوەندیی به ژیانی تایبه‌تیی که‌سه‌کانه‌وه هه‌یه، ئه‌گه‌ر ڕاستیش بن نابێت بڵاوبکرێنه‌وه. ڕۆژنامه‌وانان جیاوازیی له‌نێوان که‌سه‌کاندا ده‌که‌ن و وایده‌بینن، که‌سایه‌تییه ئاساییه‌کان، که هیچ به‌رپرسیارێتییه‌کیان نییه له‌گەڵ که‌سایه‌تییه گشتییه‌کانی وەک وەزیر و پەرله‌مانتاران یاخود که‌سایه‌تییه ناوداره‌کانی وەک ئەستێره‌کانی سینه‌ما و وەرزش دەبێت جیابکرێنه‌وه، چونکه تا پله‌ی به‌رپرسیارێتیی و ده‌رکه‌وتنی که‌سه‌کان زیاتربێت، ژیانی تایبه‌تییان به‌رته‌سکتر ده‌بێته‌وه. که‌واته تایبه‌تمه‌ندێتیی واتایه‌کی فراوانتری هه‌یه و هه‌ر به‌ته‌نیا له تایبه‌تمه‌ندێتیی زانیارییدا کورتناکرێته‌وه، به‌ڵکو بۆ تایبه‌تمه‌ندێتیی جوگرافیی، ته‌کنیکیی و ده‌روونیی درێژده‌بێته‌وه (Aivas, 2017).

له‌گەڵ خستنه‌گه‌ڕی ته‌کنیکی نوێ له ماڵپه‌ڕه ئه‌لیکترۆنییه‌کاندا؛ ئاڵه‌نگارییه‌کانی پاراستنی تایبه‌تمه‌ندێتیی زانیارییه‌کان له هه‌ڵکشاندایه، چونکه زانیاریی له‌م سه‌رده‌مه‌دا وەک هێزێکی گه‌وره ته‌ماشا ده‌کرێت و مامه‌ڵه‌ی له‌گه‌ڵدا ده‌کرێت، به‌جۆرێک ئه‌وه‌ی خاوەن زانیاریی بێت، خاوەن هێز و ده‌سه‌ڵاتیشه (Layode et al., 2024). له‌و ڕووه‌وه؛ به‌شێکی گرنگ له تایبه‌تمه‌ندێتیی زانیاریی پەیوەسته به ته‌ندروستی مرۆڤ و ده‌روونده‌روستییه‌وه، که زۆرجار له‌کاتی پشکنینی نه‌خۆش له نه‌خۆشخانه‌کاندا تۆماردەکرێن زۆرجار به‌شێک له‌و ماڵپه‌ڕانه‌ی نوێنه‌رایه‌تیی نۆڕینگه و نه‌خۆشخانه‌کانی که‌رتی گشتیی و تایبه‌ت ده‌که‌ن، به‌بێ وەرگرتنی ڕەزامه‌ندیی پێشوەخته‌ی نه‌خۆش، زانیاریی له‌باره‌ی ناو و ناونیشانی نه‌خۆشییه‌کانیان له‌گەڵ لایه‌نی سێیه‌مدا هاوبه‌شیی پێده‌که‌ن، چونکه بازرگانانی ده‌رمان زۆرجار پێویستییان به زانیاریی ورده بۆ ساغکردنه‌وه‌ی به‌رهه‌مه‌کانیان و بازاڕسازیی بۆ جۆر و چۆنێتی به‌کارهێنانیان (McCoy et al: 2024). بۆ سنووردارکردنی به‌شێک له‌و ئاڵه‌نگاریانه؛ له ساڵی 2002دا سه‌کۆیه‌ک بۆ پڕۆژه‌ی هه‌ڵبژارده‌کانی پاراستنی تایبه‌تمه‌ندێتیی (P3P) خرایه‌ڕوو به‌ئامانجی زانینی ڕاده‌ی پابه‌ندبوونی ماڵپه‌ڕه‌کان به پاراستنی تایبه‌تمه‌ندێتیی به‌کارهێنه‌ران و خستنه‌ڕووی له به‌ڵگه‌نامه‌یه‌کدا بۆ خوێنه‌ر به‌ر له ده‌ستگه‌یشتن به زانیاریی‌یه‌کانی. مه‌به‌ست له‌وه‌یش؛ هه‌ر سیاسه‌تی تایبه‌تمه‌ندێتیی ئێستای ماڵپه‌ڕه‌کان بوو، چونکه ماڵپه‌ڕه‌کان ناچارده‌کات به ڕوونیی ئامانجیان له کۆکردنه‌وه‌ی زانیاریی‌یه‌کان بخه‌نه‌ڕوو تا به‌کارهێنه‌ر تێبگه‌ن له‌وه‌ی تایبه‌تمه‌ندییه‌کانیان چۆن مامه‌ڵه‌یان له‌گه‌ڵدا ده‌کرێت (Adams et al., 2020). که‌واته هه‌ر ماڵپه‌ڕێک به‌پێی جۆری ناوه‌ڕۆکه‌که‌ی؛ ئه‌رک و به‌رپرسیارێتی جیاوازی هه‌یه و پێویسته له دارشتنی سیاسه‌تی تایبه‌تمه‌ندێتیی ماڵپه‌ڕه‌که‌یدا ڕەنگبداته‌وه. ده‌کرێت ڕەنگدانه‌وه‌که‌ش دابه‌شبکرێت بۆ دوو جۆری سه‌ره‌کی له‌وانه:

2.3.1: ڕەنگدانەوە ئەڕێنییەکان

– لە پەرەپێدان و پتەوکردنی پەیوەندییەکاندا؛ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی ئەڕێنیی بینی، چونکە بەهۆی ئاسانیی مامەڵە و هەرزانیی نرخی تەکنۆلۆژیای پەیوەندییکردن زۆر بەخێرایی بەکارهێنەرێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە، ئەوەیش هۆکارێکی کاریگەربوو لە پەیوەندییکردن، نزیکخستنەوە و پێکەوەبەستنەوەی تاکەکان بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی و گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیان لەسەرانسەری جیهاندا (Gupta, 2024).

– دووەم: لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی دا؛ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان ڕۆڵێکی ئەڕێنیی گێڕا، چونکە وەک گەنجینەیەکی گەورەی زانیاریی کاردەکات بەخێرایی وەڵامی خواستی بەکارهێنەران دەداتەوە و گۆڕانکارییە جیهانییەکان دەگوازێتەوە و خزمەتگوزارییەکانی وەک: هەواڵ و بابەتی فێرکاریی بە زمانە جیاوازەکان فەراهەمدەکات (Contreras et al., 2023: 89-99). لەوبارەوە؛ توێژینەوەکان جەخت لەسەر ڕۆڵی کاریگەری ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستییدا دەکەن، بەتایبەت لە سەروبەندی پەتای جیهانیی کۆڤید-19دا کە وەک سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریی و هۆکارێک بۆ کەمکردنەوەی گوشارە دەروونییەکان پشتپێبەستڕا (Marciano et al., 2022, Qaradakhi & Aivas, 2020). ئەگەرچی دەستگەیشتن بە زانیاریی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا؛ هێند فراوان و فرەجۆر بوو سنوورەکانی بەکارهێنەرانی تێپەڕاند، بەڵام لەگەڵ خۆیدا زانیاری شێوێنراو و بێ سەرچاوە و هەواڵی ساختەی هێنا، کە هێندەی خزمەتگوزارییەکانی، دڵەڕاوکێ، گومان و واتەواتی لێکەوتەوە. وایلێهات هەر بەتەنیا بەکارهێنەر نەبوو، کە بە ئاسانیی دەستی بە زانیاریی دەگەیشت، بەڵکو ماڵپەڕ و سەکۆ جیاوازەکانیش کەوتنە پەلاماردانی مافی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەر و خراپبەکارهێنانی زانیارییە کەسییەکانیان لە قازانجی خۆیاندا.

– سێیەم: ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و تەکنیکی نوێی لە داهێنانەکانی پەروەردەدا؛ بووە هۆی گۆڕانکاریی ئەڕێنیی لە ڕەخساندنی دەرفەتی نوێی فێربوون و فێرکردن، لە ڕێگەی کتێبخانەی ئەلیکترۆنیی و وانەوتنەوەی ئەلکترۆنیی بۆ فێرخوازان (Choi-Lundberg et al., 2023: 135). لەوبارەوە؛ توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن لە پڕۆسەی خوێندن و کاریگەرییەکانی لەسەر خوێندنی بەرایی و باڵا ، زیادکردنی زانیاریی و ڕۆشنبیریی گشتییدا؛ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بووەتە جێی ڕەزامەندیی خوێندکاران (Al-rahmi et al., 2023: 5-6). هاوکات خزمەتێکی گەورەی بە سیستەمی پەروەردە و ڕۆڵی لە فێرکردن و هۆشیارییدا بینی.

– **چوارەم: ڕەخســـــاندنی دەرفەتی بـازرگـانیی؛** بە لێکەوتەیەکی ئەرێنیی دیکەی مـاڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و ژینگەی کارکردنی دادەنرێت، کە توانی شـێوازە هاوچەرخەکانی بازرگانیی و مۆدێلەکانی پاڵپشتی دارایی دابهێنێت و هانی خاوەنکارەکان بدات، ماڵپەڕەکان بۆ بازاڕسازیی و پەیوەندییکردن بە کڕیارەوە بەکاربهێنن و هەلی کارکردنی جیاواز بۆ تاکەکان بڕەخســـێنێت، کە بە کەمترین ســـەرمایە (Annisya et al., 2023:147). ئەم مۆدێلە بازرگانییە نوێیەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان؛ هەلی کاری زیاتری ڕەخساندووە و لەســەر بنەمای باشـترین خزمەتگوزاریی، کێبەڕکێی چڕکردوەتەوە (Van & Tuyết, 2023). هـاوکـات مـاڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکـان و کاریگەرییەکانی؛ ئابووریـیەکی جیهانیی ئاڵۆز و پێکەوەبەســتراوی خێرای دروســتکرد، کە بووە هۆی گەشەسەندنی بەرهەم، زیادکردنی خواست و خێراکردنی بەرچاوی پڕۆسەی ساغکردنەوە (Härting et al., 2020). هەروەها بازاڕســـازی ئەلیکترۆنیی داهێنا و کارئاســـانیی بۆ کڕیار و فرۆشـیار کرد و مامەڵەی ڕۆتینیی ڕووبەڕووی بازاڕی بۆ مامەڵەی ســـەر شـــاشـــەی ئامێری زیرەک گۆڕی. خاوەن بەرهەمەکان لە سـەکۆ جیاوازەکاندا؛ نمایشـی کاڵاکانیان دەکرد و بە یەک کلیک پیداویســـتییەکانیان دەســـتەخســـت و ناچارنەدەبوون بە فیزیکیی بچنە گۆڕەپانی بازاڕە جەنجاڵەکان. ئەگەرچی ئەو بازاڕانە گرنگی خۆیان لە دەســـتنەدا و مانەوە، چونکە بازاڕکردن لە دیـدی تەواوی گەلاندا، هـەم بەشـــێکە لە کولتووری نەتەوەیی، هـەم بۆ چێژوەرگرتن و کڕینی پێداویستییەکانە.

2.3.2: ڕەنگدانەوە نەرێنییەکان

– لەگەڵ ســـەرهەڵدانی مـاڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکـان و ئـالودەبوونی لەڕادەبەدەری بەکارهێنەران پێوەی؛ لێکەوتەی نەرێنیی تەنـدروســـتیی لێکەوتەوە، کە دیـارترینیـان خۆی لە دڵەڕاوکێ، خەمۆکیی و تێکچوونی کاتی خەو دەبینێتەوە. هاوکات کارلێکی زیاد لە پێویســـت لەگەڵ ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و لێشـاوی زانیاریی بێ فلتەرو وێنەی نەشـیاوی ڕوداوەکان و ڕەچاونەکردنی ئاســـتی تەمەن؛ بووە هۆکارێکی زەقی نائـارامیی و تێکچوونی لایەنی دەروونیی بەکارهێنەر (Yamini & Pujar, 2022: 76-80). هۆکـاری بەشـــێکی زۆر لە نـائـارامییە دەروونییەکـانی بەکارهێنەران؛ بۆ زیاد ســـەقاڵبوون بە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان و کاریگەری هەواڵی نەرێنیی بەردەوام، کۆمێنت و فیدباکی خراپی بەشداران و بەراوردکردنی جیاوازی ژیانی خەڵک بە ژیانی خۆی دەگەڕێتەوە (Moroney et al., 2022). هەڵبەت زیادەڕۆیی لە کاتبەسەربردن لە بەکارهێنانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، تێکچوونی سیستەمی خەو، خۆراک و تەمەڵیی جەستەیی لێدەکەوێتەوە. ئەوەیش گەورەترین مەترســـییە بۆ تەندروســـتیی مرۆڤ؛ بە تایبەت ســـەرهەڵدانی کێشـــەی دەروونیی و گۆشەگیریی لەنێو بەکارهێنەرانی منداڵ و هەرزەکار (Uddin & Hasan, 2023).

– گێچەڵێکردن یان شـــکاندنی ســـنووری تایبەتمەندێتییەکانی تاک و بە کاڵاکردنی زانیارییە کەســـییەکان؛ یەکێکە لە دیاردە مەترســـییدارەکانی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان، کە بەکارهێنەرانی تووشـــی نیگەرانی کرد. بەتـایبەت کـاتێک پەی بەوە برا، کە کۆمپـانیـاکـان پێشـــێلی مـافی تایبەتمەندێتیی تاک دەکەن و لە پێناو قازانجدا دەیفرۆشـــنەوە (Alkire et al., 2019: 57-72). جگەلە کۆمپـانیـاکـان؛ زۆرێـک لە حکومەتەکـان بەبێ ئـاگـاداریی و ڕەزامەنـدیی بەکـارهێنەران کۆنترۆڵی داتای تایبەتمەندییە کەســـییەکان بۆ مەبەســـتی جیاواز دەکەن و دەیخەنە خزمەتی خۆیـان. ئەوەیش لەکـاتێکـدایە، کە ئەرکی دەوڵەت دابینکردنی دڵنیـاییە بۆ پـاراســـتن، نەک هەڕەشـەیەک بێت بۆ پێشـێلکاریی مافی مرۆڤ و بازرگانییکردن بە تایبەتمەندێتییە کەسـییەکان، کە ڕوخســـاری ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان بۆ کۆگایەکی کۆکەرەوەی زانیاریی نرخدار گۆڕیووە (Sangiovanni, 2019: 212-216). ئەوەیش وایکردووە؛ پاراســـتنی مافی تایبەتمەندێتیی لەنێو ژینگەی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا ببێتە ئەرکێکی قووڕس، چونکە زۆریی هێرشبەران و خواستی زۆر لەسەر کڕینی داتای بەکارهێنەران، وایکردووە هیچ واتایەک بۆ ژیانی کەسەکان و پاراستنی ئاسایشی داتاکانیان نەمێنێتەوە.

– زۆربـارکردنی زانیـاریی (Information Overload)؛ لێکەوتەیەکی نەرێنیی دیکەی مـاڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکـانە، کە خۆی لە بەڵێشـــاو پێشـــکەشـــکردنی زانیـاریی و گواســـتنەوەی بۆ هاوبەشـــییپێکردنی بێمۆڵەت دەگەڕێتەوە (المنصـــوری،:2020 97–101). ئەوەیش بووەتە هۆی هەڵئاوسانی زانیاریی و گومانکردن لە ڕاستیی هەواڵ و دڕووستیی سەرچاوەکەی و لێکەوتەی خراپی کۆمەڵایەتیی (خیری، :2023 384–388). نەبوونی فلتەر و ڕەچاونەکردنی ئاســـتی تەمەن لەگەڵ زۆر بارکردنی زانیاریی؛ بەرکەوتنی منداڵی خوار تەمەنی یاســـایی بە ناوەڕۆکی خراپ و مەترسـیدار زۆر کردووە. ئەوەش سـەری بۆ تاوانە ئەلیکترۆنییەکان و ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتاری ڕۆژانەی مرۆڤـدا ڕاکێشـــاوە (Garitaonandia et al., 2020. Mailin et al., 2021:126). لەو نێوەندەیشـدا؛ هەڕەشـەکانی پێشـێلکاریی دیجیتاڵیی لە نموونەی هاککردن و شـکاندنی سـنووری تایبەتمەندێتیی بووەتە ئەدگارێکی دیاری ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان کە زۆرجار بەکارهێنەر وەک پێویست ئاگادارنییە لەوەی چی لە پشت خستنەڕووی ئەو هەموو زانیارییەوە دەگوزەرێت.

لەو نێوەندەشـــدا تـاکی بەکـارهێنەری کورد کـاتێ ســـەردانی مـاڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکـان دەکەن بێبەشـــنین لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم لایەنە نەرێنییـانە، بە تـایبەتی لەو هێرش و پێشـــێلکارییەی دەکرێتە ســـەر زانیاری تایبەتمەندێتیی کەســـییان، ســـەرباری ئەوەی هۆشـیاری پێوسـیتیان نییە لە پاراسـتنی تایبەتمەندێتییان لەبەرامبەریشـدا زۆربەی ماڵپەڕەکان ئەمە بە دەرفەت دەزانن و بەنهێنی زانیارییەکان کۆدەکەنەوە بێ ئەوەی ڕەزامەندی خاوەنەکەی وەربگرن کە ئەمەش کارێکی نایاسایی و نا پیشەییە.

بەشی سێیەم:

کردەنینامەی تـوێژینەوە

(پراکتیکنـامە)

پـارٽی یەکـەم

ئەنجامی شیکاری تـوێژینەوەکە

پـارٽی دووەم

ئەنجامی مەیدانی تـوێژینەوەکە

بەشی سێیەم/کردەنیشانەی تۆژینەوەکە

تۆژینەوەی چۆنێتی؛ شـێوازێکی بڕواپێکراوی زانسـتیی سـەلمێنراوە، کە بۆ تێگەیشـتنی وردتر لە دیاردە مرۆیی، کۆمەڵایەتییەکان ، هەڵسـەنگاندنی ڕەفتار و لێکدانەوەی ئەزموون و بۆچوونە جیاوازەکان، پشت بە لۆژیک دەبەستێت (Fitria, 2024: 8) "ئەم مۆدێلە لەسـەر بنەمای سروشتی زانیارییەکان دانراوە و بریتییە لەو زانیارییانەی لە کاتی ئەنجامدانی تۆژینەوەکاندا لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئـامڕازی جۆراوجۆرەوە کۆدەکرێتەوە لەوانە،(سـەرچـاوەکـان، تێبینیکردن، چاوپێکەوتن)." (ڕێشاوی و تاڵەبانی، 2023: 36). کەواتە چۆنێتی؛ شێوازێکی تۆژینەوەی زانستیی بڕواپێکراوە کە بۆ تێگەیشـتن لە ئەزموون ، بیرکردنەوە و هەڵسـوکەوت، لەڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاریی و داتای ناژمارەیی پشتیپێدەبەسرێت (Denny & Weckesser, 2018: 369) مەبەست لە داتای ناژمـارەیی و بوونی ئـامـار چەند کەرەسـتەیەکی خـاوی تۆژینەوە دەگرێتەوە، لەوانە: تۆماری دەنگیی و ڤیدیۆیی، وێنە و نووسـین (McLeod, 2023; Willging & Shattuck, 2024). هاوکات چاوپێکەوتنی چڕ، فۆکەس گرووپ، تۆژینەوەی حاڵەت، تێبینییکردن و شـیکردنەوەی ناوەڕۆک؛ لە دیارترین ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی داتای شـێوازی چۆنێتی تۆژینەوەی زانسـتیین کە تۆژەر، خۆی تیـایـدا دەبێتە ئـامڕازی سـەرەکیی کۆکردنەوەی زانیـاریـیەکـانی مشـتەی تـۆژینـەوەکەی (Willging & Shattuck, 2024; Adosi, 2020; Aspers & Corte, 2019).لەم تۆژینەوەیەدا، تۆژەر؛ پشـتی بە دوو ئامڕازی سـەرەکی بەسـتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەوانە:

یەکەم: شیکردنەوەی ناوەڕۆک

لە شـێوازی تۆژینەوەی چۆنێتی دا؛ یەکێک لە ئامڕازە گرنگەکانی دەسـتخسـتنی زانیاری بریتییە؛ لە شـیکردنەوەی ناوەڕۆک (content analysis) کە بۆ ناخشـیکاریی"دەق، نامە، بەڵگەنامە، سـەرچاوە نووسـراوەکان و تۆمارە فەرمییەکان" پشـتی پێدەبەسـرێت. ئەم ڕێکارییە ئەکادیمییە زانستییە؛ وەک ئامڕازێکی متمانەپێکراوی گرنگ بۆ تێگەیشتن و گەیشتن بە ئەنجامی سـەلمێنراو لە تۆژینەوەی میدیایی و وەسـفکردنی ناوەڕۆکی بەرهەمی میدیایی سـەیر دەکرێت (Oranga & Matere, 2023: 7 ; Mohajan, 2018: -17-21). واتە ئامڕازێکی متمانەپێکراوە؛ بۆ شـیکردنەوە و وەسـفکردنی چۆنێتی دیوی نادیار و شـارەوەی ئەو زانیارییانەی تۆژینەوە کە پێویسـتیـان بە تێگەیشـتن و لێکـدانەوەی وردتر هەیە. بەتـایبەت لە ڕێگەی پۆلێنکردن و شـیکردنەوەی ناوەڕۆکی دەقی نوسـراو یان زارەکیی بەشـێوەکانی: شـیکردنەوەی ناوەڕۆکی پوختە، شـیکردنەوەی ناوەڕۆکی چۆنایەتیی ئاسـایی، شـیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕاسـتەوخۆ کە تۆژەر بەپێی ئاستی گونجاندنی لەگەڵ بابەتی دیارییکراودا، بڕیار لەسـەر بەکارهێنانی یەکێکیان

دەدات (Shava et al., 2021: 553). لەم ڕێکارییەدا؛ زیاتر تیشـــک دەخرێتەســـەر پەیوەندییە واتاییەکان، نەک بڕ و ژمارەی وشـەکان. واتە تێگەیشـتن لە واتای دیار و نادیاری دەقەکان بۆی گرنگە، نەک ڕێژەی سـەدیی وشـەکان. هەربۆیە دەرئەنجامی بەدەستهاتوو؛ ئاماڕێکی وەسفییە بە ڕێژەی سـەدیی و خشـتەی یەکتربڕ، نەک ڕێژەیەکی جێگیر. هەڵبەت ئەم ڕێکارە؛ دڕووسـترین ئـامڕازی کۆکردنەوەی زانیـارییە، چونکە لە توانـایـدایە بە شـــێوازێکی ڕێکخراو بـابەتەکـان شـیبکاتەوە و بە وردیی تێگەیشـتن لە واتای ڕاسـتەقینەی شـاراوەی پشـتی وشـەکان بخاتەڕوو (Gheyle &Jacobs, 2017; Jamil & Ahmad, 2024: 344). ناخشـــیکاریشـــی؛ پێدەوترێت، لێکۆڵینەوەی بەڵگەنـامە کە ئـامـاژەیە بۆ پێداچوونەوەی وردی توێژەر؛ بە بـابەت و بەڵگەنـامە نوســراوەکان، لەوانە: بەڵگەنامەی کەســیی و فەرمیی، ئەرشــیفی مێژوویی، لەگەڵ دەقی نامە و مەرج و ڕێنمایی و ڕاپۆرتی هەمەجۆردا (Busetto et al., 2020). شـــیکردنەوەی ناوەڕۆک و ڕێکارە زانســتییەکانی ئامادەکردنی؛ جۆراوجۆرن، لەوانە: "وشــە، بیرۆکە، شــوێن، کات، بابەت، کەســێتی" کە یەکەکانی شـیکاری ناوەرۆک-یش پێکدێنن و مەبەسـت لە دەسـتەکانی شـیکاری ناوەڕۆک؛ ئەوەیە کە لە دەقەکاندا "چی وتراوە" و "چۆن وتراوە" (بڕوانە پاشـــکۆی ٢). هەڵبەت شـــیکاری ناوەڕۆک بەپێی دیاریکردنی یەکەی شـــیکاریی؛ بەســـەر دەســـتەکانی ڕوالەتیی و ناوەڕۆکیی دابەشدەبێت. بۆ ئەم ڕێکارییەش؛ پشت بە چەند هەنگاوێکی ڕێزبەندکراو دەبەسترێت، (Sandhiya & Bhuvaneswari, 2025: 291-304 ؛ ڕێشـــاوی و تاڵەبانی، 2023: 68-70) کەواتە ئامانجی شـــیکردنەوەی ناوەڕۆک، تێگەیشـــتنە لە وشـــە و بۆچوونەکان تاوەکو دواتر بتوانرێت کۆدبکرێن و لەڕێگەی گرتنەبەری چەند هەنگاوێکەوە گشـــتاندنییان بۆ بکرێت، لەوانە: کۆدکردنی داتا و ڕێکخســتنی بە مەبەســتی پوختکردنەوەی و وەســفکردنی، لێکدانەوەی ورد و تێگەیشـــتن لە مەبەســـتی دەربڕینی وشـــەکان، خســـتنەڕووی ئەنجامی کۆتایی ئەو بابەتەی، توێژینەوەکەی لەسەردەکرێت (US Department of Health & Human Services, 2016).

پشتبەست بەم ئامڕازی شیکارییە لەم توێژینەوەیەدا؛ بە ئامانجی شیکردنەوەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ئەو ماڵپەڕە کوردییانەی، کە وەک مشـتەی توێژینەوەکە دەسـتنیشـانکراون، کە تەنیا (٥)دانەیان خاوەنی دەقی نووسراوی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیین کە بریتین لە؛ "ڕووداو، کوردستان24، 964، چەناڵ8، سبەی" (بڕوانە خشتەی ژمارە ١) بۆ ناسین و زانیاری دەربارە ئەم ماڵپەڕانە.

خشتەی ژمارە (١) ئەو ماڵپەڕە کوردییانەی ئاماژەیان بە ناوەڕۆکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی داوە				
ژ	ناوی ماڵپەڕە کوردییەکان	کاتی سەردانکردن	سنووری جوگرافی	بەستەری ماڵپەڕە کوردییەکان
1	ڕووداو	2024/12/5	هەولێر	https://rudaw.net
2	کوردستان24	2024/12/5	هەولێر	https://kurdistan24.net/ckb
3	964	2024/12/5	هەولێر	https://964.krd
4	کەناڵ8	2024/12/5	سلێمانی	https://channel8.com/kurdish
5	سبەی	2024/12/5	سلێمانی	https://sbey.net

یەکەم: ماڵپەڕی ڕووداو: بەشێکە لە دامەزراوەی میدیایی ڕووداو، کە بارەگەی سەرەکیی دەکەوێتە نێوەندی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و نووسینگەی لە چەند وڵاتێکی خۆرئاوا ، ئەوروپا و ئاسیادا هەیە. لە 14ی ئایاری 2013دا؛ وەک پۆرتاڵ-ێکی بەرفراوان نوێکراوەتەوە و بووە بە بەشێکی سەرەکیی تۆڕی میدیایی ڕووداو کە لە نیسانی 2008ەوە دەستی بە کارکردووە. بە زمانەکانی: کوردیی (کرمانجیی سەروو و خواروو)، ئینگلیزیی، عەرەبیی و تورکیی بەرهەمە میدیاییەکانی بڵاو دەکاتەوە.



هەر بەو زمانانە؛ بۆ یەکەمینجار ئەپلیکەیشنی ڕووداو بۆ سەر ئامێری زیرەکی مۆبایل و تابلێتەکان فەراهەمکرا. ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی ئەم میدیایە؛ هەواڵییە و بەرهەمەکانی بەشێوازی نووسراو، بینراو و بیستراو بڵاو دەکاتەوە. (بڕوانە ماڵپەڕی ڕووداو).

دووەم: ماڵپەڕی کوردستان24: بەشێکە لە دامەزراوەی کوردستان24 بۆ توێژینەوە و راگەیاندن، "وەک نێوەندێکی میدیایی هەمەجۆر بەشێوەیەکی دڕووست و بابەتیانە و بە پێی پەرەنسیپی "بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی"، ئەرکە پیشەییەکانی بەرامبەر (نیشتمان، تاکەکانی کۆمەڵگە، ئازادیە کەسییەکان) بەجێدەگەیەنێت."



لە ڕێگەی تۆڕێکی میدیایی ڕێکخراو: ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، ویبسایت بە زمانەکانی کوردیی (بە هەردوو شێوەزاری کرمانجیی و سۆرانیی)، ئینگلیزیی، عەرەبیی، تورکیی و فارسیی کار لەسەر گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریی بۆ وەرگرانی کوردزمان لە کوردستان و ناوچەکە و تەواوی جیهان دەکات. خاوەنی تۆڕێکی فراوانی پەیامنێرانە لە ناوخۆی کوردستان و بەشێک لە وڵاتانی دونیا، بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتانە دەکات کە بۆ کورد جێگەی بایەخە. بانگەشەی ئەوە دەکات کە بە ڕوخسارێکی میدیایی نوێوە کاردەکات و بەپێی ستاندارد نوێ باوەکان، ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانیی پراکتیزە دەکات (بڕوانە ماڵپەڕی کوردستان24).

سێیەم: ماڵپەڕی 964: میدیایەکی دیجیتاڵیی کوردیی عێراقییە، بە بیرو هزری کەسانی خاوەن ئەزموون و هێزو بازوو بزێویی گەنجانی بەهرەمەند و لێوەشاوە دامەزراوە، بۆ خۆژیاندن پشت بە وەبەرهێنە نیشتمانییەکان دەبەستێت، بەڵام بەو مەرجەی هیچ کۆت و بەندێک بەسەر کارو پەیامەکەیان نەسەپێنن.



لە ماڵپەڕەکە دا؛ بە زمانەکانی: کوردیی، عەرەبیی، ئینگلیزیی هەواڵ و زانیاریی لەسەر ڕووداوەکان ڕوومااڵ دەکەن.


دامەزراوەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کار لە سەر گواستنەوەی پێشهات و دۆسیە و ڕووداوە گەرموگوڕەکانی ڕۆژ دەکات، سەرەڕایی ڕوومااڵی هەواڵی ناوخۆی کوردستان و عێراق و

دراوسێکان. هاوکات کار لەسەر گەیاندنی زانیاریی دەربارەی دیاردە و گۆڕانکارییە جیهانییەکانی وەک گۆڕانی کەشوهەواو ئاڵانگارییەکانی بازاڕ دەکات و گرنگیی بەو ناوەڕۆکە سوودبەخشانە دەدات کە جێگەی ڕەزامەندی وەرگرانێتی (بڕوانە ماڵپەڕی 964).

چوارەم: ماڵپەڕی چەنال8: بەشێکە لە دامەزراوەیەکی میدیایی چەنال8، لە ساڵی 2023دا لە هەرێمی کوردستان دامەزراوە و ناوەندی سەرەکیی کەناڵەکە لە شاری سلێمانییە. "تۆ شایەنی ڕاستیت"؛ دڕووشمی دامەزراوەکەیە و بە زمانەکانی: کوردیی (ناوەند و کرمانجی سەروو)، ئینگلیزیی، عەرەبیی، تورکیی و فارسیی بەرهەمی ڕۆژنامەوانیی پێشکەشدەکات. بۆ ڕوومالّکردنی هەواڵ؛ دوور لە هەموو سنووربەندێکی سیاسیی و ئایینیی و جوگرافیی کاردەکات و پابەندبوون بەڕاستگۆیی لە گێڕانەوە و گەیاندن بە ئەرکی خۆی دەزانێت. بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەنگ بە بێدەنگەکان دەبەخشێتەوە و چیرۆکی نەگێڕدراوەی ئەوانیتر بە گوێی جیهاندا دەدات و بە میژوویەکی پڕ شکۆمەندییەوە و بە ئامانجی ژیانێک کە دەکرێت باشتربێت داهاتوویەک دەکرێت گەشتربێت سنووڕەکان دەبڕێت. تێڕوانینی کەنال8 وایە کە هەواڵ تەنیا ڕێگەیەک نییە بۆ زانین، بەڵکو گوڕ و پاڵنەرێکە بۆ گۆڕانکاریی (بڕوانە ماڵپەڕی چەنال8).



پێنجەم: ماڵپەڕی سبەی: میدیایەکی دیجیتاڵیی هاوچەرخە، کار بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریی دەربارەی ڕووداوە ناوخۆیی و جیهانییەکان. بانگەشەی ئەوە دەکات ڕەچاوی ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانیی دەکات و لە ڕوومالّکردنی هیچ هەواڵێکدا پەلەناکات، تا لە ڕاست و دروستیی زانیارییەکان دڵنیادەبێتەوە. تێڕوانینێکی جیاوازی بۆ زانیاریی هەیە و پێیوایە



دەستخستنی زانیاریی لە سەردەمی ئەمڕۆدا کارێکی زەحمەت نییە، بەڵکو ئەوەی سەختە تێگەیشتنە لە ڕووداوەکان و ڕاستگۆیی سەرچاوەی زانیارییەکان. سبەی؛ بە ماڵپەڕێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستپێکردووە و دەیەوێت پرۆژەکەی تا ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن پەرەپێبدات (بڕوانە ماڵپەڕی سبەی).

بەدەر لەوانە؛ 15 ماڵپەڕی دیکەی مشتەری توێژینەوەکە خاوەنی دەقی نووسراوی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی نین، لەوانە: (کوردساتنیوز، گەلی کوردستان (GK)، ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی نالیا (NRT)، تۆڕی هەواڵی کوردی (KNN)، پەیام، سپێدە، ئاڤا، گوڵان، ئەڤرۆ، لڤین پریس، نەوا، میدیای یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (PUKMEDIA)، خەندان، وشە، ماڵی ڕۆژنامەنوسان). لەو 15ماڵپەڕەیش؛ لە ناویاندا کوردساتنیوز و ئاڤامیدیا لەسەر ماڵپەڕەکانیان وەک ناونیشان، شوێنیان بۆ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی تەرخانکردووە، بەڵام بێ ناوەڕۆک و هیچ مەرج و ڕێنماییەکی تێدا دانەنراوە کاتێ کلیکی لێدەکەیت (بڕوانە خشتەی ژمارە ٢).

خشتەی ژمارە (٢)

ئەو ماڵپەڕە کوردییانەی ئاماژەیان بە ناوەڕۆکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی نەداوە

ژ	ناوی ماڵپەڕەکان	کاتی سەردانکردن	سنووری جوگرافی	بەستەری ماڵپەڕەکان
1	Kurdsat News	2024/12/5	سلێمانی	https://news.kurdsat.tv/ckb
2	GK	2024/12/5	سلێمانی	https://gksat.tv
3	NRT	2024/12/5	سلێمانی	https://nrttv.com
4	KNN	2024/12/5	سلێمانی	https://knnc.net
5	پەیام	2024/12/5	سلێمانی	https://peyam.net
6	سپێدە	2024/12/5	سلێمانی	https://speda.net
7	ئاڤا	2024/12/5	هەولێر	https://ava.news/tag/763
8	گوڵان	2024/12/5	هەولێر	https://gulanmedia.com/so
9	ئەڤرۆ	2024/12/5	دهۆک	https://rojnameyaevro.com
10	لڤین پریس	2024/12/5	سلێمانی	https://lvinpress.com
11	ڕادیۆی نەوا	2024/12/5	سلێمانی	https://radionawa.com/ku/default.aspx
12	Pukmedia	2024/12/5	سلێمانی	https://pukmedia.com
13	خەندان	2024/12/5	سلێمانی	https://xendan.org
14	وشە	2024/12/5	سلێمانی	https://wishe.net/?switch_modes=1
15	ماڵی ڕۆژنامەنوسان	2024/12/5	هەڵەبجە	https://homeofjournalists.com/ku

3.1: پاژی یەکەم/ ئەنجامی شیکاری توێژینەوەکە

بە پشتبەستن بە مشتەی وەرگیراوی توێژینەوەکە؛ شیکردنەوەی ناوەڕۆک بۆ هەڵسەنگاندنی زانستیی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکانی: **ڕووداو، کەناڵ8، کوردستان24، سبەی و 964**، دەکرێن، چونکە لە کۆی (٢٠) ماڵپەڕ، بەتەنیا ئەم (٥)یان خاوەنی بەڵگەنامەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی بوون. لەم شیکارییەدا؛ واتای دیار و نادیاری دەقی بەڵگەنامەکان دەخرێنەڕوو و خاڵە جیاواز و لێکچووەکانیان دەستنیشاندەکرێن. لەو چوارچێوەیەشدا؛ یەکەی شیکارییەکە بریتییە لە "بابەت"ی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی، کە لەهەمانکاتدا گۆڕاوی سەرەکیی توێژینەوەکەیە. دەستەی شیکارییەکەیش؛ لە ڕەهەندەکانی: **یاسایی، ئیتیکی، تەکنیکی و ڕوونیی** پێکهاتوون، چونکە ئەو چوار ڕەهەندە دەکەونە چوارچێوەی ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و بەمشێوەیەی خوارەوە هەر ڕەهەندەیان ڕاڤەدەکرێن:

3.1.1: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی یاساییی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە کوردییەکان

لە ئاماژەدان بە ڕەهەندی یاسایی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی-دا؛ ماڵپەڕە کوردییەکان کۆک و چوونیەکنین. سیاسەتی تایبەتمەندێتیی **ڕووداو**؛ لە ژێر دوو ناونیشانی جیاواز و لە بەشی خوارەوەی دەستە چەپی ماڵپەڕەکەیدا خراوەتەڕوو، لەوانە: "نهێنییپارێزی" و "مەرجەکان". ناوەڕۆکی هەردووکیان یەک ئامانجیان هەیە، کە بەکارهێنەر لە شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ زانیارییە کەسییەکاندا ئاگادارەدەکەنەوە. باشتربوو لەژێر ناونیشانی چەمکی "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی"دا کۆبکرایەتەوە، چونکە تەواوی ماڵپەڕە جیهانییەکان و سەکۆ جیاوازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەپڵیکەیشنەکان لە چوارچێوەی ئەو چەمکەدا مەرج و ڕێنماییەکانیان دەخەنەڕوو. هەڵبەت ماڵپەڕی ڕووداو لە بەشەکانی "نهێنییپارێزی" و "مەرجەکان"ییدا و لە **ڕوانگەی یاساییەوە**؛ وەک ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختە و بۆ بەرچاوڕوونیی بەکارهێنەران و سەردانیکەران ئاماژە بەچەند مەرج و ڕێنماییەک دەدات، لەوانە:

> **"نهێنییپارێزی لە پۆرتاڵی ڕووداو هەموو زانیارییە تایبەتەکانی تۆی بەکارهێنەر پارێزراوە لەکاتی تۆمارکردنی خۆت لە پۆرتاڵەکەمان، ڕووداو داوا لە بەکارهێنەرانیشی دەکات کە هەمیشە زانیاری ڕاست و دروست بدەن، باشتریشە بۆئەوەی باشتر لە بەکارهێنانی پۆرتاڵی ڕووداو تێبگەین مەرجەکانمان بخوێنیتەوە کە لەبەشی "مەرجەکان" دانراون."**

واتای چەمکی "نهێنییپارێزی" لەم دەقەدا، کە بەکارهێنراوە ئەوە دەگەیەنێت لە کولتووری کوردییدا تاک تایبەتمەندێتیی ژیانی و پیرۆزییەکانی بۆ گرنگە، تاوەکو هیچ کەس دەستی پێییان نەگات و پەردەیان لەسەر هەڵنەماڵرێت. بۆیە ماڵپەڕی ڕووداو لە دەستپێکدا ئاماژەی بە چەمکی

"نهێنیپارێزی" کردووە بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە گومان لای بەکارهێنەر بڕەوێنێتەوە و دڵنیای بکاتەوە. لە ئەگەری دەستگەیشتن و پێشێلکارییش بۆسەر مافی تایبەتمەندێتییان؛ ترس و نیگەرانییەکانی بڕەوێنێتەوە و پێشوەختە متمانەی بەدەستبهێنێت. دواتر داوا لە بەکارهێنەران دەکات، کە زانیاریی ڕاست و دروست بدەن، واتە پێشئەوەی ڕووداو داوای زانیاریی لە بەکارهێنەرانی بکات، نیازپاکیی خۆی بەرامبەر پاراستنیان دەسەلمێنێت. ئینجا پێشنیازی ئەوەیش بۆ بەکارهێنەرانی دەکات، کە بۆ ئەوەی ڕوونتر و باشتر تێبگەن لەوەی کە زانیارییەکانیان چۆن پارێزراون و چۆن مامەڵەییان لەگەڵدا دەکرێت، بچن لە بەشی "مەرجەکان"دا بیانخوێننەوە. ڕووداو؛ بۆیە بەشی "نهێنیپارێزی" خستوەتە پێش "مەرجەکان"؛ بۆئەوەی لە سەرەتادا چەند پەیامێک بگەیەنێت، لەوانە: باوەڕپێکردنی بەکارهێنەران بە پاراستنی زانیارییەکانی، دواتر بانگهێشتکردنی بۆ بەشی مەرجەکان.

> **"بەکارهێنانی ئەو کەرەستە نووسراو، دەنگی و وێنەییانەی لە دیجیتاڵ پۆرتاڵی ڕووداو بڵاوبوونەتەوە و لە ئاینـدەدا بڵاودەبنەوە، بە کۆمەڵێک مەرجەوە گرێدراوە. هەر بەکارهێنەرێک بەو مەرجانە رازی نەبێت، بۆی نییە بۆ هیچ مەبەستێک سوود لە دیجیتاڵ پۆرتاڵی ڕووداو وەربگرێت."**

لە خستنەڕووی ئەم مەرجەدا؛ مالپەڕی ڕووداو دەیەوێت بەکارهێنەران ڕەزامەندیی لەسەر پێدانی زانیارییە کەسییەکانی خۆیان لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمێک و کردنەوەی هەژمارێکی فەرمیی لە خزمەتگوزاریی "ڕووداوی تۆ"دا بدەن، کە "ناو، ناونیشان، ئیمەیڵی بەکارهێنەر" وەک زانیاریی کۆدەکاتەوە. بەوەیش ڕووداو هەژمارێک بۆ مالپەڕەکەی زیاد دەبێت و بە فەرمیی ڕەزامەندیی بەکارهێنەر وەردەگرێت و دەیکاتە ئەندام. لێرەوە؛ مالپەڕەکە سنووری سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی زیاتردەکات، لەوانە: خوێندنەوە، گوێلێگرتن، سەیرکردن، داونلۆدکردن، ناردنی بابەتی میدیایی و بڵاوکردنەوەی لە ڕووداو، بەشداریی و کۆمێنت. بەدەر لەوە؛ هەر کەسێک بە مەرجەکانی مالپەڕەکە ڕازیی نەبێت، بەپێی پێویست ناتوانێت سوودی لێببینێت. بۆنموونە؛ بەکارهێنانی پارچە میوزیکێ، کە ڕووداو خاوەندارێتیی دەکات، مافی لەبەرگرتنەوە (copy right)ی لەسەر بێت، بە تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن بەکاریبهێنن و بڵاویبکەنەوە کە بە مەرجەکان ڕازیبوون و ئەندامی مالپەڕەکەن.

> **"هەرکەسێک تەمەنی لە ١٨ ساڵ بەرەو سەرەوە بێت، دەتوانێ هەموو بەشەکانی ئەم پۆرتاڵە بەکاربهێنێت. هەرکەسێک تەمەنی لەخوار ١٨ ساڵەوە بێت، بۆی هەیە بەشێک لە نێوەڕۆکی ئەم پۆرتاڵە، دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە خێزانەکەی (دایک و باوک یان ئەو کەسەی سەرپەرشتیی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی دەکات)، بەکاربهێنێت."**

بۆ گەیشـــتنی خزمەتگوزاریی و ناوەڕۆکی ماڵپەڕکەی؛ ڕووداو ڕەچاوی تەمەنی بەکارهێنەران دەکات. لێرەوە دەیەوێت نـاوەڕۆکی مـاڵپەڕەکەی بۆ دوو ئـاســـت پۆلێن بکـات، بەجۆرێـک بەکارهێنەری خوار 18ساڵ هەموو هەواڵ و زانیارییەکی پێنەگات کە لەگەڵ تەمەنییدا ناگونجێت. بۆ ئەوەیش؛ وەرگرتنی مۆڵەتی بەخێوکەر یان دایک و باوکی بەکارهێنەرەکەی کردووەتە مەرج، بەڵام ڕوونی نەکردوەتەوە، کە چۆن ئەو مۆڵەتە بۆ منداڵی خوار تەمەن 18ســـاڵ وەربگیرێت. لەوبارەیەوە؛ هیچ ئاماژێک نەخراوەتەڕوو، کە تائێستا چەند کەس داوای ئەو مۆڵەتەیان کردووە. بە پێچەوانەوە بۆســـەروو ئەو تەمەنە؛ مـاڵپەڕەکە هیچ مەرجێکی بۆ ســـنووردارکردنی خزمەتگوزارییەکانی نییە.

"تۆڕی میدیایی ڕووداو بەرپرسیار نییە لەوەی نێوەڕۆکی ئەم پۆرتاڵە لەلایەن بەکارهێنەرانییەوە بە خراپ سوودی لێوەربگیرێت."

لەم مەرجەدا؛ ڕووداو دەیەوێت خۆی لە بەرپرسیارێتی یاسایی بەدووربگرێت، کاتێک بابەتێک لە ماڵپەڕەکدا بڵاودەکرێتەوە و خراپ بەکاردێت، بەڵام دەبوو ڕوونتر ئەم خاڵەی بخســـتایەتەڕوو، کە مەبەســـتی لە "بە خراپ ســـوودی لێوەربگیرێت" چییە: ئایا مەبەســـتی کۆمێنت نووســـین و ناوزڕاندنی کەســـایەتییەکە، کە لە هەواڵێکدا بڵاودەبێتەوە یاخود بەکارهێنانی ئەو هەواڵە و زەقکردنەوەیەتی بەجۆرێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دژی لایەنێکی تر و خوێندنەوەی هەڵەیە بۆی. هەر بۆیە ئەم مەرجە ڕوون نییە و تێگەیشتن لێی ئاساننییە.

"بەکارهێنەری دیجیتاڵ پۆرتاڵی ڕووداو ئەوەی قبوڵە کە کاتێک لەسەر مۆبایلەکەی یان کۆمپیوتەرەکەی ڤیرژنێکی نوێی ئەپی ڕووداو یان ماڵپەڕ دێت، دەکرێ جۆری خزمەتگوزارییەکانی ڕووداویش بگۆڕدرێت یان مەرجەکانی بەکارهێنان گۆڕانیان بەسەردابێت، بۆیە بە وریاییەوە ئەپەکەی ئەپدەیت دەکاتەوە و دەرئەنجامی ئەپدەیتکردنەوەکە هەر شتێک بێتم قبوڵی دەکات."

بەپێی ئەو دەقە بێت؛ ڕووداو خاوەنی ئەپلیکەیشـــنێکی تایبەت بەخۆیەتی، تا بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەی بەهۆی هێڵی ئینتەرنێت و لەســەر کۆمپیوتەر و ئامێرە زیرەکەکان پێوەی پەیوەست بن. لەگەڵئەوەشـــدا مەرجی تایبەت بەخۆی هەیە و لەگەڵ تازەکردنەوەی ئەپلیکەیشـــنەکەییەدا، ناوەڕۆکی مەرجەکانی ســیاســەتی تایبەتمەندێتیی گۆڕانکارییان بەســەردا دێت. هەربۆیە داوا لە بەکارهێنەرانی دەکات، کە پێشئەوەی ئەپە نوێیەکە ئەپدەیت بکەنەوە، بچن مەرجەکان بخوێننەوە، چونکە تازەکردنەوەی وەشانی نوێی ئەپەکە واتای ڕازیبوون بە مەرجەکان دەگەیەنێت.

"کۆپی رایتی ئەو کەرەستە نووسراو، بیندراو و بیستراوانەوەی لە دیجیتاڵ پۆرتاڵی ڕووداو بڵاودەبنەوە بۆ تۆڕی میدیایی ڕووداوە و بەبێ پرسی ڕووداو نابێ سەرلەنوێ بۆ کاری میدیایی یان بازرگانی بەکاربهێندرێن. بەکارهێنەری ڕووداو ئازادە لەوەی ئەو کەرەستانە تەنیا بۆخۆی، بەبێئەوەی پارەی پێ پەیدا بکات بەکاربهێنێت."

لە دریژەی مەرجەکانییدا بۆ بەکارهێنانی مالپەڕەکەی؛ ڕووداو جەخت لە پاراستنی خاوەندارێتیی هزریی بەرهەمەکانی دەکاتەوە، کە پێشکەشیان دەکات. بەکارهێنەرانی ئاگادارەدەکاتەوە، کە تەنیا دەتوانن بۆ خۆیان سوود لە ناوەڕۆکی نووسراو، بینراو، خوێندراو ببینن و مافی کڕین و فرۆشتن یان بڵاوکردنەوەیان لە دەزگەیەکی میدیایی دیکەدا نییە. لەو مەرجەدا؛ ڕووداو بە ئاشکرا باس لەوە ناکات، کە هەر کەسێک پێشێلی مافی خاوەندارێتیی هزریی مالپەڕەکەی بکات ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە، بەڵام ئاماژە بە ڕێگەنەدان بە مافی لەبەرگرتنەوەی بەرهەمەکانی دەکات، کە بۆ دەستخستنی پارە بەکاربهێنرێنەوە. لە ناوەڕۆکی ئەو مەرجەدا؛ ڕووداو ڕوونی نەکردووەتەوە کە "ئەگەر کەسێ بێ پرسی ڕووداو بڵاوی بکاتەوە" چی لێدەکات یاخود چۆن و بە چ شێوەیەک پرسبکات و ڕێکارەکانی مۆڵەت وەرگرتن بۆ بەکارهێنانەوەی بەرهەمێک، کە ڕووداو خاوەندارێتی دەکات چین. کەواتە ئەم مەرجەی ڕووداو ڕوون نییە و پێویستی بە هەموارکردنەوەیە.

"بەکارهێنەری دیجیتاڵ پۆرتاڵی ڕووداو ئەگەر ئەکاونتێکی تایبەت بەخۆی لەسەر ئەم پۆرتاڵە بکاتەوە، سنووری بەکارهێنانی فراوانتر دەبێت و دەتوانێت بەشداری لە خزمەتگوزاریی (ڕووداوی تۆ)دا بکات. هەر بەرهەمێک کە لەلایەن بەکارهێنەرەوە نێردرا بۆ (ڕووداوی تۆ)، دوای گەیشتنی، تۆڕی میدیایی ڕووداو ئازادە لەوەی بە شێوازی جۆراوجۆر سوودی لێ ببینێت. جا ئەو سوودوەرگرتنە بۆ تەلەڤزیۆن بێت یان رادیۆ یان ڕۆژنامە یان هەر میدیایەکی دیکەی سەر بە تۆڕەکە. بۆ دانانی کۆمێنت یان ناردنی کەرەستەی میدیایی لە دیجیتاڵ پۆرتاڵی ڕووداو، دەبێ بەکارهێنەر ئەم مەرجانە ڕەچاو بکات."

ڕووداو؛ خزمەتگوزاریی "ڕووداوی تۆ"ی بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەمکردووە، کە لەبەشی خوارەوەی مالپەڕەکەیدا خستوویەتییەڕوو، تاوەکو بەکارهێنەر بتوانێت لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمێک، کە چەند زانیارییەکی سەرەتایی کەسیی وەک: ناو و ناونیشان و ئیمەیڵی بۆ ناسینەوەی تێدایە پێشکەشی بکات و هەژمارێکی تایبەت بەخۆی بکاتەوە و لە مالپەڕەکەدا ببێتە ئەندام. بەوەیش دەبێتە بەکارهێنەری ڕووداو و بە مەرجەکانی بەکارهێنانی ڕازیدەبێت. واتە بەهۆی هەژمارێکەوە؛ بەکارهێنەر سنووری سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی لە کەسێک کە بەتەنیا سەردانیکەری مالپەڕەکەیە زیاتر دەبێت. بۆنموونە؛ بەکارهێنەر دەتوانێت هەواڵ و زانیاریی و بەرهەمی میدیایی وەک: کەرەستەی وێنە و نوسراو و دەنگ بنێرێت و ڕووداویش سەربەستە

لەوەی بۆ هەر میدیایەکی ســـەر بە تۆڕەکەی ســـوودی لێببینێت. ئەگەرچی لێرەیشـــدا ڕووداو ئاماژەی بەوە نەداوە کە مەبەســـتی چییە لەوەی لە بەرامبەر کردنەوەی هەژمارێکدا، "ســـنوری بەکارهێنەران فراوانتر دەبێت"، بەڵام بە ئاشـــکرا مەرجی بۆ ناردنی کەرەســـتەی میدیایی بۆ ماڵپەڕەکەی و بەشـــداریکردنی بەکارهێنەران لە نووســـینی کۆمێنت دا هەیە، کە هەندێک لە مەرجەکان ڕەهەندی یاسایی و هەندێکی دیکەشیان ڕەهەندی ئیتیکی هەیە و دەچنە چوارچێوەی پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن، کە پێویستە لە ڕووی ویژدانییەوە پێوەی پابەندبن.

"نابێ یاساشکێنی و هاندان بۆ یاساشکێنیی تێدابێت. مەبەست لە یاساش یاسا نێودەوڵەتییەکان و یاساکانی هەرێمی کوردستانە."

لەو مەرجە یاساییەدا؛ ڕووداو دەیەوێت بەکارهێنەران ئاگادارببکاتەوە لەوەی هەموو پێشێلکارییەک لە مەرجەکانی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکەی، وەک تاوان سەیر دەکرێت و ڕێکاریی یاسایی لە دژی دەگیرێتەبەر، جا جیاوازیی نییە کەســـەکە خۆی ئەنجامی بدات یاخود هۆکار و هاندەر بێت. دیســـانەوە ئەم مەرجەیش تێگەیشـــتن لێی ئاســـان نییە و لێڵی و ئاڵۆزی تێدایە؛ ڕوونی ناکاتەوە کە لە چوارچێوەی کام یاســـای نێودەوڵەتییدا زانیاریی بەکارهێنەران کۆدەکاتەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. دەبوو وردتر دەســـتنیشـــانی ئەو یاســـا نێودەوڵەتییانە یاخود یاســـا بەرکارە نێوخۆیانەی هەرێمی کوردستان و عێراقی بکردایە، کە بۆ لێپێچینەوەی یاسایی پشتیان پێدەبەستێت.

"نابێ کۆپی رایتی کەس پێشێل بکات و بەناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە."

لەو مەرجەدا؛ ڕووداو جـارێکی دیکە جەخـت لە پـاراســـتنی مـافی خـاوەنـداریێتیی هزریی بەرهەمەکانی خۆی و دەرەوەی خۆی دەکاتەوە، چونکە مافێکی دوولایەنەیە: لە لایەک مەبەستی ئەو بەرهەمە میدیاییانەی خۆیەتی، کە خۆی خاوەندارییان دەکات و ڕێگەنادات بەکارهێنەرێک یان دەزگەیەکی دیکەی میدیایی بڵاوییکاتەوە و پارەی پێ پەیدابکات. لەلایەکی دیکەوە؛ داوا لە بەکارهێنەران دەکات ڕەچاوی مافی بەرهەمی کەسانی دیکەیش بکەن و پێشێلی نەکەن.

"لە هەندێک لە هەواڵ و کەرەســـتەکانی دیکەدا کە لە دیجیتاڵ پۆرتاڵی ڕووداودا بڵاودەبنەوە، لینکی مـاڵپەڕی دیکە ڕەنگە بەکـاربێـت، ڕووداو گەرەنتیی ئەوە ناکات کە ئەو ماڵپەڕانە زیانبەخش نین بۆ ئەو ئامێرانەی بەهۆیانەوە ســەردانیان دەکەن. بۆیەش هیچ بەرپرسیارێتییەک لەوبارەوە لەئەستۆ ناگرێت."

لە کۆتا خاڵی مەرجەکانی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکەیدا؛ ڕووداو بێتوانایی خۆی لە کۆنترۆڵکردنی لینکی ماڵپەڕی دیکەدا دەخاتەڕوو، کە لە ڕووداو بڵاودەبنەوە. مەبەســـت لەو مەرجە ئەوەیە؛ ڕووداو تووشـی لێپرسـینەوەیی یاسـایی نەبێت و مافی لەبەرگرتنەوەی ئەوانیدیکە بپارێزێت، کە ڕەنگە هەندێکجار بابەتێک لە دەزگەیەکی میدیایی دیکەوە وەربگرێت. واتا بەســـتەری ماڵپەڕەکە

دابنێت؛ بۆ ئەوەی هەم ڕووماڵی هەواڵەکە بکات، هەم مافی خاوەندارێتیی پێشێل نەکات. هەربۆیە بەکارهێنەرانی ئاگادارەکاتەوە کە بە سەردان و کلیک کردنی بەکارهێنەران بۆ ئەو لینک یان بەستەرانە؛ ماڵپەڕی ڕووداو بەرپرسیارێتی پاراستنی زانیارییەکان هەڵناگرێت، چونکە بەکارهێنەر بە بەستەری ماڵپەڕێکی دیکەوە پەیوەست دەبێت و ئەو ماڵپەڕەش لەڕووی یاسایی و تەکنیکییەوە لەژێر کۆنترۆڵی ماڵپەڕی ڕووداودا نییە و سیاستی تایبەتمەندێتیی تایبەت بەخۆی بۆ بەکارهێنەران و سەردانیکەرانی هەیە. لە کاتێکدا ئەمە ئەرکێکی یاسایی و تەکنیکی ماڵپەڕی ڕووداوە کە ڕەچاوی ئەوە بکات لینکێکی زیانبەخشی ئەوتۆ لە ماڵپەڕەکەیدا دانەنرێت، کە لەڕووی پاراستنی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران و ئاسایشی ئامێرەکان لە هاککردن و ڤایرۆس، جێگەی متمانە نەبێت و نەیتوانیبێت پێشتر خۆی هەڵسەنگاندن و پشکنینی بۆ بکات و لێی دڵنیا بێتەوە.

کەنارْ8؛ ماڵپەڕێکی دیکەی نێو مشتەی توێژینەوەکەیە، کە لە دەستە ڕاستی بەشی خوارەوەی ماڵپەڕەکەیدا ناوەرۆکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی خۆی بە زمانی کوردیی لەژێر دوو ناونیشانی جیاوازدا خستوەتەڕوو. یەکەمیان؛ "مەرجەکانی بەکارهێنەران" کە زیاتر ڕەهەندی یاسایی و ئیتیکیی لەگەڵ مافی بەکارهێنەران و سەردانیکەران لەخۆدەگرێت. دووەمیان؛ "سیاسەتی پاراستنی نهێنییەکان" کە ئەو زانیارییانە دەگرێتەخۆ، کە پەیوەستن بە جۆر و شێوازی کۆکردنەوەی تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانی بەکارهێنەران و زیاتر ڕەهەندێکی تەکنیکی هەیە. لەدەستپێکی مەرجەکانییدا و وەک ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەخت؛ ماڵپەڕەکە ئاماژە بە ڕەهەندی یاسایی دەدات و سرووشتی مەرجەکانی لە نێوان خۆی و بەکارهێنەرانییدا دەخاتەڕوو، لەوانە:

> **"ئەم مەرج و چەمکانە "رککەوتن"، بڕیاردەری ئەو پەیوەندییەیە لە نێوان دامەزراوەی میدیایی کەنارْ8، کە لێرە بە دواوە بە "کەنارْ8" "ئێمە" "هی ئێمە" ناو دەبرێت، و هەموو بەکارهێنەرانی، کە بە "تۆ" یان "بەکارهێنەر"ی خزمەتگوزارییەکانی کەنارْ8 ناودەبرێن."**

لە "مەرجەکانی بەکارهێنەران"ی ماڵپەڕەکەییدا؛ کەنارْ8 وەک ڕێککەوتنێک و ڕێکارێکی یاسایی دوولایەنەی کۆکردنەوەی زانیاریی دەیناسێنێت. هەر لەو مەرجەدا؛ چەند چەمکێک شیدەکاتەوەو ئاماژە بەوە دەدات، کە هەردوو چەمکی "ئێمە" یان "هی ئێمە" لە ڕووی واتاییەوە گوزارشت لە کەنارْ8 دەکەن و مەبەست لە چەمکەکانی "تۆ" یان "بەکارهێنەر"؛ بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانی ماڵپەڕەکەیەتی. ئەگەرچی ئەو ڕوونکردنەوە زمانەوانییە؛ دەبێتەهۆی ئاسانتر تێگەیشتنی بەکارهێنەر لە ناوەرۆکی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکە، بەڵام هەڵەی ڕێنووسیی لەو مەرجەدا هەیە و توێژەر بە ڕەنگکردنی ئاماژەی پێداوە.

"به بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان تۆ ئەوە پەسەند دەکەیت کە لە مانا و مەبەستی ئەم مەرجەکانی بەکارهێنانی کەناڵ8 تێدەگەیت و بەکارهێنان رازیبویت و پابەندی پێیانەوە. ئەگەر ناڕازیت لەو مەرجانەی کە هەن ئەوە دەتوانی خۆت دووربگریت لە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی وێبسایتی کەناڵ8."

لەو مەرجەوە دەردەکەوێت، کە کەناڵ8 شـــێوازی مۆڵەت وەرگرتن بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی و ڕێگەپێـدانی بەکـارهـێنەران و ســـەردانیکەران پەیڕەو دەکـات، چونکە بەکـارهـێنـانی خزمەتگوزارییەکانی؛ واتای ڕێککەوتن دەگەیەنێت و ئاماژەیە بۆئەوەی بەکارهێنەر لە ناوەڕۆکی مەرجەکانی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکە بە ڕوونیی تێدەگات و ڕەزامەندە بەوەی پێیـانەوە پـابەنـدبێـت. هەروەهـا ئەوەیش دەخـاتەڕوو، کە ئەگەر بەکـارهێنەر نەیەوێـت و بە مەرجەکـان ڕازیی نەبێـت؛ دەتوانێـت خزمەتگوزارییەکـانی مـاڵپەڕەکە بەکـارنەهێنێـت، چونکە مـاڵپەڕەکە بەکارهێنـانی خزمەتگوزارییەکـانی کردوەتە مەرجی مۆڵەت وەرگرتن و ڕازییبوونی بەکـارهێنەران و ســـەردانیکەران. ئەگەرچی لە ڕووی یـاســـاییەوە؛ کەنـاڵ8 مـافی خۆی لە خاوەندارێتییکردنی خزمەتگوزارییەکان بەکارهێناوە، بەڵام باشـــتربوو چەمکە بەکارهاتووەکانی یەکبخســتایە و لەبری "وێبســایتی کەناڵ8" بینوســیایە ماڵپەڕی کەناڵ8 و خۆی لە بەکارهێنانی وشەی بیانیی بە دوور بگرتایە، چونکە هۆکارە بۆ ئاڵۆزی تێگەیشتن.

"هەموو ناوەڕۆکێک، بابەتی میدیاییێک، لۆگۆیەک، هێمای بازرگانییێک و بیرۆکەیەک، کە خاوەندارییێکەی بۆ کەناڵ8 بگەڕێتەوە ئەوا هەر کەناڵ8 وەک تاکە خاوەنی ئەمێنێتەوە و لەگەڵ ئەو شوێن و کەسانەی کە کەناڵ8 ڕێگەیان پێدەدات. هەر بۆیە کە تۆ ڕێگەت پێنادرێت کە بابەت و ناوەڕۆکەکانمان بەکاربهێنیت، دەستکاریکبکەیت، بەرهەمیبهێنیتەوە، دابەشییکەیت بە ڕەزامەندی و بێ ڕەزامەندی کەناڵ8."

لە مەرجەکانییدا؛ کەناڵ8 تیشک دەخاتەسەر مافی خاوەندارێتیی هزریی کە ڕوانگەیەکی یاسایی هەیە و مەبەست لێی کەرەستەی میدیایی: نووسراو، بیستراو، بینراو یان بیرۆکەی بەرنامەیەک کە بەرهەمیهێناوە و ڕوومالّی دەکات. لێرەدا؛ بەکارهێنەرانی ئاگادارەدکاتەوە ڕێگەپێدراوونیین دەســـتکاریی کەرەســـتە میدیاییەکانی بکەن و جارێکی تر بەرهەمیبهێننەوە. واتە بە شـــێوازی پچڕپچڕ سوود لە چەند بەشێکی وەربگیرێت و تێکەڵی بەرهەمێکی تری میدیایی بکرێت. تۆێژەر؛ پێیوایە ئەم مەرجە جۆرێک لە تێکەڵیی و ناڕوونیی تێدایە: لە لایەک ئاماژەدەدات بەوەی تەنها ئەو کەســانە بۆیان هەیە و ڕێگەیان پێدەدەن، دواتر و لە کۆتایی هەمان مەرجدا نووســیویەتیی؛ بەکارهێنەر ڕێگەی پێنادرێت ناوەڕۆکەکانیان بەکاربهێنێت و دەسکاریی بکات، جا "بە ڕەزامەندی و بێ ڕەزامەندی کەناڵ8". کەواتە واتای ڕەزامەندیی چیدەگەیەنێت، کە نوســـراوە ئەو بڕگەیە لە داڕشـــتنەکەدا زیادەیە و بۆ تێگەیشـــتن ئاســـان نییە و لێڵیی دروســـتدەکات. ســـەرباری ئەوەی هەڵەی ڕێنووسیی؛ دووبارە بوەتەوە کە تۆێژەر لە دەقەکەدا بە ڕەنگکردنی ئاماژەی پێدراوە.

"لەوانەیە خزمەتگوزارییەکانن، بەستەرەکانی ماڵپەڕ، بەرنامە، یان ناوەڕۆکی لایەنی سێیەمیان تێدابێت کە خاوەندارێتییان یان کۆنترۆڵکردنیان بۆ کەناڵ8 ناگەڕێتەوە. ئێمە بەرپرسیار نین لە بەردەستبوون، وردی، یان یاسایی بوونی ئەو جۆرە ناوەڕۆکانە کە لەلایەن لایەنی سێیەمەوە دابین کراوە. کە بتەوێت ئەو دەستت بگات بەو بابەت و ناوەڕۆکانەی لایەنی سێیەم ئەوا تۆ لەسەر ویستی خۆی ئەو لینک و بابەتانە دەکەیتەوە، بۆیە دەبێت پێشکردنەوەی ئەم بابەتانە، تۆ مەرجەکانی بەکارهێنان و سیاسەتی پاراستنی نهێنیەکانت لە لایەن ئەو وێبسایت و ئەپلیکەیشنانەوە هەن، بخوێنیتەوە."

ئەو ئاگادارکردنەوە پێشوەختەیە لە خستنەڕووی مەرجێکدا یەکێکە لەوانەی بەشێک لە ماڵپەڕە کوردیی و جیهانییەکان لە ناوەڕۆکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی خۆیاندا ئاماژەی پێدەدەن کە ئامانج لێی خۆبەدوورگرتنە لە بەرپرسیارێتیی یاسایی و ڕەچاوکردنی پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و ئاماژدان بەسەرچاوەکەی، بەڵام هەڵەی ڕێنووسیی تێدایە کە تۆڕەر بە ڕەنگکردنی ئاماژەی پێداوە ئەو هەڵەیەش هۆکارە بۆ ئالۆزکردنی واتاکەی لە لای خوێنەر. کەناڵ8؛ مەبەستی ئەوەیە زۆرجار لەپێناو پاراستنی مافی خاوەندارێتیی ئەوانیدیکەدا، کاتێک هەواڵێک بڵاودەکرێتەوە دەشێت سەرچاوەکەی دەزگەیەکی میدیایی تر بێت، هەربۆیە بەستەری ئەو دەزگە میدیاییە لەژێر هەواڵەکەدا ئاماژە پێدەدرێت. واتە بە ئاشکرا ئەوە دەخاتەڕوو، کە توانای کۆنترۆڵکردنی لە دەستی ئەواندا نییە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانی بەکارهێنەردا دەکەن، کەناڵ8 بەرپرسیارێتیی هەڵناگرێت لەوەی هەرچی ڕووبدات، بەتایبەت کاتێک بەکارهێنەر سەردانی ئەو بەستەرانە دەکات. بۆیە داوا لە بەکارهێنەران دەکات؛ پێشئەوەی خزمەتگوزارییەکانی هەر ماڵپەڕێک بەکاربهێنن، باشترواییە بچن سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ئەو ماڵپەڕە بخوێننەوە، تاوەکو بزانن مەرجەکانی چین و لەبەرامبەر سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی؛ چیان دەوێت.

"کەناڵ8 خزمەتگوزارییەکان لەسەر بنەمای "وەک خۆی" و "وەک ئەوەی کە بەردەستە" پێشکەش دەکات، بە بێ ئەوەی کە ئێمە گەرەنتییەک یان نوێنەراییەتی کردنێت یان دەرپڕین و ئاماژە پێکردنێت. ئێمە گرنتی ئەوە نادەین کە ئەو ناڕۆک و خزمەتگوزارییانە بە شێوەیەکی "ڕاست، متمانەپێکراوە و تەواو"بن."

تەنیا لە خستنەڕووی ئەو مەرجەدا؛ چوار وشەیە هەن، کە تۆڕەر ڕەنگی کردوون، لەڕووی ڕێنووس و ڕێزمانییەوە هەڵەن و بەسەر داڕێژەرانی ماڵپەڕەکەدا تێپەڕیوون. ئەوانەیش هۆکارن بۆ ناڕوونیی و بەلاڕێدابردنی خوێنەر بۆ تێگەیشتن لە کرۆکی پەیامەکەی، چونکە واتاکەیان ڕوون نییە، کە مەبەست لە "کردنێت" و "دەرپڕین" و " پێکردنێت " و "ناڕۆک "چین. ئەگەرچی تۆڕەر وایدەبینێت؛ کەناڵ8 مەبەستی وشەکانی " کردنێک، دەربڕین و پێکردنێک و ناوەڕۆک "بن کە دەیەوێت بڵێت: وەک میدیایەک کاریان گواستنەوەی هەواڵ و گەیاندنی زانیارییە وەکخۆی و

وەکئەوەی، کە هەیە و لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیارییەکانەوە دەستیدەکەوێت، جا چ لە شایەتحاڵ بێت یاخود لە شوێنی ڕوداوەکە و لە لێدوانی خەڵک لەلایەن پەیامنێرانەوە یان لایەنێکی فەرمیی دەستیبکەوێت. بۆیە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کاری ئەوان گواستنەوەیە، بەڵام دڵنیایی و بەڵێنی تەواو نادەن لەوەی زانیارییەکان تەواو ڕاست و متمانەپێکراوبن. ئەگەرچی ئەوە خۆی بۆ خۆی دانپێدانانێکە و دەیەوێت خۆی لە بەرپرسیارێتیی یاسایی بپارێزێت، بەڵام دەبێ کەناڵ8 هەمیشە هەوڵبدات هێندەی لە توانایدایە زانیارییەکانی پێشوەخت بە زیاد لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو پشتڕاستبکاتەوە. هاوکات لە گواستنەوەی زانیارییەکاندا پەلە نەکات و بزانێت لێدوان لە کێ وەردەگرێت، چونکە ڕەچاوکردنی ڕاستگۆیی لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییدا لایەنێکی گەورە و گرنگی پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندنە و تاوەکو لە ڕاست و دروستیی هەواڵێک دڵنیا نەبێت، باشترە ڕووماڵی نەکات.

"کەناڵ8 بەرپرسیار نابێت لە هەر زیانێکی ڕاستەوخۆ، ناڕاستەوخۆ، ئەنقەست و نا ئەنقەست لە ئەنجامی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان دەکەوێتەوە."

ئەم مەرجە؛ ڕوون و لۆژیکیی نییە، چونکە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر و پێداچوونەوەی وردتر هەیە. کەناڵ8؛ لەلایەک بەڵێنی پاراستنی تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنەران دەدات و لەلایەکی دیکەوە باس لەوە دەکات هەر زیانێک کە بە بەکارهێنەران بگات، بەرپرسیار نییە. ئەوەیش لە کاتێکدایە ئەوانەی کارلێک لەگەڵ ماڵپەڕی کەناڵ8دا دەکەن؛ بەکارهێنەران جگە لە کۆمەڵە زانیارییەکی کەسیی، هیچشتێکی دیکەیان نییە زیانی پێبگات. ئەگەرچی ئاماژەدان بە زیانی "ناڕاستەوخۆ"؛ مەبەست لێی بەستەری ماڵپەڕەکانی تر، کە پێشتر ڕوونکرایەوە، بەڵام ڕوونی نەکردووەتەوە کە مەبەست لە زیانی "ڕاستەوخۆ" چییە و کێ لێی بەرپرسە یاخود زیانی "نا ئەنقەست" ئاساییە؛ ئەگەر ویستێک بۆ گەیاندنی زیانەکە نەبێت، بەڵام زیانی بە"ئەنقەست" چۆن خۆی لێ بەدوورەدەگرێت، لە کاتێکدا خۆی دەڵێت؛ "ئەنقەست"ە، کەواتە پێچەوانەکەی ڕاستە و ویستی لەسەرێتی. ئەو مەرجە تەواو ناڕوونە و پێچەوانەی ئەو مەرجەی پێشتری ماڵپەڕەکەیە، کە دڵنیایی لە پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەران دەدات.

"تۆ ڕەزامەندی بە ئەوەی کە هەرکارمەندێک لە کارمەندەکانی کەناڵ8 بەهۆی بەکارهێنانی خراپی خزمەتگوزارییەکانمان توشی هەر جۆرە زیانێک ببێت ئەوە دەبێت بەهەموو شێوەیەک تۆ قەرەبووی بکەیتەوە."

ئەو مەرجە وەک مەرجەکەی پێشتر؛ هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە و لە داڕشتنیدا ناڕوونی هەیەو تەواو نالۆژیکییە، چونکە ماڵپەڕەکە بەکارهێنەرانی بە بەرپرسیارێتیەکەوە دەبەستێتەوە کە نە لێی بەرپرسە و نە توانای کۆنترۆڵکردنی هەیە و نە ئەوەی ڕووشدەدات؛ تاوانی ئەوی تێدایە. کەواتە بۆچی دەبێت بەکارهێنەران ڕازیبن بە قەرەبووکردنەوەی تاوانێک کە نەیانکردبێت

و ســـووچی ئەوانیشـــی تیانەبێت. ئەم مەرجە نـایاســـاییە و پێویســـتی بە لابردن یـان هەموارکردنەوەی هەیە، چونکە بەکارهێنەران ناچار بە قەرەبووکردنەوەی زیانێک دەکات کە ئەوان هۆکاری زیانگەیاندنەکە نیین.

"ئەم ڕێککەوتنە هـاوتەریبە بە یاســـا کارپێکراوەکانی پارێزگا و هەرێمـانەی کە نوســیگەکانمانی لێیە. هەر کێشـــەیەک کە لەم ڕێکەوتنەدا هەبێت یان لەم ڕێکەوتنەوە کێشـــەیەک دروســـتببێت ئەوا دەبێت لە ڕێگا یاســـا کارپێکراوەکانی شـــوێنی نوسینگەکانمانەوە مامەڵەی پێبکرێت. هەر داوایەکی یاسایی هەبێت دژی کەناڵ8، ئەوا بە پێی یاســا بەرکارەکانی ئەو ناوچەیەی کە نوســینگەکەمانی لێیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت."

لەم مەرجەدا؛ کەناڵ8 ئەوە دەخاتەڕوو ئەگەر ناکۆکییەک دروووســـتبوو، چ لەســـەر بنەمای ڕێککەوتنەکە کە بەڵێننـامەیەکی دوولایەنەی نێوان دەزگەکە و بەکـارهێنەرانە یـاخود ئەگەر ســـکـاڵایەک لەلایەن بەکـارهێنەران یـان هەر لایەنێکی تر هەبوو، کە زۆرجـار لە ئەنجـامی گۆاســـتنەوەی هەواڵێک، کە کێشـــەیەکی کۆمەڵایەتیی تێدایە و دواتر خاوەن کێشـــەکە ســـکاڵا تۆماردەکەن، لە هەر یەک لەو حاڵەتانەدا بەپێی یاسـای ئەو ناوچەیەی نووسـینگەکانی کەناڵ8ی لێییە، کێشـــەکە یەکلایی دەکرێتەوە. ئەوەیش لەڕووی یاســاییەوە ئاســاییە، چونکە دەزگەکە لە چەند شوێنێکی ناوەوە و دەرەوەی هەرێـمی کوردستان نووسینگەی هەیە، بەڵام لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەر ســکاڵا و دۆســییەکی یاســاییدا؛ یاســا بەرکارەکانی ناوخۆ و دەرەوە جیاوازن، بۆیە باشـــتر بوو ڕوونتر ئاماژەی بە جۆر و چییەتی یاســـاکان بدایە، کە لە یەکلاییکردنەوەی دۆسییەکاندا پشتیان پێدەبەستێت، چونکە ڕەنگە لە زۆر شوێن کە نووسینگەی کەناڵ8ی لێییە، یاســـای تایبەتمەند بە پاراســـتنی تایبەتمەندێتیی نەبێت و دادوەر ناچاربێت بەپێی لێکدانەوەی کەسیی خۆی یاسای دیکە بۆ دادبینییکردن دەستنیشان بکات.

"بەبێ هیچ سنورێک، کەناڵ8 بە مافی خۆی دەزانێت کە یەکسەر مافی بەکارهێنان و چالاککردنی خزمەتگوزارییەکان لەو کەسانە بسەنێتەوە کە خزمەتگوزارییەکەمان بە جۆرێک بەکاردەهێنن کە پێچەوانەی ئەو مەرجانەن کە لەم پەڕاوەدا هەن."

لەکۆتا خاڵی مەرجەکانییدا؛ کەناڵ8 پێداگریی لەســـەر جێبەجێکردنی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەی دەکاتەوە. بەتایبەت کاتێک بەکارهێنەران بە جۆرێک خزمەتگوزارییەکانی بەکاربهێنن، کە لە دەرەوەی چوارچێوەی مەرجەکانی ماڵپەڕەکە بێت و پێشـــێلکاریی تێدا بکرێت، ئەوا ئەو بەکارهێنەرە لە سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی بێبەشدەکات و بە مافی خۆیشی دەزانێت، لە ماڵپەڕەکەدا چالاکبوونی ڕابگرێت. کەواتە سەرباری ئەوەی مەرجەکانی خستوەتەڕوو؛ کەناڵ8 چاودێریی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەی دەکات و ناهێڵێت لە سنووری مەرجەکانی ئەو بەڵێننامە

یاسـاییه دەربچن، کە لە سـەرەتاوە لەسـەری ڕێککەوتوون. هەروەها لەکاتی سـەرپێچیکردنی مەرجەکاندا؛ ڕاگرتنی ئەندامێتیی لە مالّپەڕەکەدا وەک سزایەک بەکاردەهێنێت.

"کەنالّ8 مافی گۆڕینی یان نوێکردنەوەی ئەم مەرجانەی هەیە لە هەر کاتێکدا کە بیەوێت. ئەگەر پێداچوونەوەیەک هەبێت هەوڵدەدات لانیکەم 30 ڕۆژ پێش ئەوە، بەکارهێنەران ئاگادارەدکرێنەوە پێش ئەوەی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە."

لەو مەرجەدا؛ کەنالّ8 بە مافێکی یاسایی خۆی دەزانێت، هەرکاتێک مەبەستی بێت گۆڕانکاریی لە مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی دا بکات، بەڵام ئەوەیش ناشارێتەوە، کە پێشتر و لەماوەی 30 ڕۆژدا بەکارهێنەرانی مالّپەڕەکەی ئاگادارەدکاتەوە. باشـتر دەبوو ئاماژەی بەوەیش بدایە ئەگەر بەکارهێنەرێک بە مەرجە نوێیەکان ڕازیی نەبوو، مافی ئەوەی هەبێت ڕێککەوتننامەکە هەڵبوەشـێنێتەوە، چونکە لەڕابردوودا ڕەزامەندیی لەسـەر کۆمەڵێک مەرجی دیکە داوە کە ڕەنگە لە گۆڕانکارییەکاندا لابرابێتن یاخود بەجۆرێکی دیکە داڕێژرابنەوە و بە دڵی بەکارهێنەر نەبن. هەڵبەت ئەم مەرجە ڕێکارێکی یاسـایی ئاشـکرایە، بەڵام ناڕوونیی تێدایە و پێویسـتە وردتر دابڕێژرێتەوە.

"کەنالّ8 پابەندە بە پاراستنی زانیاریی و نهێنییەکانی بەکارهێنەرانی مالّپەڕەکەی، ئێمە سەردانیکارانی مالّپەڕەکەمان دڵنیادەکەینەوە بەتەواوی نهێنییەکانیان پارێزراو دەبن."

بەدەر لەم مەرجانەی دیکەی؛ کەنالّ8 لە دەسـتپێکی "سـیاسـەتی پاراسـتنی نهێنییەکان"ی مالّپەڕەکەیدا و وەک بەرپرسـیارێتییەکی یاسـایی، دڵنیایی دەداتە بەکارهێنەرانی، کە پابەندی پاراسـتنی زانیاریی و نهێنییەکانیان دەبێت. ئەوەیش لەپێناو بەدەسـتهێنانی متمانەی بەکارهێنەراندایە؛ تاوەکو لەداهاتووی بەشـێک لە زانیارییە تایبەتەکانیان کە لەلایەن مالّپەڕەکەوە کۆدەکرێنەوە، ترس و گومانیان نەبێت.

کوردستان24؛ یەکێکی دیکەیە لەو مالّپەڕە کوردییانەی مشـتی توێژینەوەکە، کە لەژێر ناونیشـانی "سـیستەمی پاراسـتنی نهێنییەکان"دا؛ لە بەشـی ناوەڕاسـتی خوارەوەی مالّپەڕەکەیدا سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی خۆی داناوە. هاوکات بە فۆنت و قەبارەیەکی گەورەتر لە بەشـی سـەرەوەی مەرجەکاندا و لەژێر ناونیشانی سەرەکییدا؛ ناونیشانێکی دیکەی لاوەکیی بۆ "سیاسەتی پاراستنی تایبەتمەندیی" داناوە کە تێیدا وشـەی "سـیسـتەم"ی بۆ "سـیاسـەت" و وشـەی "نهێنییەکان"ی بۆ "تایبەتمەندیی" گۆڕیووە. هەروەها بۆ جاری سێیەم و لەژێر ئەو دوو ناونیشانەدا؛ بە سەردێڕی "تایبەتمەندی و زانیاری نهێنی"، ناونیشـانێکی تر خراوەتەڕوو. ئەوەیش جۆرێک لە دووڵێیی و ناڕوونیی درووسـتکردووە و باشـتربوو لەژێر چەتری یەک ناونیشـاندا ئاماژە بە مەرج و ڕێنماییەکانی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی بدرایە، چونکە لە ڕووی داڕشـتن، زمان و ڕێزمانی

کوردییەوە؛ ئەو سێ ناونیشانە جیاوازە دەبێتەهۆی ئاڵۆزیی و سەرلێشێوان لە تێگەیشتنی بەکارهێنەراندا و پێویستی بە هەمواركردن و یەکخستنیان هەیە. هەڵبەت پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکان؛ مافێکی یاسایی هەر کەسێکە ڕەچاوبکرێت و پێشێل نەکرێت. لەو ڕوانگەیەوە؛ کوردستان24 لە دەستپێکی مەرجەکانی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکەیدا ڕاستەوخۆ تیشک دەخاتەسەر ئەو مافە یاساییەی بەکارهێنەران و بەمجۆرەی خوارەوە ئاماژەی پێدەدات:

"وێبسایتی (کوردستان24) ڕەچاوی مەترسی و گرنگیدانی تایبەتمەندی زانیارییەکانتان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت دەکات، ئەو سیاسەتە دووبارە داڕێژراوەتەوە، بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدەین و تێبگەن، لە شێوەی وەرگرتنی ئەو داتایانەی کۆیاندەکەینەوە و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین، کاتێک سەردانی وێبسایتەکەمان دەکەن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت."

لە دووەم بەشی ئەو مەرجەدا و پاشئەوەی ماڵپەڕەکە بەڵێنی بە "گرنگیی" ڕوانینە تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانی بەکارهێنەران دەدات، هاوکات ئاماژە بەوە دەدات، کە "دووبارە داڕێژراوەتەوە"، بەڵام ڕوون نییە کە کەی ، لە کوێ ، چۆن ، چ بەشێکی داڕێژراوەتەوە. هەروەها ئەوەیش ڕوون نییە کە لە دەقێکی بیانیی وەرگیراون یان بە کوردیی گەڵاڵەکراون، چونکە ئەم مەرج و ڕێنماییانە بۆ ئەوە نووسراون، کە بەکارهێنەران بە ئاسانیی لێیان تێبگەن و بەرچاویان ڕوون بێت: ئەو زانیارییانەی لە کاتی سەردانکردنی ماڵپەڕی کوردستان24دا لێیان کۆدەکرێتەوە بۆچی بەکاردەهێنرێن و مەبەست لە کۆکردنەوەیان چییە. هەڵبەت ئەو مەرجە دوو ئامانجی سەرەکیی تێدایە: لە لایەک بۆ دانانی بناغەی متمانە و دڵنیاییە لەگەڵ بەکارهێنەران و سەردانیکەرانی ماڵپەڕەکەدا، لە لایەکی تر بۆ بانگەشەی ڕوونیی و نمایشی نیازپاکییە، تاوەکو بەکارهێنەران گومانیان لە چارەنووسی خۆیان و زانیارییە کۆکراوەکانیان نەبێت.

"نەخشەسازی وێبسایتەکەمان بۆ ئەوە نەکراوە، تا زانیارییە تایبەتییەکانی ئامێرەکەتان کۆبکەینەوە، کاتێک سەردانی وێبسایتەکەمان دەکەن، تەنیا ئەو داتا سەرەتاییانەی بە زانین و ویستی خۆتان، بەکاردەهێنرێت، هەر وەک خزمەتگوزارییەکانمان بێبەرامبەر."

لەو مەرجەدا؛ دووبارە کار لەسەر نیازپاکیی ماڵپەڕەکە و بەخشینی دڵنیایی بە بەکارهێنەران دەکرێت، بەڵام بە دەربڕین و داڕشتنێکی جیاوازتر جەخت لەوە دەکاتەوە، کە بە تەنیا ئەو زانیارییانە کۆدەکەنەوە، کە بەکارهێنەران بە "ویست"ی خۆیان ڕەزامەندیی لەسەر دەدەن. هەروەها دڵنیایی ئەوەیش دەدات، نەخشەسازیی سیستەمی بەڕێوبردنی ماڵپەڕەکە بەجۆرێکی وانییە، کە لە پشتەوە و بە شێوازێکی نهێنیی و شاراوە؛ لە کاتی سەردانکردنی ماڵپەڕەکەدا زانیارییەکان کۆبکرێنەوە.

"لەوانەیە لایەنی سـێیەم، کە (کۆمپانیاکانی ریکلامە) بەکاربهێنین، کاتێک لەسـەر تۆڕی ئینتەرنێت سـەردانی وێبسـایتەکەمان دەکەن، مافی ئەو کۆمپانیایانەیە، زانیارییەکانتان لە بارەی سەردانیکردن بۆ ئەو وێبسایتە و پێگەی دیکە بەکاربهێنێت، (جگە لە ناو، ناونیشان، ناونیشانی ئیمێڵی ئەلیکترۆنی یان ژمارەی مۆبایل)، بۆئەوەی زانیاریتان لەبارەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بکات، کە بە گرنگی دەزانن."

ئەو مەرجە؛ یەکێکە لەوانەی زۆرینەی مالپەڕە کوردییەکان لەخستنەڕوویدا هاوبەشن، کە ئامانج لێێ خۆبەدوورگرتنە لە بەرپرسـیارێتیی یاسـایی بۆ لە ئەسـتۆگرتنی زانیارییە کەسـییەکانی بەکارهێنەران. لەم دۆخەدا، کە مالپەڕەکان دووپاتیدەکەنەوە، کە هەر بەستەرێک (link)ی لایەنی سـێیەم، جـا هەواڵیی بێـت یـان ڕیکلامی بـازرگـانیی کۆمپـانیـاکـان، کە لە نـاوەڕۆکی خزمەتگوزارییەکانی مـالپەڕە کوردییەکـاندا بڵاوبکرێتەوە، ئەوان توانای کۆنترۆڵکردنییان نییە. کاتێک بەکارهێنەران کلیک لەو بەسـتەرانە دەکەن؛ ڕاسـتەوخۆ بەو مالپەڕەوە پەیوەسـتدەبن و دەچنە چوارچێوەی کۆنترۆڵ و سـیاسـەتی تـایبەتمەندێتیی ئەوان. ئەوانیش ڕێوشـوێنی دیارییکراوی خۆیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنەران و سـەردانیکەرانیان هەیە. کەواتە ئەم مەرجەی کوردستان24 و مالپەڕە کوردییەکانی دیکە وەک ئاگادارکردنەوەیەکی پێشـوەختەیە، کە ئاماژەدەدەن بەکردنەوەی ئەو بەسـتەرانە، لایەنی سـێیەم دەتوانێت کۆمەڵێک زانیاریی بۆ خۆی ببات، لەوانە: ناونیشـان، کە مەبەسـتی شـوێنی پەیوەندییکردنی بەکارهێنەرە لەگەڵ پۆسـتەبەری ئەلیکترۆنیی و ژمـارەی مۆبـایـل. واتە کۆمپـانیـای بـازرگـانیی ڕیکلام؛ بە سـەردانی بەکـارهێنەران بۆ ئەو بەسـتەرەی خۆی خـاوەنـداریێتیی دەکـات و لە نـاوەڕۆکی مالپەڕەکەدا بڵاوکراوەتەوە، زانیارییە کەسییەکان کۆدەکاتەوە. دواتریش بە مافی خۆی دەزانێت؛ بۆ بڕەودان بە هەر بەرهەم و کاڵایەک، کە بیەوێت ڕاسـتەوخۆ ڕیکلامەکان بۆ ژمارە تەلەفون و ئیمەیڵی ئەو بەکارهێنەرە بنێرێت، کە سـەردانی بەسـتەرەکە کردووە. ئەوەیش لە کاتێکدایە مالپەڕی کوردسـتان24 دەسـەڵاتی کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە یاخود نە ناردنی ڕیکلام بۆ ئەو ئیمەیڵ و ژمارە تەلەفونانەی نییە و پێی کۆنترۆڵ ناکرێت.

"هەموو کاتێک، پارێزگاری لە تایبەتمەندی و نهێنی هەموو زانیارییەکانتان دەکەین، کە بەدەستمان دەگات. ئەو زانیارییانە ئاشکرا ناکرێن، تەنیا ئەگەر بەپێی یاسا داواکراو بێت."

لەو مەرجەدا و لەژێر ناونیشـانی "ئاشـکراکردنی زانیاری"یدا؛ سـەرباری ئەوەی، کە جارێکی تر دڵنیایی دەداتە بەکارهێنەران، کە زانیـاریـیە کۆکراوەکـانیـان پـارێزراون، بەڵام جەخت لەوەیش دەکاتەوە کە لە هەندێک دۆخدا کە سـکاڵای یاسـایی هەبێت و دادگە بە فەرمیی داوایان لێبکات،

ماڵپەڕەکەیان ناتوانێت بە نهێنیی بیانهێڵێتەوە و بیانپارێزێت. واتە زانیارییەکانی بەکارهێنەران تا ئەو کاتە پارێزراون؛ پابەندی یاسا و بڕیاری دادگە بن، بەڵام دووبارە ڕوون نییە: کام یاسا و کام دادگا.

"ئەو زانیارییانەی پێشکەشمان دەکەی، بەمەبەستی بەرژەوەندی، هەرگیز بە لایەنی سێیەمی نایفرۆشینەوە، بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی پێشوەختە و نووسراو، ئەگەر لەسەر بنەمای زانیاری گشتی نەبێت، کە بەمەبەستی ئامار و توێژینەوە بەکاردێت، کە ڕەنگە بۆ ناسینەوەی تۆ بەکاربێت."

بە ئامانجی تەواوکاریی مەرجەکانی پێشتری؛ ماڵپەڕی کوردستان24 ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدات، کە هیچکاتێک زانیارییەکانی بەکارهێنەران لەپێناو بەرژەوەندیی و دەستخستنی قازانج لەگەڵ لایەنی سێیەمدا مامەڵەی فرۆشتنیان پێوەناکەن. ئەوەیش دڵنیاکردنەوەی بەکارهێنەران و کارکردنە لەسەر بەدەستهێنانی متمانەیان، کە ماڵپەڕەکە چەند جارێک جەختی لەسەر دەکاتەوە. لەگەڵیشیدا ئاماژە بەو دۆخانە دەدات کە بەنووسراوی فەرمیی دادگە داوایان لێبکرێت، کە جەخت لەوە دەکاتەوە پێشوەختە بەکارهێنەریان لێئاگادار دەکاتەوە. هەروەها ئاماژەی بە دۆخێکی دیکەیش کردووە، کە زانیارییەکانی بەکارهێنەران دەخاتە خزمەت لایەنی سێیەم؛ ئەگەر بۆ ئامار و توێژینەوەی زانستیی پێویستی بە وەرگرتنی داتا بێت.

"مافی ئەوەمان هەیە، بەند و مەرجەکانی سیاسەتی نهێنی و تایبەتمەندی زانیاری هەمواربکەینەوە، کە پێویست بکات و کاتەکەی گونجاو بێت. هەمواركردنەوەکە لێرە و لە لاپەڕەی تایبەتمەندی سەرەکی بەشێوەیەی بەدەستمان هێناوە، ڕوونیدەکەینەوە، کە چۆن بەکاریدەهێنین و ئەو لایەنەی زانیاری پێدەدەین، بەردەوام ئاگادار دەکرێنەوە."

ئەگەرچی ئەو مەرجە؛ ڕەهەندێکی یاسایی و ئیتیکی هەیە و هاوشێوەی ماڵپەڕە کوردییەکانی دیکەی مشتەی توێژینەوەکەیە و خزمەت بە ڕەهەندی تەکنیکی و ڕوونیی مەرجەکانیان دەکات. کوردستان24 بە مافی خۆی دەزانێت هەر کاتێک بیەوێت مەرجەکانی سیاسەتەکەی دەستکاریی و هەمواربکاتەوە. هاوکات دووپاتی دەکاتەوە، کە ئەو گۆڕانکارییانە بە ئاشکرا دەیانکات و پێشتر بەکارهێنەرانی لێ ئاگادار دەکاتەوە، بەڵام ئاماژەی بە کاتی ئاگادارکردنەوەکە نەداوە کە ماوەی چەند ڕۆژ بەر لە تازەکردنەوەکە دەبێت. باشتربوو کاتەکەی دیاریبکردایە، چونکە دەشێت بەکارهێنەرێک چەند ڕۆژ و هەفتەیەک یاخود زیاتر سەردانی ماڵپەڕەکە نەکات و بەو هۆیەوە ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییانە نەبێت، کە ماڵپەڕەکە ئەنجامی دەدات.

"مەترسی و گرنگیدان لە بارەی نهێنی و تایبەتمەندی زانیارییەکانت، یەکێکە لە بابەتە هەر گرنگەکانمان، هیواخوازین لەژێر ئەو سیاسەتە بێتەدی."

لە کۆتا خاڵی مەرجەکانییدا؛ کوردستان24 ئەوە بە بیر بەکارهێنەران دەهێنێتەوە، کە دڵنیابن لەوەی زانیارییە تایبەتمەندییەکانتان بە گرنگییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە مەبەستی ئەوەیە بۆ پاراستنیان ڕێکاریی توند گیراوەتەبەر. ئەو پەیامە؛ هەم لە سەرەتای مەرجەکان و لە ناوەڕۆکی مەرجەکاندا چەند جارێک جەختی لێکراوەتەوە، چونکە بنەمای داڕشتنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی پێش هەمووشتێک فەراهەمکردنی متمانەی بەکارهێنەر و نەهێشتنی گومان و ترسییەتی لە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی.

سێیەم؛ وەک ماڵپەڕێکی کوردیی دیکەی مشتەی توێژینەوەکە خاوەنی دەقی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی خۆیەتی و لە بەشی خوارەوەی ماڵپەڕەکەیدا و لەژێر ناونیشانی "مەرجەکانی بەکارهێنەران"دا ناوەڕۆکی مەرج و ڕێنماییەکانی بە زمانی ئینگلیزیی بڵاوکردووەتەوە. لەکاتێکدا پێویستبوو بە زمانی کوردیی بڵاوی بکردنایەتەوە، چونکە بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری ماڵپەڕەکە کەسانی کوردزمانن. ماڵپەڕی سێیەمی جارێکی تر و لە ناوەڕۆکی مەرجەکانیدا؛ ناونیشانێکی تری بە ناوی "سیاسەتی پاراستنی نهێنی" هەیە، کە باشتربوو هەردوو ناونیشانەکەی یەکبخستایە و سەری لە بەکارهێنەرانی نەشێواندایە. لە ڕووی یاساییەوە؛ سێیەمی وەک هەر ماڵپەڕێکی تر مەرجە یاساییەکانی کردۆتە دەستپێکی داڕشتنی سیاسەتەکەی و بە ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی بەکارهێنەرانی، دەچێتە وردەکاریی ناوەڕۆکەکەیان. لە لیستی مەرجەکانییدا؛ ئاماژەی بە کۆکردنەوەی زانیاریی و بڕیاری ڕەزامەندیی بەکارهێنەران داوە بەم شێوازە خستوویەتییەڕوو،

"ئەم لاپەڕەیە بەکاردێت بۆ ئاگادارکردنەوەی سەردانیکەرانی ماڵپەڕەکە سەبارەت بە مەرجەکانمان، ئەگەر کەسێک بڕیاریدا خزمەتگوزارییەکەمان بەکاربهێنێت."

لەو مەرجەدا؛ سێیەمی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە مەرجەکانی پەیوەستە بەو کەسانەی سەردانی ماڵپەڕەکەی دەکەن و بڕیاری بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانیان داوە. واتە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی بەستووەتەوە بەوەی گوزارشت لە ڕەزامەندیی بەکارهێنەران بۆ کۆکردنەوەی تایبەتمەندیی زانیارییەکانیان دەکات، هەروەک دەنووسێت:

"ئەگەر تۆ خزمەتگوزارییەکەمان بەکاربهێنیت، ئەوا تۆ ڕەزامەندیت لەسەر کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیارییەکانت."

لەو مەرجەدا؛ سبەی مەبەستێتی سەردانیکەری مالپەڕەکەی کاتێک ئەو بەشە دەخوێنێتەوە هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری بکاتەوە، کە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی مالپەڕەکە، واتای مۆڵەتپێدانی بەکارهێنەر دەگەیەنێت، کە ڕەزامەندە بە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی.

"ڕەنگە کۆمپانیا و کەسانی لایەنی سێیەم دابمەزرێنین بەهۆی ئەم هۆکارانە: بۆ ئاسانکاری خزمەتگوزارییەکەمان، بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکە بەناوی ئێمەوە، بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە خزمەتگوزاری، یان بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات لە شیکردنەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکەمان، ئێمە دەمانەوێت بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکەمان ئاگادار بکەینەوە کە ئەم لایەنە سێیەمانە دەستیان بە زانیارییە کەسییەکانی تۆ دەگات، هۆکارەکەشی بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەیە کە پێیان سپێردراوە بەناوی ئێمەوە، بەڵام ئەوان پابەندن کە زانیارییەکان بۆ هیچ مەبەستێکی تر ئاشکرا نەکەن یان بەکاریان نەهێنن."

لە چوارچێوەی ئەو مەرجەدا؛ سبەی بەکارهێنەرانی ئاگاداردەکاتەوە، کە ڕەنگە کەسانێکی تر دەستییان بە زانیارییە کۆکراوەکانیان بگات، لەوانە: کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاری یاخود لایەنێکی شارەزا لە بواری ڕێکخستن و چاکسازیی لە خزمەتگوزاریی مالپەڕدا. لە خستنەڕووی ئەو مەرجەدا؛ سبەی مەبەستێتی لە ڕوانگەی یاساییەوە ئاماژە بەو دەستوەردانەی کەسانی دیکە بدات و بە شاراوەیی نەیهێلێتەوە و هۆکارەکانیشی بخاتەڕوو کە بەشداریکردنی لایەنی سێیەم و دەستگەیشتنی بەزانیارییەکانی بەکارهێنەر، تەنیا بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانە و بەکارهێنەرانی دڵنیادەکاتەوە، کە زانیارییەکانیان لە ڕێگەی ئەوانەوە ئاشکرا ناکرێن.

" ئێمە متمانەی تۆ بە نرخ دەزانین لە پێدانی زانیارییە کەسییەکانت بۆ ئێمە، بەم شێوەیە هەوڵدەدەین ئامرازی پەسەندکراوی بازرگانی بەکاربهێنین بۆ پاراستنی. بەڵام لەبیرت بێت کە هیچ شێوازێکی گواستنەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، یان شێوازێکی هەڵگرتنی ئەلیکترۆنی 100% پارێزراو و متمانەپێکراو نییە، و ناتوانین گەرەنتی ئاسایشی ڕەهای بکەین."

ئەگەرچی لەو مەرجەدا؛ زمانی دەربڕین و ڕێنووس و خاڵبەندییەکەی ناتەواوە، بەڵام مالپەڕی سبەی وەک بەرپرسیارێتییەکی یاسایی بە ڕوون و ڕاشکاوایی ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەوان بەپشتبەستن بە هەموو ئەو ئامڕازە تەکنۆلۆژیا پەسەندکراوانەی کە بڕواپێکراون لە بواری پاراستنی ئاسایشی زانیارییدا هەموو هەوڵ و ڕێکارێکی توندی پاراستن دەگرنەبەر؛ لە پێناو پاراستنی ئەو متمانەیەی بەکارهێنەران بەوانی بەخشیووە و ڕازیبوون بە کۆکردنەوەی زانیارییەکانیان لە لایەن ئەوانەوە. دواتر ئاماژە بەوە دەدات، کە دەبێت بەکارهێنەر ئەوە بزانێت: هەرچەندە ڕێکارەکانی پاراستنی زانیاریی تووندتربن، هەر کەلێن و درزێک هەیە بۆ مەترسیی و

پێشـێلکاریی بەرامبەر زانیارییەکانی بەکارهێنەری مالّپەڕەکە. هەربۆیە سـبەی هیچکاتێک دڵنیایی لە پاراستنی ڕەها بە بەکارهێنەرانی نادات.

"لەوانەیە خزمەتگوزارییەکەمان لینکی سایتەکانی تری تێدابێت. ئەگەر کلیک لەسەر بەستەرێکی لایەنی سێیەم بکەیت، ئەوا ئاڕاستەی ئەو مالّپەڕە دەکرێیت. تێبینی ئەم سایتە دەرەکیانە لەلایەن ئێمەوە بەڕێوەناچێت. بۆیە بە تۆندی ئامۆژگاریت دەکەین کە پێداچوونەوە بە سیاسەتی پاراستنی نهێنی ئەم مالّپەڕانەدا بکەیت. ئێمە هیچ کۆنترۆڵێکمان بەسەر ناوەڕۆک، سیاسەتی نهێنی، یان پراکتیکەکانی هیچ مالّپەڕێک یان خزمەتگوزارییەکی لایەنی سێیەمدا نییە، و هیچ بەرپرسیارێتییەک لە ئەستۆ ناگرین."

ئەو ئاگادارکرنەوەیە؛ جۆرێکە لە خۆبەدوورگرتن لە چوونەژێر بەرپرسـیارێتی یاسـایی، کە بەگشـتیی مالّپەڕەکان ڕەچاوی دەکەن و هەموویان ئاماژەیان پێداوە. واتە لە ناوەڕۆکی خزمەتگوزارییەکانی مالّپەڕی سـبەی-دا؛ ڕەنگە هەندێکجار هەواڵ و ڕیکلام بڵاوبکرێتەوە و بەسـتەری ئەلیکترۆنیی پێگەکە لەگەڵیدا دابنرێت بە کلیک کردنی بەکارهێنەر لەسـەر ئەو بەسـتەرانە، سـبەی بەرپرس نییە، چونکە ڕاسـتەوخۆ بە لایەنی سـێیەمەوە پەیوەسـت دەبێت و دەچێتە ژێر کۆنترۆڵی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ئەو مالّپەڕانەوە. بۆیە هیچ دەسەڵاتێکیان بەسەر پاراسـتنی زانیاریی بەکارهێنەراندا نامێنێت و بە تۆندیی ڕێنماییان دەکەن، کە پێش بەکارهێنان مەرجەکانی سیاسـەتی تایبەتمەندێتیی مالّپەڕەکان بخوێننەوە، هەروەها لە کۆتاییدا ئەوان خۆیان لە هەموو بەرپرسیارێتییەک بێبەری دەکەن.

"خزمەتگوزارییەکانمان پەیوەندی بە هیچ کەسێکەوە ناکەن کە تەمەنی لە خوار تەمەنی ١٣ ساڵەوە بێت. ئێمە بە ئاگاداری زانیاری ناسنامەی کەسی لە منداڵانی خوار تەمەنی ١٣ ساڵ کۆناکەینەوە. لە حاڵەتێکدا کە بۆمان دەرکەوت کە منداڵێکی خوار تەمەنی ١٣ ساڵ زانیاری کەسی پێبەخشیوین، ئێمە دەستبەجێ ئەمە لە سێرڤەرەکانمان دەسڕینەوە. ئەگەر تۆ دایک و باوک یان سەرپەرشتیاریت و ئاگاداری منداڵەکەت زانیاری کەسی پێداوین، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە بۆ ئەوەی بتوانین کاری پێویست ئەنجام بدەین."

لەو مەرجەدا و جیاوازتر لە مالّپەڕە کوردییەکانی دیکەی مشـتەی توێژینەوەکە؛ سـبەی ئاماژەی بە تەمەنی منداڵان کردووە و لەژێر ناونیشـانی "تایبەتمەندی منداڵان"دا ئەوەی خسـتووەتەڕوو، کە ئەو زانیارییانەی لەبەرامبەر پێشـکەشـکردنی خزمەتگوزارییەکانـدا لە بەکارهێنەرانی کۆدەکەنەوە، منداڵانی خوار تەمەن 13ساڵ ناگرێتەوە و بەرپرسانی مالّپەڕەکە هەر کاتێک بزانن زانیارییەکی خوار ئەو تەمەنە کۆکراوەتەوە، دەسـتبەجێ دەیسـڕنەوە. هەوکات داوا لە هەر دایک و باوکێک دەکات، کە دەزانێت زانیاریی منداڵەکەی کۆکراوەتەوە بە تەلەفۆن ئاگاداریان بکەنەوە. واتا مالّپەڕی سـبەی؛ نەزانین و ناهۆشـیاریی منداڵ بەرامبەر تایبەتمەندێتیی زانیاریییەکانی

ناقۆزێتەوەو بە دەرفەتی نازانێت، بیانخاتە خزمەت خۆی. ئەوەیش جۆرێکە لە هۆشـــیاریی و دەچێتە چوارچێوەی پەروەردەی خوێندەواریی میدیاییەوە.

"لەوانەیە جارجارە سیاسەتی پاراستنی نهێنیەکانمان نوێ بکەینەوە. بەم شێوەیە ئامۆژگاریت دەکەین کە جار جار پێداچوونەوە بەم لاپەڕەیە بکەیت بۆ هەر گۆڕانکارییەک. ئێمە لە هەر گۆڕانکارییەک ئاگادارتان دەکەینەوە بە بڵاوکردنەوەی سیاسەتی نوێی پاراستنی نهێنی لەم لاپەڕەیەدا. ئەم گۆڕانکاریانە دەستبەجێ کاریگەر دەبن، دوای ئەوەی لەم پەیجەدا بڵاو دەکرێنەوە."

ئەو مەرجەی مالپەڕی ســـبەی؛ ڕێکارێکی یاســـاییە و لەچوارچێوەی ڕێککەوتنامەی نێوان مالپەڕەکە و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانێتی. تاڕادەیەک مەرجێکی هاوبەشە و لە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مالپەڕە کوردیی و بیانییەکانییشـــدا ڕەچاودەکرێت، چونکە بنەمای ڕوونیی و مافێکی یاســـایی دوولایانەیە. هەربۆیە ســـبەی ئاماژە بەوە دەدات، کە دەســـتکارییکردن و گۆڕانکاریی لە ناوەڕۆکی ســـیاســـەتەکەییدا ڕەنگە ڕووبدات ، پێداچوونەوە و چاکســـازیی لە مەرجەکانییدا بکرێت. ئەوەیش واتای ڕازییبوونی بەکارهێنەران بە مەرجە نوێکانی مالپەڕەکە دەگەیەنێت، کە پێشـــوەخت ئاگاداری کردوونەتەوە. باشـــتربوو لێرەدا؛ مالپەڕی ســـبەی دیاریی بکردایە، ماوەی چەند ڕۆژ بەر لەخســـتنەڕووی گۆڕانکارییە نوێکان ئاگاداری بەکارهێنەران دەکاتەوە، چونکە ئاماژەی پێنەداوە و زۆر ڕوون نییە.

964؛ مالپەڕێکی دیکەی مشتەی توێژینەوەکەیە و خاوەنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی خۆیەتی، کە لەژێر ناونیشانی "سیاسەتی پاراستنی نهێنی"دا وەک گرێبەستێکی یاسایی پێشوەختە ئاماژەی پێداوە.

"متمانەتان بە ئێمە بەرز دەنرخێنین و لە گرنگی نهێنی زانیارییە کەسییەکانتان تێدەگەین، بۆیە ئێمە بە جددی کاردەکەین بۆ پاراستنی نهێنیەکانتان و پابەندین بە ستانداردە تونددەکان لە کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیارییە کەسییەکانی تۆ."

لەم مەرجەی مالپەڕەکەدا و لە دەستپێکی "سیاسەتی پاراستنی نهێنی"دا خراوەتەڕوو؛ ئاماژە بە دوو زانیاریی ســـەرەکیی دەدات: یەکەمیان؛ بەکارهێنەران دڵنیادەکاتەوە لەوەی مالپەڕەکە "بەجدی" کار لەسەر پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکانیان دەکات. دووەمیان؛ لەپێناو پاراســـتنی زانیارییەکاندا جەخت لە پابەندبوون بە ســـتاندارد تونددەکان دەکاتەوە، بەڵام ڕوونی نەکردۆتەوە، کە مەبەســـتی لە "ســـتاندارد تونددەکان" چییە و چۆن پێوەیان پابەند دەبێت: ئایا پابەندە بە ڕێســـا گشـــتییەکانی پاراســـتنی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەســـییەکان، کە لە زۆرینەی وڵاتانی خۆرئاوا و ئەوروپادا پەیڕەو دەکرێن یاخود مەبەســـتی گرتنەبەری ئاســـایشـــی بەهێزی سیستەمی مالپەڕەکەیە، بۆ ڕێگرییکردن لە هەر هەڕەشە و مەترسییەکی هێرشی ئەلیکترۆنیی.

هەربۆیە باشترببوو؛ دووەم بەشی مەرجەکە ڕوونتر بکرایەتەوە، کە مەبەستی لە کام لەو دوو ڕێکارەیە، کە تۆیژەر وەک دوو بژاردە خستنییەڕوو.

" کاتێک تۆ مااڵپەڕەکەمان بەکاردەهێنیت، لەوانەیە ئێمە هەندێک زانیاری کەسی لە تۆ کۆبکەینەوە، وەک ناو و ناونیشانی ئیمەیڵەکەت."

لەو مەرجەدا؛ 964 پێشنیارکراوە بەکارهێنەران ئاگادارەکاتەوە لە کاتی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی مااڵپەڕەکەیدا، بە مافی خۆی دەزانێت کۆمەڵێک لە زانیاریی کەسییەکانیان لەنموونەی "ناو، ناونیشان، ئیمەیڵ" کۆبکاتەوە، کە لە کاتی سەردانکردنیاندا سوود لە ناوەڕۆکی خزمەتگوزارییەکان وەردەگرن. واتای نەوتراوی ئەو مەرجە؛ ئەوە دەگەیەنێت، کە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان بە واتای دەربڕینی ڕەزامەندیی بەکارهێنەرانە لە مۆڵەتدان بە مااڵپەڕی964، ئەو زانیارییانەیان کۆبکرێنەوە کە لە مەرجەکاندا دیارییکراون. لێرەدا ڕوون نەکراوەتەوە، کە لەبەرامبەر بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکاندا؛ مەرجە و هەر دەبێت ئەو زانیارییانە کۆبکاتەوە یان نا، چونکە ئەگەری تێخستووە و ئاماژە بەوە دەدات، کە "لەوانەیە" کۆبکرێنەوە. واتە جۆرێک لە نادڵنیایی و ئاڵۆزیی تێدایە، ئەوەیش سەر لە بەکارهێنەرانی مااڵپەڕەکە دەشێوێنێت.

"هەموو ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن بۆ پاراستنی زانیارییە کەسییەکانتان دەگرینەبەر، ڕێوشوێنی ئاسایشی گونجاو دەگرینەبەر بۆ پاراستنی زانیارییەکانتان لە دەستڕاگەیشتن، گۆڕانکاری، لەناوبردنی یان ئاشکراکردنی بێ مۆڵەت."

ئەگەرچی ئەو مەرجە؛ دەچێتە چوارچێوەی ڕێکار و ڕەهەندی تەکنیکیی سیاسەتی پاراستنی تایبەتمەندێتیی 964 و لە شوێنی خۆیدا شیدەکرێتەوە، بەاڵم لە کۆتایی مەرجەکەدا ئاماژە بە "ئاشکراکردنی بێ مۆڵەت" دەدات، کە وەک بەرپرسیارێتییەکی یاسایی بەرامبەر پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەران، دڵنیاییان دەداتێ، کە بە هیچ شێوازێک زانیارییەکانیان ئاشکرا ناکرێن و بەبێ مۆڵەت وەرگرتنی پێشوەختە لە خاوەنەکانیان بۆ الیەنی سێیەم نانێردرێن. واتە هەر کاتێک مااڵپەڕەکە بیەوێت مامەڵە بە زانیارییەکانی بەکارهێنەران بکات و بۆ ڕیکالمی بازرگانیی و دەستخستنی قازانج بیانفرۆشێت، ئەوا لە چوارچێوەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مااڵپەڕەکەدا بە ئاشکرا ئاماژەی پێدەدا و پێشوەخت مۆڵەتیان لێوەردەگرێت.

"لەوانەیە مااڵپەڕەکەمان لینکی سایت و خزمەتگوزارییەکانی دیکەی هەبێت کە خاوەندارێتی کۆمپانیاکانی تر دەکەن، ئێمە ناوەڕۆکی ئەم سایتانە کۆنترۆڵ ناکەین و کۆنترۆڵی پراکتیزەکانیان ناکەین سەبارەت بە تایبەتمەندی، پێویستە پێش بەکارهێنانیان سیاسەتی پاراستنی نهێنی بۆ ئەم سایت و خزمەتگوزارییانە بپشکنیت."

ئەو ئاگادارکردنەوەیە؛ لە نێوان 964 و زۆرینەی ماڵپەڕە کوردیی و بیانییەکاندا هاوبەشـــە و زۆربەیان وەک خۆبەدوورگرتن لە بەرپرسیارێتیی یاسایی ئاماژەیان پێداوە. لەخستنەڕووی ئەو مەرجەدا؛ ماڵپەڕەکە مەبەستییەتی بڵێت: لە ناوەڕۆکی خزمەتگوزارییەکانماندا، ڕەنگە وا بخوازێت لەگەڵ دانانی هەواڵێکدا، بەستەری سەرچاوەی هەواڵەکە لە ماڵپەڕێکی دیکەوە وەرگیراوە وەک پاراســـتنی مافی خاوەندارێتیی دابنرێت یاخود لەژێر پۆســـتی بابەتێکی ڕیکلامیی کاڵایەکدا، کە کۆمپانیایەک خاوەندارێتیی دەکات، لینکی کۆمپانیاکە دابنرێت، لەو دۆخانەدا کردنەوەی ئەو لینکانە و سەردانکردنیان لە لەلایەن بەکارهێنەرانەوە، ڕاستەوخۆ دەچنە ژێر کۆنترۆڵی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ئەو ماڵپەڕانەوەو 964 لێی بەرپرسیار نابێت. هەروەک لە مەرجەکەیدا؛ بە ڕوونیی ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەوان وەک ماڵپەڕەکە توانای ئەوەیان نابێت بەرگریی لە زانیارییەکانی بەکارهێنەرانیان بکەن و ڕێگریی لە کۆکردنەوەییان بگرن، چونکە ئەوان خاوەندارێتیی ناکەن و کۆنترۆڵکردنی سیستەمەکەیان لەژێر دەسەڵاتدا نامێنێت. هەربۆیە بەکارهێنەر پێشـــئەوەی خزمەتگوزارییەکانی ئەو ماڵپەڕانە بەکاربهێنێت؛ پێویســـتە مەرج و ڕێنماییەکانیان بخوێنێتەوە، تاوەکو ئاشنا و ئاگاداری سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ئەو ماڵپەڕانەبن.

"لەوانەیە ریکلام لە ماڵپەڕەکەماندا لە ڕێگەی دابینکەرانی ریکلامی لایەنی سێیەمەوە دابین بکەین، هەندێک زانیاری ناکەسیی دەتوانرێت کۆبکرێتەوە کاتێک کلیک لەسەر ئەم ریکلامانە دەکەیت و دەتوانرێت ئەم زانیارییانە بەکاربهێنرێت بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی ریکلام."

ئەو مەرجە لەگەڵ مەرجی پێشخۆیدا؛ لەڕووی واتاوە ناڕوون و دژ بەیەکن. لە مەرجی پێشوودا مەبەســتی ئەوە بوو لینکی لایەنی ســێیەم کاتێک دادەنرێت، کە دەشــێت هی کۆمپانیایەک بێت و ئەوان توانای کۆنترۆلکردنیان نەبێت، لە کاتێکدا مەبەســـتی کۆمپانیای ڕیکلامە یاخود لینکی ماڵپەڕێک بۆ ئاماژەدان بە ســـەرچاوەی هەواڵ، بەڵام لەم مەرجەدا و بەپێچەوانەی مەرجی پێشــخۆی، کە ڕەنگە لایەنی ســێیەم کۆمپانیایەکی ڕیکلام بێت و بەکارهێنەران کاتێک ســەردانی دەکەن توانــای کۆکردنەوەی هەنــدێک زانیــاریی زیــاتری هەیە، بێئەوەی ئــامــاژە بە جۆری زانیارییەکان بدات. دواتر دەڵێت: ئەم زانیارییانە دەخەینە خزمەت باشـــکردنی خزمەتگوزاری ڕیکلام؛ بەبێ ئەوەی بــاس لەوە بکــات چۆن مۆڵەت لە بەکــارهێنەران وەردەگرێــت. ئەوەیش لەکاتێکدایە کە ئەو لە پێشـــتردا دڵنیایی دەدات لەوەی زانیارییەکانی بەکارهێنەران بە هیچ شــێوازێک بۆ لایەنی ســێیەم ئاشکراناکرێن. لێرەدا تۆڕەر بۆی دەرکەوت؛ لە مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکانی بەکارهێنەراندا ماڵپەڕی 964 ڕێکاری تەکنیکی پێچاوپێچ و ئاڵۆزی گرتوەتەبەر، کە پێویستبوو پێشوەخت ئاگاداریان بکاتەوە.

"لەوانەیە جار جارە سیاسەتی پاراستنی نهێنی نوێبکەینەوە، هەموو بەکارهێنەران لە هەر گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی پاراستنی نهێنی ئاگادار دەکرێنەوە."

ئەو مەرجەیش تاڕادەیەک لەنێو هەموو ماڵپەڕەکاندا هاوبەشە، کە ڕەهەندی یاسایی، ئیتیکیی و تەکنیکیی لەخۆدەگرێت. واتە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕی 964؛ کۆمەڵێک مەرجی لەخۆ گرتووە، کە ڕەنگە پێویست بە دەستکارییکردن و چاکسازیی بکات، بە شێوازێک لەگەڵ گۆڕانکاریی ڕۆژگار و شەپۆلی تەکنۆلۆژیای نوێدا بگونجێت، بۆیە ماڵپەڕەکە ئەوە دەخاتەڕوو کە هەر کاتێک ویستیان ناوەڕۆکی مەرجەکان هەمواربکەنەوە، پێشنیاری بەکارهێنەران ئاگادارەدەکەنەوە. واتە ئەم پرۆسەیە بە ڕوون و ڕاشکاویی ئەنجام دەدرێت، بەڵام کاتێکی دیارییەنەکردووە کە چەند ڕۆژ پێش ئەو گۆڕانکارییە لە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەدا بکرێت؛ بەکارهێنەران ئاگادارەدەکرێتەوە. هەڵبەت مەبەست لەو ئاگادارکردنەوەیە بۆ ئەوەیە ڕەنگە کۆمەڵێک مەرجی نوێ بخرێتەڕوو، کە بەکارهێنەر پێوستیتە بزانێت چین، چونکە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان؛ واتای ڕازاییبوونە پێیان.

3.1.2: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئیتیکیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە کورد‌ییەکان

ماڵپەڕە کورد‌ییەکان لە ڕەهەندی ئیتیکیی یاخود پابەندبوون و پێشێلکردنی پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن دا؛ خاڵی لێکچوون و جیاوازیان هەیە. لەو ڕووەوە؛ **ڕووداو،** تیشکی خستوەتەسەر کۆمەڵێک بنەما و پابەندبوونی پیشەیی خۆی لەچوارچێوەی نهێنیپارێزیی و مەرجەکانی ماڵپەڕەکەدا ئاماژەپێداوە، لەوانە:

"لە پۆرتاڵی ڕووداو هەموو زانیارییە تایبەتەکانی تۆی بەکارهێنەر پارێزراوە لەکاتی تۆمارکردنی خۆت لە پۆرتاڵەکەمان."

لەو مەرجەدا؛ پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیی و نەچوونە نێو ژیانی تایبەت و دەستنەبردن بۆ زانیارییە کەسییەکان و پیرۆزییەکانیان ئاماژەی پێدراوە، کە لە سەردەمی زێڕینی میدیای چاپکراودا زۆرتر جەختی لەسەر دەکرایەوە. دوای دەرکەوتن و سەرکەوتنی میدیای ئەلیکترۆنی و خزمەتگوزارییەکانی؛ مافی تایبەتمەندێتیی کەسەکان گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هات و بوو بە کەرەستەی سەرەکیی خۆتۆمارکردن و کارلێککردن لەگەڵ ماڵپەڕ ، سۆشیاڵمیدیا و پڕۆتۆکۆڵی ئینتەرنێت. لێرەوە تایبەتمەندییەکانی زانیارییە کەسییەکان؛ چوارچێوەی دیوار و پیرۆزییەکانی ماڵی تێپەڕاند و ئێستا وەک سەرچاوەیەکی داهات و دارایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. هەربۆیە دڵنیاییدان لە پاراستنی زانیارییەکانی بەکارهێنەر؛ بووەتە یەکێک لە پێوەرە هەرە گرنگەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکان. لەو نێوەندەیشدا؛ ڕووداو لە مەرجەکانی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکەیدا بەڵێنی پاراستنی بە بەکارهێنەران داوە، کە زانیارییە کەسییەکانیان

ئاشـــکرا ناکرێن و جگە لە تۆڕی میدیایی ڕووداو، کە بەهەســـتیاریییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، کەسی دیکە دەستیان پێیناگات.

"هەرکەسێک تەمەنی لەخوار ١٨ ساڵەوە بێت، بۆی هەیە بەشێک لە نێوەڕۆکی ئەم پۆرتاڵە، دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە خێزانەکەی (دایک و باوک یان ئەو کەسەی سەرپەرشتیی بەخێوکردن و پەروەردەکردنی دەکات)، بەکاربهێنێت."

ئەو مەرجە لە ڕووی ئیتیکییەوە؛ ڕەچاوی تـایبەتمەندێتیی تەمەنی منداڵان کراوە. لەســـایەی پێشـــکەوتنی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵییدا، ڕێکاریی تەکنیکیی بۆ فلتەرکردنی ناوەڕۆکی هەندێک بەرهەمی میدیـایی دەگرێتەبەر، بۆئەوەی منداڵ دەســـتی بەو بـابەتـانە نەگـات کە بۆ تەمەنی گونجاونییە. ڕووداو لە بەشی "دەربارەی ئێمە"ی ماڵپەڕەکەییدا ئاماژە بەوە دەدات، کە توانیویانە ڕووداوە نێوخۆیی و جیهانییەکان بە دەنگ و ڕەنگ بگوازنەوە، لەوانە: هەواڵی تایبەت بە شـەڕی گرووپی تیرۆریسـتیی داعش، تاوەکو شـەهیدبوونی پەیامنێرێکیان بە ناوی شـیفا گەردی، بەڵام ئەو هەواڵانەیان بۆ منداڵانی خوار تەمەنی ئاســـایی ڕێگەپێدراونییە، چونکە کاریگەریی نەرێنییان لەسـەر دەبێت. ئەوەیش لە ڕێگەی دانانی فلتەر بۆ منداڵی خوار تەمەن 18ساڵ، تاوەکو نەتوانێت هەموو هەواڵێک بخوێنێتەوە ، ببیســـتێت و ببینێت. واتە ڕووداو لە ســـۆنگەی هەســـتکردن بە بەرپرســـیارێتیی ئەو مەرجەی داناوە، چونکە ســـەرەڕای ئەوەی منداڵی خوار ئەو تەمەنە وەک پێویست لە واتای یاسایی و ئیتیکیی مافی تایبەتمەندێتیی تێناگات. لەگەڵئەوەیشدا؛ دەبوو ڕووداو ئاماژەی بەوەش بدایە کە کاتێک منداڵی خوار تەمەن 18ســـاڵ بەشـــێک لە نێوەڕۆکی ماڵپەڕەکە دەبینن؛ ئایا چۆن و بە چ شـــێوەیەک فلتەری بکەن و تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەســـییەکانیان کۆنەکرێنەوە و ڕەچاوی تەمەنەکەیان بکرێت. هەروەک پێشـــتر شـــیکرایەوە؛ ڕووداو لە ڕێگەی دابینکردنی خزمەتگوزاریی "ڕووداوی تۆ" دەرفەت بە بەکارهێنەر دەدات، بەشداریی بکات و ناو، ناونیشـــان و ئیمەیڵی کەســـیی خۆی لە فۆڕمێکدا تۆماربکات و پابەندبێت بە مەرجەکانی بەشداریکردن و نووسینی کۆمێنت. هەڵبەت هەندێک لە مەرجەکان ڕەهەندی یاساییان هەیە و پێشـــتر ئاماژەیان پێدرا، بەڵام هەندێکی دیکەیان دەشـــچنە چوارچێوەی پێوەرەکانی ڕێســـا پیشەییەکانی کاری ڕاگەیاندن، لەوانە:

"نابێ هەڕەشە و جوێن و سووکایەتی و ناوزڕاندنی کەسی تێدابێت."

لەو مەرجەدا؛ ڕووداو ڕەچاوی ڕەهەندە ئیتیکیی و یاســـاییەکانی تاوانی ناوزڕاندن (التشـــهیر) بەهەردوو جۆری تۆمەت خســـتنەپاڵ (القذف) و جنێودان (الســـب)ی کردووە، بەڵام وێڕای تێکەڵاوکردنیان، ئاماژەی بەوە نەداوە، ئەگەر هاتوو کەسـێک تاوانەکەی ئەنجامدا لەبەرامبەردا چ ڕێکارییەک دەگرێتەبەر. بۆنموونە؛ ئایا ڕێکاریی یاســـایی دەگرێتەبەر یاخود تاکلایانانە لەلای خۆیەوە لە خزمەتگوزارییەکانی بێبەشی دەکات و هەژمارەکەی ڕادەگیرێت. لە خستنەڕووی ئەو

مەرجەدا؛ ڕووداو، دەیەوێت پابەندی پاراستنی شکۆی کەسیی بەکارهێنەران بێت، هەربۆیە تیشک دەخاتەسەر بەشێک لە بەها ئاکارییەکان و داوا لە بەکارهێنەران دەکات: لە کاتی بەشداربیکردن و نووسینی کۆمێنت لەسەر پۆستەکانی مالپەڕەکەدا ڕەچاوی بکەن. ئەوەیش مەبەستێ لێی؛ خۆبەدوورگرتنە لە بەکارهێنانی زمانی زبری ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسایەتیی و هەڕەشە ، سووکایەتیی و پێشێلکاریی بەرامبەر بە ماف و ئازادییەکانی ئەوانیدیکە، چونکە هەموو ئەوانە جگەلەوەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ویژانی کەسەکان و پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن هەیە، هاوکات لە ئەنجامی پێشێلکردنیان سەر بۆ تاوانەکانی ڕاگەیاندن دەکێشن و تاوانباران سزا دەدرێن. جا پێویستە هەم میدیا و میدیاوان خۆیان ڕەچاویان بکەن، هەم ڕێگرییبکەن لەوەی کەسێک لە ڕێگەی ئەوانەوە پێشێلی پێوەرە پیشەییەکان و بنەما یاساییەکان بکەن.

"نابێ ژیانی تایبەتی (پرایڤسی)ی کەسانی دیکە پێشێل بکات."

ناوەڕۆکی ئەو مەرجە؛ هەم ڕەهەندی یاسایی و هەم ڕەهەندی ئیتیکیی هەیە و دەچێتە چوارچێوەی بەندەکانی جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و لە ئاستی نێودەوڵەتیی و نێوخۆییشدا کار لەسەر پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیی (The Right to Privacy) کراوە و دەکرێت. نووسەری کتێبیی *"مافی ژیانی تایبەت لە نێوان یاسا و ئیتیکی ڕۆژنامەگەرییدا"*؛ زۆر بە وردیی ئاماژەی بە خاڵی لێکچوون و جیاوازی ئەو مافە شارستانییەی کەسەکان کردووە و بەڵگەی زیندووی لە میدیای کوردیی و بیانیی خستووەتەڕوو کە چۆن و بە چ شێوەیەک دەپارێزرێت یان پێشێلدەکرێت (ئەیڤەس، 2020). لەم توێژینەوەیەشدا؛ ئاماژە بەوە درا، کە مالپەڕی ڕووداو بەکارهێنەرانی ئاگادارکردووەتەوە کە نابێت لە نووسینی کۆمێنت دا، مافی تایبەتمەندێتیی کەسەکان پێشێلبکرێن و سووری ژیانی تایبەتییان ببەزێنرێت. زۆرجار دەبینرێت وێنەی کەسێکی بەرپرس دادەنرێت کە لە گەشت و سەیران لەگەڵ خێزان و منداڵەکانییدا گرتوویەتی، بەڵام سەدان کۆمێنتی نەشیاوی بۆ دەنووسرێت و پەلاماری ژیانی تایبەتیی دەدرێت، لە کاتێکدا وەک هەر کەسێکی ئاسایی مافی خۆیەتی تایبەتمەندییەکانی پارێزراوبێت.

کەناڵ8 لە ئاماژەدان بە ڕەهەندی ئیتیکیی خزمەتگوزارییەکانی مالپەڕەکەییدا؛ چەند مەرجێکی بە هەند وەرگرتووە، کە بەشێکییان پەیوەندیی بە مالپەڕەکەوە هەیە و بەشێکی دیکەی داواکارییە و ئاڕاستەی بەکارهێنەرانی دەکات، کە پێیانەوە پابەندبن، لەوانە:

"بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانمان، تۆ ڕەزامەندیت لەسەر پابەندبوون بە هەموو یاسا و ڕێسا کارپێکراوەکان و بە شێوەیەک ڕەفتاربکەی کە ڕێز لە مافەکانی کەسانی دیکە بگرێت و پێشێلکردنی نەهێنی، ئاسایش، یان خاوەنداریێتی فیکری کەسانی دیکە نەکات."

لەپێناو ڕێکخستنی ڕەفتاری بەکارهێنەراندا لەو مەرجەدا؛ کەناڵ8 هەوڵیداوە پابەندی بنەما یاسایی و پێوەرە پیشەییەکانیان بکات. هەربۆیە بیری بەکارهێنەرانی دەخاتەوە، کە بەکارهێنانی خزمەگوزارییەکانی ماڵپەڕەکە؛ بە واتای ڕەزامەندیی دەربڕین و پابەندبوونە بە ناوەڕۆکی مەرجەکانەوە، لەوانە: ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە لەکاتی نووسینی کۆمێنت دا، چونکە زۆرجار ڕەخنە بە زمانێکی ئێجگار زبر دەنووسرێت و دەبێتە هۆی شکاندنی کەسایەتیی کەسێکی دیکە. هەروەها ڕەچاوی مافی خاوەنداریێتیی هزریی ناکرێت و بیرۆکە و بەرهەمی کەسانی تر دەکرێت و بەبێ پرسپێکردنی و بەرهەمدەهێنرێتە یاخود دەستکاریی ناوەڕۆکەکەی دەکرێت و دەشێوێنرێت. لەو مەرجەدا؛ کەناڵ8 ئاماژە بە پێشێلنەکردنی "نهێنی" و "ئاسایش" دەکات، بەڵام ڕوونی نەکردووەتەوە، کە مەبەستی چییە ، چۆن و بە چی پێشێل دەکرێت و ئەرکی ئەوان لە پاراستنییدا چی دەبێت.

"تۆ بەرپرسیاریت لە هەر ناوەڕۆکێک یان بابەتێک کە لە ڕێگەی خزمەتگوزارییەکانمانەوە بڵاویدەکەیتەوە، دەیگوێزیتەوە یان هاوبەشی پێدەکەیت. نابێت هیچ بابەتێک بڵاو بکەیتەوە کە نایاسایی، ناوزڕاندن، سووکایەتیپێکردن، یان پێشێلکردنی هیچ مافێکی لایەنی سێیەم بێت."

لەو مەرجەیشدا؛ کەناڵ8 تیشک دەخاتەسەر دوو پێوەری ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن، کە پێویستە لەلایەن بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەشەوە ڕەچاوبکرێن، چونکە لە ژینگەی دیجیتاڵیی-دا کەسێک دەتوانێت کۆمێنت بنووسێت و هەواڵ بڵاوبکاتەوە، کە هەژمارێکی هەبێت و لە ڕێگەی لاپەڕە ئەلکترۆنییەکەیەوە بۆچوونەکانی خۆی دەربڕێت ئەوەیش دەچێتە قاڵبی هاووڵاتی ڕۆژنامەوانەوە. کەواتە دەبێت ئەو هاووڵاتییە پابەندی ڕێسا پیشەییەکان و پێوەرەکانی بێت، چونکە پیادەی پیشەیەک دەکات. بە تایبەتی ئەگەر ئەو هاووڵاتییە بەکارهێنەری ماڵپەڕێک بێت و بە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و مەرجەکانی ڕەزامەندبووبێت. واتە بەکارهێنەرانی کەناڵ8 کە لە ڕووی یاساییەوە پابەندی مەرجەکانی ماڵپەڕەکە کراون، نابێت ناوەڕۆکی خزمەتگوزارییەکانی بۆ شکاندنی کەسایەتییەک و لەکەدارکردنی لە ڕێگەی نووسینی کۆمێنت یان هاوبەشپێکردنی هەواڵەکە بۆ پەیجێک یان ئەکاونتێک و نووسینی ناونیشانێک بۆی و شێواندنی زانیارییەکانی بەپێی لێکدانەوەی خۆی بەکاربهێنێت و ڕەچاوی ڕێسا پیشەییەکان و بنەما یاساییەکان نەکات و سەرچاوەی هەواڵەکە لەژێر لۆگۆی فەرمیی ئەو دەزگەیەدا ناوزڕاندن بکات. هەربۆیە کەناڵ8 دووپاتیدەکاتەوە کە لە کاتی پابەندنەبوونی بەکارهێنەر بە مەرجەکانەوە؛ لە چالاکبوون و سووودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی ماڵپەڕەکەی بێبەشدەکرێت. ئەوەیش بۆ خۆی هەم ڕێکارێکی یاسایی و هەم ڕێسایەکی پیشەییە، کە ماڵپەڕەکە پێڕەوی دەکات. هەروەها جەخت لەسەر ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی بەکارهێنەران لەکاتی نوێکردنەوەی مەرجەکان لە پڕۆسەیەکی ئاشکرادا دەکاتەوە و دڵنیایی دەداتە بەکارهێنەران، کە زانیارییەکانیان پارێزراودەبن.

کوردستان24؛ لە داڕشتنی مەرجەکانییدا؛ گرنگی پێویستی بە ڕەهەندی ئیتیکیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی نەداوە و هیچ مەرجێکی نییە لە خاڵێکی سەربەخۆدا خستبێتیەڕوو و ئاماژەی بە پێوەرە پیشەییەکانی وەک: ڕاستگۆیی، بێلایەنیی، هاوسەنگیی، وردیی، مافی لەبەرگرتنەوە، مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتیی کەسەکان نەداوە و نەیکردووەتە پێشمەرجی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکەی. هەروەها ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت لە بەکارنەهێنانی زمانی زبر بۆ لەکەدارکردنی کەسایەتیی، ناوزڕاندن و کۆمێنتی ناشرین، هاوبەشییکردنی هەواڵ و خزمەتگوزارییەکانی و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی کەسیی دوور لە ڕاستەقینەیی هەواڵەکە نەبووەتە بەشێک لە مەرجەکانی کوردستان24. ئەوەی هەیە زۆرتر ڕوانگەی یاسایی بەسەریدا زاڵە و کەمتر ڕەهەندی ئیتیکی لەبەرچاوگیراوە، لەوانە:

"نەخشەسازی وێبسایتەکەمان بۆ ئەوە نەکراوە، تا زانیارییە تایبەتییەکانی ئامێرەکەتان کۆبکەینەوە، کاتێک سەردانی وێبسایتەکەمان دەکەن، تەنیا ئەو داتا سەرەتاییانەی بە زانین و ویستی خۆتان، بەکاردەهێنرێت."

لەو مەرجە یاساییەدا، کە پێشتر شیکرایەوە هەندێک ئاماژەی بچووکی ئیتیکیی تێدایە، بەتایبەت لەوەدا، کە ماڵپەڕەکە ڕەچاوی پرۆسەیەکی ئاشکرای کۆکردنەوەی زانیاریی بەکارهێنەر و مۆڵەتلێوەرگرتنی دەکات.

"هەموو کاتێک، پارێزگاری لە تایبەتمەندی و نهێنی هەموو زانیارییەکانتان دەکەین، کە بەدەستمان دەگات. ئەو زانیارییانە ئاشکرا ناکرێن، تەنیا ئەگەر بەپێی یاسا داواکراو بێت."

ئەگەرچی ئەو دەقەی سەرەوە لە چوارچێوەی مەرجێکی یاساییدا خراوەتەڕوو، بەڵام ڕەهەندێکی ئیتیکیش لەخۆدەگرێت، کە کوردستان24 بە متمانەوە پارێزگاریی لە تایبەتمەندێتییەکانی زانیاری کۆکراوەی بەکارهێنەران دەکات و نابێتە هۆی ئاشکراکردنیان بۆ لایەنی سێیەم، مەگەر ئەوەی دەسەڵاتی دادوەریی داوایبکات. ئەوەیش لەگەڵ بنەما یاساییەکان و ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندندا یەکدەگرێتەوە.

"کاتێک پەیوەندیمان پێوە دەکەی، مامەڵە لەگەڵ هەموو زانیارییەکانت دەکرێت، لەسەر بنەمای نهێنی."

لەو مەرجەدا؛ کوردستان24 جەخت لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی پەیوەندییکردن دەکاتەوە، کە چەندین ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیڵی بۆ پەیوەندییکردنی بەکارهێنەران بە ماڵپەڕەکە بەردەست خستووە. ڕەهەندی ئیتیکیی ئەو مەرجە لەوەدا بەدەردەکەوێ، کە هەر بەکارهێنەرێک پەیوەندیی بە ماڵپەڕەکەوە بکات و هەر زانیاریی ، ڕەخنە و پێشنیازێکی هەبێت، بەوپەڕی متمانەوە مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکانیدا دەکرێت و سەرچاوەکە بە نهێنیی و پارێزراویی دەهێڵرێتەوە. هەڵبەت

پاراستنی سەرچاوەی زانیاریی و ئاشکرانەکردنی، بەشێکە لە پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن و لەگەڵ بنەما یاساییەکانیشدا یەکدەگرێتەوە.

"مافی ئەوەمان هەیە، بەند و مەرجەکانی سیاسەتی نهێنی و تایبەتمەندی زانیاری هەمواربکەینەوە، کە پێویست بکات و کاتەکەی گونجاو بێت. هەمواركردنەوەکە لێرە و لە لاپەڕەی تایبەتمەندی سەرەکی بەشێوەیەی بەدەستمان هێناوە، ڕوونیدەکەینەوە، کە چۆن بەکاریدەهێنین و ئەو لایەنەی زانیاری پێدەدەین، بەردەوام ئاگادار دەکرێنەوە."

لەم مەرجەیدا؛ کوردستان24 دووپاتیکردووەتەوە، هەر کاتێک مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی نوێکردەوە پێشووەختە بەکارهێنەرانی ئاگادارەکاتەوە، چونکە ئەو مەرجانە ڕێککەوتننامەیەکی یاسایی نێوان مالپەڕ و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانیەتی. لەگەڵ ئەوەیشدا؛ مالپەڕەکە کەمتر کاری لەسەر پابەندکردنی بەکارهێنەران بە پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکان کردووە، بەتایبەت کاتێک کۆمێنت لەسەر ئەو پۆستانە دەنووسرێن، کە لە مالپەڕەکەدا دادەبەزێنرێت و زۆرجار دەبنە هۆی پێشێلکاریی زەقی پیشەیی و سەر بۆ تاوانەکانی ڕاگەیاندن دەکێشن.

سبەی؛ لە ناوەڕۆکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مالپەڕەکەیدا سەرەڕای مەرجە یاساییەکان ئاماژەی بە ڕەهەندی ئیتیکیی و پێوەرە پیشەییەکانی کردووە. هەڵبەت ڕوونیی و ڕەوانیی زمانی دەربڕین لە خستنەڕووی مەرجەکاندا؛ ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆیی و ڕاشکاویی لەوەی مالپەڕەکەی دەیەوێت بەدوور لەچەواشەکاریی میدیایی و داڕشتنی ئاڵۆز بە ئامانجی فریودان و بەلاڕێدابردنی تێگەیشتنی بەکارهێنەر بیخاتەگەڕ.

"ئەو زاراوانەی کە لەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیدا بەکارهێنراون هەمان مانایان هەیە کە لە مەرج و ڕێساکانماندا هاتووە، کە لە https://sbey.net/ دەستدەکەوێت، مەگەر لەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیدا بە پێچەوانەوە پێناسە نەکرێت."

لەو مەرجەیدا؛ مالپەڕی سبەی دووپاتیدەکاتەوە، ئەو وشە و زاراوانەی لە داڕشتنی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی دا ئاماژەیان پێدراوە، هەمان ئەو واتا ئاشکرا سادانەی هەیە کە ویستوویانە و خستوویانەتەڕوو. واتە دەقەکان واتای دیکە هەڵناگرن و هیچ واتایەکی شاراوە لە پشتیانەوە نییە، کە هەوڵیان دابێت بیسەپێنن و بەکارهێنەر پەی پێنەبردبێت و بە مەبەست داڕشتنەکەی ناڕوون و ئاڵۆزکرابێت.

" ئێمە متمانەی تۆ بە نرخ دەزانین لە پێدانی زانیارییە کەسییەکانت بۆ ئێمە، بەم شێوەیە هەوڵدەدەین ئامرازی پەسەندکراوی بازرگانی بەکاربهێنین بۆ پاراستنی."

لەو مەرجەدا؛ سبەی ئاماژەی بە دروستکردنی متمانە و پاراستنی زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەرانی مالپەڕەکەی داوە، کە ئەوەیش دەچێتە خانەی پێوەرە پیشەییەکان، چونکە تیشک دەخاتەسەر ئەو متمانەیەی، کە بەکارهێنەران بە مالپەڕی سبەی-یان بەخشیوە لەوەی بەبێ ترس و گومان بەشێک لە تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانیان کۆبکرێتەوە، بەرز دەینرخێنن و وەک ئامانەتێک، ڕێکاریی تەناهیی (الامني) توند بۆ پاراستنی زانیارییەکانیان دەگرنەبەر. ئەو مەرجە؛ ئەگەرچی ڕەهەندێکی یاسایی هەیە و تۆژەر لە شوێنی خۆیدا شیکاریی بۆ کردووە، بەڵام دەچێتە چوارچێوەی ڕەهەندی ئیتیکیی و تەکنیکیشەوە کە ئەوەیش گرنگیی سیاسەتی تایبەتمەندێتی نیشاندەدات.

"ئێمە بە ئاگاداری زانیاری ناسنامەی کەسی لە منداڵانی خوار تەمەنی ١٣ ساڵ کۆناکەینەوە."

لەو مەرجەیدا؛ مالپەڕی سبەی ڕەچاوی تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانی منداڵان دەکات، کە بەهیچ شێوازێک ناچێتە سنووری مافی تایبەتمەندێتیی منداڵانی خوار تەمەن 13ساڵ و زانیاریان لێکۆناکاتەوە. ئەوەیش بەهۆی نەبوونی هۆشیاریی تەواو لەبارەی تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانیان؛ دەشێت منداڵان زانین و زانیاریی پێویستیان بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی مەرجەکان نەبێت. هەروەک لەڕووی یاساییشەوە؛ ڕێگەپێدراوننییە بەبێ ڕەزامەندی باوک و دایک یان بەخێوکەرانیان گرێبەستیان لەگەڵدا بکرێت.

"ئێمە لە هەر گۆڕانکارییەک ئاگادارتان دەکەینەوە بە بڵاوکردنەوەی سیاسەتی نوێی پاراستنی نهێنی لەم لاپەڕەیەدا."

بەو مەرجە؛ سبەی ڕێکارێکی ئاشکرای یاسایی و ئیتیکیی گرتوەتەبەر، کە بەبێ شاردنەوە و بە ئاگاداریی پێشوەختەی بەکارهێنەران، ناوەڕۆکی مەرج و ڕێنماییەکانی بەکارهێنانی مالپەڕەکەی دەستکاریی و نوێدەکاتەوە.

"ئەگەر هەر پرسیارێک یان پێشنیارێکتان هەیە سەبارەت بە سیاسەتی پاراستنی نهێنیمان، دووڵ مەبن لە پەیوەندیکردن."

ئەو مەرجە وەک ڕێزیک لە بۆچوون و دیدگەی جیاوازی بەکارهێنەران یاخود بۆ بیستنی ڕەخنە، پرسیار و پێشنیازەکانیان؛ مالپەڕی سبەی خزمەتگوزاریی پەیوەندیی دەستەبەر کردووە و دووپاتیکردووەتەوە، کە هەر کاتێک مەبەستان بوو پەیوەندیی بکەن، ئەوا دەتوانن بەبێ دووڵیی پەیوەندیی بکەن، چونکە ئەوان بەردەستن.

964؛ لە خستنەڕووی ڕەهەندی ئیتیکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەیدا هاوشێوەی کوردستان24 زۆر گرنگی پێنەداوە و لە چوارچێوەی مەرجێکی سەربەخۆدا جەختی لەسەر پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن نەکردووەتەوە، لەوانە: ڕاستگۆیی، وردیی و بابەتییبوون لە گواستنەوەی زانیاریی، پاراستنی سەرچاوەی زانیاریی، ڕەچاوکردنی تەمەنی منداڵ، ڕێگرییکردن لە بێڕێزیی نواندن لە کاتی نووسینی کۆمێنت و هاوبەشییکردنی ناوەڕۆک لەلایەن بەکارهێنەران. لەگەڵ خۆبەدوورگرتن لە بەکارهێنەرانی زمانی زبر و کۆمێنتی نەشیاو بەمەبەستی ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسایەتی، پاراستنی مافی خاوەندارێتیی و نەچوونە نێو ژیانی تایبەتیی کەسەکان. ئەوە سەرەڕای ڕەچاونەکردنی ئەو پێوەرانە هیچ ڕێکارییەک دیارییەکراوە بۆ بەکارهێنەران، کە کاتێک پێشێلکاریی یاسایی و ئیتیکی بکەن. بۆنموونە؛ بەشدارییکردنیان لە ماڵپەڕەکەدا بوەستێنن یاخود ڕێگەبگرن لەوەی سوود لە خزمەتگوزارییەکانیان ببینن. بە تەنیا جەخت لەوە کراوەتەوە، کە تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییە کۆکراوەکان بۆ لایەنی سێیەم ئاشکراناکرێن و پێشوەختە لە تازەکردنەوەی مەرج و ڕێنماییەکانی ماڵپەڕەکە ئاگادارەدەکرێنەوە.

3.1.3: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی تەکنیکیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە کوردییەکان

میدیای دیجیتاڵیی و ماڵپەڕەکانی؛ بەرهەمی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخی ئینتەرنێت و خزمەتگوزارییەکانییەتی. هەربۆیە ڕەهەندی تەکنیکی؛ ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی ماڵپەڕەکاندا هەیە. لەو ڕووەوە و وەک ئاگادارکردنەوەیەکی پێشوەختەی بەکارهێنەرانی؛ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی **ماڵپەڕی ڕووداو** ئاماژەی بە هەندێک ڕێکاریی تەکنیکی داوە، لەوانە:

"هەرکەسێک تەمەنی لە ١٨ ساڵ بەرەو سەرەوە بێت، دەتوانێ هەموو بەشەکانی ئەم پۆرتاڵە بەکاربهێنێت."

ناوەڕۆکی ئەم مەرجە؛ ئەگەرچی ڕوانگەیەکی یاسایی و ئیتیکی هەیە و پیشتر بەوردی باس لە مەبەست و واتاکانی کراوە، بەڵام جێبەجێکردنی لە ماڵپەڕەکەدا، زۆرتر تەکنیکییە و سیستەمی تەکنۆلۆژیا بە فلتەرکردن و پۆڵێنکردنی تەمەنی دیارییکراوی بەکارهێنەران و بێبەشکردنی تەمەنی خوار 18ساڵ هەڵدەستێت. ئەوەی لەو نێوەندەدا ناڕوونە و بە ئاڵۆزیی ماوەتەوە، ئەوەیە چۆن تەمەنی بەکارهێنەران دەزانێت، لەکاتێکدا ماڵپەڕەکە لە پڕکردنەوەی خزمەتگوزاریی "ڕووداوی تۆ"دا، بە تەنیا داوای زانیاریی لەبارەی: ناو، پاشناو و ئیمەیڵی بەکارهێنەر دەکات نەک تەمەنەکەی. هەروەک بەکارهێنەر دەشتوانێت وەک میوان لە ڕێگەی هەژماری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە فۆرمەکە پڕبکاتەوە، ئیتر زانینی تەمەن لەلایەن ماڵپەڕەکەوە بە چ شێوەیەکە.

ئەوەیش ناڕوونە، کە چ تەکنیکێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی بەکارهێنەران بەکارهاتووە، چونکە لە مەرجەکاندا بە ڕوونیی باسنەکراوە. هەڵبەتە تۆژەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی زیاتر لە 500 تۆژینەوە لەسەر سیاسەتی تایبەتمەندێتیی؛ پەی بەوە بردووە، کە تەمەنی بەکارهێنەران لە ڕێگەی ئیمەیڵەکانیانەوە لە کۆمپانیاکان وەردەگیرێت و دەزانرێت. ئەوەی جێگەی هەڵوێستەکردنە ئەوەیە بەکارهێنەرێک چۆن دەتوانێت وەکخۆی لەو مەرج و ڕێنماییانە تێبگات و واتا شاراوەکانی پشتەوەیان شیبکاتەوە، لە کاتێکدا کار و پسپۆڕیی ئەو نییە.

"بەکارهێنەری دیجیتاڵ پۆرتاڵی ڕووداو ئەوەی قبوڵە کە کاتێک لەسەر مۆبایلەکەی یان کۆمپیوتەرەکەی ڤیرژنێکی نوێی ئەپی ڕووداو یان ماڵپەڕ دێت، دەکرێ جۆری خزمەتگوزارییەکانی ڕووداویش بگۆڕدرێت یان مەرجەکانی بەکارهێنان گۆڕانیان بەسەردابێت، بۆیە بە وریاییەوە ئەپەکەی ئەپدەیت دەکاتەوە و دەرئەنجامی ئەپدەیتکردنەوەکە هەر شتێک بێتم قبوڵی دەکات."

ناوەڕۆکی ئەم مەرجە بەدەر لە ڕەهەندە ئیتیکیی و یاساییەکانی؛ ڕەهەندێکی تەکنیکیشی هەیە، چونکە تەکنیکی ئەپدەیتکردنەوەی ئەپی ڕووداو لەسەر ئامێری زیرەک وەها سیستەم کراوە، کە واتای ڕازییبوونی بەکارهێنەر ببەخشێت. دەشێت مەرجەکانی ماڵپەڕەکە؛ لەگەڵ وەشانی نوێی ئەپی ڕووداو دەستکاریی و نوێکرابێتنەوە. هەربۆیە داوا لە بەکارهێنەر دەکات، پێشئەوەی ئەپی ڕووداو نوێ بکەنەوە، بچن مەرجەکان بخوێننەوە. ئەو ڕێکارییەش لە چوارچێوەی لایەنی تەکنیکیی ماڵپەڕەکەدا؛ پابەندبوون بە یاسا و ئیتیک لەناوخۆیدا ڕەچاودەکات.

"نابێ ڤایرۆس، سپام یان هەر شتێکی دیکەی زیانبەخشی بۆ کۆمپیوتەر و مۆبایلی بەکارهێنەرانی دیکە لەگەڵدا بێت."

لەم مەرجەیدا؛ ڕووداو بەکارهێنەرانی بەشداربوو لە "ڕووداوی تۆ" ئاگادارەدەکاتەوە، کە هەر بابەت و کەرەستەیەکی میدیایی بۆ ماڵپەڕەکە دەنێرێت، نابێت ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە سیستەمی کۆمپیوتەر و مۆبایلی بەکارهێنەران. دیسانەوە لەم مەرجەیشیدا؛ ڕوون نەکراوەتەوە کە واتای "نابێ" چییە: ئایا ڕووداو خۆی سیستەمێکی ئاسایشی پاراستنی بەهێزی لە ماڵپەڕەکەدا هەیە، تاوەکو هەموو ئەو کەرەستانەی دەنێرێن، پێشوەختە پشکنینیان بۆ بکات و ئینجا ڕێگەبدات بەکارهێنەرانی تر بەکاریبهێنن. هەربۆیە ناکرێت بابەتێکی وا هەستیار، کە هۆکارە بۆ زیانگەیاندن بە کەسانی دیکە، تەنیا بە "نابێ" وەڵامبدرێنەوە و نەزانرێت مەرج و ڕێکارەکانی پشت "نابێ" چین و چۆنن و کێ لێیان بەرپرسیارە. کەواتە ئەم مەرجەیش پێویستی بە ڕوونکردنەوەی وردتر و هەمواركردنەوەی زیاتر هەیە.

" پۆرتاڵی رووداو بە هەستیارییەوە مامەڵە دەکات لەگەڵ بەکارهێنەرانی و تەنها سودێک کە بتوانین لە زانیارییە تایبەتەکانتان وەرگرین بریتیە لەوەی بەرچاو رووننیمان هەبێ لە بارەی سەردانیکەرانمان لەوەی کە لەکام چینی کۆمەڵگە و ئاستێکن."

رووداو لەو مەرجەیدا؛ سەربارى ئەوەى دڵنیایى لە پاراستنى تایبەتمەندێتیى زانیارىى بەکارهێنەران دەدات، هاوکات تیشک دەخاتەسەر مەبەستى کۆکردنەوەى زانیارىى بەکارهێنەران، کە تەنیا بۆ هەڵسەنگاندنى ئاستى وەرگرانى ماڵپەڕەکەیە و دەیەوێت بزانێت لەکام چینى کۆمەڵگەن یاخود چ ئاست و تەمەنێک زیاتر بەکارهێنەر و سەردانیکەرى ماڵپەڕەکەن. لەو خاڵەدا ڕوون نییە کە مەبەستى لە ئاست: ئاستى خوێندەوارىى و پیشەیى دەگرێتەوە یاخود گەڕان بە ناوەڕۆک و بابەتەکانى ماڵپەڕەکە و شێوێنپێى کلیک و مێژوویان هەڵدەسەنگێنرێت، تابزانن بەکارهێنەران زیاتر وەرگرى کام جۆرە هەواڵ و بابەتانەن. بۆیە تەنیا ئاماژەیەک، کە تێگەیشتن لێێ ئاسان بێت ئەوەیە مەبەستى ڕووداو؛ قازانج و مامەڵەکردن بە زانیارىى بەکارهێنەرانەوە نییە، تاوەکو لەگەڵ لایەنى سێیەمدا و بۆ ڕیکلام و بەدەستهێنانى پاڵپشتى دارایى بۆ ماڵپەڕەکە بیقۆزێتەوە. لە مەرجە تەکنیکییەکانیشدا؛ ڕووداو چەند لایەنێکى فەرامۆشکردووە، لەوانە: ئاماژەنەدان بەوەى بە دیارییکراویى چ زانیارییەک کۆدەکاتەوە و پشت بە چ تەکنیکێک بۆ کۆکردنەوەى زانیارییەکان دەبەستێت.

کەناڵ8؛ لە خستنەڕووى مەرجەکانى ماڵپەڕەکەیدا جیاکارىى کردووە. بەجۆرێک مەرجە یاسایى و ئیتییکەییەکانى لەژێر ناونیشانى "مەرجەکانى بەکارهێنان"دا پێکەوە داڕشتووە، بەڵام ئەوەى پەیوەستە بە لایەنى تەکنیکییەوە کە زانیارىى دەربارەى جۆرى زانیارىى کۆکراوە و شێوازى کۆکردنەوە و ئامانج لە بەکارهێنانى تێدایە بە جیا لەژێر ناونیشانى "سیاسەتى پاراستنى نهێنییەکان"دا ئاماژەى پێداوە. واتە لە سەرەتادا هەوڵیداوە مەرجە یاساییەکانى خۆى وەک بەڵێننامەیەکى پێشەوەختە بخاتە بەر دیدى بەکارهێنەران، پاشان ئاماژەى بە هەندێک پێوەرى ڕێسا پیشەییەکانى ڕاگەیاندن داوە، کە پێویستە ماڵپەڕەکە و بەکارهێنەرانیشى پێوەى پابەندبن. ماڵپەڕى کەناڵ8 هەموو ئەو ڕێکارانەى بە ئامانجى بەدەستهێنانى متمانەى بەکارهێنەران گرتوەتەبەر کە لە قۆناغى یەکەمدا بەڵێنى پاراستنى زانیارییەکانیان و ئاشکرانەکردنى بۆ لایەنى سێیەم دەدات. پاشان لە قۆناغى دووەمدا؛ ئاماژە بە لایەنى تەکنیکیى دەدات، کە چ زانیارییەک کۆدەکاتەوە و چۆن و بۆ چ مەبەستێک بەکاریاندەهێنێت. هەروەک نووسیوویەتى: "ئەم سیاسەتە لە 2024-01-01ەوە کارى پێدەکرێت." ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە لەو ڕۆژەوە بەکارهێنەران لە کاتى بەکارهێنانى خزمەتگوزارییەکانى ماڵپەڕى کەناڵ8 دا دەبێت ڕەچاوى مەرجە یاسایى و ئیتیکییەکان بکەن. هەر لەو ڕۆژەوە پڕۆسەى کۆکردنەوەى زانیارىى بەو شێوازەى، کە ئاماژەى

پێدراوە دەستپێدەکات. ئەگەرچی هەموو بەڵێننامەیەکی یاسایی دوولایەنە؛ دەبێت ڕۆژی کارابوونی لەسەر بێت، بەڵام لەگەڵئەوەیشدا دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت، کە ئایا لە چ دۆخێکدا لایەنێک دەتوانێت بەڵێننامەکە هەڵبووەشێنێتەوە. کەنال8 لەماڵپەڕەکەیدا ئەوەی خستوەتەڕوو، کە هەر بەکارهێنەرێک مەرجەکانی پێشێلبکات، ئەوا ماڵپەڕەکە بە مافی خۆی دەزانێت بەکارهێنەر لە سوودوەرگرتن لە خزمەتگوزارییەکانی ڕابگرێت. بەپێچەوانەوە هیچ مافێک نەدراوەتە بەکارهێنەر، کە هەرکاتێک بیەوێت داوای دەرچوون لە مەرجەکان و سڕینەوەی زانیارییە تایبەتمەندییەکانی لە ماڵپەڕەکە بکات.

"ئەو زانیارییانەی کە ئێمە کۆی دەکەینەوە، بریتین لە: ناو، زانیاری پەیوەندیکردن وەک ناونیشانی ئیمەیڵ، ئەو بابەتانەی بەکارهێنەران بە دواییدا دەگەڕێن، شوێنی بەکارهێنانی ئامێرەکان."

لەم مەرجەیدا؛ کەنال8 ئاماژەی بە جۆری ئەو زانیارییانەی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەی داوە، کە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندییان کۆیاندەکاتەوە. وەرگرتنی ڕەزامەندییش؛ لە بەشی مەرجەکاندا ئاماژەی پێدراوە و بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی ماڵپەڕەکەوە پەیوەستکراوە. واتە زانیارییەکان هەمووی زانیاریی هەستیارە و دەچێتە چوارچێوەی مافی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکانەوە، بەڵام کەنال8 بە مافی خۆی دەزانێت زانیاریی لەبارەی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەیەوە هەبێت کە کێن و لە کوێوە پەیوەندیی دەکەن و بیستەر ، بینەر و خوێنەری کام بابەتانەن. هەربۆیە لە زانیارییەکاندا، کە کۆیدەکاتەوە ئاماژەی بە ناوی بەکارهێنەر داوە، دواتر ئیمەیڵ، کە مەبەستی پۆستەی ئەلیکترۆنیی بەکارهێنەرە و هەرکەسێک کارلێک لەگەڵ ژینگەی دیجیتاڵییدا بکات و بیەوێت هەژمارێک لە سەکۆکانی تۆڕە کۆمەلایەتییەکاندا بکاتەوە، پێویستە لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە بێت. بەوەیش ماڵپەڕەکە دەزانێت بەکارهێنەر بۆ چ بابەتێک دەگەڕێت و کلیک لەسەر چی دەکات. واتە شوێنپێی میژووی گەڕانی بەکارهێنەر لە ماڵپەڕەکەدا تۆماردەکات و دواتر دەشزانێت ئەو ئامێرەی بەکارهێنەر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە پەیوەندیی بە ماڵپەڕەکەوە دەکات لە چ کات و شوێنێکەوەیە.

"کەنال8 لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە زانیارییەکان کۆدەکاتەوە: بۆ باشترکردنی بەرهەم و خزمەتگوزاییەکان، ڕێکخستنەوەی بەشەکانی ماڵپەڕی کەنال8 و تێگەیشتن لە خواستی بەکارهێنەران."

لەم مەرجەیدا، بەپێچەوانەی ماڵپەڕە جیهانییەکانەوە، کە ئامانجیان لە کۆکردنەوەی زانیاریی بەکارهێنەران بەدەر لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ماڵپەڕەکانیان دواتر وەک داتایەک بەلایەنی سێیەم و بۆ کاری ڕیکلام و بازاڕسازیی دەفرۆشرێت و بەهۆیەوە قازانج دەکەن و دەبێتە سەرچاوەیەکی داهات بۆیان، بەڵام لێرەدا دەردەکەوێت زۆربەی ماڵپەڕە کوردییەکان و

بەدیاریکراویش کەناڵ8 ئاماژە بەوە نادەن، کە بۆ قازانجی ماددیی ســـوود لە زانیارییەکانی بەکارهێنەران وەربگرن. ئەوەیش ئەو ڕاستییە دووپاتدەکاتەوە، کە لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا زانیاریی پارە ناکات و ئەوەی داهاتی مالّپەڕ و دەزگە میدیاییەکانی دیکە دابیندەکات ڕێکلام نییە. لەو ڕوانگەیەوە؛ کەناڵ8 ئاماژە بەوە دەدات ئامانج لە کۆکردنەوەی زانیاریی بەکارهێنەرانی مالّپەڕەکەیان بەتەنیا بۆ هەڵســـەنگاندن، پێداچوونەوە و چاکســـازییە لە ناوەڕۆکی خزمەتگوزارییەکانی مالّپەڕەکەیان. واتە لە ڕێگەی زانینی ئەو بابەتانەی بەکارهێنەران بەدوایدا دەگەڕێن؛ ســـیســـتەمی مالّپەڕ دەزانێت کە خواســـت لەســـەر چ ناوەڕۆک و بابەتێک زیاترە و پێداویســـتیی و ئارەزووی خوێنەر زیاتر بۆ چییە. ئەوەیش دەبێتە پێوەرێکی هەڵســـەنگاندن، تاوەکو مالّپەڕەکە زیاتر گرنگی بەو بابەتانە بدات، کە جێگەی ڕەزامەندیی بەکارهێنەران و سەردانیکەرانێتی.

"بۆ جیاکردنەوەی بەکارهێنەران و تایبەتمەندییەکانیان، مالّپەڕی کەناڵ8 کووکیز بەکاردەهێنێت، بەکارهێنانی کووکیز ڕێگەمان پێدەدات گەشە بە مالّپەڕەکەمان بدەین و یارمەتی بەکارهێنەرانیش دەدات بەشێوەیەکی باشتر سوود لە مالّپەڕی کەناڵ8 ببینن."

لەم مەرجەیدا و بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریی بەکارهێنەران؛ مالّپەڕی کەناڵ8 پشت بە تەکنیکی کووکیز دەبەستێت، کە سیستەمێکی هاوچەرخە و بەهۆیەوە مالّپەڕەکە توانای کۆنترۆڵکردنی زانیارییەکانی هەیە. ئەو ســـیســـتەمە لە تەکنیکی پڕکردنەوەی فۆرمی ئەندامبوون جیاوازە، کە لەســـەرەتادا مالّپەڕەکان بەکاریاندەهێنا، چونکە ســـیســـتەمی کووکیز زانیاریی بەکارهێنەران لە فایلێکی بچووکدا لە ئامێری زیرەکی خوودی بەکارهێنەراندا کۆدەکاتەوە نەوەک لە ئەرشـــیفی مالّپەڕەکەدا. هەربۆیە کووکیز لەتوانایدایە زۆر زانیاریی بە وردیی کۆبکاتەوە و پۆلێنیان بکات و هەڵســـەنگاندن بۆ ناســـینەوەی کەســـیی بەکارهێنەران و دیارییکردنی حەز و ئارەزووی گەڕانیان لە بابەتەکاندا بکات. ئەوە جگەلەوەی ئەو زانیارییانەی لە مەرجەکانی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی مالّپەڕەکەدا ئاماژەیان پێداوە؛ کووکیز دەتوانێت کاتی ســـەردان و ماوەی مانەوەی بەکارهێنەر لە مالّپەڕەکەدا بزانێت کە ڕۆژانە چەندە و بە کۆی گشتی لە مانگێک و ساڵێکدا چەند ڕۆژ و کاتژمێر بەکاریهێناوە.

کوردســـتان24؛ لە ڕووی تەکنیکییەوە؛ لە خســـتنەڕووی مەرجەکانی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی مالّپەڕەکەیدا ئاماژەی بەهەندێک ڕێکاریی داوە لەبارەی ئەو پرسیارانەی پەیوەندیی بە شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریی بەکارهێنەران و مەبەســـتەکانی بەکارهێنانی هەیە. ئەگەرچی لە مەرجە یاساییەکاندا ئاماژە بەوە دراوە کە نەخشەسازیی مالّپەڕەکەیان وا نەکراوە زانیاریی کۆبکەنەوە، جگە لەو زانیارییانەی بەکارهێنەران بە ویستی خۆیان پێشکەشیان دەکەن، بەڵام کاتێک شێوازی

کۆکردنەوەکە دەخاتەڕوو واتای ئەوە دەگەیەنێت زانیارییەکان بەبێ ویستی بەکارهێنەر، سیستەمی مالّپەڕەکە پڕۆسێسی دەکات!

"هەر کاتێک سەردانی پێگەیەکی ئینتەرنێت بکەی، بەم وێبسایتەوەش، (سێرڤەر) ناونیشانی پرۆتۆکۆڵ تۆڕی ئینتەرنێت (IP)ی تایبەت بەئێوە تۆمار دەکات؛ مێژوو، کات، ئەو گەڕانەی لە ئینتەرنێت بەکاریدهێنیت، ناونیشانی (URL)ی تایبەت بە هەر پێگەیەکی ئینتەرنێت، کە ئاراستەی ئەو وێبساتەت دەکات، تۆمار دەکرێن."

لەم مەرجەیدا دووپاتیدەکاتەوە؛ هەر کاتێک بەکارهێنەر لە ئینتەرنێتدا سەردانی پێگەیەکی ئەلکترۆنیی دەکات، ئەگەر ئەو پێگەیە تەنانەت مالّپەڕی کوردستان24یش بێت، ئەوا ئینتەرنێت وەک ڕێکارێکی پرۆتۆکۆڵیی نێوان بەکارهێنەر و پێگەکە، کۆمەڵێک زانیاریی بەکارهێنەر وەردەگرێت، لەوانە: IP کە زنجیرە ژمارەیەکە و تایبەتە بە ناسینەوەی بەکارهێنەر وەک بەشداربوویەک لە تۆڕی ئینتەرنێتی کۆمپانیایەک یاخود زنجیرە ژمارەیەکە تایبەتە بە ئامێری تەکنۆلۆژیای زیرەکیی بەکارهێنەر، جا مۆبایل بێت یان تابلێت و کۆمپیوتەر. واتە پرۆتۆکۆڵی پەیوەندییکردن؛ دەزانێت ئەو بەکارهێنەرەی پەیوەندیی بەو پێگە ئەلیکترۆنییەوە دەکات لەسەر ئینتەرنێت، لە ڕێگەی چ کۆمپانیایەکی دابینکەری هێڵی ئینتەرنێتەوەیە، پاشان ئەو ئامێرەی بەکاریدهێنێت چ جۆرێکە و چ سیستەمێکە. ئەوەیش ڕێکارێکە بۆ دۆزینەوەی زانیاریی لەبارەی بەکارهێنەر، چونکە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کاتێک کەسێک ئامێرێکی پەیوەندییکردن دەکڕێت، بۆنموونە: مۆبایل، کۆمپیوتەر و تابلێت، ئەوا بە کارتی بانک پارە دەدات و خاوەنی فرۆشگەکەش سکانی ئایپی ئەو ئامێرە دەکات، کە دەکەوێتە سەر ڕووی دەرەوەی پاکەتی ئامێرەکە و لە کۆمپیوتەری فرۆشگەکەدا تۆماری دەکات کە دواتر داتای فرۆشتنی ئامێرەکان دەچێتەوە بۆ کۆمپانیای دابینکەری ئامێرەکە. واتە ناو ، ناونیشان و ژمارە بانکیی کڕیاری تێدایە و کۆمپانیاکە دەزانێت، کە ئەو ژمارە IP ئایپییە لەلای کێیە. هەربۆیە کاتێک کڕیار دەبێتە بەکارهێنەری ئەم ئامێرە و پەیوەندیی بە ئینتەرنێتەوە دەکات، پەیوەندیی پرۆتۆکۆڵیی، کە کوردستان24 ئاماژەی پێداوە دەتوانێت لە ڕێگەی ئایپی ئامێرەوە بزانێت کێیە، چونکە ڕێگەنادرێت کارلێکبکات، هەتاوەکو خۆی نەناسێنێت.

بەخستنەڕوو ئایپی ؛ لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک زانیاریی لەخۆ دەگرێت، کە ئەم ڕێکارە بۆ بەشداریی بەکارهێنەر لە کۆمپانیایەکی ئینتەرنێتیش هەر ڕاستە، چونکە هەموو بەشداریکی هێڵی ئینتەرنێت؛ ئایپی تایبەت بەخۆی بۆ ناسینەوەی هەیە. لەو چوارچێوەیەدا؛ مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی کوردستان24 ئاماژە بەکۆمەڵێک زانیاریی دیکە دەدات، کە هەر پڕۆتۆکۆڵی ئینتەرنێت کۆیاندەکاتەوە و دەیانێرێت بۆ پێگە ئەلیکترۆنییەکەی، کە بەکارهێنەر سەردانی دەکات، لەوانە: کاتی سەردانی بەکارهێنەر و کاتی مانەوەی لە مالّپەڕەکە و مێژووی گەڕان بەدوای ئەو

بابەتەی کلیکی لەســـەر کردووە و بووەتە بیســـەر، خوێنەر و بینەری ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ ناونیشانی URLدا کە فایلێکی وێبگەڕی ئینتەرنێتە و لە چوارچێوەی ناونیشانێکدا گەڵاڵە دەکرێت و دەبێتە هۆی ناسـینەوەی سـەردانیکەر و کۆمەڵێک کۆدی ناسـەرەوە لەخۆدەگرێت، کە توانای ئەوەی هەیە ژمارە تەلەفون و ئیمەیڵی بەکارهێنەر لە ڕێگەی وەرگرتنی پەیوەندیی پرۆتۆکۆڵی لە کۆمپانیای ئینتەرنێتی بەکارهێنەر لەلایەن ئەو ماڵپەڕەی سەردانی کردووە لەخۆبگرێت.

ماڵپەڕی کوردسـتان24 لە یەک خاڵدا وەک ئاگادارکردنەوەی بەکارهێنەر و مەرجی پێشـوەختە لەگەڵیدا؛ ئاماژە بە شـــێوازی کۆکردنەوەی زانیاریی و بەشـــێک لە زانیارییە تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنەر دەدات، بەڵام پێویســـتبوو ڕوونتر بیخســـتایەتەڕوو، چونکە تەکنیکی کۆکردنەوەی زانیارییەکان و جۆری زانیاریی داواکراو؛ ئاڵۆزیی تێدایە و هەموو بەکارهێنەرێک شـــارەزایی و هۆشـــیاریی ئەوەی نییە تێبگات لەوەی ڕێکاریی پرۆتۆکۆڵیی توانای هەیە چۆن و چ زانیارییەک کۆبکاتەوە.

"ئەو زانیارایانە یارمەتیمان دەدات، تا پەیوەندیت پێوە بکەین و داواکەت جێبەجێبکەین، کاتێک گونجاو بێت. ئەو زانیارییانەی پێشکەشمان دەکەی، بەمەبەستی بەرژەوەندی، هەرگیز بە لایەنی سێیەمی نایفرۆشینەوە."

لەم خـاڵەدا کوردســـتـان24؛ ئـامـاژە بە ئـامـانجی دامەرزاوەکە لە کۆکردنەوەی زانیـاریی بەکارهێنەران دەدات، کە بەتەنیا بۆ پەیوەندییکردن بە بەکارهێنەر و وەرگرتنی زانیاریی لێیان یاخود بۆ وەرگرتنی ڕەخنە و داواکاریی و پێشـــنیاز ســـوودی لێدەبینێت. هەروەک دڵنیایی ئەوەیش بە بەکارهێنەران دەدات، کە زانیارییەکانیان بە لایەنی ســـێیەم نافرۆشـــرێت و ئاشـــکرا ناکرێت، بەتەنیا لەیەک دۆخدا نەبێت، کە دادوەر داوایبکات یان بۆ توێژینەوەی زانســـتیی و بە نوسراوی فەرمیی داوابکرێت.

"زانیارییەکان بۆ فرۆشتن، بازرگانیکردن و بەکرێدان نییە، یارمەتی باشکردنی وێبسایتەکەمان دەدات ئەو زانیارییانەی پێشکەشمان دەکەی، وەڵامی هەموو پرسیار، تێبینی و داواکارییەکانت دەدرێتەوە."

لەم مەرجانەدا، کە دەچنە چوارچێوەی ڕەهەندی تەکنیکییەوە؛ کوردســتان24 بۆ جاری دووەم و ســـێیەم جەخـت لەوە دەکـاتەوە، کە کۆکردنەوەی زانیـاریی بەکـارهێنەرانی مـاڵپەڕەکەی بۆ بازرگانییکردن و و بەکرێدان و فرۆشتن نییە، بەڵکو بە تەنیا بۆ پەیوەندییکردن و هەڵسەنگاندنی ماڵپەڕەکە بەکاریدەهێنن.

سـبەی؛ وێڕای گرنگییدان بە ڕەهەندە ئیتیکیی و یاسـاییەکان لە ناوەڕۆکی مەرجەکانی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەیدا، ڕەهەندی تەکنیکیشـی لەبەرچاو گرتووە و تێیدا ئاماژەی بە چەند ڕێکارێک داوە، کە پەیوەسـتە بە جۆری زانیاریی کۆکراوەی بەکارهێنەران و شـێوازی کۆکردنەوەی و ئامانج لە کۆکردنەوەی. لێرەدا تۆێژەر تێبینیی ئەوە دەکات، کە هەندێکجار ڕەهەندی تەکنیکی لە مەرجێکی سەربەخۆدا نەخراونەتەڕوو، بەڵکو تێکەڵاوی ڕەهەندە ئیتیکیی و یاساییەکان کراون و لە چوارچێوەی یەک مەرجدا خراونەتەڕوو.

"ئەو زانیارییە کەسییانەی کە ئێمە کۆیان دەکەینەوە بۆ دابینکردن و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکە بەکاردەهێنرێن. ئێمە زانیارییەکانی تۆ لەگەڵ کەسدا بەکارناهێنین یان هاوبەشی ناکەین جگە لەوەی لەم سیاسەتی پاراستنی نهێنیدا باسکراوە."

لە ناوەڕۆکی ئەم مەرجەیدا؛ ماڵپەڕی سـبەی چەند زانیارییەک دەخاتەڕوو، لەوانە: ئامانج لە کۆکردنەوەی زانیاریی بەکارهێنەران، کە دەچێتە چوارچێوەی ڕەهەندی تەکنیکییەوە. هەروەک جەخت لەوەیش دەکاتەوە کە مەبەسـت لە کۆکردنەوە زانیارییەکانی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەی؛ بەتەنیا بۆ هەڵسەنگاندن و باشکردنی خزمەتگوزارییەکانە، ئەوەیش لە ڕێگەی هەڵگرتنی شوێنپێی گەڕانی بەکارهێنەران ئەنجامدەدرێت، کە لە مەرجێکی تردا ئاماژەی پێداوە. واتە لەو ڕێگەیەوە دەزانێت کام بابەت لە ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکەیدا؛ زیاتر کلیکی لەسـەر کراوە و ژمارەی خوێنەر و بیسـەر و بینەرانی چەند بووە. واتە ماڵپەڕی سـبەی؛ زانیارییەکانی بەکارهێنەران ناداتە لایەنی سێیەم و بۆ ڕیکلام و دەستەکەوتنی قازانج مامەڵەیان پێوەناکات، هەروەک زانیارییەکان بۆ هیچ لایەک ئاشکرا ناکات، جگەلەوەی لە مەرجەکاندا ئاماژەیان پێدراوە، کە مەبەستی ئەو کۆمپانیا و لایەنە خزمەتگوزارییانەن کار بۆ باشـترکردنی ماڵپەڕەکە ، چاکسـازیی لە خزمەتگوزارییەکاندا دەکەن و پابەندن بەپاراستنیەوە.

"ئێمە دەمانەوێت ئاگادارتان بکەینەوە کە هەرکاتێک سەردانی خزمەتگوزارییەکەمان دەکەیت، ئێمە ئەو زانیارییانە کۆدەکەینەوە کە وێبگەڕەکەت بۆمان دەنێرێت کە پێی دەوترێت داتاکانی لۆگ. ئەم داتا لۆگانە لەوانەیە زانیارییەکانی وەک ناونیشانی پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێت ("IP")ی کۆمپیوتەرەکەت، وەشانی وێبگەڕ، لاپەڕەکانی خزمەتگوزارییەکەمان کە سەردانیان دەکەیت، کات و بەرواری سەردانەکەت، ئەو کاتەی کە لەو لاپەڕانە بەسەرت بردووە و ئامارەکانی تر لەخۆ بگرێت."

لەم مەرجەی ماڵپەڕی سـبەی-دا؛ دەسـتیشـانی ئامانجی کۆکردنەوەی زانیاریی بەکارهێنەران کراوە. واتە هیچ زانیارییەکی پێشـوەختەی دیاریکراوی نەکردوەتە مەرج لە بەرامبەر بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانییدا؛ جگەلەو زانیارییانەی پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێت خۆی لە ڕێگەی "وێبگەڕەوە" لە بەکارهێنەران کۆیدەکاتەوە و ئاڕاسـتەی سـێرڤەری ماڵپەڕی سـبەی دەکات. کەواتە کاتێک بەکارهێنەر سـەردانی هەر ماڵپەڕێک دەکات؛ وێبگەڕی ئینتەرنێت وەک

ڕێکارێکی پرۆتۆکۆڵیی و بۆ ڕێکخستنی کارلێکی نێوانیان هەندێک زانیاریی کەسیی کۆدەکاتەوە و بۆ ئەو ماڵپەڕەی دەنێرێت کە سەردانیکردووە. هەڵبەت ئەو زانیارییانەی وێبگەڕی ئینتەرنێت؛ توانای کۆنترۆڵکردن و کۆکردنەوەی هەیە، لەوانە: ناونیشانی ئینتەرنێت، کە دەزانێت سەردانیکەر چ کۆمپانیایەکی ئینتەرنێت بەکاردەهێنێت، کە لە شێوەی کۆدێکی HTML دا لەگەڵیدا هاوپێچ دەبێت. پاشان زانیاریی دەربارەی IPی ئامێری زیرەکی بەکارهێنەر، کە زنجیرەیەک ژمارە لەخۆدەگرێت؛ هۆکارە بۆ ناسینەوەی ئامێرەکە، کە چ جۆر و چ سیستەمێکە، کۆمپیوتەرە یان مۆبایل و ئایپاد. دواتر دیاریکردنی وەشانی وێبگەڕ کە مەبەستی لە Web Browserە و دەزانێت بەکارهێنەر کام جۆرەی لە ئامێرەکەیدا بۆ پەیوەندییکردن بە ماڵپەڕ بەکاردەهێنێت، کە بۆ کۆمپیوتەر و مۆبایل چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە: وێبگەڕەکان وەشانی Mosaic و Netscape Navigator و Internet Explorer کە لە ساڵی 1990-ەکانەوە تاوەکو بە Google Chrome و Mozilla Firefox وMicrosoft Edge دەگات بەکارهاتوون. هەروەها زانیاریی لەبارەی کاتی سەردانی سبەی و ماوەی ماننەوەی لە ماڵپەڕەکە و ئەو لاپەڕانەی بەکارهێنەر کاتەکانی تێدا بەسەربردووە، کە مەبەستی شوێنپێی گەڕانی ئینتەرنێتە، کە دەزانێت بەکارهێنەر چ بابەتێکی کلیک کردووە. هەموو ئەو زانیارییانەی ماڵپەڕی سبەی ئاماژەی پێداوە، کە پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێت کۆیاندەکاتەوە و بەشێکە لە تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران و لە بەرامبەر سەردانکردن و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکاندا پرۆسێس دەکرێن کە پشت بە سیستەمی کووکیز دەبەستێت، دواتر دەخرێتە خزمەت ئەو ئامانجەی ماڵپەڕی سبەی لە کۆکردنەوەیان هەیەتی کە پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندنی ماڵپەڕەکەیە؛ بە مەبەستی باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان.

"کووکیز: کووکی ئەو فایلانەن کە بڕێکی کەم لە داتایان هەیە کە بە شێوەیەکی باو وەک ناسێنەرێکی تایبەتی بێناو بەکاردەهێنرێن. ئەمانە لەو ماڵپەڕەوە دەنێردرێت بۆ وێبگەڕەکەت کە سەردانی دەکەیت و لە هارد دیسکی کۆمپیوتەرەکەتدا هەڵدەگیرێن."

لەم مەرجەیدا؛ ماڵپەڕی سبەی ئاماژە بە ڕێکاریی ڕێککەوتن لە سەر گرێبەستەکە دەدات، کە بە چ شێوازێک بۆ یەکەمجار سەردانی ماڵپەڕی سبەی دەکرێت. بەتایبەت دوای ئەوەی وێبگەڕ بە شێوازێکی خێرا ئەو زانیارییانەی ئاماژەی پێدراوە کۆیدەکاتەوە و توانای کۆنترۆڵکردنی هەیە، دواتر ماڵپەڕ لە ڕێگەی ناردنی پەیامێکەوە بۆ بەکارهێنەر لەژێر ناونیشانی کووکیز داوای وەرگرتنی ڕەزامەندی دەکات لێیان. ئەوەیش وەک مۆڵەت وەرگرتنێکی پێشوەختەی یاسایی و ڕێککەوتنامەیەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان و پابەندبوون بەو مەرجانەی لە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەیدا خراونەتەڕوو. دوای داگرتنی کلیکی ڕازیبوونی بەکارهێنەر لە فایلی کووکیز؛ ئینجا ماڵپەڕی سبەی بە مافی خۆی دەزانێت ئەو زانیارییانەی بۆی چووە لەناو داتای ماڵپەڕەکەیدا هەڵیانبگرێت و بیانخاتە خزمەتی ئامانجەکەی.

ئەگەرچی ماڵپەڕی سبەی ئاماژە بە فایلی کووکیز دەدات، کە کۆمەڵێک زانیاریی لەخۆدەگرێت و هۆکارە بۆ ناسینەوەی کەسی بەکارهێنەر، کە هەرکاتێک سەردانی ماڵپەڕەکەیان دەکات، هاوکات ئاماژە بەوە دەدات فایلی کووکیز لە هاردی کۆمپیوتەری بەکارهێنەر یاخود وێبگەڕی بەکارهاتووی ئامێری بەکارهێنەردا هەڵدەگیرێت، نەک لە ئەرشیفی ماڵپەڕەکەدا. ئەوەیش دەیسەلمێنێت، بەکارهێنەر هەر کاتێک بیەوێت؛ دەتوانێت ئەو فایلە کووکییە بسڕێتەوە، بەڵام شێوازی سڕینەوەکەی لە مەرجەکاندا باسنەکراوە، چونکە پێویستە بەکارهێنەر خۆی هۆشیاریی و زانیاریی لەبارەیەوە هەبێت.

"ماڵپەڕەکەمان ئەم "کووکییانە" بەکاردەهێنێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکەمان. تۆ بژاردەی ئەوەت هەیە ئەم کووکییانە قبوڵ بکەیت یان ڕەتی بکەیتەوە، و بزانیت کەی کووکییەک دەنێردرێت بۆ کۆمپیوتەرەکەت. ئەگەر تۆ هەڵبژێریت کووکیەکانمان ڕەت بکەیتەوە، لەوانەیە نەتوانیت هەندێک بەش لە خزمەتگوزارییەکەمان بەکاربهێنیت."

لەم مەرجەیدا؛ ئەگەرچی ماڵپەڕی سبەی مافی ئەوە بە بەکارهێنەر دەدات، کە لە سیستەمی تەکنیکی دیزاینی ماڵپەڕەکەیدا جێبەجێی کردووە و بەکارهێنەری سەرپشک کردووە لەوەی ئەو فایلەی ئاڕاستەی دەکات لەژێر ناونیشانی کووکیز و هەڵگری هەندێک تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەرە، ئازادبێت لەوەی ڕەزامەندیی لەسەر بدات یاخود ڕەتیبکاتەوە، بەڵام ماڵپەڕی سبەی بە مافی خۆی دەزانێت، کاتێک بەکارهێنەر ڕەتیدەکاتەوە، لە کۆمەڵێک خزمەتگوزاریی بێبەشی بکات. واتە ماڵپەڕی سبەی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا لەنێوان ئەوانەی بە مەرجەکان ڕازیین و ئەوانەی ڕازیینین پۆلێنبەندیی کردووە. ئەوەیش لەکاتێکدایە بەشێک لە ماڵپەڕە جیهانییەکان؛ بەجۆرێک سیستەمەکەیان دیزاین کردووە، کە تاوەکو بەکارهێنەر بە مەرجی کووکیز ڕازیی نەبێت، ناتوانێت هیچ خزمەتگوزارییەکی ماڵپەڕەکە بەکاربهێنێت و لێی سوودمەند بێت.

"ئەگەر هەر پرسیارێک یان پێشنیارێکتان هەیە سەبارەت بە سیاسەتی پاراستنی نهێنیمان، دوودڵ مەبن لە پەیوەندیکردن."

لە کۆتا خاڵی مەرجەکانییدا؛ ماڵپەڕی سبەی ئاماژەدەدات بەوەی، بەکارهێنەر هەرکاتێک بیەوێت دەتوانێت بۆ خستنەڕووی هەر پرسیار ، پێشنیاز و بۆچوونێک پەیوەندیی بە ڕاژەی ماڵپەڕی سبەی بکات، ئەو مەرجە؛ جگەلەوەی ڕەهەندێکی ئیتیکیی هەیە، دەچێتە چوارچێوەی ڕەهەندی تەکنیکیشەوە، کە لە خزمەگوزاریی ماڵپەڕەکەدا دیزاینکراوە و بەردەستە.

964 ؛ لە ناوەڕۆکی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەیدا؛ ئاماژەی بە چەند ڕێکارێکی تەکنیکیی داوە، لەوانە:

"کاتێک تۆ ماڵپەڕەکەمان بەکاردەهێنیت، لەوانەیە ئێمە هەندێک زانیاری کەسی لە تۆ کۆبکەینەوە، وەک ناو و ناونیشانی ئیمەیڵەکەت."

ئەگەرچی لەو مەرجەیدا؛ 964 بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی بەستوەتەوە بە ئاستی ڕازیبوون بە مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەی، بەڵام سەرباری ئەوە ئاماژەی بە جۆری زانیارییەکانی بەکارهێنەر داوە و بۆ دووجۆر پۆلێنی کردوون و لە دوو مەرجی جیاوازیشدا خستوونیەتەڕوو. لە ئاماژەدانی بە "زانیاری کەسی"دا؛ مەبەستی ناسنامەیە، واتا تایبەتمەندێتیی ئەو زانیارییانەی بەکارهێنەری پێدەناسرێتەوە، لەوانە: ناو، ناونیشان، ئیمەیڵ. ئەوەیش مەبەست لێی؛ ناوی سیانیی و شوێنی پەیوەندییکردن و پۆستەبەری ئەلیکترۆنیی کەسەکەیە، کە هەموو بەکارهێنەرێکی ژینگەی دیجیتاڵیی و مۆبایلی زیرەک بەبێ ئیمەیڵ، ناتوانێت سوود لە خزمەتگوزارییەکانی وەربگرێت، چونکە هەموو کەسێک دەبێت ئیمەیڵێکی تایبەت بەخۆی هەبێت و لە ئیمەیڵی کەسێکی تر نەچێت.

"ئێمە هەندێک زانیاری ناکەسیی کۆدەکەینەوە، وەک جۆری وێبگەڕ، سیستەمی کارپێکردن و شوێنی جوگرافی تۆ، ئەم زانیارییانە بەکاردەهێنین بۆ شیکردنەوەی بەکارهێنانی ماڵپەڕەکەمان و باشترکردنی ئەزموونەکەت لە بەکارهێنانی ماڵپەڕەکەدا."

لەم مەرجەیدا؛ ماڵپەڕی964 ئاماژە بە "زانیاری ناکەسیی" دەکات، کە زیاتر پەیوەندیی بە زانیاریی پرۆتۆکۆڵیی و تەکنۆلۆژیایی دەربارەی ئامێر و بەرنامەی بەکارهاتوو بۆ پەیوەندییکردن و کارلێککردن هەیە، لەوانە: جۆری وێبگەڕ کە مەبەستی ئەو بڕاوسەرەیە، کە لەهەموو ئامێرێکی زیرەکدا هەیە و بۆ گەڕان بە ناو ئینتەرنێتدا بەکاردەهێنرێت، وەک: گووگڵ، مۆزێلا، فایەرفۆکس، ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر و ...تاد. لێرەدا تۆژەر تێبینیی ئەوەی کردووە کە ئەو مەرجانە؛ جۆرێک لە چەقبەستوویی تێدایە و لەگەڵ گۆڕانکارییە هاوچەرخەکانی تەکنۆلۆژیا و سیستەمی دیجیتاڵییدا نایەنەوە و نوێنەکراونەتەوە. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە؛ پەیوەندییکردن بە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی لە قۆناغی یەکەمدا، کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاست و کۆتایی نەوەدەکان، بەتەنیا لە ڕێگەی وێبەگەڕەوە بوو، بەڵام دوای سەرهەڵدانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و سەکۆ جیاوازەکانی دیکە، لە نموونەی فەیسبووک، ئیتر ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانیش هەژماری تایبەت بە خۆیان لە فەیسبووکدا کردەوە و بەکارهێنەر لە ڕێگەی لایک و فۆڵۆوکردنی هەژمارەکانیان بە بەردەوامیی و بەبێ ئەوەی وێبەگەڕ بەکاربهێنێت، خزمەگوزارییەکانی ئەو ماڵپەڕانە دەبینێت. واتە کاتێک لەو مەرجەدا نووسراوە؛ زانیاریی دەربارەی ئەو وێبگەڕەی، کە بەکارهێنەر بەکاریدەهێنێت کۆدەکرێتەوە، دەبوا ئاماژەی بە تۆرە کۆمەڵایەتییەکانیش بدایە، کە زۆر کەس

لەو ڕێگەیەوە سەردانی مالپەڕەکە دەکەن. هاوکات جۆرێکی تر لە زانیاریی کۆکراوەی ناکەسیی؛ سیستەمی کارپێکردنە مەبەستی ئەو ئامێرەیە، کە لەلایەن بەکارهێنەرەوە بۆ کارلێکردن بە مالپەڕەکەوە بەکارهێنراوە کە ئایا مۆبایلی زیرەکە یاخود ئامێرەکانی کۆمپیوتەر، تابلێت و ئایپاد و دیارییکردنی جۆری سیستەمی کارپێکەری ئامێرەکەیە ئەویش بەپێی کۆمپانیا جیاوازەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئامێری تەکنۆلۆژیای دیجیتالیی چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە، لەوانە: Apple – iOS, Microsoft -Windows Mobile Phone, Android. واتا مالپەڕ دەزانێت سیستەمی بەکارهێنەری ئامێرەکەی؛ کام جۆری ئەو سیستەمانە بەکاردەهێنێت. زانیاریی دەربارەی شوێنی جوگرافیی؛ زانیارییەکی ناکەسییە و کاتێک بەکارهێنەر سەردانی مالپەڕەکە دەکات و خزمەتگوزارییەکانی بەکاردەهێنێت، بەپێی ڕێکارە تەکنیکیی و پرۆتۆکۆلییەکان دەزانرێت بەکارهێنەر لە چ ناوچەیەکەوە پەیوەندیی دەکات و بە دیارییکراوی شوێن (location)ەکەی دەستنیشان دەکرێت.

"کووکی بەکاردەهێنین بۆ هەڵگرتنی هەندێک زانیاری کاتی لەسەر کۆمپیوتەرەکەت."

لەم مەرجەیدا؛ مالپەڕی 964 ئاماژە بەوە دەدات کە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان پشت بە سیستەمی کووکیز دەبەستن. واتە کۆکردنەوەی زانیاریی لە ڕێگەی ڕێکاریی پرۆتۆکۆلییەوە، کە دەچێتە چوارچێوەی سیستەمی کووکیزەوە؛ توانای ئەوەی هەیە IPی ئینتەرنێت و ئامێرەکەیش لەگەڵ کاتی سەردان و کاتی مانەوەی سەردانیکەر لە مالپەڕەکەدا و شوێنپێی گەڕانی وەربگرێت. لێرەدا؛ دەبوو زۆر وردتر ئاماژە بە توانای سیستەمی کووکیز و پرۆتۆکۆلی وێبەگەڕ بدرایە، کە سیستەمێکی نوێیە و لە سیستەمە نەریتییەکانی دیکە جیاوازترە، کە مالپەڕەکە زانیارییەکانی بەکارهێنەرانی لە ڕێگەی پڕکردنەوەی فۆرمێکەوە و وەک گرێبەستێکی پێشوەختە کۆدەکردەوە، چونکە لە کاتی پەیوەندییکردنی بەکارهێنەردا، کووکیز ڕاستەوخۆ زانیارییەکان کۆدەکاتەوە، بەڵام بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کۆکردنەوەکە هەندێک لە مالپەڕەکان بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانیانەوە پەیوەستیانکردووە. تەنانەت بەشێک لە مالپەڕەکان کاتێک سەردانیان دەکرێت؛ ناتوانرێت هیچ خزمەگوزارییەکیان ببینرێت، تاوەکو بەو مەرجانە ڕازیی نەبیت، کە لە شێوەی پەیامێکدا و لەژێر ناونیشانی کووکیز دا بۆتی دەنێرێت. کەواتە ئەو زانیارییانەی کووکیز کۆیاندەکاتەوە؛ هەموویان لە فایلێکی زیبکراوی بچووکدا کۆدەکاتەوە، بەڵام ڕێکاریی پرۆتۆکۆلیی ئەو زانیارییانە لە یادگەی مالپەڕەکە کۆناکاتەوە، بەڵکو لە یادگەی وێبگەڕی ئامێری زیرەکی بەکارهێنەردا ئەرشیفی دەکات و هەرکاتێک بەکارهێنەر سەردانی مالپەڕەکە دەکاتەوە، ئەو زانیارییانە دەبێتە هۆی ناسینەوەی.

" لەگەڵ هیچ لایەنێکی سێیەمدا زانیارییە کەسییەکانی تۆ نافرۆشین و بازرگانی ناکەین، تەنیا ئەم زانیارییانە بەکاردەهێنین بۆ مەبەستی باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانمان و خۆڕێکخستنی ئەزموونەکەت لە بەکارهێنانی ماڵپەڕەکەدا."

لەم خاڵەیدا؛ ماڵپەڕی 964 زۆر بە ڕوون و ڕاشکاوی ئاماژەی بەوە داوە، کە ئامانج لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان بۆ کڕین و فرۆشتن نییە. ئەوەیش سێیەم جارە، کە لە سێ مەرجدا ماڵپەڕەکە جەختدەکاتەوە لەوەی مەبەستیان لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان بۆ پەیداکردنی سەرچاوەی داهات و دارایی نییە، بەڵکو پابەندن بە پاراستنیی مافی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران. جەختکردنەوە لەم پرسە؛ واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ماڵپەڕەکە کار بۆ ئەوە دەکات کە متمانەی زۆرترین بەکارهێنەر بەدەستبهێنێت و دڵنیاییان پێبدات، کە لایەنی سێیەم دەستی بە زانیارییەکانیان ناگات. کەواتە کۆکردنەوەی زانیارییەکانی بەکارهێنەران بەتەنیا بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی خزمەتگوزارییەکانی ماڵپەڕەکەیە، تاوەکو بزانرێت کام بابەت و زۆرترین بیسەر ، بینەر و خوێنەری هەیە تاوەکو گرنگی زیاتری پێبدرێت.

"هەموو ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن بۆ پاراستنی زانیارییە کەسییەکانتان دەگرینەبەر، ڕێوشوێنی ئاسایشی گونجاو دەگرینەبەر بۆ پاراستنی زانیارییەکانتان لە دەستڕاگەیشتن، گۆڕانکاری، لەناوبردنی یان ئاشکراکردنی بێ مۆڵەت."

ئەو مەرجەی ماڵپەڕی 964؛ جگەلەوەی پابەندبوونی یاسایی لەخۆدەگرێت و پێشتر لە ڕەهەندی یاساییدا شیکراوەتەوە، هاوکات ڕەهەندێکی تەکنیکییشی هەیە، کە ماڵپەڕەکە بەپشتبەستن بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی تەکنیکی پێشکەوتوو لەپێناو پاراستنی زانیاریی بەکارهێنەران و بەدوورگرتنیان لە پێشێلکاری ڕەچاوی دەکات. هەروەک لە کۆتایی مەرجەکەیدا دووپاتیدەکاتەوە کە بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەکارهێنەر؛ هیچ زانیارییەک بۆ هیچ کەسێک ئاشکراناکرێت.

"ئەگەر هەر پرسیار یان سەرنجێکتان هەیە سەبارەت بە سیاسەتی پاراستنی نهێنی، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن، ئێمە پێشوازی لە هەر سەرنجێک یان پێشنیارێک دەکەین کە پەیوەندی بە سیاسەتی پاراستنی نهێنیەوە هەبێت."

لە کۆتا خاڵی مەرجەکانییدا؛ 964 خزمەتگوزاریی پەیوەندییکردنی دەستەبەرکردووە و داوا لە بەکارهێنەران و سەردانیکەرانی دەکات: هەر پێشنیاز، ڕەخنە، تێبینیی و پرسیارێکیان لەبارەی مەرج و ڕێنماییەکانی "سیاسەتی پاراستنی نهێنیی" ماڵپەڕەکەیان هەبوو، دەتوانن پەیوەندییان پێوەبکەن و سەرنجەکانیان دەخەنە خزمەت گەشەپێدانی ماڵپەڕەکە.

3.1.4: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕوونیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە کوردییەکان

ڕوونیی (شفافیة)؛ ڕەهەندێکی دیکەی هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە کوردییەکانە. لەو ســـۆنگەیەوە؛ ئەگەرچی **ماڵپەڕی ڕووداو** ئاماژەی بەوە داوە، کە لە بەرامبەر پێشـــکەشـــکردنی خزمەتگوزارییەکانی هەواڵ و زانیارییدا چی لە بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەی دەوێت، بەڵام مەرجەکانی بەپێی پێویست نین و ناڕوونیی و ئاڵۆزییان تێدایە. لەوەدا سەرکەوتوو بوون، کە زمانێکی ســـادەیان بەکارهێناوە، بەڵام مەرجەکانیان واتای شـــاراوە ، تێگەیشـــتن و لێکدانەوەی جیاواز لەخۆدەگرن. ڕووداو بەپێی پێویســـت نەیتوانیووە ڕەهەندی ڕوونیی لە مەرجەکانی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەیدا بەرجەســـتەبکات، چونکە بە ڕوون و ڕاشکاویی دەستنیشانی جۆر و ڕێکاریی ئەو زانیارییانەی نەکردووە، کە کۆیاندەکاتەوە و کاتی هێشـــتنەوە و هەڵگرتنیان چەندە. کەواتە دانانی مەرجەکان خاڵێکی ئەرێنیی ماڵپەڕەکەیە، بەڵام پێویستیی بە هەمووارکردنەوە و گەشەپێدانی زیاترە.

کەناڵ8 لە ڕووی ڕوونیی دارشـتنی زمانی مەرجەکانی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەی؛ تـاڕادەیەک توانیویەتی خۆی لە وشـــەی بیـانیی ئـاڵۆز بەدوور بگرێـت، بەڵام لەچوارچێوەی مەرجەکانیدا هەڵەی زمـانەوانیی لە چەند دەســـتەواژەیەکییدا هەیە و لە ڕووی ڕێزمـانییەوە تێگەیشـتن لێی ئاڵۆزە. هەروەها دوو مەرج، کە لە ڕەهەندی یاسـایی دا؛ بە وردیی شـیکرانەوە و ڕەخنەیان لێگیرا ئەوەبوو بەرپرسیارێتیی کەوتنەوەی زیانێک لە کارمەندی ماڵپەڕەکە لە ئەنجامی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی خۆیاندا، دەخاتە ئەســـتۆی بەکارهێنەر و بە قەرەبووکردنەوە ناچاری دەکات. ئەم مەرجە پێویســـتە هەموار بکرێتەوە و چاکســـازیی تێدا بکرێت. بەدەر لەوە؛ ئـامـاژە بەوە نەدراوە بەکـارهێنەر کەی دەتوانێـت ڕێککەوتنـامەکەی لەگەڵ مـاڵپەڕی کەنـاڵ8 هەڵبووەشـێنێتەوە و داوای ســڕینەوەی زانیارییە کۆکراوەکانی بکات، یاخود کاتی هێشـتنەوەی زانیارییەکان دیاریینەکراوە مـاڵپەڕەکە تـاوەکو کەی لای خۆی دەیـانهێڵێتەوە. مـاڵپەڕی کەنـاڵ8 تاڕادەیەک توانیویەتی لەگەڵ بەکارهێنەران و سەردانیکەرانیدا ڕوون و ڕاشکاو بێت، چونکە زۆر بە ئاشـکرایی لە بەشـی "سـیاسـەتی پاراسـتنی نهێنییەکان"یدا ئاماژەی بە سـێ ڕێکاریی داوە، کە واتـای نیـازپـاکیی و ڕوونیی لە کۆکردنەوەی تـایبەتمەنـدێتیی زانیـارییەکـانی بەکـارهێنەران دەگەیەنێت، لەوانە: تیشک خستنەسەر جۆری زانیاریی کۆکراوە، شێوازی گەڵاڵەکردن و ئامانجی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی بەکارهێنەر کە بۆ هەڵســـەنگاندنی ماڵپەڕەکەیە و قازانجنەویســـتە و دووڕە لە مـامەڵەکردن بە زانیـاریی بەکـارهێنەران بە لایەنی ســـێیەم. هەروەهـا نوێکردنەوەی مەرجەکان و گۆڕانکارییکردن تیایاندا بە ئاگاداریی پێشـــوەختەی بەکارهێنەران دەکەن و بە 30 ڕۆژ پێشـــتر ئاگاداردەکرێنەوە. هەموو ئەو ڕێکارە ڕوون و ئاشـــکرایانەی ماڵپەڕی کەناڵ8 خستوونیەتەڕوو؛ بە ئامانجی ڕەواندنەوەی تەمی ئەو گومان و ترسـەیە، کە لای بەکارهێنەرانی

ژینگەی دیجیتاڵی لەبارەی دڵنیانەبوونیان لە پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانیان درووستبووە.

کوردستان24 جیاوازتر لەوانیتر؛ لە ڕەهەندی ڕوونیی ناوەڕۆکی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەیدا؛ پەیوەستە بە ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی بەکارهێنەران لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانیان ئەوە بۆ خۆی گرنگە و بنەمای ڕوونییە. ئەگەرچی لە داڕشتنی زمانی نووسینی مەرجەکانییدا؛ کوردستان24 تاڕادەیەک خۆی لە بەکارهێنانی وشەی ناڕوون و بیانیی بەدوورگرتووە، بەڵام لە ناساندنی تەواوەتیی کۆمەڵێک چەمکی کورتکراوەدا کەمتەرخەمیی هەیە و بەپێی پێویست نەیناساندوون و ڕوونی نەکردوونەتەوە کە بۆنموونە ئەرکی هەریەک لە IP وURL چین و چۆنن. هەروەها ئەوەیش نەخراوەتەڕوو، کە بەکارهێنەر مافی ئەوەی هەیە ڕێکەوتنامەکەی هەڵبووەشێنێتەوە یان داوای سڕینەوەی زانیارییەکانی بکات، کە پێشتر لێیکۆکراونەتەوە. ئەوە جگەلەوەی ئاماژە بە پابەندبوون بە هیچ ڕێسا و یاسایەکی نێوخۆیی یاخود نێودەوڵەتیی نەدراوە، ئەوەیش لە کاتێکدایە، کە ماڵپەڕەکە لە زۆربەی وڵاتاندا نووسینگەی هەیە. لە کاتی ڕوودانی کێشە و سکاڵای یاسایی لە نێوان بەکارهێنەر و ماڵپەڕەکەدا؛ ڕوون نییە بە چ یاسایەک یەکلایی دەکرێتەوە: ئایا بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەبێت یاخود بەپێی ئەو شوێنەی کێشەکەی تیا درووستبووە و یاساکانی ئەو وڵاتەی نووسینگەی ماڵپەڕەکەی لێیە یەکلایی دەکرێتەوە. کوردستان24 لە ڕەهەندی ئیتیکی و پابەندبوون بە پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن؛ کەمتەرخەمیی هەیە و بەپێی پێویست ئاماژە و گرنگیی پێنەداوە، بگرە ئەوەیشی خراوەتەڕوو بە تەنیا لە بەرژەوەندیی ماڵپەڕەکەدایە، نەک پابەندکردنی بەکارهێنەران بە کۆمەڵێک پێوەری پیشەیی لە کاتی نووسینی کۆمێنت و هاوبەشییکردنی باتەکاندا، لەوانە: چۆنێتی ڕێگرییکردن لەتاوانەکانی ڕاگەیاندن لە جۆری ناوزڕاندن، لەکەدارکردنی کەسایەتیی و پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتیی کەسەکان.

لە ڕەهەندی تەکنیکییەوە؛ پێویستبوو کوردستان24 زۆر بەڕوونیی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ئاماژە پێبدایە، کە چ جۆرە زانیارییەک و چۆن و بۆچی کۆدەکاتەوە. پێویستبوو لە داڕشتنی ناوەڕۆکی مەرجەکانیدا؛ ماڵپەڕەکە بە خاڵ یان لەنێوان دوو کەوانەدا پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێتیی بناساندایە نەک هەر بەتەنیا ئاماژەی بە زانیاریی لەبارەی IP و URL بدایە و ڕوون و ڕاشکاو نییە، چونکە ئایپی و وێبگەڕی گەڕانی ئینتەرنێت، توانای کۆکردنەوە و کۆنترۆڵی زیاتری زانیارییەکانی بەکارهێنەرانی هەیە. دەبوو ڕوونتر ئاماژەی بە جۆر و شێوازی زانیارییە کۆکراوەکان بکردایە، کە ئایا بەپێی سیستەمی کووکیز یان بە سیستەمێکی پێشکەوتووتر لەو دەکرێت. لەگەڵ هەموو ئەوانەیشدا؛ ئاستی تێگەیشتن لە ئامانجی ماڵپەڕی کوردستان24 بۆ

کۆکردنەوەی زانیاریی بەکارهێنەرانی ڕووبەر، کە ئامانجێکی قازانجنەویستە و بۆ مامەڵە پێوەکردنیان نییە و بۆ دەستخستنی داهات و دارایی بە لایەنی سێیەم نادرێت و نافرۆشرێت. هاوکات پێویستە چاکسازیی و پێداچوونەوە بە ناونیشانی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مالّپەڕەکەدا بکرێت و لە بری سێ ناونیشانی ناڕوونی یەک لەدوای یەک، باشترواییە لە ژێر چەتری یەک ناونیشاندا کۆبکرێنەوە و بخرێنەڕوو.

سبەی؛ لە ڕەهەندی ڕوونیی ڕەچاوکردنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مالّپەڕەکەیدا کورتی هێناوە، چونکە مەرجەکانی بە زمانی ئینگلیزیی داڕشتوون و بلّاوکردوونەتەوە، کە زۆرینەی خوێنەرانی کوردزمانن و وەک پێویست ڕوون و ڕاشکاو نییە لەلایان چی نووسراوە و چۆن بەرخوردی لەگەڵدا بکەن. ئەگەرچی لە ڕەهەندی یاساییەوە تاڕادەیەک مەرجەکان خراونەتەڕوو، بەڵام ئاماژە بە هەندێک زانیاریی گرنگ نەدراوە، لەوانە پابەندبوون بە جۆری یاسا نێودەوڵەتیی و ناوخۆییەکان، هەروەها هیچکاتێک وەک دوا وادەی ماننەوەی زانیاریی بەکارهێنەران لای مالّپەڕی سبەی بۆ سڕینەوە و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە دیارییەنەکراوە.

لە ڕەهەندی ئیتیکی-یەوە؛ کەمتەرخەمیی هەیە و وەک پێویست ئاماژە بە پابەندبوون بە پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن لە ناوەڕۆکی مەرجەکاندا نەدراوە، لەوانە: پاراستنی مافی لەبەرگرتنەوە، پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیی و ڕێزگرتن لە ژیانی تایبەتیی کەسەکان و ...تاد. دەبوو مالّپەڕی سبەی بە وردیی کاری لەسەر زەق و زاڵکردنی کۆمەڵە پێوەرێکی پیشەیی بکردایە و بە ڕوونیی ئاماژەی پێبدانایە و بەرپرسیارێتی پیشەیی و یاسایی بخستایەتە ئەستۆی ئەو کەسانەی ڕەچاوی ناکەن.

بەپێچەوانەوە؛ لە ڕەهەندی تەکنیکیی و سەرپشککردنی بەکارهێنەر لە ڕازییبوون و ڕەتکردنەوەی فایلی کووکیز و دەستنیشانکردنی ئامانجی قازانجنەویستیی مالّپەڕەکە و ڕەچاوکردنی مافی تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانی منداڵانی خوار تەمەن 13ساڵ و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتی یاسایی و ئیتیکیی لە نوێکردنەوەی ناوەڕۆکی مەرجەکان لە پڕۆسەیەکی ئاشکراو ئاگادارکردنەوەی پێشوەختەی بەکارهێنەران لێی؛ خاڵی ڕوون و گرنگن. لەگەڵ ئەوەیشدا؛ باشتربوو مالّپەڕی سبەی بە ڕوون و ڕاشکاویی ئاماژەی بە چەند خاڵێکی گرنگتر بدایە، لەوانە: پێش چەند ڕۆژ لە نوێکردنەوەی مالّپەڕەکە، بەکارهێنەرانی لێئاگادار دەکرێنەوە، دڵنیایی تەواوەتیی بە بەکارهێنەران بدایە لە گرتنەبەری ڕێکاریی توند بۆ پاراستنی زانیارییەکان، واتای دەقی مەرجەکان هەمان ئەو واتایەیان هەبێت کە گوزارشتی پێ لێکراوە و هیچ واتایەکی شاراوە لەپشتیانەوە نەبێت. هەربۆیە پێویستە زۆر بە زوویی سبەی؛ زمانی داڕشتن و بلّاوکردنەوەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مالّپەڕەکەی بکات بە کوردیی و بە ڕوون و ڕاشکاویی ئەرک و مافی

خۆی و بەکارهێنەرانی ڕووبکاتەوە، تاوەکو لە دەربڕینی ئالۆز و بەلاڕێدابردنی بەکارهێنەرانی دووربکەوێتەوە.

964؛ لە ڕەهەندی ڕووبی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و پابەندبوون بە ڕاشکاویی زمانی دەربڕینی مەرجەکانی مالپەڕەکەیدا هەنگاوی گەورە و گرنگی ناوە، چونکە ڕەچاوکردنی کورتیی و پووختیی، دورکەوتنەوە لە داڕشتنی درێژ و دەستەواژەی ئالۆزی دوو واتایی و بیانیی لە نیشانەکانی ناسینەوەیەتی. ئەگەرچی ناوەڕۆکی مەرجەکانی بەسەر ڕەهەندە تەکنیکیی و یاساییەکاندا دابەشکردووە، بەڵام لە هەندێک شوێندا و بە کەمیی ئاماژەی بە ڕەهەندی ئیتیکیی و پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن داوە و زۆر ڕوون نییە. هاوشێوەی مالپەڕە کورد‌ییەکانی دیکە؛ 964 ئاماژەی بە ڕێسا و یاسا نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان نەداوە، بەڵام خۆی لە پاراستنی زانیارییەکانی بەکارهێنەران و گرتنەبەری ڕێکاریی تەکنیکی توند و ئاسایشی بەهێز بۆ ڕێگریی لە پێشێلکاریی بەرپرسیار کردووە. لە مەرجەکانی بەکارهێنانی مالپەڕەکەیدا؛ ئەو زانیارییانە خراونەتەڕوو، کە 964 کۆیاندەکاتەوە و مەرجی مۆڵەت وەرگرتنی گرێبەستەکەیشی بە ڕوونیی بە بەکارهێنانی خزمەگوزارییەکانی بەستوەتەوە. هەروەها ئاماژەی بە ڕێکاریی کۆکردنەوەی زانیارییەکان؛ بە پشتبەستن بە پرۆتۆکۆڵی وێبگەڕ و سیستەمی کووکیز کردووە و ئامانجەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەکانی بەکارهێنەرانیشی لە سێ خاڵدا دووپاتکردووەتەوە، کە بۆ باشترکردن و تێگەیشتن لە ئاستی خزمەتگوزارییەکان و تازەکردنەوەی مەرجەکان و دووبارە داڕشتنەوەی لە پرۆسەیەکی ئاشکرادایە، کە پێشتر بەکارهێنەری لێئاگادارەکاتەوە. لەگەڵئەوەیشدا ماوەی هێشتنەوەی زانیاریی بەکارهێنەران و کاتی کۆتاییهاتنی گرێبەستەکەی دیاریینەکردووە، کە لە چ کاتێکدا بەکارهێنەر مافی ئەوەی هەیە هەڵیبووەشێنێتەوە و داوای سڕینەوەی زانیارییە کەسیی و ناکەسییەکانی بکات.

3.2: پاژی دووەم/ ئەنجامی مەیدانی توێژینەوەکە

دووەم: چاوپێکەوتنی چڕ

لە شێوازی توێژینەوەی چۆنێتی دا؛ چاوپێکەوتنی چڕ (In-depth Interview) بە یەکێک لە ئامڕازە دیارەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی دادەنرێت، کە توێژەر؛ ڕاستەوخۆ بەشێوەی ڕووبەڕوو یاخود ناڕاستەوخۆ بەشێوەی ئۆنلاین لەگەڵ کەسانی دەستنیشانکراودا کۆدەبێتەوە و پرسیارەکانی ئاڕاستەدەکات. بەپێی سروشتی توێژینەوەکە و ئامانجەکانی؛ ڕێکاری جێبەجێکردنی ئەم چاوپێکەوتنە دەکرێت بە شێوەی: ڕێکخراو، نیمچە ڕێکخراو و کراوە ئەنجام بدرێت (Elhami & Khoshnevisan, 2022). کەواتە چاوپێکەوتنی چڕ لەگەڵ کەسانی پەیوەندییدار بە گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە، بەشێوەی: تاکەکەسیی یاخود گرووپ، ڕووبەڕوو یاخود پەیوەندیی تەلەفۆنیی و ڤیدیۆیی ئەنجامدەدرێت و ڕێکارێکی بەهێزە بۆ تێگەیشتنی قوواڵتر و ڕۆچوونە ناو وردەکاریی وەاڵمەکان، لە ڕێگەی وردبوونە و خوێندنەوەی بەرامبەر و کردنی پرسیاری کراوە. هەڵبەت جیاواز لە پەیوەندیی سەر هێڵ و گرووپ؛ چاوپێکەوتنی چڕ بەشێوەی ڕووبەڕوو کاریگەریی لەسەر دەستخستنی وردەکاریی زیاتری وەاڵمی پرسیارەکان هەیە، چونکە هەندێک لە بەشداربووان ئەو وەاڵمەی لە چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆدا دەیداتەوە، لە کۆبوونەوەی گرووپ یان پەیوەندیی تەلەفونییدا دەرینابڕێت. هەربۆیە بەراورد بە ڕێکارەکانی دیکە؛ چاوپێکەوتنی چڕ دەتوانێت زیاتر ڕۆڵی لەبەدەستهێنانی زانیاریی و کۆکردنەوەی لە زاری بەشداربووانەوە هەبێت، چونکە دەرفەتی شیکردنەوە و وردکردنەوەی زیاتری زانیاریی و بۆچوونەکانی بۆ دەڕەخسێنرێت کاتێک چاوپێکەوتنەکە ڕووبەڕوو لەگەڵ بەرتوێژان ئەنجام دەدرێت (Hogg & Rutledge, 2020). لە شێوازی توێژینەوەی چۆنێتی دا؛ چاوپێکەوتن وەک ئامڕازێکی زانستی گرنگ چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە: (چاوپێکەوتنی نیمچە پێکهاتە) (Taherdoost, 2022:46). (چاوپێکەوتنی پێکهاتەیی) (Elhami & Khoshnevisan, 2022). سێیەم؛ (چاوپێکەوتنی بێپێکهاتە)،(Consalvo, 2023 ;Elhami & Khoshnevisan, 2022).

کەواتە چاوپێکەوتنی نیمچە پێکهاتەیی بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی گونجاوترینە و بریتییە لە گفتوگۆیەک لەپێناو تێگەیشتنێکی ورد لە بۆچوون، ئەزموون و ڕەفتارەکانی بەرتوێژ بۆ دەستخستنی وەاڵمی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە. کە توێژەر دەتوانێت زۆرترین زانیاریی بەدەستبهێنێت (Busetto & Gumbinger, 2020; Hamilton & Finley, 2019). هاوکات ڕێکاریی چاوپێکەوتنی چڕ بەشێوەی ڕاستەوخۆ؛ بۆ توێژەر باشترین بژاردەیە کە بۆ کۆکردنەوەی وەاڵمی پرسیارەکانی بیگرێتەبەر. لە چاوپێکەوتنی گرووپ و تەلەفونییدا ڕەنگە ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسێت، چونکە گفتوگۆکە دووبەدووە و کاریگەریی و دەستێوەردانی تێدا نییە و لایەنی ئەرێنیی زۆرتری هەیە، لەوانە: تێگەیشتنی قوواڵ، بەرهەمهێنانی ناوەڕۆک، کەمیی

تێچوونی دارایی، هاوکات ڕێکارییەکی کراوە و پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ داهێنان، ئەزموونی مرۆڤ لەخۆدەگرێت و داتای ورد دەستدەخات (Ugwu & Eze, 2023: 27-32). لەم چاوپێکەوتنەدا؛ بەدیاریکراوی ئەو کەسانە بۆ گفتوگۆکردن بە ئامانج دەگیرێن، کە لایەنی سەرەکیی پەیوەندییدارن بە باتەکە و زانیارییان لەلایە، نەک تەنیا بۆ وەرگرتنی بۆچوونی کەسانێکی ئاسایی (الفقیه و أحمد، 2017: 358 ؛ Hamilton & Finley, 2019).

لەم توێژینەوەدا؛ چاوپێکەوتنی زانستیی چڕ لە جۆری "نیمچە پێکهاتە" وەک یەکێک لە ئامڕازەکانی شێوازی توێژینەوەی چۆنێتی بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی بەکاردەهێنرێت، چونکە گونجاویی و خاڵی بەهێزی ئەمجۆرەیان لە چاو جۆرەکانی دیکەی چاوپێکەوتنی زانستیی زۆر زیاترە. لەو چوارچێوەیەشدا؛ توێژەر چاوپێکەوتنی ڕووبەڕووی لەگەڵ (٧) بەرتوێژی پەیوەندییدار بە بابەتی توێژینەوەکە لە کەسانی پسپۆڕی میدیایی، سەرنووسەران و گەشەپێدەرانی تەکنیکی ماڵپەڕە کوردییەکان کردووە کە سیانیان لە هەولێر و چواریان لە سلێمانی بوون (بڕوانە خشتەی ژمارە ٣). هەڵبەت چاوپێکەوتن؛ ڕێگە و ڕێکاریی تایبەت بە خۆی هەیە و ناکرێت هەروا هەڕەمەکیانە ئەنجامبدرێت. سەرەتا پێویستیی بە پرسیاری گشتیی و دواتر پلانێکی قۆناغدار هەیە، تاوەکو بچێتە ناو وردەکاریی پرسیارەکانەوە. هەربۆیە واباشترە پێشتر ڕوونکردنەوەیەکی گشتیی یان تەوەری سەرەکیی پرسیارەکان بۆ بەرتوێژان بنێردرێت، تاوەکو بتوانن خۆیان ئامادەبکەن و وەڵامی وردتر بدەنەوە. لە دیارترین ئەو هەنگاوە زانستییانەی لەکاتی چاوپێکەوتنەکانی ئەم توێژینەوەیە و ئەوانیدیکەدا بگیرێنەبەر؛ ئەمانەی خوارەوەن:

دیاریکردنی ناو و ناونیشانی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێت؛ کێن و چەند کەسن؛ ئایا دواتر دەتوانرێت وەڵامەکانیان بگشتێنرێن. واتە نوێنەرایەتیی کۆمەڵی بەئامانجکراوی توێژینەوەکە دەکەن. دیاریکردنی کات و شوێنی شیاو لەگەڵ بەرتوێژدا بە هەماهەنگیی بەجۆرێک، کە لەگەڵ ئاست و پێگەی زانستیی و کۆمەڵایەتییدا بگونجێت. هاوکات ئامادەکاریی پێشوەختە بۆ دانانی پرسیار و ڕیزبەندیی پرسیارکردن و چۆنێتی ئاڕاستەکردنی؛ بەجۆرێک کە بتوانرێت زۆرترین وەڵامی دروست وەربگیرێتەوەو بخرێتە خزمەت کێشە و ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە. بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکەی؛ توێژەر پێویستە مەشقی پێشوەختەی کردبێت و بەرچاوڕوونیی هەبێت. بە جۆرێک ئامادەبێت؛ متمانەی تەواوی بەخۆی هەبێت و کەشێکی دۆستانە و ئارام بخولقێنێت، ڕێزی تەواو لە میوانەکەی بگرێت و مافی وەڵامدانەوەی بداتێ، شارەزای زمانی جەستە بێت و پرسیارەکانی بەشێوەیەکی لۆژیکیی ژیرانە بکات، نەک وەکو ئەوەی لێکۆڵینەوە لە تاوانبارێک بکات. هاوکات پێویستە زەمینەساز و هاوکارێکی باشی میوانەکەی بێت، کاتێک هەست بە هەبوونی هەڵەیەک یان شڵەژانێک دەکات،

واباشـتره چاوپێکەوتنەکە جگە لە نووسـین بە دەنگ تۆماربکرێت، بەڵام پێشـوەختە ڕەزامەندیی لێوەربگرێـت (Maurer, 2024:39-41 ; Taherdoost, 2022: 46-49؛ بۆکـانی، 2020: 136-138). پێویســـتە توێژەر؛ بنەما پیشـــەییەکانی کاری میدیایی، ئیتیک و ئەتەکێتی کارکردن ڕەچاوبکات، لەوانە: وەرگرتنی مۆڵەتی تۆمارکردنی چاوپێکەوتنەکە و پێدانی مافی ســەرپشـکبوون بە میوان؛ لە ڕێگەدان یان ڕێزگرتن لە ڕەتکردنەوە و پاراســتنی مافی تایبەتمەندێتیی و شـــکۆی کەســـی (Dunwoodie & Newman, 2023). لە کاتی دارشـتنی پرســیاری چاوپێکەوتن بۆ توێژینەوەدا؛ گرنگە توێژەر ڕەچاوی بێلایەنیی و هاوســـەنگیی لە نێوان پرســـیاری کراوە و داخراودا بکات. نابێت پرســـیارەکان ناڕوونبن یان کاریگەریی لەســـەر وەڵامەکان هەبێت، هەروەها پێویســـتە پرســیارەکان بە جیا و یەک لە دوای یەک بپرســرێن نەک بەســەریەکەوە ئاڕاســتەی بکرێت و دەرفەتی وەڵامدانەوە بە بەرتوێژ نەدرێت (Turner &Hagstrom, 2022).

خشتەی ژمارە (٣)

ناو و ناونیشانی بەرتوێژانی چاوپێکەوتنی زانستیی توێژینەوەکە

ژ	ناوی سیانیی بەرتوێژان	ناونیشانی کاری بەرتوێژان	ماڵپەڕی بەرتوێژان	شوێنی چاوپێکەوتن	مێژووی چاوپێکەوتن
1	زانیار جەلال مەحموود	گەشەپێدەری ماڵپەڕ	کەنا8ل	سلێمانی	2025/1/25
2	بەهادین یوسف فایەق	سەرنووسەری ماڵپەڕ	سبەی	سلێمانی	2025/1/28
3	بڕوا ڕەئوف کیانی	گەشەپێدەری ماڵپەڕ	رووداو	هەولێر	2025/2/3
4	مەتین کەریم خان	گەشەپێدەری ماڵپەڕ	K24	هەولێر	2025/2/3
5	هیوا مەحموود عوسمان	سەرنووسەری ماڵپەڕ	964	هەولێر	2025/2/3
6	هاوکار عەلی ڕەجەب	سەرنووسەری ماڵپەڕ	کوردستانیوز	سلێمانی	2025/2/7
7	ئارام ڕەئوف فەقێ	گەشەپێدەری ماڵپەڕ	پەیام	سلێمانی	2025/2/8

بۆ قوولبوونەوەی زیاتر و بەدەستهێنانی زانیاریی وردتر؛ ڕێکاریی چاوپێکەوتنی زانســتیی چڕ لەگەڵ بەرتوێژانی وەک: ســـەرنووســـەران و گەشـــەپێدەرانی تەکنیکی ماڵپەڕە کوردییەکان بەکارهێنراوە. جا چ ئەوانەیان، کە دەقی مەرج و ڕێنماییەکانی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی لە مـاڵپەڕەکـانیـان بڵاوکراوەتەوە و چ ئەوانەیشـــی کە هێشـــتـا بڵاویـان نەکردوونەتەوە. وەک ڕێکارییەکی تەواوکاریی و گەیشـــتن بە وەڵامی هەندێک پرســـیار توێژەر لە شـــیکردنەوەی ناوەڕۆکی مەرجەکاندا دەســـتینەکەوتوون؛ ئامرازی چاوپێکەوتنی زانســـتیی وەک هەوڵێک بۆ تێگەیشـتنی قوولتر لە چۆنییەتی ڕەچاوکردنی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا جێبەجێی دەکات. لەو ســـۆنگەیەوە؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ گەشـــەپێدەری حەوت ماڵپەڕی کوردیی

مشـــتەی توێژینەوەکەدا کراوە، لەوانە **(کەناڵ8، ســـبەی، ڕووداو، کوردســـتان24 و 964، کوردساتنیوز و پەیام)** چونکە ڕاستەوخۆ لە پەیڕەوییکردن و پێشێلکردنی مەرج و ڕێنماییەکانی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکانیان بەرپرسـن. لەو چوارچێوەیەشـدا؛ بە تەنیا ماڵپەڕەکانی کوردسـاتنیوز و پەیام خاوەنی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی نین. لە کاتێکدا دوو ماڵپەڕی کوردیی ناسراون و خاوەندارێتیی و سیاسەت و ستراتیژی جیاوازی کارکردنیان لە ڕووی ئایدۆلۆژیایی و جەماوەرییەوە هەیە، بەڵام توێژەر بە گرنگیی زانیوە بۆچوونی ئەوانیش لەبارەی دەرفەت و ئاڵنگارییەکانی نەبوونی مەرج و ڕێنماییەکانی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکانیان و چۆنییەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بەکارهێنەرانیـاندا بزانێت. لە ڕێگەی ئەم چاوپێکەوتنانەوە؛ توێژەر بە دوای وەڵامی ئەو پرسـیارانە دەگەڕێت کە لە شـیکردنەوەی ناوەڕۆکی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکاندا دەستینەکەوتووە.

3.2.1: ماڵپەڕە کوردییەکان و تێگەیشتن لە چەمکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

لە خشـتەی (ژمارە٤)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لە بارەی تێگەیشـتنیان لە چەمکی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی خراوەتەوەڕوو. خاڵی هاوبەشـیی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، کە هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی؛ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی پەیوەندیی بە پاراستنی زانیاریی بەکارهێنەرانەوە هەیە. بەپێچەوانەیشەوە؛ لە چۆنێتی تێگەیشتن لە مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتییدا جیاوازیی لەنێوانییاندا هەیە. هەندێکیان وەک "ڕێککەوتنێکی یاسـایی" (کەناڵ8) یان "گرێبەسـتێکی ئەخلاقی" (964) پێناسـەی دەکەن و بەشێکی دیکەشیان وەک "هەستی بەرپرسیارێتی" (ڕووداو) و "کۆمەڵێک ڕێنمایی" (سبەی و کوردستان24) لێی تێدەگەن. خاڵی بەهێزی ماڵپەڕە کوردییەکان لەوەدا دەردەکەوێت، کە گرنگیی بە پاراسـتنی زانیاریی بەکارهێنەران و بەدەسـتهێنانی متمانەیان دەدەن. بەپێچەوانەیشـەوە؛ خاڵی لاوازی بەرتوێژان لەوەدایە، کە هەندێک لە وەڵامەکانیان ڕوون نین و بەتەواوەتیی پێناسـەی چەمکی سیاسـەتی تایبەتمەندێتیی ناکەن کە چی دەگرێتەوە و چی ناگرێتەوە. هەڵبەت جیاوازیی بۆچوونی بەرتوێژان؛ بۆ جیاوازیی تێگەیشـــتنیان لە چەمکەکە و تـازەیی دەرکەوتن و بەکـارهێنـانی لە مـاڵپەڕە کوردییەکـانـدا دەگەڕێتەوە. بەپێچەوانەی ئەو ماڵپەڕانەوە؛ هەریەک لە کوردســـاتنیوز و پەیام؛ خاوەنی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی نین و تێگەیشـــتنیان بۆ مەرج و ڕێنماییەکانی لەوەدا چڕکراوەتەوە کە جۆرێکە لە "ئیتیک و متمانە" و "شـــەفافییەت" لە نێوان بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەرانی مـاڵپەڕەکـانیـانـدا. هەربۆیە زۆرجـار جێبەجێکردنی ناوەڕۆکەکەی بە گرنگتر دەزانن لەوەی تەنها بینووســـن و لە مـاڵپەڕەکانیـاندا نمایشیبکەن.

خشتەی ژمارە (٤) ئایا تێگەیشتنی ئێوە بۆ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی چییە و چۆن پێناسەی دەکەن؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	"تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەرە و نابێ دەستی کەسیی پێبگات. ئێمە وەک ڕێککەوتن و گرێبەستێکی یاسایی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین."
سبەی	"کۆمەڵێک ڕێنمایی و بەرچاوڕوونییە کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕی سبەی-یەوە هەیە کە مەبەستیانە ئاگاداریان بکەین."
ڕووداو	"تەنها هەستی بەرپرسیارێتیی دەزگەیەکی ڕۆژنامەنووسییە بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی سەردانی ماڵپەڕی ڕووداو دەکەن، ئێمە وا پێناسەی دەکەین: یەکەم؛ بەشێکە لە ئیتیک، دووەم؛ گرێبەستی کۆمەڵایەتییە."
کوردستان24	"مەبەستمانە ئەو کەسانەی سەردانی ماڵپەڕی کوردستان24 دەکەن زانیارییان هەبێ لەسەر ماڵپەڕەکە و بزانن کە ئێمە زانیارییەکانیان دەپارێزین. ئێمە وا لێی تێدەگەین؛ ڕێنماییە بۆ بەکارهێنەران نەک گرێبەست و ئیتیک."
964	"پێناسەی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لای ئێمە بەڵێنێکە کە بەخۆێنەری دەدەین کە سەردانی ماڵپەڕەکە بکات زانیارییەکانی پارێزراوە، وەک گرێبەستێکی ئەخلاقی."
کوردستانیوز	"سیاسەتی تایبەتمەندێتیی؛ ئیتیک و متمانەیە لە نێوان خوێنەر و سەردانیکەری ماڵپەڕ و دەزگەی کوردسات، چونکە گرنگی لەوەدا نییە تەنها بینووسین. ئەوە گرنگە تاچەند ڕاستگۆییت و وەکخۆی جێبەجێی دەکەیت."
پەیام	"ئێمە تەنها وەک بوونی شەفافیەت لێی تێدەگەین. وەکئەوەی بڵێن؛ ئێمە ماڵپەڕێکین و هەر کەسێک سەردانمان بکات، بەمشێوازە مامەڵەی لەگەڵ دەکەین."

3.2.2: ماڵپەڕە کوردییەکان و نەبوونی تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ چەمکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

لە خشتەی (ژمارە٥)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لە بارەی نەبوونی چەمکێکی یەکگرتوو بۆ ناساندنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی خراوەتەوڕوو. خاڵی هاوبەشیی نێوانیان ئەوەیە، کە جیاوازیی خستنەڕووی چەمکەکان؛ بۆ نەبوونی ڕێکخستنێکی یەکگرتوو یان وەرگێڕانێکی ستاندارد بۆ چەمکی وەرگیراوی privacy policy لە زمانی کوردییدا دەگەڕێتەوە. هەر ماڵپەڕێک بەپێی تێگەیشتنی خۆی؛ چەمکەکەی پەرچەکردووە و ناونیشانێکی بۆ داتاشیوە. لەگەڵئەوەشدا زۆرینەیان پێیانوایە ئەو چەمکە ئینگلیزییە، بە واتای "پاراستنی نهێنیی" دێت نەک "سیاسەتی

تـایبەتمەنـدێتیی" کە بووەتە گۆڕاوی ســـەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، چونکە مەرجنییە هەموو تایبەتمەندێتییەک نهێنیی بێت. لەو نێوەندەشـــدا؛ جیاوازیی لە بۆچوونەکانی بەرتوێژاندا هەیە، چونکە دووانیان ئاماژەیان بەوەدا، کە چەمکەکانیان وەکخۆی وەرگرتووە و بە "ســـیاســـەتی پاراستنی نهێنییەکان" پەرچڤەیان کردووە. لە کاتێکدا دووانی تریان باسیان لەوە کرد، کە بەهۆی نەبوونی چەمکێکی ســـتاندارد یەکگرتووەوە، ناچاربوون بە تێگەیشـــتنی خۆیان ناوێک بۆ خستنەڕووی مەرجەکان دابڕێژن، بەڵام یەکێکیان ئاماژەی بەوە دا، کە دانانی ئەو ناوە پەیوەندیی بە سیاسەتی کەناڵەکەیانەوە هەیە.

خاڵی هاوبەشـیی نێوان هەردوو ماڵپەڕی کوردسـاتنیوز و پەیام؛ لە بارەی نەبوونی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی لەوەدا چڕبووەتەوە، کە هەردووکیان کۆکن لەســـەر ئەوەی کەمتەرخەمبوون لە داڕشـتنی ڕێنمایی و مەرجەکانی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکانیاندا، بەڵام ناشـیشـارنەوە نزمیی ئاسـتی هۆشـیاریی بەکارهێنەران لەبارەی پاراسـتنی مافی تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانیان، ڕێگربووە لەوەی ئەوانیش بە وردیی و بەشـــێوەیەکی ڕێکخراو بیر لە تێگەیشـــتن و ناونان و گرنگییەکەی بکەنەوە. هاوکات بەڵێنی ئەوەشـــیاندا، کە لە داهاتوودا کار لەســـەر ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکانیان بکەن و خۆیان و بەکارهێنەرانیشـــیان هۆشـــیارتر بکەنەوە. کەواتە خاڵی بەهێز ئەوەیە ماڵپەڕە کوردییەکان هەوڵیانداوە چەمکێکی گونجاو بۆ مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی بدۆزنەوە، کە لەگەڵ تێگەیشتنی خۆیاندا بگونجێت.

بەپێچەوانەوە؛ خـاڵی لاوازیـان یەکلانەبوونەوەیە لەســـەر چەمکێکی یەکگرتوو، کە دەربڕی ناوەڕۆکی مەرج و ڕێنماییەکانی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی بێت و بشـبێتە هۆکارێک بۆ ڕوون و ڕەوان تێگەیشـــتنی بەکـارهێنەران، چونکە نـاڕوونیی زمـانی دەربڕین زۆرجـار دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوەی بەکـارهێنەر و کەمبوونەوەی ئـاســـتی متمـانە و بەرزبوونەوەی گومـان و نیگەرانیی.

خشتەی ژمارە (٥) بۆچی هەر ماڵپەڕێکی کوردیی ناوێکی جیاوازی بۆ سیاسەتی تایبەتمەندێتیی داناوە؛ لە کاتێکدا لە چەمکی ئینگلیزیی (privacy policy) وەرگیراوە؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	"ئێمە وەکخۆی دامانڕشتۆتەوە؛ پێمانوایە کە privacy policy مانای "سیاسەتی پاراستنی نهێنییەکان" دەبەخشێت: privacy واتە نهێنیی و Policy واتە سیاسەت."
سبەی	"ئەم چەمکە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا دا سەریهەڵداوە و هیچ ئەکادیمییایەکی کوردیی نییە ئەم چەمکەی وەرگێڕابێت. بۆیە ئێمەش لە ژێر ناونیشانی "سیاسەتی پاراستنی نهێنیی"دا خستوومانەتەڕوو."
ڕووداو	"لە کوردستاندا دەزگەیەک نییە وەرگێران بۆ ئەم چەمکانە بکات؛ لە تەواوی دونیادا ئەم کارانە حکومەت ڕێکیدەخات. حکومەت کە نەیکرد؛ ئەو کاتە هەر دەزگەیەکی میدیایی بە تێگەیشتنی خۆی دایدەڕێژێتەوە. بۆیە ئێمەش وەک ماڵپەڕی ڕووداو چەمکەکەمان دارشتووە و نووسیوومانە "نهێنییپاریزی"."
کوردستان24	"دارشتنی مەرجەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە. مەرجەکانی کوردستان24 لەژێر ناونیشانی "سیستەمی پاراستنی نهێنییەکان"دایە و پەیوەندیی هەیە بە سیاسەتی کەناڵەکەوە."
964	"ئێمە بەتێگەیشتنی خۆمان، لەژێر ناونیشانی "سیاسەتی پاراستنی نهێنیی"دا؛ خستوومانەتەڕوو، چونکە privacy مانای پاراستنی نهێنیی دەدات."
کوردساتنیوز	"کۆمەڵگەی کوردی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی گرنگی تایبەتمەندێتیی خۆی بزانێت. ... یەکێک لەکەموکوڕییەکانمان؛ نەبوونی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتییە بۆ بەکارهێەرانی ماڵپەڕەکەمان. پشت بەخوا ئیشی لەسەر دەکەین."
پەیام	ئێمە وا بیرمان کردۆتەوە مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی زۆر گرنگ نەبن یان بڵێین: خوێنەری ماڵپەڕی پەیام؛ زۆر پێویستی بەم بابەتە نەبووبێت. بەشێکی تر کەمتەرخەمییە؛ بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین کاری لەسەر بکەین، چونکە ڕاستە کەمتەرخەمییەکی زەقە."

3.2.3: ماڵپەڕە کوردییەکان و دارشتنی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

لە خشتەی (ژمارە٦)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لە بارەی سەرچاوەی دارشتنی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی خراوەتەوڕوو. خاڵی هاوبەشیی نێوانیان ئەوەیە، کە سوودیان لە سەرچاوەی دەرەکیی و یاسا نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە و هەموویان ئەوە پشتڕاستدەکەنەوە، کە بەجۆرێک مەرج و ڕێنماییەکانیان دارشتووەتەوە کە لەدواجاردا لەگەڵ دابونەریت و کولتووری کوردییدا بگونجێن. جیاوازیی نێوانییشیان لەوەدا چڕ دەبێتەوە

هەندێکیان پشتیان بە سەرچاوەی نێوخۆیی و یاسای ناوچەیی بەستووە. هەندێکی دیکەشیان؛ جیاوازیی تایبەتمەندێتیی بەکارهێنەران لە ناوچە جیاوازەکاندا لەبەرچاودەگرن، چونکە لە سەرانسەری جیهاندا سەردانیکەر و بەکارهێنەرانیان هەیە. هەروەک خاڵی بەهێزی بەرتوێژان لەوەدایە، کە هەوڵدەدەن سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکانیان لەنێوان ڕەچاوکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان و ڕێزگرتن لە کولتوور و یاسا نێوخۆییەکان هاوسەنگ بێت. ئەوەیش دەتوانێت یارمەتی بەکارهێنەران بدات؛ لەوەی هەست بە پارێزراویی زانیارییەکانیان بکەن و لەگەڵ دابونەریت و بەها کولتووریی و کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەیاندا گونجاوە. بەپێچەوانەوە؛ لەو خاڵەدا لاوازن، کە تێگەیشتنی تەواویان نییە لەوەی بە چ شێوازێک ستانداردە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ یاسا و کولتووری ناوخۆییدا یەکدەخەن. بۆنموونە؛ هیچ بەرتوێژێک ڕوونکردنەوەی نەداوە لەسەر ئەوەی چ جۆرە گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەیاندا کراوە، تاوەکو لەگەڵ دابونەریت و کولتووری کوردییدا بگونجێت.

خشتەی ژمارە (٦) ئایا مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە کوردییەکان؛ لە سەرچاوەی دەرەکییەوە وەرگیراون یاخود لەناوخۆدا گەڵاڵەکراون؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	"ئێمە مەرجەکانمان لە دەرەوە وەرنەگرتووە، بەڵام پێش ئێمە نموونە هەیە وەک وێبسایتە گەورەکان کە خاڵی هاوبەش هەیە لە نێوانماندا بیرۆکەمان لێ وەرگرتوون، بەڵام بۆ دواجار هاتووین یاسای ناوچەکەی خۆمان لەبەرچاو گرتووە و دامانڕشتۆتەوە. شتێکمان نەهێناوە؛ وەکخۆی کۆپی پەیستی بکەین."
سبەی	"ئەتوانم بڵێم؛ دوولایەنەیە. مەرجەکان خۆمان دامانڕشتووە، بەڵام سوودمان لە سەرچاوە نێودەوڵەتیی و دەرەکییەکان وەرگرتووە وەک ڕێکارەکان. ئێمە ڕەچاوی هەندێ تایبەتمەندێتیی گشتیی و جیهانییمان کردووە. لەگەڵئەوەشدا تایبەتمەندێتیی وەرگرەکانمان لە ناوخۆدا لەبەرچاو گرتووە."
ڕووداو	"مەرجەکانمان تێکەڵەیەکین لەو بەینەدا. ئێمە لە کوردستاندایین، بەڵام ڕوومالمان جیهانییە. سەردانیکەرانمان تەنها لە کوردستاندا نییە، مانگانە پێنج سەد هەزار (user) سەردانیکەرمان هەیە لە ئەوروپا و ئەمریکا و ئەسکەندەنافیا. بۆیە ئێمە تەنها بیرمان لە تایبەتمەندێتیی ناوخۆی نەکردۆتەوە سوودمان لە سەرچاوە دەرەکییەکان وەرگرتووە."
کوردستان24	"ئێمە لە داڕشتنی مەرجەکاندا ڕەچاوی هەر چوار پارچەی کوردستانمان کردووە. سوودیشمان لە یاسا نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە، بەڵام دواجار

	بەشـێوازێک دامانڕشـتووە لەگەڵ کولتوور و داب و نەریتی ناوچەکانی خۆمان بگونجێن."
964	"ئێمە بۆ نووسـینی مەرجەکانی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی، سـوودمان لەهەموو سـەرچاوە نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە، بەڵام لە کۆتاییدا هـاتووین خۆمـان دامانڕشـتۆتەوە؛ بە شـێوازێک بگونجێ لەگەڵ هەلومەرجی ناوچەکەی خۆمان و یاساکانی کوردستان و عێراقدا."

3.2.4: ماڵپەڕە کوردییەکان و گرنگیی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

لە خشتەی (ژمارە٧)دا ؛ بۆچوونی بەرتوێژان لە بارەی گرنگیی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسـەتی تایبەتمەندێتیی خراوەتەوەڕوو. خاڵی هاوبەشـیی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، هەموویان بە گرنگی دەزانن و وایدەبینن پێویسـتە هەموو ماڵپەڕێک ڕەچاوی ناوەڕۆکی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی بکات، چونکە نەبوون یاخود پێشـێلکردنی لەلایەن هەندێک ماڵپەڕەوە، بۆ نەبوونی هۆشـیاریی و تێنەگەیشـتن لە گرنگییەکەی دەگەڕێننەوە، بەتایبەت هەندێک ماڵپەڕی دیاریکراو ئـامـانجی تـایبەتیـان لە دەسـتوەردانە نێو مـافی تـایبەتمەنـدێتیی زانیـارییە کەسـییەکـانی بەکـارهێنەرانیـانـدا هەیە. بەپێچەوانەوە؛ بەرتوێژان لەو خـاڵەدا جیـاوازن، کە پێیـانوایە: کەس سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی ناخوێنێتەوە؛ بۆیە بە گرنگیی نازانن بینووسـن و لە ماڵپەڕەکەیاندا دایبنێن، چونکە هۆشیاریی بەکارهێنەرانیش لە ئاستێکی نزمدایە. ئەوە جگەلەوەی هەندێک ماڵپەڕ تەنیا بۆ مەبەستی سیاسیی دامەزراون و پاراستنی زانیاریی بەکارهێنەرانیان بەلاوە گرنگ نییە. لەگەڵئەوەیشدا؛ خاڵی بەهێزی بەرتوێژان لەوەدایە، ئاشنا و ئاگاداری گرنگیی پاراستنی زانیاریی بەکارهێنەرانن و لای خۆیانەوە هەوڵدەدەن مەرج و ڕێنماییەکانی سـیاسـەتی تایبەتمەندێتیی لە ماڵپەڕەکانیاندا جێبەجێبکەن. بەپێچەوانەوە؛ لەو خاڵەدا لاوازن، کە ڕەچاونەکردنی سـیاسـەتی تـایبەتمەندێتیی لەلایەن بەشـێکی زۆر لە مـاڵپەڕەکـان ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە بەکارهێنەران زانیارییەکانیان لەدەستبدەن و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ متمانەیان بە ماڵپەڕە کوردییەکان لاوازبێت.

خشتەی ژمارە (٧) ئەگەر مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی گرنگن؛ بۆچی هەندێک ماڵپەڕی کوردیی ڕەچاوی ناکەن؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	"ئەوەی من لێی تێگەیشتبێتم و کەسانێکی وەک منیش کە دیقلۆپەرن و ئەم ئیشە دەکەن؛ زۆربەیان لێیان بپرسە بۆچی ئەم مەرجانەتان نییە لە ماڵپەڕەکەتاندا، دەڵێن: خۆ کەس نایخوێنێتەوە. لە کاتێکدا هیچیان گوێ بەوە نادەن ئەگەر تەنانەت یەک کەسیش لە بەکارهێنەران هەبێ بیخوێنێتەوە، پێویستە هەبێت."
سبەی	"بابەتەکە دوو لایەنەیە؛ پەیوەندیی بە هۆشیارییی بەکارهێنەرانەوە هەیە. ئەم هۆشیارییە لای وەرگر لە ئاستێکی زۆر نزمدایە. تەنانەت ماڵپەڕەکانیش بۆ خۆیان زۆربەیان درکی پێناکەن و لەم بابەتەدا ئەسڵەن تێناگەن و نایزانن شتێک هەیە؛ ناوی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتییە."
ڕووداو	"پێموایە زۆربەی میدیا دیجیتاڵییەکان هۆشیارییان نییە و لێی تێناگەن ئەم مەرجانە گرنگییان چییە یاخود نازانن بەکارهێنەران درک بە تایبەتمەندێتیی خۆیان ناکەن کە چییە و چی لەدەستدەدەن کاتێ سەردانی ماڵپەڕێک دەکەن."
کوردستان24	"ئێمە وەک کوردستان24 زۆر بە گرنگی دەزانین بوونی مەرجەکان لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا. داوکارین و بە پێوسیتی دەزانین هەموو ماڵپەڕێک هەیبێت."
964	"عەقڵیان پێنەشکاوە یاخود ئاگایان لەم وردەکارییە نییە. کۆمەڵێک ماڵپەڕ جیهەتێک ڕایسپاردوون دایمەزرێنن بۆ کارێکی تایبەتی، بۆیە ئیشی ئەمانە تەنها ئەوەیە یان ستایشی لایەنێک بکات یاخود پەلاماری لایەنێک بدات. بۆیە ئەمجۆرە ماڵپەڕانە ئەم مەرج و شتانەی بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو بە عەکسەوە ئەو پێوسیتی بەوە نییە هیچ بپارێزێت، بۆیە ئێمە وەک پابەندبوونێکی ئەخلاقی گرنگە بەلامانەوە."

3.2.5: ماڵپەڕە کوردییەکان و ئاستی خوێندنەوەی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

لە خشتەی (ژمارە٨)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لە بارەی ئاستی خوێندنەوەی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە کوردییەکان خراوەتەوڕوو. هاوبەشیی نێوانیان لەو خاڵەدا چڕبووەتەوە، کە هاوڕان لەسەر ئەوەی ڕێژەی سەردانیکەرانی بەشی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکانیان زۆر لاواز و کەمە، ئەوەیش لە ڕێگەی ڕێکارە تەکنیکییەکانی وەک شیکردنەوەی دەق (analytics text)ەوە دەتوانن بزانن ئاماری سەردانیکەرانیان چەندە. بەپێچەوانەوە؛ لەو

خاڵەدا جیاوازن، کە زیاتر کەسانی تایبەتی وەک ڕۆژنامەوانان و توێژەران سەردانی ئەو بەشە دەکەن. لەگەڵئەوەیشدا؛ خاڵی بەهێزی بەرتوێژان لەوەدایە کە سیستەمی تەکنیکیی ماڵپەڕەکان ڕێکاریی پێویستیان بۆ زانینی ژمارەی سەردانکەرانی بەشی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی هەیە، بەڵام خاڵی لاواز لێرەدا کەمیی ژمارەی سەردانیکەرانی ئەو بەشەیە. ئەوەیش دەیسەلمێنێت بەکارهێنەران بە گرنگییەوە سەیری ناکەن و هۆشیارییان لەبارەیەوە زۆر لاوازە.

خشتەی ژمارە (٨) ئایا چۆن و بە چ شێوەیەک دەزانن؛ بەکارهێنەران مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکان دەخوێننەوە؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەنان8	"ئێمە شێتێکمان هەیە پێیدەوترێت "analytics text"؛ واتە کاتێک هەواڵێک بڵاودەکەینەوە دەزانین چەند کەس سەردانی ئەم هەواڵەی کردووە. بۆیە دەتوانم پێتبڵێم: سەردانیکەر بۆ بەشی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەمان زۆر کەمە، چونکە بەکارهێنەری ئێمە حەز بە خوێندنەوە ناکات."
سبەی	"ئێمە لە بەشی کۆکردنەوەی زانیاریی و داتا ئەم بەشەمان داناوە. ئامانجیشمان ئەوەیە بزانین کە چەند کەس سەردانی ئەم بەشە دەکەن. سەردانیکەرانی بەشی سیاسەتی پاراستنی نهێنیی ماڵپەڕی سبەی لە ئاستێکی زۆر نزم و خراپدایە، بە هۆکاری ئەوەی هۆشیاریی نییە. بەکارهێنەران نازانن کە بە کلیک کردنێک چ زانیارییەک لەدەستدەدەت."
ڕووداو	"بەڵێ دەزانین کێ سەردان دەکات. ئەوە ڕێکارێکی تەکنیکییە و هەموو ماڵپەڕێک هەیەتی. تائێستا داتایەکی دەقیق و ڕاستم لەبەردەستا نییە، تا بزانم و پێتبڵێم، بەڵام دڵنیام سەردانیکەری ئەم بەشە زۆر کەمە."
کوردستان24	"سەردانیکەری بەشەکانی ماڵپەڕی کوردستان24 ڕۆژانە تۆمار دەکرێت؛ چەند کەس سەردانی چ بەشێکی کردووە. خوێنەری بەشی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ڕێژەیەکی زۆر کەمی خەڵک دەیخوێنێتەوە و سەردانی دەکات، ئەویش چینێکی تایبەت، ڕۆژنامەنووس و ئەوانەی باکگراوندێکی مەعریفی باشیان هەیە و هۆشیارن."
964	"ئەتوانم پێتبڵێم زۆر کەم و لاوازە؛ سەردانکردنی بەشی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی-مان. تەنها کەسانی وەک تۆ سەردانی دەکات و دەیخوێنێتەوە، چونکە خەڵک نازانێ چییە."

3.2.6: ماڵپەڕە کوردییەکان و وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەکارهێنەرانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

لە خشتەی (ژمارە[٩])دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لە بارەی ئاستی ڕەزامەندیی بەکارهێنەران لەبارەی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکان خراوەتەوەڕوو. هاوبەشیی نێوانیان لەو خاڵەدا چڕبووەتەوە، کە هاوڕان لەسەر ئەوەی ڕێکارێکی ڕوونیان بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەکارهێنەران پێش بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی ماڵپەڕ نییە. جیاوازییەکانی نێوان ماڵپەڕەکاندا زۆرتر لەوەدا دەردەکەوێت، کە لەلای کەناڵ8 و سبەی؛ بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی ماڵپەڕەکانیان بە واتای ڕازیبوونی بەکارهێنەران دێت و لە ڕووی تەکنیکییەوە ئەوەیان بە سیستەم ڕێکخستووە. ڕووداو؛ جەخت لەوە دەکاتەوە، پێشتر ئەو ڕێکارییەیان گرتووەتەبەر، بەڵام دواتر لایانبردووە و ئێستا پەیڕەوی ناکەن. هاوکات کوردستان24؛ بەڵێنی دا کار لەسەر وەرگرتنی ڕەزامەندیی پێشوەختەی بەکارهێنەران بکەن و ڕێکارێکی ڕوونتری بۆ دابنێن. 964یش دوو بژاردە دەخەنە بەردەست بەکارهێنەران، ئەوانیش ڕازیبوون یاخود ناڕازیبوون بە کووکیزەکان. بەڵام ئەگەر بەکارهێنەرانیان ڕازیبشنەبن، هێشتا ڕێگەیان دەدەن خزمەتگوزارییەکانیان بەکاربهێنن. لەو نێوەندەیشدا؛ خاڵی بەهێزی ماڵپەڕی 964 ئەوەیە، کە بۆ ڕێزگرتن لە هەڵبژاردەی بەکارهێنەران، هەوڵ و هەنگاوی باشی خستووەتەگەڕ. بەپێچەوانەوە؛ خاڵی لاوازی ماڵپەڕەکان خۆی لە نەبوونی ڕێکارییەکی ڕوون و ڕاشکاو بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندیی و مۆڵەت وەرگرتنی بەکارهێنەران و پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکانیان دەبینێتەوە، بەتایبەت ئەو ماڵپەڕانەی بەبێ ویست و ڕەزامەندیی پێشوەختەی بەکارهێنەران، زانیارییە کەسییەکانیان کۆدەکەنەوە.

خشتەی ژمارە (٩) ئایا بەستنەوەی وەرگرتنی ڕەزامەندیی بەکارهێنەر بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی ماڵپەڕەکان؛ ڕێکارێکی یاسایی و ڕوونە یان نا؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	"ئێمە ناتوانین دوو بژاردە دابنێین؛ ئەگەر سەردانیکەر بە مەرجەکان ڕازی نەبێت ئیتر بیکەینە دەرەوە لە ماڵپەڕ. ئەم ڕێکارە نابێت بۆ ئێمە؛ ئەو ماڵپەڕانەی کە زانیاری کۆدەکەنەوە و پێویستییان پێیەتی سیستەمەکەیان والێکردووە، بەڵام ئێمە ئەوەمان نەکردووە، تەنها بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانمان ئاماژەیە بۆ ڕازیبوون بە مەرجەکان."
سبەی	"سەرنجەکە و پرسیارەکەت بەجێیە، بەڵام ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پێویستە خوێنەر و بەکارهێنەر هۆشیاریی هەبێت. پێشئەوەی خزمەتگوزاری

	مـاڵپەڕێک بەکـاربهێنی؛ پێویســـتە مەرج و ڕێنمـاییەکـانی بخوێنیتەوە تـا بزانێ مەرجەکانی چین."
ڕووداو	"ڕەنگە ڕێکارێکی زۆر بێزارکەر بێت؛ کاتێ ســـەردانیکەر ســـەردانی ماڵپەڕێک دەکات، ئێمە ئاگادارییەکی بۆ بنێرین و بڵێین ئەم مەرجانە بخوێنەوە یان قبوڵی بکە. لە ڤێرژنەکەی ســـاڵی 2019ی ڕووداو-دا؛ ئەو ڕێکارییەمان هەبوو، بەڵام دوایی لامان برد تا هەموو جارێک نەیەت."
کوردستان24	"زۆر ڕاســـتە؛ هەموو کەس لەم مەرجە تێناگات کە کلیک کردن لەســـەر هەر خزمەتگوزارییەکی مـاڵپەڕی کوردســـتان24 واتە ڕازیبوون بە مەرجەکـانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی؛ ئەم پرسیارە ڕەخنەیەکی بەجێیە و چاکی دەکەین."
964	"ئێمە دوو ئیختیاری دەدەینێ: پەســـەندکردنی کووکیی (cokies accept) یـان ڕەتکردنەوەی کووکیی (cookies reject). خۆ ئەگەر نـاڕازیش بێت؛ ئێمە هەر خزمەتگوزارییەکانی پێشـــکەش دەکەین. بۆیە ســـەردانیکەر دەتوانێ ڕەزامەند نەبێت بە گرێبەستەکە و ڕازیی نەبێت بەوەی ئێمە زانیارییەکانی لێ کۆبکەینەوە."

3.2.7: ماڵپەڕە کوردییەکان و پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیاریی کۆکراوەی بەکارهێنەران

لە خشـــتەی (ژمارە١٠)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لە بارەی پاراســـتن و نەپاراســـتنی زانیاریی کۆکراوەی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕە کوردییەکان خراوەتەوەڕوو. خاڵی هاوبەشـیی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، کە هاوڕان لەســەر ئەوەی هەموو هەوڵێک بۆ پاراســتنی زانیاریی بەکارهێنەران و ئاشـکرانەکردنی بۆ لایەنی سـێیەم دەدەن. بەپێچەوانەوە؛ لەوەدا جیاوازن کە کەناڵ8 و ڕووداو بەتەنیا زانیاریی ناکەسیی لە ڕێگەی پرۆتۆکۆڵی گووگڵ-ەوە؛ کۆدەکەنەوە. بەڵام ماڵپەڕی سبەی؛ ئەگەری ئەوەی هێشـتووەتەوە کە بەمەبەسـتی چاکسـازییکردن، زانیارییەکان بۆ لایەنی سـێیەم ئاشـکرا بکەن. هەروەها کوردسـتان24 و964 بەتەنیا لە دۆخێکدا زانیارییەکان ئاشـکرادەکەن کە دادگە بە فەرمیی داوایـان لێبکـات. لەلایەکی دیکەوە و لەبـارەی ئەو جۆرە زانیـاریـیـانەی بەکارهێنەران لە ڕێگەی پرۆتۆکۆڵی ســـێرڤەرەکانەوە کۆدەکرێنەوە. کوردســـاتنیوز و پەیام لە دۆخی نەبوونی مەرجەکانی ســیاســەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکانیاندا جەخت لەوەدەکەنەوە کە هیچ جۆرە زانیارییەکی بەکارهێنەران کۆناکەنەوە، جا چ بۆ مەبەســتی بازرگانیی و ڕیکلام بێت، چ بۆ مەبەستی دیکەی وەک گەشـەپێدانی میدیایی و تەکنیکیی ماڵپەڕەکانیان. کەواتە خاڵی بەهێز لێرەدا ئەوەیە بە گشـــتیی ماڵپەڕەکان هەوڵدەدەن تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانی بەکارهێنەران بپارێزن. بەتایبەت ماڵپەڕی ڕووداو ئەوەی خســـتنەڕوو کە "تەنانەت زانیاری نادەن بە دادگاش کاتێ داوایان لێبکات."

خشتەی ژمارە (١٠) ئایا ماڵپەڕە کوردییەکان تا چ ڕادەیەک کار بۆ پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیاریی کۆکراوەی بەکارهێنەران و ئاشکرانەکردنی بۆ لایەنی سێیەم دەکەن؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەنان8	"ئێمە ئەو زانیارییانەی لامانە بەهیچ شێوەیەک زانیاریی کەسیی نین؛ کۆمەڵێک زانیاریی ناکەسییە، بەس بۆئەوەی بزانین چەند سەردانیکەرمان هەیە و چ بابەتێک زۆر خواستی لەسەرە. بۆیە لایەنی سێیەم سوودی لێنابینێت."
سبەی	"هیچ زانیارییەک لای ئێمە ئاشکرا ناکرێت، بەڵام لەمەرجەکاندا خستوومانەتەڕوو ئەکرێ لایەنی سێیەم هاوبەشیی پێبکرێت بۆ چاکسازیی ماڵپەڕەکەمان."
ڕووداو	"ئێمە هیچ زانیارییەکی بەکارهێنەران کۆناکەینەوە؛ تەنها ئەو زانیارییانە نەبێت لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە دێت بۆمان کە خۆی ڕێگەی داوە ببینرێت. زانیاریی ناکەسییە، بەڵام هەستیارە، وەک بەکارهێنەر حەزی بەچییە، چی خوێندۆتەوە، چی نوسیووە، ئێمە دادگا داواشمان لێ بکات ناتوانین بیدەینێ."
کوردستان24	"سنووری پاراستنی؛ تا ئەو ڕادەیەیە کە تەنانەت کارمەند و بەرپرسی بەشیش دەسەڵاتی ئەوەی نییە ئەو زانیارییانە ببینێ، تاوەکو بەڕێوەبەری گشتیی مۆڵەتی پێنەدا، بەڵام داوامان لێبکرێت بۆ دادگا ڕێگریمان نییە."
964	"تەنها ئەگەر دادگا بە شێوازێکی فەرمیی و ئاشکرا داوای بکات؛ تەنها لەم حاڵەتەدا ئێمە زانیاریی دەدەین."
کوردستانیوز	"هیچجۆرە زانیارییەک کۆناکەینەوە و ئیشمان پێی نەبووە، بەڵام هەندێک زانیاریی هەیە وەک شوێنی سەردانیکەر و شوێنپێی گەڕان لە ماڵپەڕەکەدا و ماوەی مانەوە؛ ئەمانە بۆمان دێت لە ڕێگەی گووگڵەوە."
پەیام	"ئێمە تائێستا ئیشمان بە هیچ زانیارییەک نەبووە و هیچ زانیارییەکمان کۆنەکردۆتەوە؛ نە بۆ حاڵەتێکی تایبەت بەخۆمان، نەبۆ بازرگانیی و ڕیکلام."

3.2.8: ماڵپەڕە کوردییەکان و دڵنیایی بەکارهێنەران لە پاراستنی زانیارییەکانیان

لە خشتەی (ژمارە١١)دا بۆچوونی بەرتوێژان لە بارەی ئاستی دڵنیایی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕە کوردییەکان لە پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیاریی کۆکراوەکانیان و ئاشکرانەکردنیان بۆ لایەنی سێیەم خراوەتەوەڕوو. خاڵی هاوبەشیی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە کە دڵنیایی ئەوە دەدەن، کە هەموو هەوڵێک بۆ پاراستنی زانیاریی بەکارهێنەران لە ڕووی ڕێکارە تەکنیکییەکانەوە دەدەن. جیاوازییەکانی نێوانیشیان لەو خاڵەدا چڕدەبێتەوە، کە کەنان8 دڵنیایی دەدات کە ڕێکاریی توند

بۆ پاراستنی زانیاریی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەیان دەگرنەبەر، بەڵام سەبەی و 964 دڵنیایی 100% بۆ پاراستنی زانیارییەکان نادەن. هەروەها ڕووداو؛ دڵنیایی ئەوە دەدات، کە پاراستنی زانیارییەکانی بەکارهێنەران بە بەشێک لە پێوەرەکانی ڕێسا پیشەییەکانی ڕاگەیاندن دەزانن و لە ڕووی ئاکارییەوە پێوەی پابەندەبن. لەگەڵئەوەیشدا؛ کوردستان24 بەتەواوەتیی پێچەوانەی سەبەی و 964 دڵنیایی 100% دەدەنە بەکارهێنەران. خاڵی بەهێزی ماڵپەڕە کوردییەکان لەوەدا دەردەکەوێت، کە بە شێوەیەکی گشتیی گرنگیی بە پاراستنی زانیارییەکانی بەکارهێنەران دەدەن، بەڵام خاڵی لاوازیان لەوەدایە، کە زانیاریی وردیان دەربارەی ڕێکارە تەکنیکییەکان نییە بۆ پاراستنی زانیارییەکان و دڵنیایی 100%ی پاراستنی زانیارییەکان بەکاردەهێنرێن.

خشتەی ژمارە (١١) ئایا لە ڕووی تەکنیکییەوە؛ ماڵپەڕە کوردییەکان چۆن دڵنیایی پاراستنی زانیارییەکان دەدەنە بەکارهێنەرانیان؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	"بەدڵنیاییەوە ئێمە هەموو ڕێکارێک دەگرینەبەر. من ناتوانم پێتبڵێم چ خزمەتگوزارییەک بەکاردەهێنین بۆ پاراستنی زانیارییەکان، بەڵام بەدڵنیاییەوە پێتدەڵێم خۆشمان نایبینین؛ هێندە پارێزراوە."
سبەی	"هەرچەندە هیچ زانیارییەک لە تۆڕی ئینتەرنێتدا گەرەنتی 100٪ نییە پاراستنی، بەڵام سەربارەی ئەوەش ئێمە ئەوپەڕی هەوڵدەدەین کە زانیاریی و داتاکان بپارێزین."
ڕووداو	"بەڵێ بێگومان، چونکە پاراستنی زانیارییەکان ئیتیک-ە؛ ئێمە تەڵە نانێینەوە. ئێمە تەنها ماڵپەڕێکی خزمەتگوزاریی هەواڵیی-ن."
کوردستان24	"بەڵێ، بەشێکی تەکنیکیی زۆر پێداگری دەکەن لەسەر پاراستنی داتای بەکارهێنەران، بۆیە 100٪ دڵنیایی دەدەینە سەردانیکەرانمان."
964	"ئێمە مانگی جارێک هەموو سیستەم و پڕۆگرامەکان ئەپدەیت دەکەین، بەڵام ئێمە دڵنیایی ڕەها نادەین کە 100٪ پارێزراوە، وەک هەموو دونیا وەک حکومەتی ئەمریکا، وەک CIA. ئێمە ڕاستگۆیانە دەیڵێین."

3.2.9: ماڵپەڕە کوردییەکان و دڵنیایی لە نوێکردنەوەی سیستەمی پاراستنی زانیارییەکانیان

لە خشتەی (ژمارە١٢)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی چۆنێتی دڵنیابوونەوەی ماڵپەڕە کوردییەکان لە نوێکردنەوە (update)ی بەردەوامی سیستەمی پاراستنی زانیارییەکانی بەکارهێنەران خراوەتەوەڕوو. خاڵی هاوبەشیی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، کە دڵنیایی دەدەن لەوەی بەردەوام ئاگاداری پێشکەوتنەکانن و سیستەمی پاراستنی زانیارییەکانیان ئەپدەیت دەکەنەوە. جیاوازیی نێوانیشیان لەوەدا دەردەکەوێت کە کەناڵ8 لە ماڵپەڕەکەیاندا هەموو ساڵێک کار بە وەشانێکی نوێ دەکەن، بەڵام سبەی پەیوەندیی لەگەڵ کۆمپانیا هاوبەشەکانیان هەیە، بۆ نوێکردنەوەی سیستەمەکانیان. هەروەک ڕووداو خۆگونجاندنی ماڵپەڕەکەیان لەگەڵ پێشکەوتنە خێراکانی تەکنۆلۆژیا؛ بە ئاڵنگارییەکی گەورە ناوزەد دەکەن. هاوکات کوردستان24 جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەستەیەکی شارەزایان هەیە، بەردەوام چاودێریی گۆڕانکارییەکان دەکەن. 964یش دووپاتیدەکاتەوە کە بۆ یارمەتیدانیان لە بواری تەکنیکییدا پشت بە کەسانی شارەزا دەبەستن. خاڵی بەهێزی ماڵپەڕەکان لەوەدایە، کە بە شێوەیەکی گشتیی و بە بەردەوامیی هەوڵی نوێکردنەوەی سیستەمی پاراستنی زانیارییەکانیان دەدەن. خاڵی لاوازیشیان لەوەدا دەردەکەوێت وردەکاریی کەم دەربارەی چۆنێتی نوێکردنەوەی سیستەمەکان و کاریگەرییان دەزانن.

خشتەی ژمارە (١٢) ئایا ماڵپەڕە کوردییەکان چۆن دڵنیایی دەدەن کە سیستەمی پاراستنی زانیارییەکانیان بەردەوام نوێدەکرێتەوە؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	"بەڵێ بەدڵنیاییەوە؛ ئێمە بە بەردەوامیی لەگەڵ پێشکەوتنەکان دەڕۆین و ئاگاداری گۆڕانکارییەکانین. لە 2024/1/18دا یەکەم ڤێرژنی وێبسایتەکەمان خستە ئیش، ئەمساڵ 2025/1/18 دووەم ڤێرژنی وێبسایتەکەمان خستۆتە بەردەست."
سبەی	" بەدڵنیاییەوە ئاگاداری پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانین. ئێمە هاوبەشەکانمان لە کۆمپانیاکان کە خزمەتگوزاریی پێشکەشی ماڵپەڕی سبەی دەکەن؛ بەردەوام لەگەڵیان پەیوەندیمان هەیە و تازەترین ڤێرژن پراکتیزە دەکەین و ئەپدەیتی دەکەینەوە."
ڕووداو	"ئەوە یەکێکە لەهەرە چاڵنجە گەورەکان بۆمان، بەڵێ بەردەوام خۆمان لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا دا دەگونجێنین."
کوردستان24	"بەڵێ بەخۆشحاڵییەوە ستافێکی تەکنیکی چالاکمان هەیە؛ ئاگاداری هەموو گۆڕانکارییەکانن و لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا دەڕۆن."
964	"بە بەردەوامیی ئێمە ئاگاداری نوێکاریی و پێشکەوتنەکانین. کەسانێکی هاوڕێ و شارەزای ڕۆژنامەنووسم لە لایەنی تەکنیکی یارمەتیم دەدەن بێبەرامبەر."

3.2.10: ماڵپەڕە کوردییەکان و دڵنیایی گرتنەبەری ڕێکاریی پەرچدانەوەی هێرشە دەرەکییەکان

لە خشـــتەی (ژمارە١٣)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی گرتنەبەری ڕێکاریی بۆ پەرچدانەوەی هێرشـــە دەرەکییەکان بۆ ســـەر تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانی بەکارهێنەران خراوەتەڕوو. خاڵی هاوبەشـــیی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، کە ڕێکاریی تایبەتیان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشـــە ســـایبەرییەکان و پاراســـتنی زانیاریی بەکارهێنەران هەیە. جیاوازییەکانی نێوانیان لەوەدا دەردەکەوێـــت، کە کەناڵ8 پشـــتی بە ســـیستەمی فایەروۆڵ و ڕێکاریی پاراســـتنی بەهێز و کوردستان24یش پشتی بە سیستەمی VPN و کۆمەڵێک ڕێکاریی تر بەستووە. هەرچی ڕووداو و 964یشـە؛ بەردەوام ڕووبەڕووی هێرشـی سـایبەریی دەبنەوە. بەپێچەوانەیشـەوە؛ هەریەک لە ماڵپەڕەکانی کوردساتنیوز و پەیام؛ وێڕای نەبوونی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی، بۆ ڕێگرییکردن لە ناوزڕاندن و دەستدرێژیی بۆ سەر مافی تایبەتمەندێتیی ژیانی تایبەتیی بەکارهێنەرانیان، چەندین ڕێکارییان گرتووەتەبەر، لەوانە: لابردنی بەشـــی کۆمێنت یان ســـڕینەوەی ئەو کۆمێنت و پۆستانەی، کە بوونەتە هۆکاری پێشێلکردنی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکانی بەکارهێنەران. خاڵی بەهێز لێرەدا ئەوەیە هەموو ماڵپەڕەکان ئامادەکارییان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشـــە ســـایبەرییەکان کردووە و دڵنیایی لە بەئاگابوونیان دەدەن، بەڵام خاڵی لاوازیان لەوەدایە، کە زانیاریی وردیان دەربارەی ڕێکارەکان نییە، کە بۆ پاراستنی ماڵپەڕەکان بەکاردەهێنرێن.

خشتەی ژمارە (١٣) ئایا چ ڕێکارییەک بۆ پەرچدانەوەی هێرشە دەرەکییەکان بۆ سەر تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانی بەکارهێنەران گیراوەتەبەر؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	"سـیسـتەمەکەمان پشـتیبەسـتووە فایەرویڵ و ڕێکاری پاراسـتنی بەهێز؛ بۆ بەرپەچدانەوەی هێرشی دەرەکی بۆ سەر وێبسایتەکە و داتاکانی."
سبەی	" تا ئاستێکی زۆر بەرز ئێمە ئەو ڕێکارانەمان گرتۆتەبەر کە بەرەنگاری هێرشە ئەلکترۆنیی و سایبەرەکان بداتەوە."
ڕووداو	"بە تەئکید ئێمە ڕێکاریی خۆمان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هێرشـــانە؛ مەرجنییە هێرشـــەکان بۆ ســـەر داتای بەکارهێنەر بێت، بەڵام ماڵپەڕی ڕووداو بەردەوام هێرشی لەسەرە، چونکە لە ناوچەیەکی زۆر گرژ و پڕ ململانێداین."
کوردستان24	" ئێمە پشتمان بە سیستەمی VPN بەستووە. کۆمەڵێک ڕێکار و سایتی تر هەیە پشـتی پێدەبەسـتین بۆ پاراسـتنی ماڵپەڕەکە و داتاکانی، بەڵام ناتوانم ئاماژەی پێبدەم کە چین، چونکە ڕێگەم پێنەدراوە. ئێمە ڕۆژانە ئەم هێرشـــانە دەکرێتە

	ســـــەرمان بە بەردەوامی، تەنانەت هەندێجار ناچاربووین بۆ چەند کاتژمێرێک ماڵپەڕەکە دابخەین."
964	"ئێمە زۆر کێشەی هێرشی دەرەکییمان هەیە؛ بۆ سەر سێرڤەری ماڵپەڕەکەمان تەنانەت هەفتەی لایەنیکەم جارێک هێرشمان دەکرێتە سەر، ئێمە ڕێکاریی خۆمان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشـــــە ســـــایبەرەکان، بەڵام ناتوانم پێتبڵێم چی ڕێکارێک بەکاردێنین بۆ بەرەنگاربوونەوەیان."
کوردستانیوز	"ڕێگە نادەین هیچ بەرنامەیەک هەبێ؛ هۆکاربێت بۆ تەشـــــهیر و ناوزڕاندن. بێلایەنانە کاردەکەین و ڕاستگۆین لە خستنەڕووی هەواڵەکان؛ متمانەی بینەر و خوێنەرمان بەلاوە گرنگە و کۆمێنتیشمان لابردووە لە ماڵپەڕ."
پەیام	"ئێمە سیاسەتی ئیشکردنمان وایە کار لەسەر وروژاندن ناکەین؛ کارێک ناکەین خەڵک هاندەین بۆ قســـــەکردن. ســـــەرەڕای ئەوەش ئێمە ڕۆژانە کار لەســـــەر Blockکردن، سڕینەوە، شاردنەوەی کۆمێنت دەکەین؛ گەر لە سنوور لایدا. ئەو ئیشـە بەتایبەتی خۆم دەیکەم، چونکە من سـەرنووسـەرم و یەکێک لە ئیشـەکانم ڕۆژانە خوێندنەوە و چاودێریی کۆمێنتەکانە، تا بزانین کاردانەوە چییە بۆ هەواڵەکە. هیچکاتێک ئێمە ناهێڵین کەســـێک بچێتە ناو تایبەتمەندێتیی کەســـێکی تردەوە. زۆرجار ناچاربووم پۆستەکەش بسڕمەوە کە زانیوومانە بە سڕینەوەی کۆمێنت و شـــــاردنەوەی کۆمێنت ڕەنگە کۆنترۆڵ نەکرێت، چونکە نەماندەتوانی ڕێ لە قســـەکردنی ئەو هەموو کەســـە بگرین. چەندین نموونەی وامان هەیە کە پۆستمان سڕیوەتەوە، ئێمە بە کرداریی ڕەچاوی مەرجەکانمان کردووە کە مافی بەکارهێنەرانە، تەنها ئاماژەمان پێنەداوەو لە کەمتەرخەمییمانە مەرجەکانمان نەنووسیووە."

3.2.11: ماڵپەڕە کوردییەکان و ئاستی ڕەچاوکردنی ڕوونیی لە زانیارییەکانی بەکارهێنەراندا

لە خشـتەی (ژمارە١٤)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی ئاسـتی ڕەچاوکردنی ڕوونیی (شـفافية) مـاڵپەڕە کوردییەکان لە کۆکردنەوە ، پـاراســـــتن و بەکارهێنـانی زانیـاریـیەکـانی بەکـارهێنەران خراوەتەوەڕوو. خاڵی هاوبەشـیی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، کە هەوڵیانداوە لە کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاریی بەکارهێنەران ڕوون و ڕاشـکاو بن. خاڵی جیاوازییان لەوەدایە، کە کەناڵ8 دڵنیایی دەدات کە 99% پابەندن بە مەرجەکانیانەوە؛ وەکئەوەی خراوەتەڕوو. هەروەها ڕووداو وەک بەڵگەیەک بۆ ڕوونیی، مەرجەکانیان بە زمانێکی ڕوون و ســادە نووســیووە. هاوکات 964 داوا لە بەکارهێنەران دەکات، کە مەرجەکانیان بخوێننەوە و خۆیان بڕیاربدەن ڕوونن یان نا.

هەڵبەتە خاڵی بەهێزی ماڵپەڕە کوردییەکان لەوەدایە، کە هەوڵدەدەن مەرجەکانیان بۆ بەکارهێنەران ڕوون و ئاشکرابن، بەڵام لەو خاڵەدا لاوازن، کە هەندێکیان بۆچوونی گوماناوییان هەیە و دڵنیایی تەواوەتیی نادەنە بەکارهێنەران و خۆیان لە بەرپرسیارێتیی دەدەزنەوە.

خشتەی ژمارە (١٤) ئایا ماڵپەڕە کوردییەکان تا چ ئاستێک ڕەچاوی ڕوونیی لە کۆکردنەوە و پاراستن و بەکارهێنانی زانیارییەکانی بەکارهێنەران کردووە؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەنان8	"بەدڵنیاییەوە؛ دڵنیایی دەدەینە بەکارهێنەران 99%ی ئەوەی لەمەرجەکانماندا خستوومانەتەڕوو پابەندین پێوەی."
سبەی	"لە خستنەڕووی مەرجەکانی پاراستنی نهێنی ماڵپەڕی سبەی، هیچ وشەیەک دوو مانا نابەخشێ و هیچ مەبەستێکی تر لە پشتییەوە نییە؛ وەکخۆی جێبەجێ دەکرێت."
ڕووداو	"بە زمانێکی زۆر ڕوون و سادە نووسراوە. ئەو مەرجانەی ئێمە داماننناوە؛ لق و پۆپی زۆر نییە، واتە ئاڵۆز نییە؛ تا تێگەیشتنی لەسەر بەکارهێنەران ئاسان نەبێت بۆ خوێندەوە، درێژدادڕیی تێدا نییە، بە شەفافیش نوسیوومانە چی زانیارییەک کۆدەکەینەوە، بۆچی بەکاریدەهێنین یا چۆن سوودی لێ وەردەگرین."
کوردستان24	"ئێمە مەرجەکانمان داڕشتووە؛ هێندە بە زمانێکی ئاسایی خستوومانەتەڕوو، تا هەموو کەسێک لێی تێبگات، بۆیە پێمانوایە ڕەچاوی شەفافیەتمان کردووە تا ڕادەیەکی زۆرباش."
964	"بچن مەرجەکان بخوێننەوە هیچ مانایەکی شاراوە نییە لە پشتیانەوە، بۆ مەسەلەی شەفافیەت، بۆ من نییە وەڵامتان بدەمەوە ئەبێ یەکێک بێت پێمان بڵێت ئەم مەرجەتان نوسیووە و پێشێلتان کردووە."

3.2.12: ماڵپەڕە کوردییەکان و یاسای تایبەت بە پاراستنی زانیارییەکانیان

لە خشتەی (ژمارە١٥)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی یاسای تایبەت بە پاراستنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان خراوەتەوەڕوو. خاڵی هاوبەشیی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، کە هاوڕان لەسەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا هیچ یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان نییە. هەندێکیان لەوەدا جیاوازن، کە زانیارییان لەسەر یاسای ژمارە 35ی ساڵی 2007 هەیە کە تایبەتە بە میدیای چاپکراو، بەڵام 964 پێشبینی ئەوە دەکات، ئەگەر یاسایەکیش دەربچێت، "بە شێوەیەکی سەقەت" دەردەچێت و

جێبەجێ دەکرێت. خاڵی بەهێز لێرەدا ئەوەیە، هەمووان پەی بەوە دەبەن کە کەموکورتییەکی گەورە لە بواری یاسادانان بۆ پاراستنی مافی تایبەتمەندێتیی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان هەرێمی کوردستاندا هەیە. ئەوەیش بووەتە خاڵێکی لاوازی دەسەڵاتی یاسادانان، چونکە نەبوونی یاسا دەبێتە هۆی نەپاراستنی ئەرک و مافی بەرهەمهێنەر و بەکارهێنەری ناوەڕۆکی میدیایی.

خشتەی ژمارە (١٥) ئایا لە هەرێمی کوردستان و عێراق-دا؛ هیچ یاسایەکی تایبەت بە پاراستنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلکترۆنییە کوردییەکان هەیە؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	"ئاگادارنیم؛ ئەگەر یاسایەک هەبێ."
سبەی	"هیچ یاسایەک نییە تایبەت بە میدیای دیجیتاڵیی، ئەو یاسایانەی کە میدیا ڕێکدەخەن و تایبەتن بە میدیا، هی سەردەمی میدیای کلاسیک و کاغەزیین."
ڕووداو	" ئاگادارنیم."
کوردستان24	"هێندەی من ئاگادارم نییە؛ ئەوەی هەیە تایبەتە بەکاری ڕۆژنامەگەریی کاغەزی، بەڵام بۆ ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی کە لەم دووواییەدا دەرکەوتووە نییە."
964	"نەخێر هیچ یاسایەک نییە تایبەت بە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان و لەناویدا مافی پاراستنی زانیاریی بەکارهێنەران، هەشبێت ئیشی پێنەکراوە. یاساش دەربکەن زۆر بە سەقەتی دەریدەکەن."

3.213: ماڵپەڕە کوردییەکان و بەرپرسیارێتیی هەرێمی کوردستان لە چاودێریی و لێپرسینەوەیان

لە خشتەی (ژمارە١٦)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی لایەنی بەرپرسی هەرێمی کوردستان لە چاودێریی و لێپرسینەوە لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان خراوەتەوڕوو. خاڵی هاوبەشی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە کە تەبان لەسەر ئەوەی هیچ لایەنێکی فەرمیی لە هەرێمی کوردستاندا نییە، کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو چاودێریی و لێپرسینەوە لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بکات. جیاوازییەکانی نێوانیان لەوەدا دەردەکەوێت، کە کەناڵ8 بێئاگایی خۆی دەربڕی و ڕووداو و 964 ئاماژەیان بەوەدا کە بەتەنیا لە کاتی سکاڵادا چاودێریی و لێکۆڵینەوە لە ماڵپەڕەکان دەکرێت. هەروەک کوردستان24یش پێیوابوو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی نافەرمیی هەندێکجار دەپرسن، بەڵام سبەی پابەندبوونی خۆیان بە ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی وەک چاودێرێک دەبینن. خاڵی بەهێز لێرەدا ئەوەیە زۆرینەی ماڵپەڕەکان گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییەی کە کەموکورتییەکی گەورە لە چاودێرییکردن و لێپرسینەوە لە

شـــێوە و ناوەڕۆکی میدیای دیجیتاڵیی تا ئاســـتی نەبوون هەیە و نەبوونیشـــی دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافەکانی بەکارهێنەر.

خشتەی ژمارە (١٦) لە هەرێمی کوردستانی عێراق-دا؛ کێ چاودێریی و لێپرسینەوە لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دەکات؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	" ئاگادارنیم."
سبەی	"نەخێر؛ هیچ لایەنێک نییە چاودێریی و لێپرسینەوە بکات لێمان، ئەوەی دەیکەین پەیوەندیی بە ئیتیکی خۆمانەوەیە."
ڕووداو	"هیچ چاودێرییەک شک نابەم بەسەر ماڵپەڕەکانەوە لە کوردستاندا، ئەگەر هەبێت شتێکی وا تەنها لەکاتی سکاڵا."
کوردستان24	"نەخێر؛ لەو بڕوایەدا نیم، هیچ لایەنێک هەبێ چاودێریی و لێپرسینەوە لە ماڵپەڕەکان بکات، تەنها هەندێجار ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەپرسن."
964	"دادگا هەیە، بەڵام ئێمە خۆمان پێشێلی مافی کەس ناکەین، نەمبیستووە لایەنێکی وا هەبێت چاودێریی ماڵپەڕەکان بکات و لێپێچینەوە بکات."

3.2.14: ماڵپەڕە کوردییەکان و ڕەچاوکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی تایبەتمەندێتیی

لە خشـــتەی (ژمـارە١٧)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لەبـارەی ئـاســـتی ڕەچـاوکردنی یـاســـا نێودەوڵەتییەکانی هاوشـــێوەی ڕێکخســـتنی پاراســـتنی زانیاریی گشـــتیی (GDPR) لە یەکێتیی ئەورووپادا یاخود یاســـای بەکاربەری کالیفۆرنیا (CCPA) لە ئەمەریکادا خراوەتەوەڕوو. خاڵی هاوبەشـیی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، کە بە گشـتیی ئاگاداری یاسـا نێودەوڵەتییەکانن، بەڵام ئاســـتی پابەندبوونیان بەو یاســـایانە جیاوازە. بۆنموونە؛ کەناڵ8 ســـوودیان لە ڕێکار و یاســـا نێودەوڵەتییەکان وەرگرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی دیارییکراو ناتوانن بڵێن کام یاسایانە و تەنیا بە ســـەرزارەکیی ئـاماژەی پێدەدەن. ســـبەی؛ پـابەندبوونی مـاڵپەڕەکەی بە نەریت و پێوەرە پیشـــەییەکانی ڕاگەیاندن و بەڵگەنامەی شـــکۆی ڕۆژنامەوانیی فیدراســـیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەوانان دووپاتکردووەتەوە. هاوکات بەهۆی بوونی نووسینگەی تۆڕی میدیایی ڕووداو لە دەرەوەی وڵات؛ پابەندبوونی مـاڵپەڕەکەیـان بە یـاســـا نێودەوڵەتییەکان دووپـاتکردووەتەوە. هەرێەک لە کوردســـتان 24 و 964 لە مەرجەکانی ســـیاســـەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکانیاندا ئاماژەیان بە یاسا نێودەوڵەتییەکان نەداوە و دانیان بەوەدا ناوە کە ئەوە کەموکوڕییە و پێویستە چاکیبکەن. بەپێچەوانەوە؛ هەرێەک لە ماڵپەڕەکانی کوردساتنیوز و پەیام؛ جەخت لەوە دەکەنەوە

لە داهاتوودا و لە کاتی داڕشتنی ڕێنمایی و مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مالّپەڕەکانیاندا، جگەلە یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕەچاوی کولتوور و ئایین و پیرۆزییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن. خاڵی بەهێزی مالّپەڕە کوردییەکان لەوەدایە، کە هەوڵی ڕەچاوکردنی ڕێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان دەدەن، بەڵام لەو خاڵەدا لاوازییان زیاتر دەردەکەوێت، کە پابەندبوونێکی ڕوون و ئاشکرا بە ڕەچاوکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە دەقی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی مالّپەڕەکانیاندا نابینرێت و ئاماژەی پێنەدراوە.

خشتەی ژمارە (١٧)

ئایا تا چ ئاستێک ڕەچاوی یاسا نێودەوڵەتییەکانی هاوشێوەی ڕێکخستنی پاراستنی زانیاریی گشتیی (GDPR) لە یەکێتیی ئەورووپا یاخود یاسای بەکاربەری کالیفۆرنیا (CCPA) لە ئەمریکا دەکەن؟

مالّپەڕەکان	وەڵامەکانی بەرتوێژانی مالّپەڕەکان
کەنال8	"بە دڵنیاییەوە ئەم مەرجانە خۆمان نوسیوومانە، بەڵام دەستەبژێرێکی شارەزا نووسیویەتی. نازانم بەدەقیقی سوودمان لە کام یاسا نێودەوڵەتییانە وەرگرتووە، بەڵام بە تەئکید لە کۆمەڵێک لایەنەوە ڕەچاومان کردووە."
سبەی	"ئێمە بەدەر لە یاسا؛ لە ڕووی عورف و ئیتیک-ەوە پابەندین بە پاراستنی زانیاریی بەکارهێنەران و مافەکانیان. جگەلەوانەش پابەندین بە بەیاننامەی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی کە کراوەتە پاشکۆی یاسای ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان."
ڕووداو	"ئێمە ڕەچاوی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکەین، چونکە ڕووداو نووسینگەی هەیە لەو وڵاتانە. بۆیە دەبێت پابەندبین، چونکە لە چوارچێوەی یاساکانی ئەورووپا و ئەمریکا کار دەکەین."
کوردستان24	"ئەوەندی من ئاگادارم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی هیچ پەیوەندییەکی لەو شێوەیە نییە لەگەڵ دەرەوە و ڕێکخراوە جیهانییەکان. لەمەرجەکانیشدا کە ئاماژەمان بە یاسا نێودەوڵەتییەکان نەداوە؛ ئەوە کەم و کوڕییە و پێویستی بەوەیە چاکی بکەین."
964	"لە داڕشتنی مەرجەکانی وێبسایتەکەدا لە سەرەتادا سوودمان لە ئەزموونی زۆر لایەن وەرگرتووە، بەڵام وەک تەنسیق هیچ پەیوەندییەکمان نییە لەگەڵیان. ئێمە ئاماژەمان بە یاسا نێودەوڵەتییەکان نەداوە لە مەرجەکاندا، چونکە ئێمە لە کوردستانین، هەر کێشەیەکمان هەبێت بەپێی یاسای ئێرە یەکلایی دەکەینەوە، بەڵام دەستخۆش؛ ئێمە هەوڵدەدەین لە مەرجەکاندا ئاماژەی پێبدەین و زیادی بکەین؛ بۆ نا."

کوردستانیوز	"ئێمە داب و نەریتی کۆمەڵگە پێش هەموو شـــتێکە لامان. زۆر کارمان کردووە لەڕووی ئیتیکی ڕۆژنامەوانییەوە؛ هیچ گرفتێکی نەبووە، بەڵام درکمان پێکردووە لەگەڵ دابونەریت و ئایینی میللەتی کورد ناگونجێ وەســـتاندوومانە. ئێمە لە ڕوانگەیەکەوە کار دەکەین، کاتێک خێزانێک دادەنیشـــێت ســـەیری کوردســـات دەکات، ئێمە بابەتێک پێشکەش ناکەین لە شاشەوە شەرم لە بینینی بکرێت یاخود ناچاربن لەبەر منداڵ کەناڵەکە بگۆڕن. لای ئێمە ئەمە ئیتیکی ڕۆژنامەوانیی و کاری لە پێشینەمانە، ئینجا دێینە سەر ئیتیکەکانی تر."
پەیام	"ئێمە لە دارشتن و نووسینیدا؛ ڕەچاوی تایبەتمەندێتیی ناوچەکە و وڵاتی خۆمان دەکەین. بەپێی سنووری ئازادییەکانی مرۆڤ، باگراوندە ئیسلامییەکەمان، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، بەپێی ئەم پێوەرانە ســیاســەتی تایبەتمەندێتیی دادەڕێژین؛ گەر لە داهاتوومانداە مەرجەکانمان نووسی."

3.2.15: ماڵپەڕە کوردییەکان و ئاماژەنەدان بە کاتی تەواوبوونی گرێبەست و سڕینەوەی زانیارییەکان

لە خشـــتەی (ژمارە١٨)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی ئاماژەنەدان بە کاتی تەواوبوونی گرێبەســت و مافی ســڕینەوەی زانیارییەکان لەلایەن ماڵپەڕە کوردییەکانەوە خراوەتەڕوو. خاڵی هاوبەشـــی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، کە هۆکاری ئاماژەنەدانیان چوونیەک نییە و پاســـاوی دیاریکراویان هەیە. جیاوازییەکەیان زۆرتر لەوەدا دەردەکەوێت؛ کەناڵ8 داوای پڕکردنەوەی فۆڕمی هەژمار لە بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەیان ناکەن، بۆیە پێویســـتیان بە ئاماژەدان بەو خاڵە نییە. هەروەها ســـبەی؛ زانیارییەکان کۆناکەنەوە و تەنیا لەلای کووکیز و بەکارهێنەرە، بۆیە پێویســـتیان بە ئاماژەدان نییە. هاوکات ماڵپەڕی ڕووداو بە بەشـــێکی گرنگی نازانن و کوردســـتان24یش ڕێگەیان بە بەکارهێنەران نەداوە کە زانیارییەکانیان بســـڕنەوە، بەڵام ئەگەر داوایبکەن، دەکرێت بە هەماهەنگیی لەگەڵ لایەنی تەکنیکیی ماڵپەڕەکەدا بیسڕنەوە. بەپێچەوانەوە؛ 964 بە گرنگی دەزانن و لەداهاتوودا کاری لەســـەردەکەن. کەواتە خاڵی بەهێزی ماڵپەڕە کورد‌ییەکان لەوەدایە، کە ئامادەن بیر لە زیادکردنی ئەو خاڵە بکەنەوە و ئاماژەی پێبدەن، بەڵام خاڵی لاوازیان ئەوەیە، کە ڕێکارێکی ڕوون بۆ ســڕینەوەی زانیارییەکان و پێشێلکردنی مافەکانی بەکارهێنەران نییە و لە هیچکام لە ماڵپەڕە کوردییەکانی مشتەی توێژینەوەکەدا ڕەچاونەکراوە.

خشتەی ژمارە (١٨) ئایا بۆچی لە چوارچێوەی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە کوردییەکاندا ئاماژە بە کاتی تەواوبوونی گرێبەست و مافی سڕینەوەی زانیارییەکان نەدراوە؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەنان8	"ئێمە لەسەر وێبسایتەکەماندا داوای پڕکردنەوەی ئەکاونت لە بەکارهێنەران ناکەین، تاوەکو ئاماژە بدەین بەوەی کەی دەتوانێ بیسڕێتەوە یان ئەم گرێبەستە هەڵوەشێنێتەوە. بۆیە ئێمە شتێک نانووسین کە بەکرداریی و لە واقیعدا تیای نییە."
سبەی	"ئێمە زانیارییەکان کۆناکەینەوە لای خۆمان. تەنها زانیارییەکان لە فایلێکی کووکیزدایە لە یادگەی ئامێری زیرەکی بەکارهێنەردا دروستی دەکەین، بۆیە ئاماژەمان بەم مەرج و خاڵە نەداوە."
ڕووداو	"بە بەشێکی گرنگی نازانین، وەک بانکێکی زانیاریی تا ڕەچاوی بکەین، زۆربەی ماڵپەڕە جیهاییەکان نییانە."
کوردستان24	" ئێمە شوێنێکمان نییە لە ماڵپەڕەکەدا بۆ ئەم کاری سڕینەوەیە، بەڵام هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێ پەیوەندیی بکات پێمانەوە، ئێمە بە تەنسیق لەگەڵ لایەنی تەکنیکی دەیسڕینەوە."
964	"ئەوە خاڵێکی گرنگە؛ سوپاس بۆ پرسیار و پێشنیارەکەت ئیزافەی دەکەین. فکرەیەکی باشە کاری لەسەر دەکەین."

3.2.16: ماڵپەڕە کوردییەکان و سیستەمی چاودێریی وپاراستنی داتای کەسیی لە هەرێمی کوردستاندا

لە خشتەی (ژمارە١٩)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی دانانی سیستەمێکی یاسایی کاریگەر بۆ چاودێرییکردن و پاراستنی داتای کەسیی لە کوردستاندا، کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا هاوتەریب بێت خراوەتەوڕوو. خاڵی هاوبەشیی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە کە بە گشتیی هاوبۆچوونن لەوەدا، کە پێویستە سیستەمێکی یاسایی کاریگەر لە هەرێمی کوردستاندا دابنرێت. جیاوازییەکانی نێوانیان زۆرتر لەوەدا دەردەکەوێت، کە کەنان8 بۆچوونی وایە، کە تەنیا کەرتی تایبەت یان حکوومەت دەتوانن کار بۆ چاودێریی و پاراستنی داتای کەسیی بکەن، بەڵام سبەی پێیوایە میدیاکان دەتوانن لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی یان سەندیکای ڕۆژنامەنووسانەوە ئەو کارە بە سیستەم ڕێکبخەن. هەروەها ڕووداو جەخت لە سوودوەرگرتن لە ژیریی دەستکرد دەکاتەوە و کوردستان24یش ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی ئەو سیستەمە دەردەبڕن. هەروەها 964 پێیوایە ئەوە ئەرکی ئەوان نییە و ئەوان

ئەرکیان پابەندبوونە بە مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەیان. خاڵی بەهێز لێرەدا ئەوەیە هۆشیارییەکی بەرز دەربارەی پێویستیی پاراستنی تایبەتمەندێتیی کەسیی لای ماڵپەڕە کورددییەکان هەیە، بەڵام خاڵی لاوازیان لە نەبوونی هاودەنگییەک لەسەر بەرپرسیارکردنی ئەو لایەنەی لە دروستکردنی ئەو سیستەمەدایە، کە ئەرکی چاودێریی و پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکان بێت.

خشتەی ژمارە (١٩) ئایا چۆن دەکرێت سیستەمێکی یاسایی کاریگەر بۆ چاودێریی و پاراستنی داتای کەسیی لە هەرێمی کوردستاندا دابنرێت کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکاندا هاوتەریب بێت؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	"بۆ نا؛ دەکرێت، بەڵام دوولایەن دەبێت پێیهەڵسێت. یان کەرتی تایبەت یاخود حکوومەت لەڕێی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن."
سبەی	"بەڵێ پێویستە، ئەگەر حکوومەتیش ئەم کارە نەکات. ئەکرێ میدیاکان خۆیان کۆکبن لەسەر ئەوەی لە ڕێگەی ڕێکخراوێکی NGO یان هەر لایەنێک کە چەترێکی یاسایی هەبێت: لە ڕێگەی سەندیکای رۆژنامەنووسان یان ڕێکخراوەکانی چاودێریی مافی مرۆڤ یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی؛ بەڵێ ئەکرێ ئەم سیستەمە جێبەجێ بکرێت."
ڕووداو	"بێگوومان ئێستا ژیریی دەستکرد هاتووە؛ دەتوانێت سوودی لێوەربگیرێت بۆ ئەو مەبەستە."
کوردستان24	"بەڵێ دەکرێت و زۆر گرنگە ئەو پەیوەندییە دروستبکرێت؛ لە ژێر چەتری یەک سیستەمدا. هەوڵیش دەدەین ئێمە بیکەین."
964	"ئێمە وەک میدیایەکی دیجیتاڵیی ڕەچاوی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی دەکەین؛ ئەمەیان ئەرکی ئێمە نییە."

3.2.17: ماڵپەڕە کورددییەکان و ڕێکاریی پێشەیی بۆ بەرگرتن لە تاوانەکانی ڕاگەیاندن

لە خشتەی (ژمارە٢٠)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی پێویستیی گرتنەبەری ڕێکاریی ماڵپەڕە کورددییەکان بۆ پابەندبوونی بەکارهێنەران بە پێوەرە پیشەییەکانی ڕاگەیاندن و ڕێگرییکردن لە تاوانەکانی ڕاگەیاندن خراوەتەوڕوو. خاڵی هاوبەشیی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، بە گشتیی ماڵپەڕە کورددییەکان ڕێکاریی جیاواز بۆ ڕێگرییکردن لە تاوانەکانی ڕاگەیاندن دەگرنەبەر. جیاوازیی نێوانیان لەوەدایە کەناڵ8 و 964 بە تەواوی بەشی کۆمێنت-یان لە ماڵپەڕەکانیاندا لابردووە، بەڵام سبەی هەوڵدەدات بە جۆرێک هەواڵ دابڕێژن، کە خەڵک بۆ قسەی نەشیاو و

ئەنجامدانی تاوان هاننەدەن، هەربۆیە کۆمێنتە نەشیاوەکان دەسڕنەوە و بە نامەی تایبەتیی کەسەکەیش ئاگادار دەکەنەوە. لەو نێوەندەیشدا؛ ڕووداو سیستەمێکی فلتەرکردنیان هەیە، کە ڕێگریی لە بڵاوبوونەوەی وشەی نەشیاو دەکات، بەجۆرێک ئەگەر کۆمێنتێکی نەشیاو ببینن، خۆیان لای دەبەن و کوردستان24یش کەسانی تایبەتیان بۆ چاودێریی کۆمێنتەکان داناوە، کە کۆمێنتە نەشیاوەکان دەسڕنەوە یان دەیشارنەوە و زۆرجاریش ئەگەر پێویست بکات پۆستەکە دەسڕنەوە. خاڵی بەهێزی ماڵپەڕە کوردییەکان لێرەدا ئەوەیە، کە بە شێوەیەکی جدیی کار بۆ ڕێگرییکردن لە قسەی نەشیاو دەکەن، بەڵام لەو خاڵەدا لاوازن ،کە پێیانوایە لابردنی بەشی کۆمێنت ڕێگریی لە بەشداریی بەکارهێنەران و دەربڕینی بیروڕاکانیان دەکات و دەشبێتە جۆرێک لە بەرتەسککردنەوەی مافی ئازادیی دەربڕین و ڕۆژنامەگەری.

بەپێچەوانەوە؛ هەریەک لە ماڵپەڕەکانی کوردستانیوز و پەیام؛ وێڕای ئەوەی خاوەنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی نین، بەڵام جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ڕووبەڕووی سکاڵای یاسایی و پیشەیی یان ناڕەزایی بەکارهێنەرانیان نەبوونەوەتەوە. هەڵبەت هۆکاری ئەوەیش بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە هەم پاشخانی ئیسلامیی ماڵپەڕی پەیام ڕێگربووە لەوەی ڕووبەڕووی پێشێلکاریی پیشەیی و تاوانەکانی ڕاگەیاندن ببنەوە، هەم پابەندبوونی سیاسەتی میدیایی کوردستانیوز بە سیاسەتی گشتیی ئەو پارتە سیاسییەی خاوەندارێتیی ماڵپەڕەکە دەکات ڕێگربووە لەوەی ڕێگە بەهەر جۆرە دەربڕینێکی ئەوتۆ بدەن، کە ببێتە هۆکاری دروستبوونی تاوان و بەهۆیەوە سکاڵای یاساییان لەسەر تۆماربکرێت یاخود لە ڕووی پیشەییەوە ڕووبەڕووی گلەیی بەکارهێنەرانیان ببنەوە.

خشتەی ژمارە (٢٠) ئایا لە ڕووی پیشەییەوە ماڵپەڕە کوردییەکان؛ چ ڕێکارێک بۆ پابەندبوونی بەکارهێنەران بە پێوەرە پیشەییەکانی ڕاگەیاندن و ڕێگرییکردن لە تاوانەکانی ڕاگەیاندن دەگرنەبەر؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	"ئێمە چ لە وێبسایتەکەمان و چ لە ئەپلیکەیشنەکەماندا، کۆمێنت لابراوە، هیچکەس ناتوانێ سووکایەتیی و تەشهیر بکات."
سبەی	"ئێمە بە جۆرێک هەواڵ دانارێژین کە خەڵک هان بدەین و تەشهیر و قسەی نەشیاو بکات. ئەگەر بزانین کەسێک ئەم سنوورانە ئەبەزێنێت؛ زۆرجار ناچاربووین ئەم کۆمێنتانە بسڕینەوە و بە نامەی تایبەتیش ئاگاداری کەسەکە دەکەینەوە".
ڕووداو	"ئێمە کۆمەڵێک وشە هەیە دیاریمان کردوون کە دەچنە بابەتی سووکایەتیی و تەشهیرکردن؛ ئەو جۆرە وشانە ناچنە کۆمێنتەوە و فلتەر کراون و بە سیستەم سنووردارکراون. واتە بشنووسرێت کۆمێنتەکە دەرناکەوێت. بەدەر لەوە ئەگەر

	هەر کۆمێنتێکی نەشیاو ببینین و هەستی پێبکەین؛ خۆمان لای دەبەین، بەڵام ئێمە خوێنەری جدیمان هەیە، بۆیە ئەگەر کۆمێنتی نەشیاو بنووسێت بلۆکی ناکەین، بەڵکو کۆمێنتەکەی لا دەبەین."
کوردستان24	"ئێمە هەر پۆستێک، بزانین کۆمێنتی نەشیاوی بۆ دێت، زۆرجار بووە پۆستەکەشمان سڕیوەتەوە، چونکە کەسی تایبەتمان هەیە چاودێریی کۆمێنت دەکات و هەمووی دەخوێنێتەوە. کۆمێنتی نەشیاو یان دەیسڕنەوە یاخود دەیشارنەوە."
964	"ئەگەر هەڵەیەک بکەین یاخود زانیارییەکی هەڵە بڵاوبکەینەوە لە هەواڵێکدا، ئێمە هەم هەواڵەکە ئەسڕینەوە هەم بە ئاشکرا داوای لێبووردن دەکەین لە کەس و لایەنی بەرامبەر؛ کۆمێنتیشمان لابردووە."
کوردستانیوز	"ئێمە وەک دەزگەی میدیایی کوردسات؛ تا ئێستا کارێکمان نەکردووە کەسێک کێشەی هەبێ لەگەڵمان و سکاڵا دژمان تۆمار بکات، بەڵام وەک ئیتیکێکی کاری ڕۆژنامەوانی بوونی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی گرنگە و پێویستە هەمان بێت."
پەیام	"تا ئێستا حاڵەتی وامان نەبووە، چونکە ئێمە شێواز و سیاسەتی کارکردنمان بەجۆرێکە، ڕەچاوی کۆمەڵێ پێوەرمان کردووە. بەپێی باگراوندە ئیسلامییەکەمان، زۆر خۆمان پاراستووە لە ناوزڕاندن و جۆرێک لە وروژاندن کە پێچەوانەی عادەت و تەقالیدی کۆمەڵگەکەمان بێت. زۆر بابەت هەیە دەستمان بۆ نەبردووە، چونکە تایبەتمەندێتیی کەسێک بووە یان خێزان و بنەماڵەیەک، بەڵام هاوڕام دەبێ لەمەولا ئێمە بیر لەم بابەتە بکەینەوە و مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی بنووسین."

3.2.18: ماڵپەڕە کو ردییەکان و ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکانی منداڵان

لە خشتەی (ژمارە٢١)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی ئاستی ڕەچاوکردنی تەمەنی منداڵان و زانیارییە کەسییەکانیان لەلایەن ماڵپەڕە کوردییەکان خراوەتەوڕوو. خاڵی هاوبەشی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، کە بە شێوەیەکی گشتیی ڕەچاوی تەمەنی منداڵان دەکەن، بەڵام ئاستی کۆنترۆڵکردنیان لاوازە. جیاوازیی نێوانیان لەوەدا دەردەکەوێت، کەناڵ8، ڕووداو و 964 دانیان بەوەدا ناوە کە ناتوانن تەمەنی بەکارهێنەران کۆنترۆڵ بکەن، چونکە مامەڵە لەگەڵ خزمەتگووزارییەکانی جیمەیڵ و فەیسبووک-دا دەکەن و بەکارهێنەران لەکاتی دروستکردنی هەژماری تایبەتیی خۆیاندا دەتوانن زانیاریی هەڵە تۆماربکەن. لەگەڵئەوەیشدا؛ سبەی ڕەچاوی تەمەنی منداڵان دەکات و زانیارییان لێکۆناکاتەوە، بەڵام کوردستان24 هەوڵدەدەن هەندێک ڤیدیۆ فلتەر بکەن بۆ ئەوەی خوار تەمەنی 18ساڵ نەتوانن ببینن. خاڵی بەهێزی نێوان ماڵپەڕە کوردییەکان لەوەدایە کە پەی بە پێویستیی پاراستنی تایبەتمەندێتیی زانیارییە کەسییەکانی

منـدالاّن دەبەن، بەڵام خـاڵی لاوازیـان لەوەدایە، نـاتوانن بەتەواوەتیی کۆنترۆڵیـان بەســـەر بەکارهێنەرانەوە هەبێت و لە ڕاستیی و ناڕاستیی تەمەنی منداڵان دڵنیابنەوە.

خشتەی ژمارە (٢١) ئایا لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ زانیارییە کەسییەکاندا؛ تا چ ئاستێک ماڵپەڕە کوردییەکان ڕەچاوی تەمەنی منداڵان دەکەن؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەناڵ8	"ئـێـمە لە ڕێـگەی Gmail-وە مـامەڵە دەکەیـن لەگەڵ بەکـارهـێـنەران، بـۆ دروســتکردنی ئەکاونتێک. پێویســتە ســەر و 18ســاڵ بێت؛ ئەگەر خوار ئەو تەمەنە بێت، پێوســـت بە پشـــگیریی جیمەیڵی دایک و باوکی-یەتی، بۆیە ئێمە نازانین ئەوەی سەردانمان دەکات: ئایا تەمەنی سەروو یان خوار 18ساڵە. ڕەنگە تەمەنی 14ســاڵ بێت، بەڵام جیمەیڵێکی دروســتکردووە و خۆی بە ســەروو 18ســاڵ تۆمارکردووە. ئێمە مامەڵە لەگەڵ جیمەیڵ دەکەین، فەیسبووکیش وایە؛ ئەوە کۆنترۆڵ نـاکرێـت و هیچ ڕێگەیەک نییە پێی بزانین؛ بەکـارهێنەر تەمەنی چەندە."
سبەی	"ئێمە لە ڕێگەی ئەکـاونتی جیمەیڵەوە مـامەڵە دەکەین لەگەڵ ســـەردانیکەران؛ ڕەچاوی تەمەنی منداڵان دەکەین و زانیاریی لێ کۆناکەینەوە، ئەمەش ڕوانگەیەکی یـاســـــایی و ئیتیکی هەیە؛ ئێمە پەیڕەوی دەکەین. لەهەمـانکـاتـدا لە ڕوانگەی تەکنیکییەوە بە کردار جێبەجێی دەکەین."
ڕووداو	"ئەوە تەحەدایەکی گەورەیە بۆ هەموو کۆمپانیاکان، ئێمە مامەڵە لەگەڵ جیمەیڵ دەکەین، بەهیچشـێوازێک ناتوانین بزانین کە تەمەنی کەســەکە چەندە لە ڕاسـتیدا یـاخود ئەکـاونتەکە فەیـک-ەو نـاوی ڕاســـتیی کەســـەکە نییە. بۆیە ئێمە لەوە بەرپرسیارنین."
کوردستان24	"ئێمە لە ڤێرژنی نوێی مـاڵپەڕەکەمـان لە وەرزی نوێدا کە ئەپدەیتی دەکەینەوە، هەوڵدراوە هەندێک ڤیدیۆ هەیە وەک: تەقینەوە یاخود دەعم و ڕووداوی قورس؛ وا فلتەر کراوە کە سیستەمەکە خوار تەمەنی 18ساڵ ناتوانێ ببینێت."
964	"ئێمە هەر کەســـێک بێتە ناو ماڵپەڕی 964 خۆی کلیک دەکات، نازانین تەمەنی چەندە، ئێمە داوای نـاســـنـامە لە کەس نـاکەین. ئەگەر لە تەواوی دونیا توانرا ڕێکارێک هەبێ بۆئەوەی بزانن کەســی ســەردانیکەر تەمەنی چەندە؛ ئێمەش ئەو ڕێکارە دەگرینەبەر."

3.2.19: ماڵپەڕە کوردییەکان و دڵنیاکردنەوەی بەکارهێنەران لە پێشەگەرانە بەکارهێنانی زانیارییەکان

لە خشتەی (ژمارە٢٢)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی چۆنێتی دڵنیاکردنەوەی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕە کوردییەکان لە پێشەگەرانە بەکارهێنانی زانیارییەکانیان و ئاشکرانەکردنیان بۆ لایەنی سێیەم خراوەتەوەڕوو. خاڵی هاوبەشی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، کە دڵنیایی دەدەنە بەکارهێنەران، زانیارییەکانیان بەشێوەیەکی پێشەگەرانە بەکاردەهێنرێن. جیاوازیی ماڵپەڕە کوردییەکان لەوەدایە، کەنااڵ8 بەڵێنی دڵنیایی 100% دەدەنە بەکارهێنەرانیان، کە زانیارییەکان پارێزراون و ئاشکرا ناکرێن. ئەگەرچی سەبەی نایشارێتەوە، کە هەندێک گرێبەستیان لەگەڵ لایەنی سێیەم بۆ چاکسازیی ماڵپەڕەکەیان هەیە، بەاڵم مەرجیان بۆ داناون کە دەست بۆ زانیارییەکان نەبەن. لەگەڵئەوەشدا؛ ڕووداو دڵنیایی دەدات، کە تەنانەت دادگەیش ناتوانێت دەست لە زانیارییەکانی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەیان وەربدات، بەاڵم کوردستان24 پێیوایە بەتەنیا دادگە دەتوانێت زانیارییەکانی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکەیان وەربگرێت. لەو نێوەندەیشدا؛ 964 بێتوانایی ماڵپەڕەکەیان لە مامەڵەی لایەنی سێیەم لەگەڵ زانیارییەکانی بەکارهێنەران نەشاردەوە، بەتایبەت ئەگەر بەکارهێنەر کلیک لە لینکی ئەوان بکات. لێرەدا خاڵی بەهێز ئەوەیە، کە زۆربەی ماڵپەڕە کوردییەکان پابەندبوونی خۆیان بە پاراستنی زانیارییەکانی بەکارهێنەران دەردەبڕن، بەاڵم لەو خاڵەدا الوازن زۆرجار ئاشکراکردنی زانیارییەکان بۆ لایەنی سێیەم لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا نامێنێت و پێشەگەرانە مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت.

خشتەی ژمارە (٢٢) ئایا ماڵپەڕە کوردییەکان چۆن دڵنیایی دەدەنە بەکارهێنەران لەوەی کە زانیارییەکانیان بە شێوەیەکی پێشەگەرانە بەکاردەهێنرێن و بۆ لایەنی سێیەم ئاشکرا ناکرێن؟	
ماڵپەڕەکان	**وەاڵمەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەنااڵ8	"بەڵێ؛ ئێمە وەک پابەندوونێکی ئیتیکیی بەڵێنی 100% دەدەین بەوەی زانیارییەکان پارێزراون لامان و ئاشکرای ناکەین بۆ لایەنی سێیەم، جا هەر لایەنێک بێت."
سبەی	"ئێمە هەندێ گرێبەستمان هەیە لەگەڵ چەند کۆمپانیایەک وەک لایەنی سێیەم، کە چاکسازیی دەکەن لە ماڵپەڕەکەدا و خزمەتگوزارییەکانمان بۆ بەڕەوپێش دەبەن. سەرباری ئەوەش نابێت دەستی بۆ بەرن، بۆمان کردوون بە مەرج."
ڕووداو	"بەڵێ؛ بە دڵنیاییەوە لایەنی سێیەم بەهیچشێوەیەک ناتوانێت دەستی پێبگات. تەنانەت دادگاش ناتوانێ دەستێوەردان بکات."
کوردستان24	"دڵنیات دەکەم تەنها دادگا دەتوانێت زانیاریی وەربگرێت."
964	"ئێمە لینکی سێیەممان هەیە؛ هەندێجار لە ناوەڕۆکی خزمەگوزارییەکانماندا، هەر کەسێک کلیکی لێبکات لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا دەردەچێت و بەرپرس نین لەوەی ئەو ماڵپەڕە چۆن مامەڵە دەکات لەگەڵ زانیارییەکان."

3.2.20: ماڵپەڕە کوردییەکان و ئاستی متمانەی بەکارهێنەران بە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی

لە خشتەی (ژمارە٢٣)دا؛ بۆچوونی بەرتوێژان لەبارەی بوون و نەبوونی متمانەی بەکارهێنەران بە سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە کوردییەکان خراوەتەوەڕوو. خاڵی هاوبەشی نێوانیان لەوەدا چڕبووەتەوە، کە نەبوونی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی کاریگەریی لەسەر متمانەی بەکارهێنەران نییە، چونکە هۆشیاریی بەکارهێنەران دەربارەی ئەو بابەتە زۆر لاوازە تا پەی پێبەرن. لەو ڕووەوە؛ ڕووداو، کوردستان24 و 964 پێیانوایە نەبوونی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی کاریگەریی لەسەر متمانەی بەکارهێنەرانی هۆشیار هەیە، نەک بەکارهێنەری گشتیی ماڵپەڕەکانیان. هاوکات 964 ئاماژە بەوەدەدات، کە دوای چاوپێکەوتنەکەی توێژەر لەگەڵیاندا بیر لە چاککردنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕەکەیان دەکەنەوە. بەپێچەوانەوە؛ هەریەک لە ماڵپەڕەکانی کوردستاتنیوزو پەیام؛ وێڕای نەبوونی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە هۆشیاریی بەکارهێنەران هێند بەرزنییە، کە لە سۆنگەی هەبوون و نەبوونی مەرج و ڕێنماییەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی متمانە بە ناوەڕۆکی میدیایی ماڵپەڕێک بکەن یان وازی لێبهێنن و بەدوای بەرهەمەکانییدا نەچن. کەواتە خاڵی بەهێزی ماڵپەڕە کوردییەکان لەوەدایە هۆشیارییەکی گشتییان لەبارەی پێویستیی هەبوونی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی هەیە، بەڵام خاڵی لاوازی نێوانیان لە بە کەم تەماشاکردنی گرنگیی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی و نەبوونی هۆشیاریی پێویست لەلایەن بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکانەوە چڕدەبێتەوە.

خشتەی ژمارە (٢٣) ئایا نەبوونی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی؛ هۆکارە بۆ نەبوونی متمانەی بەکارهێنەران بە ماڵپەڕەکان؟	
ماڵپەڕەکان	**وەڵامەکانی بەرتوێژانی ماڵپەڕەکان**
کەنان8	"نەخێر؛ هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر متمانە، چونکە بەکارهێنەر بۆی گرنگ نییە کە ماڵپەڕەکە چ زانیارییەکی کۆدەکاتەوە و چۆن بەکاریدەهێنێت. هۆشیاریی زۆر لاوازە؛ ئەو بەشە کە تایبەتە بە مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی لە ماڵپەڕەکەمان سەردانیکەری لاوازە تا ڕادەی نەبوون."
سبەی	" نەخێر؛ بەکارهێنەر هۆشیاریی نییە لەسەر مافی خۆی و تایبەتمەندێتیی و پاراستنی زانیارییەکانی. لەبەر ئەوە گوێی پێنادەن و کاریگەری لەسەر متمانە نییە."
ڕووداو	"بەڵێ؛ کاریگەریی هەیە لەسەر بەکارهێنەری هۆشیار، چونکە بەکارهێنەر کاتێ سەردانی بەشی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی دەکات، ئەمە نیشانەی هۆشیارییە. ئەگەر ئەو مەرجانە نەبێت؛ سەردانیکەر دوودڵ و بەگومانە."
کوردستان24	"ئەبێ هەبێ؛ پێشمانوایە کاریگەریی لەسەر متمانە و دڵنیایی بەکارهێنەر و سەردانیکەر هەیە، کاتێ نەبێ."

964	"ئەم چاوپێکەوتنە وام لێدەکات بە مەرجەکاندا بچمەوە و هەندێ ڕەخنەو پێشنیار و تێبینی بەڕێزتان چاک بکەم. بەڵێ؛ کاریگەری هەیە بۆ کەسی هۆشیار نەک بۆ خەڵک بەگشتیی."
کوردستانیوز	"پێموانییە تائێستا بەکارهێنەری کورد درکی بەوە کردبێت، چونکە بیست ساڵ لەمەوپێش ئەپلیکەیشن نەبووە، پێشتر لە میدیایدا بە ئەندازەی ئێستاش تایبەتمەندێتیی کەسیی نەدەگەیشتە دەست دەزگە میدیاییەکان، بۆیە لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا کاری ڕاگەیاندنیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئێستا ساڵی 2025-ە؛ نابێ کوردسات وەک ساڵی 2000 کاری میدیایی بکات، چونکە ئێستا پاراستنی داتا، ئیتیکە وەکئەوەی کە جاران پاراستنی وێنەیەک لە ڕۆژنامەدا ئیتیک بوو."
پەیام	"ئێمە زۆرتر چاومان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک-ە کە زۆرترین سەردانیکەری هەیە. مالپەڕی پەیام؛ زیاتر وەک لینکێکی ئەرشیفیی بەرنامەکانمان سەیرمان کردووە. ڕەنگە بیرمان لەوە نەکردبێتەوە کە خەڵکێک هەیە ڕاستەوخۆ سەردانی مالپەڕەکەمان دەکات و لە سۆشیالمیدیاوە بۆی ناچێت. ئەم تێگەیشتنەمان هەبوو لە ڕابردوودا، بەڵام ئێمە ئێستا گەیشتووینەتە قۆناغێک کە پێویستە زۆر ڕوون و ڕاشکاوانەتر بین لەگەڵ خوێنەرەکانماندا. لە ڕابردوودا؛ پێمان وانەبووە نەبوونی مەرجەکانی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی کاریگەری لەسەر متمانە دروستدەکات، بەڵام کاتێک هۆشیاریی خەڵک زیاد دەکات، بۆنموونە توێژینەوە دەکرێت دەربارەی، بۆیە ئێمە تێدەگەین کە گەیشتوونەتە قۆناغێک دەبێت ڕەچاوی بکەین و بە خوێنەرەکانمانی بڵێین."

دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان

دەرئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکە و دوای دەرهێنانی ئەنجامەکانی "شیکردنەوەی ناوەڕۆک" و "چاوپێکەوتنی زانستی" توێژەر؛ بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت؛

1. دەرکەوت کە چەمکی "سیاسەتی تایبەتمەندێتیی" لەنێو ماڵپەڕە کوردییەکاندا خاوەنی پێناسەیەکی یەکگرتوو و ستاندارد نییە. بەڵکو بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو و لەژێر ناونیشانی جیاوازدا خراوەتەڕوو، وەک "مەرجەکانی بەکارهێنان"، "نهێنییپاریزی"، و "سیاسەتی پاراستنی نهێنی". ئەم جیاوازییە نیشانەی نەبوونی تێگەیشتنێکی هاوبەشە لەسەر ماهییەت و پێکهاتەی ئەم بەڵگەنامە گرنگە.

2. دەرکەوت کە ناوەڕۆکی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان لە چوار ڕەهەندی سەرەکی پێکهاتوون کە بریتین لە، (یاسایی، ئیتیکی، تەکنیکی، و ڕوونی)، وە لە کۆی ٢٠ ماڵپەڕی مشتەی توێژینەوەکە، تەنها ٥ ماڵپەڕ خاوەنی سیاسەتێکی نووسراون، کە ئەوانیش پڕن لە کەموکوڕی بنەڕەتی. لەوانە بەکارهێنانی زمانی بیانی لەبری کوردی لە ناوەڕۆکی مەرجەکانی ماڵپەڕی (سبەی) و بوونی هەڵەی زمانەوانی و نارووونیی لە (کەنال٨ و ڕووداو) چەمکی کورتکراوەی تەکنیکی بێناساندنی لە (کوردستان٢٤) لاوازی مەرجی ئیتیکی لە (٩٦٤).

3. دەرکەوت کە پسپۆران و پیشەوەرانی میدیایی تێگەیشتنێکی سەرەتایی بەڵام نایەکگرتوویان بۆ ڕۆڵ و بایەخی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی هەیە. بۆچوونەکان دابەشبوون بەسەر سێ ئاڕاستەی سەرەکیدا: هەندێکیان وەک "گرێبەستێکی ئیتیکی" یا "گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی "سەیری دەکەن، لە کاتێکدا هەندێکی تر زیاتر وەک "گرێبەستێکی یاسایی" لێی دەڕوانن. ئەم سێ دیدگا جیاوازە کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتەکان داناوە.

4. توێژینەوەکە ئاشکرای کرد کە هیچ کام لە ماڵپەڕە کوردییەکان لە داڕشتنی سیاسەتی تایبەتمەندێتیی خۆیاندا پشتیان بە هیچ بنەمایەکی یاسایی ناوخۆیی یان نێودەوڵەتی نەبەستووە. تەنانەت ئەو ماڵپەڕانەی نووسینگەیان لە وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا هەیە، ئاماژەیان بە پابەندبوونیان بە یاسا نێودەوڵەتییەکانی وەک ڕێسای گشتیی پاراستنی داتا (GDPR) یان یاسای تایبەتمەندێتیی بەکاربەری کالیفۆرنیا (CCPA) نەکردووە، کە ئەمەش کەلێنێکی یاسایی گەورەیە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ داتای بەکارهێنەراندا.

5. زۆرینەی ماڵپەڕە کوردییەکان؛ بە دوو شـــێواز تایبەتمەندێتیی زانیارییەکانی بەکارهێنەران کۆدەکەنەوە. یەکەم؛ زانیاریيە کەســـییەکانی وەک: ناو، ناونیشـــان، ئیمەیڵ، ژمارەی تەلەفۆن. دووەم؛ زانیاریيە ناکەســـییەکانی وەک: جۆری وێبگەڕ، ســـەرچاوەی دابینکەری ئینتەرنێت (internet provider)، ئامێری تەکنۆلۆژیای زیرەک، جۆری ئامێری زیرەک، ســـیســـتەمی ئامێر، شـــوێنی بەکارهێنەر (location)، کاتی ســـەردانکردن، کاتی کلیککردن، ماوەی مانەوە، مێژووی گەڕان و تەمەنی بەکارهێنەر.

